حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلیجی زمان

# کاریگەری گوتاری ئەدەبی لەسەر ڕای گشتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا
# (بەنموونەی باشوری کوردستان -١٩٩٢- ٢٠٠٣)

نامەیەکە

**هیوا کریم حسین**

پێشکەشی بەشی کوردی کۆلیجی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا

سەرپەرشت:

**پ.د.محەمەد دلێر ئەمین محمد**

(٢٧٢٠)ی کوردی (٢٠٢٠)ی زایینی

ئەم تێزە بە ناونیشانی (کاریگەری گوتاری ئەدەبی لەسەر ڕای گشتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا (بە نموونەیباشووری کوردستان ١٩٩٢- ٢٠٠٣))، لەلایەن خوێندکار (هیوا کریم حسین)ەوە بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

ناو: پ.د.محەمەد دلێر ئەمین

ڕۆژ: / /٢٠٢٠

بە پێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

ناو: پ.ی.د. محمد عومەر عەول

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕۆژ: / /٢٠٢٠

**پێشکەشە بە............**

- دایکم
- ڕۆحی پاکی باوکم
- پ.د.محەمەد دلێر ئەمین
- هاژە ئارا ئارۆ هیرش
- سەرجەم هاوڕێ و مامۆستایانم

## سوپاس و پێزانین بۆ:

- بەڕێــز (پ.د.مــحەمەد دلێــر ئەمــین)، کە بە دڵســۆزیی و لێبــووردەییەوە ئەرکــی سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ.
- سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی و ڕاگرایەتی کۆلێجی زمان و سەرۆکایەتی بەشی کوردی و مامۆستا بەڕێزەکانی بەتایبەتی.
- ڕاگرایەتـی کـۆلێجی پـەروەردەی بنـەڕەت و سـەرۆکی بەشـی کـوردی وگشـت مامۆسـتا ئازیزەکانی .
- هەموو ئەو  بەڕێزانەی تەنانەت بە وشەیەکیش هاوکارم بوون.

# پێڕست


| ژ.لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١ | - پێشەکی |
| ٤ | - **بەشی یەکەم** : سەرەتایەک لەبارەی گوتارەوە |
| ٤ | - یەکەم : چەمکی گوتار |
| ١١ | - دووەم : لەنێوان دەق و گوتاردا |
| ١٨ | - سێهەم : گوتاری ئەدەبی |
| ٢٥ | - چوارەم : ئێستێتیکای گوتاری ئەدەبی |
| ٢٨ | **بەشی دووەم** : ئەرکی گوتاری شیعری لەسەر کۆمەڵگەی |
| ٢٨ | - یەکەم : ڕۆڵ و گرنگی شیعر |
| ٣١ | - دووەم : ڕۆڵ و گرنگی ڕاگەیاندن |
| ٣٨ | - سێهەم : ئەرکە پەروەردەییەکانی گوتاری شیعری لە کۆمەڵگەی کوردیدا |
| ٣٨ | - ١- بەهاکان |
| ٤٤ | - ٢- گەشەپێدانی هەستی نەتەوەیی |
| ٥٢ | - ٣- گەشەپێدانی زمان و شێواز |
| ٦٠ | - چوارەم : ئەرکی گوتاری ڕاگەیاندنیی شیعر لەسەر کۆمەڵگەی کوردی ١٩٩٢-٢٠٠٣ |
| ٦١ | - ١- شیعری پیاهەڵدان و قارەمانێتی |
| ٦٩ | - ٢- شیعر و پەیامی ئاشتی |
| ٧٥ | - ٣- شیعری فێرکار (زانیاری) |
| ٨٢ | - ٤- شیعری نەتەوەیی و نیشتمانی |
| ٩٠ | - ٥- فێمینیزم و خەباتی ژنان |
| ١٠٣ | - **بەشی سێیەم** : گوتاری ژانرەکانی پەخشانی کوردی |
| ١٠٣ | - یەکەم : لە پێشترینی گوتاری پەخشانی هونەری لە دوای ڕاپەڕین |
| ١٠٦ | - دووەم : گێڕانەوە لە گوتاری پەخشانی کوردیدا |
| ١٠٦ | - ١- نامەی ئەدەبی |
| ١١٣ | - ٢- وتاری ئەدەبی |

| | |
|---|---|
| ١٢٢ | - ٣- گوتاری چیرۆکی کوردی |
| ١٣٨ | - ٤- وەرگێڕان و گوتاری ڕۆشنبیریی |
| ١٤٢ | - ٥- گوتاری نووسینی ژیاننامەی خودی |
| ١٥٢ | - ٦- گوتاری ڕۆمانی کوردی |
| ١٧٢ | - ***بەشی چوارەم*** : گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی |
| ١٧٢ | - یەکەم : گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەباشووری کوردستان |
| ١٧٤ | - ١- گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری |
| ١٧٨ | - ٢- گوتاری ڕەخنەیی گۆڤاری (پرۆژە) ساڵی ١٩٩٢ |
| ١٨٦ | - دووەم : پەیوەندی نێوان ڕەخنە و فیکر |
| ١٩٥ | - سێیەم : ڕێبازی ئەدەبی و گوتاری ڕەخنە |
| ١٩٩ | - چوارەم : گوتاری سیاسی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا |
| ٢٠٥ | - ئەنجام |
| ٢٠٨ | - سەرچاوەکان |
| ٢٢٤ | - خلاصة البحث |
| ٢٢٥ | - ABSTRACT |

## پێشەکی

ئەدەب دەربڕاوێکی هونەرییە، ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی خەڵک یان کۆمەڵ دەردەخات، لقێکە لە زانستە مرۆڤایەتییەکان دەتوانین بۆ توێژینەوەی فەلسەفەیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە سوودی لێ وەربگرین. کەواتە ئەدەب خاوەن گوتاری تایبەت بە خۆیەتی. گوتاری ئەدەبیش بریتیە لە بەکارهێنانێکی ئەدەبییانەی زمان لەڕووی ئاخاوتن و نووسینەوە بەشێوەیەک کە پابەندی ڕێساو مەرجی هونەری جیاوازبێت بە گوێرەی جۆر و توخم و هونەرە ئەدەبییەکان، هەروەها پابەندی بەها ستاتیکییەکان بێت کە هەر میللەتێک بەپێی شارستانیەت و ڕۆشنبیری و کلتوری خۆی لێی دەڕوانێت . ناونیشانی ئەم تێزە (**کاریگەری گوتاری ئەدەبی لەسەر ڕای گشتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بە نموونەی باشووری کوردستان ١٩٩٢–_ ٢٠٠٣**) هەوڵێکە بۆ توێژینەوە لەکاریگەری گوتاری ئەدەبی لەسەر ڕای گشتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا ، بەتایبەت لە زۆر قۆناغەکانی مێژوودا، لە کۆی شۆڕشەکانی کورددا ، کورد هەوڵیداوە گوتارێکی تایبەت بە خۆی هەبێت . بێگومان ئەدەبیش یەکێکە لەو هۆکارە کاریگەرانەی دەتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر ئەو گوتارە دەرببڕیت بە ئامانجی دروستکردنی کاریگەری و ئاڕاستەکردن لەسەر بیرکردنەوە و هزری جەماوەر . بەتایبەت دوای ڕاپەڕینە مێژووییەکەی گەلی کورد لە باشووری کوردستان .

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

ئەم بابەتەمان لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە هەڵبژاردوە:

١. توێژینەوە لە پێوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە و دەرخستنی کاریگەری ئەدەب لەسەر کۆمەڵگە.

٢. چەمکی گوتار پێشتر لە توێژینەوە ئەکادیمییەکان کاری لەبارەوە کراوە، بەڵام بە تەواوی ڕوون نەکراوەتەوە، وەک چوارچێوەیەکی ڕەمزی، کە واتا بە شتەکان دەدات نەخراوەتەڕوو.

٣. کۆمەڵگەی کوردی لەو ماوەیەدا (١٩٩٢– ٢٠٠٣) ماوەی ئازادابوونیەتی لەژێر ستەمدا، بۆیە ئەدەب ڕۆڵی دەبێت لە داڕشتنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی گەشەکردنی کۆمەڵگە .

٤. گرنگی قۆناغە مێژووییەکە و ساغکردنەوەی کاریگەرییەکانی گوتاری ئەدەبی لەسەر کۆمەڵگە کوردی بەتایبەت ساڵانی ١٩٩٢ _ ٢٠٠٣ .

## گیروگرفتی توێژینەوەکە:

لە کاتی کارکردنمان لە توێژینەوەکەدا ڕووبەڕووی هەندێ گرفت بووینەوە، لەوانە ئاسان تێنەگەیشتن لە هەندێ چەمک و زاراوە، بەتایبەتی ئەو زاراوانەی کە تایبەتبوون بە گوتار لە چوارچێوە فەلسەفییەکەیدا. ئەمەش بەهۆی نەبوونی فەرهەنگێکی تایبەت بە زاراوە فەلسەفی و ئەدەبییەکان، بۆ ئەم مەبەستەش هانامان بۆ فەرهەنگ و سەرچاوە عەرەبی و فارسییەکان برد. هاوکات چارەسەکردنی نەبوونی ئالییەت و نەخشەڕێیەکی تایبەت بەو بوارە لە پێشتردا، تاکوو لە ئەنجامی تێڕوانین و خوێندنەوەی خۆماندا توانیمان نەخشەڕێیەکی دروست دابڕێژین و کاری لەسەر بکەین .

## مێتۆدی توێژینەوەکە :

بۆ ئەنجامدانی نووسینی توێژینەوەکەمان پێڕەویمان لە مێتۆدی سۆسیۆلۆجیای ئەدەب کردووە. ئەم مێتۆدە هاوکارمان بووە، لە شۆڕبوونەوە بۆ ناو قووڵایی دەقەکان و ڕاڤەکردنیان، پاشان ئاشکراکردنی گەلێ واتا و دەلالەت .

## پرۆگرامی توێژینەوەکە :

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، هەوڵمانداوە بەپێی پرۆگرامێکی هەمەلایەن کار بکەین. بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکەمان بۆ پێشەکی و چوار بەش و ئەنجامەکان دابەش کردووە. پاشان پوختەیەکمان بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستۆتەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**بەشی یەکەم:** بە ناوی (سەرەتایەک لە بارەی گوتار)ەوە، ئەم بەشە تایبەتە بە قسەکردن لەبارەی چەمکی گوتار بە گشتی و گوتاری ئەدەبی بەتایبەتی. بەشێکی تیۆرییە تێیدا چەمک و زاراوەکان لە ڕووی تیۆرییەوە کاریان لەسەر کراوە. بۆ نموونە گوتارمان وەکوو زاراوە و چەمک شیکردۆتەوە بۆ ئەوەی لە بەشەکانی دواتر یارمەتیمان بدات. هەروەها مێژووی پەیدابوونی ئەم چەمکەمان باسکردووە و پیداگریمان لەسەر ئەم چەمکە لە لای میشێل فۆکۆ کردۆتەوە. دواتر پێوەندی نێوان دەق و گوتارمان شیکردۆتەوە، ئەوەمان سەلماندووە، بەپێی تیۆر و توێژینەوە نوێیەکان گوتار یەکەیەکی فراوانترە لە دەق. هەر لەم بەشەدا قسەمان لەبارەی گوتاری ئەدەبی و ئێستێتیکای گوتاری ئەدەبی کردووە، ئەرکی ئێستێتیکامان لە گوتاری ئەدەبیدا دەرخستووە.

**بەشی دووەم:** بەناوی (ئەرکی گوتاری ڕاگەیاندن و پەروەردەیی شیعر لەسەر کۆمەڵگە)وەیە. لەم بەشەدا هەوڵمانداوە لە گوتاری شیعر بکۆڵینەوە. ئەم بەشە بەشێکی پراکتیکییە. هەوڵمانداوە لە دوو لایەنی گوتاری شیعر بکۆڵینەوە، ئەویش گوتاری شیعر وەکوو ڕاگەیاندن و گوتاری شیعر وەکوو پەروەردە و کاریگەری ئەم دوو گوتارە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی چی بووە. بۆ ئەمەش سەرەتا ڕۆڵ و گرنگی شیعر و ڕاگەیاندنمان باس کردووە. پاشان ئەرکی پەروەردەیی و ڕاگەیاندنی گوتاری شیعرمان بە نموونەی شیعری لەو ماوەیەی کارمان لەبارەوە کردووە باس کردووە. لە ڕێگەی ئەو ئەرکانەوە گوتاری شیعری کوردی ئەو ماوەیەمان دەرخستووە.

**بەشی سێیەم**: بەناوی (گوتاری ژانرەکانی پەخشانی کوردی)ە. ئەم بەشەش، بەشێکی پراکتیکییە لەو ژانرە پەخشانیانەمان کۆڵیوەتەوە، کە لە ئەدەبی کوردیدا هەیە. هاوکات بۆ چەند پارێک دابەشمان کردووە. لە پاری یەکەمدا قسەمان لەبارەی گوتاری پەخشان بە گشتی کردووە. لە پاری دووەمدا قسەمان لەبارەی ئەوە کردووە لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١دا گوتاری پەخشان کاریگەری زیاتر بووە لە شیعر. لە پارەکانی تردا گوتاری نامەی ئەدەبی و ڕۆمان و چیرۆک و وەرگێڕان و ژیاننامەمان خستۆتەڕوو. لێرەدا زیاتر ئەو ژانرانەمان وەرگرتوون، کە وەکوو گوتار دەرکەوتوون.

**بەشی چوارەم:** ئەم بەشەش بەشێکی پراکتیکییە، بەناوی (گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی). لەم بەشەدا کارمان لەبارەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی کردووە، ئایا توانیویەتی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا هەبێت؟ سەرەتا کورتەیەکمان لەبارەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردییەوە باس کردووە، پاشان لە ڕێی نموونەی چەند گۆڤارێکی ڕەخنەیی لەو ماوەیەدا هەوڵی خستنەڕووی گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردیمان داوە . لە کۆتایشدا ئەو ئەنجامانەی کە پێگەیشتوین خراونەتەڕوو ، دواتر ڕیزبەندی سەرچاوەکان  پاشان پوختەی توێژینەوەکەمان بە هەر دوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی داناوە.

# بەشی یەکەم

# سەرەتایەک لەبارەی گوتارەوە

## بەشی یەکەم : سەرەتایەک لەبارەی گوتارەوە

### ١. چەمکی گوتار

دەرکەوتن و گەشەکردنی چەمکی گوتار لە کەلتووری ڕۆژئاوادا ڕەهەندی فەلسەفی هەیە. لەگەڵ گەشەکردنی بوارە مەعریفییەکان گەشەی کردووە و فراوان بووە. ئاشکرایە هەموو دەقێکی ئەدەبی گوتارێکی لە خۆیدا هەڵگرتووە. هاوکات فراوانترین چەمکە لە توێژینەوەی زمانەوانیدا. زاراوەیەکی نوێ نییە، بەڵکوو بوونێکی نوێیە، هەموو سەردەمێک بە چەمک و تێگەیشتنی تازەوە لە دایک دەبێت، تایبەتمەندی ئەو سەردەمە لە خۆیدا هەڵدەگرێت. لە زمانی ئینگلیزی زاراوەی (Discourse) و لە زمانی فرەنسی (Discours)ی بۆ دانراوە. بەڵام ڕیشەی ئەم زاراوەیە لە ئەورووپاش بۆ زمانی لاتینی دەگەڕێتەوە. ((زۆربەی هاوواتاکانی زاراوەی گوتار لە بنەڕەتدا بۆ ناوی (Dircursus) و کاری (Discursere)ی لاتینی دەگەڕێنەوە. کارێکە واتای پاڵنان دەگەیەنێت، ناردنی قسە و دیالۆگی ئازاد دەگرێتەوە.)) [عصفور: ١٩٩٨: ٤٨] ئەم زاراوەیە لە زمانی عەرەبییدا (الخطاب)ی پێ دەگوترێت و لە زمانی فارسیشدا (گفتمان)ی پێ دەڵێن. بەڵام لە زمانی کوردیدا تاکوو ئەم ساڵانەی دواییدا تێکەڵییەک لە نێوان دوو زاراوەکە بۆ ئەم چەمکە هەبوو. هەندێک (گوتار) و هەندێک (وتار)یان بۆ بەکار هێناوە. ئەم تێکەڵییە لە زاراوە، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە هێشتا زمانی ستانداردمان نییە، هاوکات فەرهەنگێکی زانستیی زاراوە ئەدەبی و ڕەخنەییمان نییە، کە هەموو زاراوەیەکی ئەدەبی و ڕەخنەیی تێدا هاتبێت[١] بۆ ئەوەی ئەم زاراوانەمان بۆ یەکلایی بکاتەوە. بۆیە (گوتار) بە واتای (الخطبە و المقالە)ی عەرەبی بەکار دەهات. ئێستا تا ڕادەیەک ئەم کێشەیە یەکلایی بۆتەوە، (گوتار) بە واتای (الخطاب) و (وتار) بە واتای (الخطبە و المقالە)ی عەرەبی دێت.

دواتر ئەم زاراوەیە لەلایەن (ڕێنیە دیکارت) لە کتێبی (گوتار لە مێتۆددا)ە وەکوو ئاماژەیەک بۆ سەردەمی ڕۆشنگەری بە کار هات. ئەم فەیلەسووفە دەیویست پیاوانی کەنیسە تێپەڕێنێ و دەنگی بە هەموو ڕۆشنبیران بگات. لێرەوە گرنگی کتێبەکەی لە داڕشتنی چەمکی گوتار لە سەردەمی نوێدا، بوو بە زەمینەسازییەک بۆ ئەم چەمکە لە سەردەمی مۆدێرنێتە و دوای مۆدێرنێتە. ((کەواتە

---

١. هەرچەندە هەندێک کتێبمان هەیە، کە زیاتر کۆکردنەوەی چەند زاراوەیەکە نەک فەرهەنگێکی زانستی و تەواو، بۆ نموونە کتێبی فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی (ئەدەب، رەخنەی ئەدەبی، تیۆری ئەدەبی) لە نووسینی د.بەختیار سەجادی محەمەد مەحموودی و کتێبی فەرهەنگی زاراەی ئەدەبی و ڕەخنەیی لە نووسینی د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد و چەند دانەیەکی تریش.

گوتاری میتۆد لای "دیکارت" تەنها بیرکردنەوە و دونیابینی ئاراستە ناکات، بەڵکو جۆرێکیش لە زانین و تێگەیشتنی هەقیقەت دووپاتدەکاتەوە، کە دواجار دەستنیشانی هەڵە و ڕاستیمان بۆ دەکات. [جەمال: سایتی ئەکادیمیا:www.academia.edu ]

ئەم زاراوەیە وەکوو چەمکێک، کە فرە دەلالەتی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بۆ دوای دەرچوونی کتێبی (چەند وانەیەک لە زمانەوانی گشتیدا)ی زمانەوان (دی سۆسێر) دەگەڕێتەوە. لەوێدا بنەما سەرەکییەکانی گوتاری دەستنیشان کرد. زۆربەی بۆچوونەکان گوتار پێوەست بە قسەکردن دەکەنەوە. واتە گوتار ئەو زمانەیە، کە قسەکەر لە کاتی بەکارهێنانیدا بەسەریدا زاڵە. لێرە دەبێتە هاوواتای ئاخاوتن. دەبێ ئاگەداری ئەوەش بین، کە (هاریس Harris) یەکەم کەسە بابەتی گوتاری لە زمانەوانیدا ورووژاندوە. بە بڕوای هاریس گوتار ((گۆکراوێکی درێژە، یان زنجیرەیەکی بە دوایی یەکدا هاتووی ڕستەیە کە کۆمەڵەیەکی داخراو پێکدەهێنیت، کە دەکرێت لە ڕێگەیەوە چاودێری بنیاتی زنجیرەیەک ڕەگەز بکەین، ئەمەش بە ڕێگەی میتۆدی دابەشکاری بە شێوەیەک کە وامان لێ بکات لە بوارێکی زمانیی تەواودا بمێنینەوە.)) [یقطین: ١٩٩٧: ١٧] لێرەدا ئەم نووسەرە بۆ گوتار گرنگی بە پێوەندی نێوان ڕستەکان دەدات، واتە ئەو ڕستانەی گوتاریان لێ دروستبووە، چ پێوەندییەک لە نێوانیاندا هەیە، بۆ ئەوەی گوتارێک بەرهەم بهێنن. هەموو توێژینەوەیەکیش بیەوێت دەق ڕاڤە بکات، پێویستی بە لێکدانەوەی پێوەندی نێوان ڕستەکان هەیە. کەواتە ئەوەی لەلای ئەم نووسەرە گرنگە پێوەندییە دەرەکییەکانی دەرەوەی دەقەکە نین، بەڵکوو پێوەندییەکانی ناوەوەی دەقە. کەواتە بە گوێرەی پێناسەکەی (هاریس)، گوتار یەکەیەکی زمانییە لە کۆمەڵێ ڕستە پێکهاتووە. ئەم بۆچوونە، بۆچوونێکی زمانییە، بەهایەکی گەورەی بۆ گوتاری زمانەوانی هەیە. ڕاڤەی گوتاریش لەلای ئەو لە ناوەڕۆکدا نییە، بەڵکوو لە چۆنیەتی بە دەستهێنانیەتی.

بە بڕوای (بینفێست) گوتار ((هەر گۆکردنێک، کە قسەکەر و گوێگرێک لەخۆ بگرێت ئامانجی یەکەمیان ئەوەیە کە بە ڕێگەیەکی دیاریکراو کار لە دووەمیان بکات.)) [یقطین: ١٩٩٧: ١٩] کەواتە گوتار هەموو دەربڕینێکی گوتراو و بیستراو دەگرێتەوە، کە لایەنی یەکەم دەیەوێ کاریگەری لەسەر بەرانبەرەکەی دابنێت. هاوکات جیاوازی لەنێوان دوو سیستەم بۆ دەربڕین دەکات، ئەوانیش گوتار و حیکایەتی مێژوویە. ئەم جیاوازییە کاریگەری لەسەر کورتکردنەوەی چەمکی گوتار وەکوو یەکەیەکی زمانەوانی نابێت، بەڵکوو ئەو یەکەیە بە ڕۆشنبیریی و کۆمەڵگە دەبەستێتەوە. کەواتە گوتار لە کاتی گەیاندنیدا دەردەکەوێت. کەواتە ڕستە توخمێکە لە گوتار. لای ئەم توێژەرە گوتار بە پێگە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی قسەکردنەوە پەیوەندیدارە. واتە بە ئاخێوەر و وەرگر

و ئەو چوارچێوە بنیادیەی کردەی قسەکردنی تێدا ڕوودەدات. واتە ئەگەر بە دەوروبەرە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی ببەستینەوە دەکرێت ڕاڤەیەکی ڕەخنەییانەی بۆ بکەین. بۆ نموونە کاتێک سۆسیۆلۆجیستێک چەمکی گوتار بەکار دەهێنێت، بە گشتی لەسەر دوو ئاست کار دەکات. لە ئاستی یەکەم کار لەبارەی سۆسیۆ-زمانی دەکات، کە بە شیکردنەوەی گوتار ناو دەبرێت. هەرچی ئاستی دووەمە پێوندی بەو مێتۆدەوە هەیە، کە (میشێل فۆکۆ) لە توێژینەوەی مێژووییدا کاری پێ کرد و مێژووی شیکردەوە، کە بە ئارکیۆلۆجیای مێژوو ناسرا.

لەلایەکی ترەوە (دی سۆسێر) دەڵێت: گوتار زمانە لە کاتی بەکارهێنانیدا، هاوکات ئاخاوتنە کاتێ ئاخێوەر دەپەیڤێت. بۆیە دەڵێت: ((قسەکردن دوو لایەنی هەیە تاکێتی و کۆمەڵایەتی، ناکرێ وێنای هیچ یەکێکیان بەبێ ئەویتریان بکەین.)) [دی سوسیر: ١٩٨٥: ٢٩] لەم پێناسانەدا هەوڵدراوە چوارچێوەی فۆرمی بۆ گوتار تێکبشکێنن، لێرەوە ڕۆڵی قسەکەر لە پرۆسێسەی ئاخاوتندا دێتە پێشەوە، ئەمەش لەپێناو دروستکردنی پیوەندنی لەنێوان زمان و قسە، لە کاتی توێژینەوە لە پێوەندی گوتن بە ئاخێوەرەوە. کەواتە قسە کۆمەڵێک یەکەی دەنگین، بەڵام ئەو یەکە دەنگییانە لە یەکەی زمانەوانی ڕێک دەخرێن کە سنوورو واتای خۆیان دەدەن. یەکەی زمان لەوانەیە لە یەکەی دەنگێک یان زیاتر پێک بێت. زمان لە بنەڕەتدا کۆمەڵێک هێمایە، ڕستە هێمایە، وشە هێمایە و یەکەی زمانەوانیش هێمایە، بەڵام هەندێ هێما سووک و سادەن و هەندێکیشیان قورسو ئاڵۆزن.

گوتار کۆمەڵێ ڕستەی زارەکی جۆراوجۆرە، فرە ئاستە. هاوکات ئەو ڕستە نووسراوانەی، کە گوتارە زارەکییەکان دەگوازێتەوە. سروشت و ئامانجەکەی لە گەشتنامە، یادنووس، شانۆنامە و کارە فێرکارییەکاندا خۆی دەبینێتەوە. مەبەستیش لە حەکایەتی مێژوویی، ئەو حەکایەتە نییە، کە ڕووداوێکی مێژوویی دەگوازێتەوە (ئەمە دەبێتە گوتار)، بەڵکوو مەبەست لێی هەموو ڕووداوێکی مێژوویی، کە بە شێوەی ڕاپۆرت بێت و ئامانجیش لێی مێژووی ڕووداوەکە بێت. ئەم قسانەی لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن، لێکدانەوەی چەمکی گوتار بوو لە ڕووی زمانەوانییەوە. بەمەش گوتار دەبێتە چالاکییەکی تاکێتی لە دەوروبەرێکی (سیاق)ێکی دیاریکراودا.

چەمکی گوتار بەپێی تێڕوانینی هەریەک لە فەیلەسووفان و نووسەران گۆڕانکاری بەسەردا دێت. بە بڕوای (دریدا) گوتارەکان وەکوو ڕێزبەندی زمانی تەواونەکراون، کە لە ڕێی جیاوازییەکانەوە، یان نواندنەوە ڕۆڵیان لە تێگەیشتنی ئێمە بۆ ژیان و جیهان دەبینن. هێماکان مێژوویین، بە دۆخ و دەورووبەرێکەوە پەیوەستن، زمان ناتوانێت تەواو پێناسەیان بکات.

(میشێل فۆکۆ) یەکێکی ترە لەو فەیلەسووفانەی گۆڕانکاری گەورە بەسەر چەمکی گوتاردا دەهێنێت. ئەم فەیلەسووفە گوتار بۆ وەسفکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی نەسەق لە ڕۆشنبیریی ئایدیۆلۆجی و زمان و کۆمەڵگەدا بە کار دەهێنێت، هاوکات ئەو چۆنیەتی بەکارهێنانە چۆن کاریگەری دەبێت. لە لای ئەو چەمکی گوتار ئەزموون و بیرکردنەوەیە ئامادەییەکی تەواوی لە کۆی بەرهەمەکانیدا هەیە، بەتایبەتی لە کتێبی (مێژووی شێتی) و (پەیدابوونی نۆرینگە)دا. لەوێدا بۆ یەکەم جار چەمکی گوتاری پێشکەش کرد و بە مێژووی پەیوەست کردەوە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەم فەیلەسووفە بە وردی چەمکی گوتاری لە هەردوو کتێبی (ئارکیۆلۆجیای مەعریفە- ١٩٦٩) و (سیستەمی گوتار- ١٩٧٠) دیاری کرد. لە ڕووی مێژووییەوە (فۆکۆ) لەبارەی گوتار و ئەزموونکردنی گوتارەوە دەدوێت و بۆ سەرەتای مێژووی شێتی دەیگەڕێنێتەوە. ((مرۆڤەکان بە لاساییکردنەوە وەکوو بەشێک لە جیهانی گوتار لە شێتی دەنۆڕن.)) [بغورە: ٢٠٠٠: ٩٣] لێرەدا پێناسەی شێتی وەکوو گوتار، یان مەعریفەی گوتاریی دەکات. ئارکیۆلۆجیاش شیکردنەوەی تێدا دەکات. لە کتێبی (وشە و شتەکان)دا گوتار شوێنێکی گەورە داگیر دەکات و ماوەیەکی زۆرتریش ئەو ماوانەی لێکۆڵینەوەکانی ئەم فەیلەسووفە دەیگرێتەوە، ماوەی سەردەمی کلاسیکە بە کۆی مەعریفە و ڕۆشنبیرییەکەی. ئەگەر زمان جیاکەرەوەی سەردەمی ڕێنسانس بێ، چونکە لەو سەردەمەدا (گۆتنبێرک) چاپخانە دادەهێنێت، بەمەش دەبێتە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ لێدانی زمانی گوتاربێژی، ئەوەی دێتە پێشەوە زمانی شارە، شار بە واتا مۆدێرنەکەی. کتێب دێتە پێشەوە. تاکبوونیش جیاکەرەوەی سەردەمی نوێیە، ئەوا لە دیدی ئەم فەیلەسووفەوە گوتار جیاکەرەوەی سەردەمی کلاسیکە. گوتار کۆمەڵێ گوتراون، ئەو گوتراوانە یەکەی سەرەتایین بۆ گوتار، یان گەردیلەی گوتارن. پێوەندی گوتراوەکان بە گوتارەوە وەکوو پێوەندی بەشە بە گشت. گوتراویش ڕووداوە، ڕووداوێکی غەریب. پێوەندی بە نووسین و گۆکراوەوە هەیە، بەمەش شایەنی بیرهێناوە و گەڕانەوەیە، مادام دەتوانێ بگۆڕێت و نوێ ببێتەوە.

چەمکێکی تر، کە ئەم فەیلەسووفە کاری لەبارەوە کردووە، (پێکهاتەی گوتار)ە. ئەم چەمکە لە لای ئەو سیستەمێکی گوتراوی گشتییە. ئەم سیستەمە لە کۆمەڵێ یاسا پێکهاتووە. (فۆکۆ) دەڵێت: ((پێکهاتەی گوتاری سیستەمێکی گشتی دەربڕدراوە، ئەم سیستەمە لە کۆمەڵێ ڕیسا پێکدێت، چۆن پێی دەگەین ؟ و چییە؟.)) [بغورە: ٢٠٠٠: ١٠٢] لەم پێناسەیەوە ئەوە هەڵدەهێنجین گوتراوەکان و پێکهاتەی گوتاری بۆ ڕاڤەکردن یەک مێتۆدیان هەیە، ئەویش مێتۆدی ئارکیۆلۆجییە (شوێنەوارناسی- مەبەست ئەوەیە ئەم فەیلەسووفە وەکوو شوێنەوارناسێک مێژووی کلاسیکی

ئەورووپی هەڵدەکۆڵێت و شیکاری دەکا بۆ نموونە: مێژوو، شێتی، کلینیک...تاد دەکات) . کەواتە گوتار بریتییە لە کۆمەڵێ لە گوتراوەکان، کە دەربڕی پێکهاتەی گوتارییین. واتە هەموو ئەو شتانەی بە شێوەی ئاخاوتن و گوتن هاتوون، خۆیان لە یەکەیەکی گوتاریدا دەبیننەوە. وەکوو گوتارێک دەردەکەون. کەواتە گوتار یەکەیەکی گەورەترە لە گوتراو (قسەکردن)، بەڵام بەشێکە لە پێکهاتەی گوتاریی. دواتر هەموو ئەو بیرمەندانەی دێن بە تێڕوانینێکی فۆکۆییانە چەمکی گوتار دادەڕێژن، بۆ نموونە گوتاری سیکولاری (عەلمانی)، گوتاری نەتەوەیی و گوتاری ئیسلامی. هاوکات شێوازەکانی گوتار بۆ نموونە گوتاری ڕۆژنامەوانی، گوتاری کارگێڕی...تاد دادەڕێژن. کەواتە گوتار دەستەواژەییەکی بنەڕەتییە لە تێڕوانینی فەلسەفی و فیکری پاش بونیادگەری.

مۆدێرنیزم وەکوو شەپۆلێک کاریگەری لەسەر کۆی بوارەکانی ژیان دەبێت. بواری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیریی سەرلەنوێ تیۆریزە دەکرێنەوە. بۆیەش سەرەتا بۆ بەرچاو ڕوونی، هەوڵی دیاریکردنی چەمکی مۆدێرنیزم دەدەین. مۆدێرنە چەند فراوانە ،چونکە لە ڕۆژئاوادا چەندین بواری زانستی و زانستە مرۆڤاییەتیەکانی گرتۆتەوە ،بەمەش سیفەتێکی جیهانی وەرگرتوە. ((بۆیە دەتوانین بێ دوو دڵی سەدەی نۆزدە(مۆدێرنیزم) بە سەدەی گەڕان بە دوای پێوەرو بەڵگە زانستیەکان بۆ سەلماندنی جیاوازی نێوان ڕەگەزەکانی ئینسان ناونووس بکەین)) [تەرابیش: ٢٠٠٢: ١٧] کەواتە مۆدێرنە بزوتنەوەیەکە بۆ بیرکردنەوە هەموو بوارەکانی ئەدەب ، سیاسەت، ئابووری، مێژووی، کۆمەڵناسی....تاد دەگرێتەوە. واتە ناکرێ تەنیا وەکو چەمکێکی مێژوویی تەماشای بکەین. مۆدێرنە دەتوانین بە بزوتنەوەیەکی مرۆڤانەی لەقەڵەم بدەین. کەسێکی وەکو (بۆدلێر) کە بەباوکی ڕوحی مۆدێرنە دادەنرێت ،هەمیشە بە دوای جوانیەوە بوو. واتە مۆدێرنە گەڕانە بەدوای جوانیدا، مۆدێرنە گوزارشتە لە ڕۆحی سەردەم، مرۆڤی مۆدێرن یان مرۆڤ بە گشتی ناتوانێت لە نهێنی ژیانی سەردەم هەڵبێت. مۆدێرنە گوزارشتە لە ژیانی ئێمە لە بیرکردنەوەی مرۆڤی ساردەمی نوێ. مۆدێرنە بەردەوام ئەو هەستەمان لە لا دروست دەکات، کە ئێمە لە ڕووی پێشکەوتنەوە لە سەردەمێکی نوێدا دەژین، ((چونکە ئەو زاراوەیە کاریگەرێتی دەمێنێ لە ڕووی پابەندێتی بە هەست و نەستمان، کە وامان لێ دەکات مەزەندەی ئەوە بکەین ئێمە لە زەمەنێکی تازەدا دەژین، زۆر تازە و مێژووی هاوچەرخیش کانگای بایەخدان و ئێمەش بەرهەمی سیناریۆی ئێستاش نە لە ڕابردوو.)) [برادبری و ماکفارلن: ٢٠٠٨: ١٥]

مۆدێرنیزم چەمکێکی ئاڵۆزە و تاکو ئێستا چەندین پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە و یەک پێناسەی دیاریکراوی نیە ، ئەم ئاڵۆزیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مۆدێرنیزم لەلایەک ئاماژە بە فەلسەفەو

کلتوری قۆناغی مۆدێرن دەکات و لەلایەکی ترەوە جڤاتی هونەر لە سەد ساڵی نێوان (١٨٥٠-١٩٥٠) دەگەڕێتەوە، یەکێکی تر لە ئاڵۆزیەکانی وشەی مۆدێرنیزم ئەوەیە کە هەرکام لە سیستەمە ئەکادیمییەکان جەخت لەسەر یەکێک لە ڕەهەندەکانی دەکاتەوە و بایەخی پێدەدات، لێرەدا (هیگڵ) کە باسی چەمک و پێناسەی مۆدێرنیزم دەکات دەڵێت: ((مۆدێرنیزم مەعریفەیە، کە ناکرێت ڕاستەوخۆ وەربگیرێت و بە دەست بهێنرێت، بەڵکو دەکرێ لە سایەی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی بەردەوامە مرۆڤ پێی بگات و بەدەستی بهێنێت)) [هیگڵ: ٢٠٠٤: ١١٥] لەم بۆچوونەوە تێدەگەین، کە مۆدێرنیزم مەعریفەیە، زانستێک نییە بتوانین لە ڕێگەی خوێندنەوە، یان فێربوونی بنەما و یاساکانییەوە فێری ببین و بە دەستی بهێنین، بەڵکوو دەبێت لە ڕێگەی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی بەردەوامەوە فێر بین.

مۆدێرنیزم دێت کۆمەڵی گوتار و چەمک دەهێنێتە ناو ژیانی مرۆڤەکانەوە. بۆ نموونە چەمکی عەقڵانییەت، کە گوتاری مۆدێرنیزمی ڕۆژئاوایی لەسەر بنیاد دەنرێت، دواجار دەبێتە پێکهاتەیەکی سەرەکیی ئەم سێستەمە و زۆربەی ڕێبازو فیکری و فەلسەفییەکانی لەسەر دادەمەزرێت. عەقڵانییەت دەبێتە ڕووی دیاری گوتاری مۆدێڕنیزم، دەبێتە ناوەندێک لەوێوە مەعریفە بەدەست بهێندرێت.

هەر لە ڕوانگەی دیاریکردن و پێناسەی چەمکی گوتار، پێمان باشە لە ڕوانگەی هەندێک لە تیۆریزانانی ئەدەب چەمکی گوتار دیاری بکەین. یەکێک لەو تیۆریزانانە (تۆدۆدرۆف)ە. ئەم تیۆریزانە لە دیاریکردنی چەمکی گوتاردا چوارچێوەی زمانەوانی تێدەپەڕێنێت، بەتایبەت لە توێژینەوەکەی بە ناوی (پەیڤەکانی گێڕانەوەی ئەدەبی) جیاوازی لەنێوان دوو ڕەگەزی بنەڕەتیدا دەکات، بەپێی پێوەری دوانەی دژەکان، کە ئامادەیی و نائامادەییە یەکیان ئەوی تر ڕەت دەکاتەوە و هاوکات دەیچەسپێنێت، ئەوانیش چیرۆک و گوتارن. مەبەست لە چیرۆک هەموو ئەو ڕووداوانەن کە پێوەندیان بە کارەکتەر و کار و کردەوەیانەوە هەیە، جا ئەم چیرۆکە چ بە شێوەی زارەکی، یان نووسراو پێشکەش بکرێت. هەرچی گوتارە (Discours) لە چوارچێوەی ئەو گێڕەرەوەی ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە دەردەکەوێ، هاوکات بەو خوێنەرەی بۆتە بەردەنگی (مخاطب) ئەو گێڕانەوەیە. واتە گوتار ئەو ڕێیەیە، کە بە هۆیەوە گێڕەرەوە ڕووداوەکانمان بۆ دەگوازێتەوە.

تێڕوانینەکانی (جیرار جینێت) بۆ چەمکی گوتار زۆر گرنگن، بەتایبەت لە بابەتی گێڕانەوەدا. واتە ئەم تیۆریزانە لە چوارچێوەی دیاریکردنی چەمکی گێڕانەوەناسیدا. ئەو سێ جۆر بۆ گێڕانەوە دیاری دەکات: ((

١. چیرۆک (Story): مەبەست لێی مەدلوول و ناوەڕۆکی گێڕانەوەیە.

٢. گێڕانەوە (Narration): کردەوەی بەرهەمهێنانی گێڕانەوەیە، هەموو ئەو بارە واقیعی و خەیاڵیانەی کردەوەیە.

٣. گوتار (Discours): مەبەست لێی دال، گۆکراو، گوتار، یان خودی دەقی گێڕانەوەییە.)) [جینیت: ٢٠٠٣: ٣٨_٣٩] واتە گێڕانەوە بە واتای گوتار، توێژینەوە و ڕاڤەکردنی دەقە، ئەویش بە هۆیەکی زۆر سادە، چونکە چیرۆک ناتوانێ بوونی هەبێ تەنیا لە پێوەندی بە گێڕانەوەوە نەبێت. هەروەها گێڕانەوە، یان گوتاری گێڕانەوەیی لە چوارچێوەی چیرۆک (مادە خاوەکەی گێڕانەوە) تەواو دەبێت. لەلایەکی ترەوە لای ئەم تیۆریزانە گوتار لە سێ ئاستی پێوەند بە یەکەوە خۆی دەبینێتەوە، ئەوانیش: ئاستی ڕێزمانی، ئاستی سەرفی و ئاستی دەلالییە. بە هۆی ئەو شۆڕشەی گوتار لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا کردی، مەیدان و زەمینەی توێژینەوەی فەلسەفی و ڕەخنەیی فراوان کرد.

## ٢. لە نێوان دەق و گوتاردا

چەمکی دەق و گوتار بۆتە جێی تێڕوانین و سەرنجی زۆرێک لە توێژەر و ڕەخنەگران ، بەلام هیچیان تاکوو ئێستا بە پێناسەیەکی تەواوەتی بۆ هەر یەک لەو چەمکانە نەگەیشتوون. لێرەدا چەند پرسیارێک دێنە پێشەوە، ئایا گوتار و دەق دوو چەمکی جیاوازن، یان یەک چەمکن؟ لە زۆربەی توێژینەوە ڕەخنەییەکاندا زاراوەی دەق (Texte) و زاراوەی گوتار (Discours) هاتووە. لە هەندێکیاندا زاراوەی گوتار بە هەمان واتای دەق بە کار دێت. کەواتە جیاوازی نێوانیان چییە؟ ئایا یەک واتایان هەیە، یان جیاوازن؟

زۆر پێناسەمان هەیە، هەردوو چەمکەکە بە یەک چەمک هەژمار دەکەن. بۆ نموونە لای (ڕۆمان یاکۆبسن) کاتێک پێناسەی گوتار دەکات، گوتار ئەوەیە ((لە زۆربەی باردا دەق ئەرکی شیعرییەتی ئاخاوتن دەبینێت. هاوکات هەولێکە بۆ دیاریکردنی کامەی شێوازە. دەق لەلای ئەو گوتارێکە لەپێناو خودی خۆیدایە.)) [السد: ٢٠١٠: ١١] دەق لەلای ئەم نووسەرە لەپێناو خودی خۆیدا دەبێتە گوتارێک بۆ ئەوەی بە بەرامبەر گوێگرەکان بگات. کەواتە ئەوەی دەقە، هاوکات گوتاریشە. دەق گوتارێکە واتاکەی لە خۆیدا هەڵگرتووە. وەکو ئەو دەربڕدراوانەی پێوەندن بە یەکەوە، کۆمەڵێ دەلالەت و ڕەمز لە خۆیاندا هەڵدەگرن، خوێنەر لە ئەنجامی خوێندنەوەدا درکیان پێ دەکات. بە واتایەکی دیکە دەق کۆمەڵێ دەربڕدراون، بە شێوەیەکی گشتی زیاترلە گوتارێک لە خۆیدا دەگرێت، بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوە گونجاوە.

هەرچی (ڕۆلان بارت)ە، ئەویش پێناسە بۆ دەق وەکوو گوتار دەکات. دەڵێت: ((دەق گوتارە لەبارەی گوتار، واتە زمانی دووەمە لە ڕێی ڕاڤە و وەسفەوە لەبارەی زمانی یەکەم.)) [بارت: ١٩٩٤: ٥٦]ئەو دەق جگە لە گوتار بە هیچ شتێکی تر دانانێت، تەنانەت ناتوانێت بوونی هەبێت، تەنیا لە ڕێی گوتارێکی ترەوە نەبێت.

هەرچی ئەو پێناسە و تێڕوانینانەی گوتار و دەقی ئەدەبی بە دوو چەمکی جیاواز دادەنێن، بۆ ئەمەش نووسین و شێوازی نووسین دەکەنە پێوەر. دەق و گوتار بە شێوە و فۆرمە جیاوازەکانیانەوە لە یەکتری جیا دەکرێنەوە. دەق لە ڕێی نووسینەوە دەردەکەوێت، ئەو شتەیە دەیخوێنینەوە، بونیادی سەرەوە و ژێرەوەی هەیە. هەرچی گوتارە ئەوا بە خاسیەتی دەق دەگوترێ، بەتایبەت کاتێک سنووری فۆرمەکەی تێدەپەڕێنیت بۆ ئەوەی پێوەندی بە دەرەوەی خۆی بکات. واتە گوتار بەستنەوەی دەقە بە بونیادەکانی دەرەوە. لەلایەکی ترەوە گوتار لە یەک کاتدا کردەی بەرهەمهێنانی دەربڕین و ئەنجامە هەستپێکراو و بیستراو و بینراوەکانیەتی. لە کاتێکدا دەق

کۆمەڵی نەسەقە و گوتارێک لە خۆیدا هەڵدەگرێت. کەواتە گوتار بابەتێکە وەکوو کردەوەیەک لە بەرامبەرمانە، بەڵام دەق بەرهەمی زمانی ئاخاوتنمانە، دواتر دەیخەینە سەر کاغەز، بە هۆیەوە دەقێک دروست دەبێت، کە دەسەڵاتێکی مەعنەوییە، دوو ڕووی هەیە. ڕووی یەکەمیان پێوەندە بە واقیعی ئاسایی ژیانی ڕۆژانەمانەوە، باشترین کاریگەریشی لە گۆڕانکاری لەو واقیعەدا هەیە. هەرچی ڕووی دووەمە بەینێک دەخاتە نێوان نووسین و واقیع، چونکە تێگەیشتن لە واقیع و گوزارشتکردنی، دەلالەتی زاڵبوونی زمانە بەسەریدا، چونکە زمان دەیەوێ دووبارە لە پێکهێنان و داڕشتن و بونیادنانەوەی ڕۆڵی هەبێت.

بابەتی ئەدەبییەت و دەلالەتی گوتار، یەکێکە لەو بابەتانەی بایەخی زۆری هەیە. ئاشکرایە پێشتر ئاماژەمان پێ دا، هەموو جۆرە ئاخاوتنێک گوتارە، تەنانەت کاتێک مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆیدا دەپەیڤێت. لێرەدا دەیەوێ قەناعەت سەبارەت بەو بابەتەی بیری لێ دەکاتەوە لەلای خۆی دروست بکات. ئەمەیش هەمان ئەو پێناسەیەی (بیفێست)ە، کە دەڵێت: ((هەر گۆکردنێک، کە قسەکەر و گوێگرێک لەخۆ بگرێت ئامانجی یەکەمیان ئەوەیە کە بە ڕێگەیەکی دیاریکراو کار لە دووەمیان بکات.)) [يقطين: ١٩٩٧: ١٩]

گرنگیدان بە گوتاری ئەدەبی سەرەتاکەی بۆ فۆرمالیستە ڕووسەکان دەگەڕێتەوە، بەتایبەتی کاتێک مامەڵەیان لەگەڵ ماددە خاوەکان بە شێوەیەکی زانستیانە کرد. ئەم قوتابخانەیە زانستێکی نوێیان بەناوی ئەدەبناسی (علم الادب) هێنایە ناو ئەدەبیات. مەبەستیان لەوە ئەدەبییەتی ئەدەب بوو. ئەدەبێک گوتارێکی ئەدەبی هەبێت. گوتاری ئەدەبی ((داڕشتن و وێنەیەکە، تێیدا زمانی ئەدەبی لە زمانی گوتاری ئاسایی جیاوازە. زمانی ئاسایی بەرهەمی کۆمەڵی ڕەنگدانەوەیە، خاوەندارییەتیە. بەڵام گوتاری ئەدەبی زمانەکەی لە هوشیاریی و درککردنەوە هاتووە. کەواتە زمان تەنیا ڕێڕەوی گوزەرکردنی دەلالەت نییە، بەڵکوو مەبەستێکە بەرانبەر خودی خۆی ڕاماندەگرێت.)) [المسدي: ١٩٨٢: ١١٢] کەواتە گوتاری ئەدەبی ڕوویەکی ئاخاوتنی و دیالۆگی هەیە، ئامانج ئەرکی پیشاندانی جوانیناسییە. ئەوەیش جیاوازی و بەراوردێکی ڕوونە لەنێوان گوتاری ئەدەبی و گوتاری ئاساییدا. ئەو پێوەر و بونیادانەی ڕۆڵیان لە بونیادنانی گوتاری ئەدەبییدا هەیە، ئەو هۆکار و لایەنە هونەریانەن، کە نووسەر و خوێنەر بە هەست و هێزی زیهنیانەوە درکی پێ دەکەن. هۆکارە دەرەکییەکانی وەکوو کات و شوێن، لەوێدا یەکەکانی دەربڕین و نەسەقی پێکهاتەیی لەسەر زیهن و دەروون و لایەنی کۆمەڵایەتی خوێنەر بونیاد دەنێت. واتە نووسەر هەوڵدەدا چۆن و بە چ شێوەیەک ئەدەبییەتێک لەناو دەقەکەیدا چێ بکات، کە بە شێوەیەکی تەواو کاریگەری لەسەر

خوێنەر دابنێت. بۆ ئەمەش هەوڵ دەدا هەموو لایەنە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی خوێنەر ڕاڤە بکا و لەبەر چاوی بێت. لێرەوە خوێنەر لە ڕێی کەرەسەکانی خۆیەوە هەوڵی ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی ئەو گوتارە دەدات. بە واتایەکی دیکە خوێنەر بە شێوەیەکی جەوهەری ڕۆڵی لە شێوەگرتنی گوتاردا هەیە، چونکە ئەو نامەیەی گوتار لە خۆیدا هەڵیگرتووە پێویستی بە سیاق و چوارچێوەیەکە بۆ ئەوەی واتای هەبێت. (ڕۆمان یاکۆبسن) زۆر بە ڕوونی هێڵکاری ئەوەمان بۆ دەکێشێت: ((

سیاق

نامە

نێرەر ←———— پەیوەندی (ڕێڕەو) ———— بۆنێردراو (وەرگر)

کۆد)) [یاکوبسن: ١٩٨٨: ٢٨]

لێرەدا مەبەست لە گوتار نامەیە، مەبەستی (ڕۆمان یاکۆبسن) ئەوەیە نێرەر دەیەوێ بۆ خوێنەر (بۆ نێردراو)ی بنێرێت، ئەویش لە ڕێی یەکێک لە ڕێڕەوەکانی (کەناڵ) پێوەندی، جا چ بیستراو، بیندراو یان خوێندنەوە بێت. ئەم نامەیە (گوتار) پێویستی بە سیاقێکە بۆ ئەوەی خوێنەر لە چوارچێوەیدا بتوانێت کۆدەکانی بکاتەوە. بێگومان ئەو کۆدانەیش لەنێوان نێرەر و بۆ نێردراو هاوبەشن و لە یەکتر تێدەگەن. لە ڕێی ئەم کۆدانەوە خوێنەر (بۆ نێردراو) نامەکە هەڵدەوەشێنێتەوە و واتاکەی دەدۆزێتەوە و تێی دەگات. فرە دەلالەتەکانی گوتار لە گرنگترین ئەو هۆکارانەن، کە کاریگەری لەسەر ئاراستەی نێرەر دادەنێت، بەتایبەت لە هەڵبژاردنی ستراتیژییەتی گوتار لە چوارچێوەی نەسەقە زمانییەکاندا. کەواتە گوتار دەبێتە نیشانەیەک گوزارشت لە بیر و بەرهەمە زمانییەکان دەکات.

بە بڕوای (سەعید یەقتین) پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان دەق و گوتاردا هەیە، تەنانەت لە زۆر سەرچاوەدا بە یەک شتیان دادەنێت، واتە دوو ڕووی یەک دراون. ئەو دەق بە فرەتر و گشتیتر لە گوتار دادەنێت، پێوایە دەق لۆژیکیترە. ئەو بنەڕەتانەی ئەم نووسەرە بۆچوونەکانی لەسەر بونیادناون لەبارەی دەق و گوتارەوە ئەمانەن: یەکەم ئەو بۆچوونانەی لە شیعریەتەوە هاتوون، بەوەی تیۆریەکی گشتییە بۆ گوتار، کارەکانی لەسەر گێڕانەوە پراکتیک دەکات، چونکە گێڕانەوە

لقێکە لەو تیۆرییە. دووەم بە ڕووحێکی بونیادگەرانە کارەکەی کردووە، چونکە ڕابەرانی بونیادگەری جیاوازیان لەنێوان گوتار و دەقدا نەکردووە. سێیەم لە هەردوو کتێبەکەیدا (شیکردنەوەی گوتاری ڕۆمان و کرانەوەی دەقی ڕۆمانی)دا گوتار بە لایەنی ڕێزمانییەوە دەبەستێتەوە، بەڵام دەق بە لایەنی دەلالییەوە. بە بڕوای ئەوە ((شیکردنەوە تەنێ لە سنووری وەسف (گوتار)دا ناوەستێت، بەڵکوو بەرەو لێکدانەوە (دەق) دەڕوات، لێرەدایە کرانەوەی دەق دەبێتە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ ئەوەی بە دەق ئاوێزان بگات.)) [یقطین: ٢٠٠٥: ١١٦]

نووسەر و ڕەخنەگری تر هەیە، گوتار (Descours) لە دەق (Texte) بە جیاواز دادەنێن. بەوەی گوتار پەیامێکی گەیاندراو و ئاشکرایە، فرەواتایە لەلایەن ئاخێوەر (مخاطب)ەوە بۆ وەرگر (متلقی) دەنێردرێت، لە ڕێی کەناڵێکی دیاریکراوەوە. لەسەر وەرگریش پێویستە گوێی لێبگرێت، نابێت پرۆسیسەی گوێگرتن بداتە کەسێکی دیکە. واتە لەسەر وەرگر پێویستە پەیامەکە وەرگرێت و ئامادەیی هەبێت. بەڵام لە دەقدا پەیامەکە ئاراستە دەکرێت، بەڵام بۆ گوێگرێکی نائامادە (غائب)، دەبێت لە ڕێی نووسینەوە بێت، واتە پەیامەکە ناکرێ بە زارەکی بێت. هاوکات بە فرەیی لە خوێندنەوە دەناسرێتەوە، واتە دەق پەیامێکی نووسراوی فرەواتایە، چونکە گوتار ((پرۆسەیەکی گەیاندنە، تەنیا بەرهەمهێندراوێکی زمانیی دابڕاو لە دەوروبەر نییە.)) [ابو دلو: ٢٠٠٢: ١٩] لێرەوە گوتار دەچێتە ژێر باری مێتۆدە ڕەخنەییەکان، واتە بەبێ مێتۆدە ڕەخنەییەکان ناتوانین خوێندنەوە ئەنجام بدەین.

(د.سەلاح فضل) قسەیەکی فەیلەسووف (پۆل ریکۆر)مان بۆ دەهێنێتەوە، کە زاراوەی دەق لە هەموو گوتارێکدا هەیە، بەڵام بە هۆی نووسینەوە خۆی دەچەسپێنێت، ئەمە زۆر پێویستە، واتە دەق دەبێ بنووسرێت، نابێت بە شێوەی زارەکی بێت. کەواتە نووسین پێشمەرجی بوونی دەقە، بەمەش دەق دەبێتە پەیامێکی نووسراو، وەکوو نیشانەیەک دەردەکەوێت. لەلایەک لە کۆمەڵێ دال لە چوارچێوەی پیت و وشە و ڕستەی بەدوایەکداهاتوودا خۆیان دەنوێنن، لەلایەکی دیکەوە ئەو دالانە کۆمەڵێ مەدلوولی جیاوازیان هەیە. کەواتە دەق دوو لایەنی گەورەی هەیە، یەکیان ئێستێتیکی (جێگر) و ئەویتریان دینامیکی (گۆڕدراو). کەواتە ئاستەکانی دەق تەنیا لە یەک ڕووەوە دیاری ناکرێن، بەڵکوو هەنگاوی زۆرمان هەن، بۆ ئەوەی پرۆسێسەی بە دەقبوون بێتەکایەوە، تاکوو لە ڕێی ئەو بە دەقبوونەوە ئێمە بتوانین پرۆسێسەی ڕاڤەکردن ئەنجام بدەین. واتە تاکوو دەق نەیەتە کایەوە، ئێمە ناتوانین ڕاڤەی بکەین.

تیۆرزانێکی وەکوو (گریماس) و (جۆزیف کۆرتاس) جیاوازی لەنێوان دەق گوتاردا دەبینن. ئەوان لە ڕووی گوزارشتکردنەوە ئەو جیاوازییە دیاری دەکەن. بەوەی یەکیان دەربڕینە و ئەویتریان بەرهەمهێنانە (داهێنان). بەمەش بەرەو چییەتی هەریەک لە دەق و گوتارمان دەبەن. دەق بە لای ئەوانەوە کەرەسەیەکی خاوە، چ بە ناوەڕۆک یان فۆرم لە گوتاردا خۆی بەرجەستە دەکات. کەواتە ئەوان لە ڕووی چییەتییەوە گەوهەری هەریەکەیان دیاری دەکەن.

هەرچی (میشال ئادەم J.M.Adam) ئەویش جیاوازی لەنیوان دەق و گوتاردا دەکات. بەوەی گوتار یەکەیەکی زمانەوانییە لە دەق گشتگیرترە. ئەمەمان لە هێڵکارییەک بۆ ڕوون دەکاتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە: ((

گوتار= دەق + دورووبەری بەرهەمهێنان

دەق= گوتار - دورووبەری بەرهەمهێنان.)) [جاهمی: ٢٠١١: ٤٢]

مەبەستی نووسەر لێرەدا ئەوەیە گوتار لە پەیامێک (دەقێک) پێکدێت، کە دەبێت لەنێوان نێرەر و وەرگردا ڕووبدات، دەوروبەرێکیش هەبێت بۆ ئەوەی ئەو پرۆسێسەی تیدا ڕووبدات. هەمیشە نێرەر دەیەوێ پەیامێک بە دووەم بگەیەنێت. هەرچی دەقە بواری ئیشکردنی بەرین نییە، بەڵکوو ئەو پەیامە بۆ وەرگرێک ئاراستە دەکرێت، کە مەرج نییە ئەو وەرگرە ئامادە بێت، یان وەری بگرێت. جیاوازییەکە لەوەدایە، کە گوتار لە دەق فراوانتر و گشتگیرترە. بەوەی ئەگەر دەقێک لە بە هۆی پێوەندی بە دەوروبەرێکەوە دەبێتە گوتار، بەڵام کاتێک پەیامەکە لە دەوروبەر دابڕێت ئەوا نابێتە گوتار، بەڵکوو بە دەق دادەنرێت.

ئاشکرایە ئەم دوو چەمکە (دەق و گوتار) بە شێوەیەکی چڕ چوونەتە ناو یەک. ئەم بەناویەکداچوونە دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵاوی و لێک نزیکبوونەوەی ژانرە ئەدەبییەکان. بەرە بەرە سنوور لەنێوان زانستەکاندا کاڵ دەبێتەوە. ڕەخنەگر (داڤید کریستەڵ David Crystal) تەنیا لە کاتی بە کارهێناندا جیاوازی لەنێوان گوتار دەقدا دەکات، هەرچەندە پێداگری لەسەر ئەوەش دەکاتەوە، بە شێوەیەکی تەواو جیاوازیان لەنێواندا نییە، چونکە خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە. بۆیە دەڵێت: ((شیکردنەوەی گوتار پێداگری لەسەر بنیادی زمانی بەکارهێنراو دەکاتەوە، هەر وەک لە هەندێک لە گوتارەکان دەبینین، وەک گفتوگۆکان، وەڵامەکان. بەڵام لە بواری شیکردنەوەی دەقە پێداگری لەسەر زمانی نووسراو دەکاتەوە. نموونە بۆ ئەمەش وتار، لافیتە و نووسینی ناو کتێبانە.)) [میلز: ٢٠٠٤: ٣] ئەمە جیاوازییەکی تەواو نییە لەنێوان ئەم دوو چەمکەدا، بەڵکوو چەندین بەکارهێنانی تریش بۆ ئەم دوو چەمکە هەیە. تەنانەت هەریەک لە گوتار و دەق بە شێوەی فراوانتر

بەکاردێن، بۆ ئەوەی هەموو بوارەکانی زمان، کە ئەرکی گەیاندنە بگرێتەوە، جا ئەو یەکانە زارەکی، یان نووسراو بن. بە بڕوای (کریستەڵ) گوتار لە بارودۆخێکی دیاریکراودا بەرهەمێکی زارەکی دەبێت، بەمەش ئاماژە بە دەوروبەر (سیاق) دەکات، لە کاتێکدا دەق زمانێکی تۆمارکراو، یان نووسراو بەرهەم دەهێنێت. واتە بە دابڕینی گوتار لە دەوروبەر ئەوا گوتار دەبێتە بەرهەمێکی زارەکی، واتە هێندەی ئاخاوتنە، هێندە نووسین نییە. هەرچەندە زۆر لە توێژەران ئەرکی دەق تەنیا لە تۆمارکردن و نووسین کورت ناکەنەوە، چونکە گوتاریش بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەرکی تۆمارکردن دەبینێت.

توێژەر (مایکڵ ستەبز Stubbs) وەهای دەبینێت ئەم بەناویەکداچوونەی نێوان ئەم دوو چەمکە (گوتار و دەق)، لەگەڵ هەمان جیاوازی پێشتر. بە بڕوای ئەو ((دەق نووسراوە و گوتار زارەکییە، هاوکات دەق کورت و درێژی هەیە، بەلام گوتار کورتییەکی دیاریکراوی هەیە. دەق بە شێوازێک، شێوەیەک لە داڕشتن جودا دەکرێتەوە، بەلام گوتار گونجانێکی قووڵتری هەیە.)) [میلز: ٢٠٠٤: ٣] دەبینین هەردوو توێژەرەکە گوتار بە لایەنی زارەکی و ئاخاوتن دەدەنە قەڵەم، بۆیە پرۆسێسەی کارلێککردن لەنێوان هەردووکیان ڕەت دەکەنەوە. هەر بۆیە دەکرێ لە ڕووی زمانییەوە دەق بە دەربڕین و گوتاریش بە دەربڕاو هەژمار بکەین، بەوەی گوتار کردار و چالاکییەکی زیندووە، هاوکات (کریستەڵ) بە بارودۆخێکی سروشتی و (ستەبز)یش وەکوو دەلالەت و واتا لە گوتار دەڕوانێت، چونکە هەموو گوتارێک بە گوێرەی ئەو سیاقەی تێیدا دەردەبڕێت واتا و دەلالەتەکەی دەگۆڕێت. [العلوی: ٢٠١٧: ٨١]

لەلایەکی ترەوە (جولیان گریماس) گوتار وەکوو هاوواتای دەق بەکاردەهێنێت، چونکە کۆمەڵێ دەربڕین بە هەمان واتا لە هەردووکیاندا هەیە. بۆ نموونە هەندێک لە زمانە ئەورووپییەکان ئەو چەمکانەی یەک شێوە بەکارهێنانیان هەیە جێی نابێتەوە. دەق و گوتار دەلالەتی ئەزموونێکی گوتاریی نازمانییە، وەکوو فیلم، چیرۆکەوێنەییەکان. کەواتە ئەگەر ئەم توێژەرە گوتار لە بەکارهێنانێکی نازمانی کورت بکاتەوە، ئەوا هەریەک لە (جیۆفری لیش) و (مایکڵ شۆرت) جیاوازی لەنێوان دەق و گوتاردا دەکەن. بە بڕوای ئەوان گوتار ((پەیامێکی ئاخاوتنە ڕایەڵەیەک لەنێوان قسەکەر و گوێگردا دروست دەکات، چالاکییەکە لەنێوانیادا ئاڵوگۆڕ دەکرێت، شێوازی داڕشتنەکەی بۆ مەبەستێکی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە. هەرچی دەقە ئەویش پەیامێکی زمانییە، بە شێوەی ئاخاوتن یان بینین دەگەیەنرێت.)) [میلز: ٢٠٠٤: ٣]

بە بڕوای ئێمەیش دەق و گوتار لە یەکتری جیاوازن، ناکرێ ئەم دوو چەمکە بە یەک چەمک دابندرێن، چونکە دەق یەکەیەکی بچووکترە لە گوتار، گوتار دەکرێ چەندین دەق لە خۆی بگرێت. گوتار یەکەیەکی فراوانترە، هەموو دەقێک کۆمەڵێ وشە، ڕستە، گوزارە و پەیام لە خۆی دەگرێت، بەڵام گوتار هەموو ئەمانەیە و نەخشەیەکە، هێز و دەسەڵاتێکی ڕەمزییە، بە هۆی زمانەوە، فەزای زمانەوە شێوازی بیرکردنەوە و جیهانبینی و تێگەیشتنی ئێمە بەرامبەر ژیان و دنیا دیاری دەکات. کەواتە ئێمە لە ڕێی گوتارە لە واقیع و دنیا دەڕوانین، بەڵام دەق یەکەیەکی بچووکترە و ناتوانێت ببێتە نەخشە و سیستەمێک جیهانبینی بۆئێمە دیاری بکات. دەکرێ لەناو یەک گوتاردا چەندین دەقی دژ بەیەکمان هەبێت و لە ململانێدا بن. گوتار لەناو زماندا وەکوو فەزایەکی کۆمەڵایەتی خۆی نمایش دەکات، بەڵام دەق زمان وەک ئامرزێک سەیری دەکات. کەواتە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانیشدا جیاوازیان هەیە.

لە هەموو ئەو بۆچوونانەی سەرەوەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە گوتار پێوەندی بە لایەنی زارەکی و ئاخاوتنی زمانەوە هەیە، لە ئەنجامی بەریەککەوتنی نێوان ئاخێوەران دروست دەبێت. کەواتە مەرجی هاتنەبوونی گوتار بەریەککەوتنی نێوان دوو قسەکەرە، هەرچەندە هەندێکی تر پێیانوایە ئەمە لە زمانەوانیدا جیاوازە، چونکە لەوێدا پێویستیمان بە زمانی ئاخاوتن نییە. کەواتە گوتار یەکەیەکی فراوانترە لە دەق، بەڵام مانەوەی پێوەندە بە بارودۆخی بەرهەمهێنان. واتە ئەو دەوروبەرەی تێیدا لە دایک دەبێت. کەواتە جیاوازی جەوهەری لەنێوان دەق و گوتار دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەوروبەرەی (سیاق) تێیدا لە دایک دەبێت. ئەگەر پەیامەکە لە دەوروبەرێکدا ڕووبدات ئەوا بە گوتار دادەنرێت، بەبێ دەوروبەر گوتار بەهەرم نایەت.

### ٣. گوتاری ئەدەبی

گوتاری ئەدەبی یەکێکە لە دیارترین ئەو دیاردە چالاکانەی، کە هەموو نەتەوەیەک دەتوانێت بەهۆیەوە کولتوور و ئەدەبیاتی خۆی پێش بخات . هەر بە هۆی گوتاری ئەدەبیەوەیە دەتوانێت درێژە بە مانەوەی خۆی وەکوو نەتەوەیەک بدات، وەک گۆرانی شاعیر دەڵێت: ((تۆ شیعر و ئەدەبێکی بەرز و پێگەیشتوو لە کوردستانا بێنە بەرهەم لە پاش سەردەمێکی زۆر کەم نیشتمانێکی پڕلە ئاسایش وئارام ، گەلێکی بەهێزی یەکگرتوو ، ئامانجێکی پیرۆز ، ،سەرکردەیەکی ڕاست و دڵسۆز ، شارستانییێکی پڕ لە زانست و کارسازی ، بەکورتی بە هەشتێکی بەختیاری لە من داواکە)) [ ئاشنا : ٢٠٠٢ : ٢٤ ] چونکە گوتاری ئەدەبی دەتوانێت ڕۆشنبیریی و هوشیاری فیکری و هونەری گەلان بەرەو پێشەوە ببات. گەڕان بە دوای جوانیی دەق، بۆ سەردەمی یۆنان دەگەڕێتەوە، کە لەو سەردەمە زیاتر شیعریەتی بۆ بەکاردەهات. چەمکی شیعرییەت سەرەتا بۆ (ئەرەستۆ) دەگەڕێتەوە، بەتایبەت لە باسکردنی ئەو یاسایانەی داهێنان دروست دەکەن. دواتر ئەم چەمکە گەشە دەکات. ((لەنێو هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر چەمکی شیعرییەت داهاتوون، لەنێو تیۆری ئەدەبییدا بە شێوەیەکی گشتی بۆ دوو چەمک بەکارهاتووە. یەکەمیان ئەرەستۆ بە واتای (تیۆری داهێنان) خستیەڕوو، کە مەبەست لێی دۆزینەوەی کاریگەری تایبەتییە بۆ هەر شێوازێکی شیعری و لێکۆڵینەوەی ئەو ڕەگەزانەی کە واتا بەدەردەخن. دووەمیان بۆ یاکۆبسن دەگەڕێتەوە.)) [خۆشناو: ٢٠١٠: ٢١]، کە دواتر باسی دەکەین. کەواتە شیعرییەت بە چەمکە گشتییەکەی واتای یاساکانی گوتاری ئەدەبی دەگەیەنێت، ئەوش کۆمەڵێ بنەمای جوانیناسانەن، کە داهێنەر هان دەدەن داهێنان بکات، یان گوتارەکەی بخاتەڕوو، بەمەش خۆی لەو گوتارە نائەدەبیانە جیا دەکاتەوە، کە هەیە.

کۆی تیۆر و مێتۆدە ڕەخنەییە نوێیەکان، بە شێوە و ڕێی جیاواز هەوڵی ئاشکراکردنی جوانیی گوتاری ئەدەبی دەدەن. گوتاری ئەدەبی لە کۆمەڵێ یەکەی گوتاری پێکدێت، کە پێوەندی لەنێوانیاندا هەیە، هاوکات بە خاسیەتە زمانییەکەی جیا دەکرێتەوە، بەوەی لە چوارچێوە هەواڵییەکەوە بۆ چوارچێوە و ئەرکی کاریگەری و جوانیناسییەکەی دەچێت. توێژەری گوتاری ئەدەبی بەرەو توێژینەوە لە لایەنی زمان دەچێت، واتە بۆ بونیادی دەنگی، ڕێزمانی و دەلالی دەقەکە دەچێت. لەلای ڕەخنەگرێکی وەکوو (ڕۆمان یاکۆبسن) گوتاری ئەدەبی پەیامێکە بەرەو خودی خۆی. کەواتە شیعرییەت تەنیا لە گوتاری شیعریدا کورت نابێتەوە، بەڵکوو بواری ئیشکردنی بۆ ئەدەب بە کۆی ژانرەکانەوە فراوان دەکات. واتە لە هەر ژانرێکی ئەدەبییدا شیعرییەت هەبێت، واتە ئەو هونەر و تەکنیکانەی ئەو شیعرییەتەی دەقە ئەدەبییەکەیان بەرهەم هێناوە، ئەوا بە گوتاری ئەدەبی هەژمار

دەکرێت .بە بڕوای (ئیخنباوم) ئەو قۆناغ و وێستگانەی ڕەخنەی فۆرمالیستی پێیدا تێپەڕیوە، چوار قۆناغ و وێستگەن: ((

١. دۆزینەوەی پێوەندی نێوان زمانی شیعری و زمانی ڕۆژانە، ئەمەش بووە هۆی دۆزینەوەی زمانێکی نوێی ڕەوانبێژیانە.
٢. ئەوان لە واتا باوەکەی فۆرم دەرچوون، لەوێوە بە چەمکی نەسەق گەیشتن.
٣. ئەوان لە هاوبەرانبەری نێوان ئیقاعی شیعری و کێشدا دەرچوون و درکیان بە شیعر وەکوو فۆرمێکی جیاوازی گوتار کرد، کە بە خاسیەتە زمانییەکانی جیا دەکرێتەوە.
٤. ئەوان لە دیاریکردنی چەمکی نەسەق و ئەرکەکانییەوە گواستیانەوە بۆ دیاریکردنی وێنایەکی نوێ بۆ فۆرمەکانی مێژوو.)) [ایخنباوم: ١٩٨٢: ٦٧–_٦٨] فۆرمالیستەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرەوپێشبردنی ڕەخنەی ئەدەبی دەبینن، بەتایبەت لە دیاریکردنی خاسیەتەکانی شیعر و پەخشاندا و دانانی چەند یاسایەک بۆ شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی. ئەوان لە ڕێی پێناسەکردنی زمانی شیعرییەوە ڕۆڵیان هەبوو لە دارشتن و فۆرمەلەکردنی بنەڕەتەکانی زمانی شیعر و گوتار. جیاوازیکردن لە نێوان زمانی شیعری و زمانی ڕۆژانەدا هەنگاوی یەکەم بوو بۆ دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی گوتاری ئەدەبی، جا چ شیعر، یان پەخشان بێت. بۆیەش (یاکۆبسن) دەڵێت: ((دەکرێ خاسیەتی جیاوازی شیعر لەوەدا ببینینەوە، کە وشەکانی نابێ وەک دالێک تەماشا بکەین، بەڵکو دەبێ وەکو دەربڕین و پێکهاتە و مەدلوول و شێوەی دەرەکی و ناوەوەیدا لە خۆیدا تەماشای بکەین.)) [ایرلیخ: ٢٠٠٠: ٢٦]

لە وێستگەیەکی تردا فۆرمالیستەکان هەوڵی دیاریکردنی جیاوازی نێوان زمانی شیعر و زمانی پەخشان دەدەن. بە بڕوای (ئیخنباوم) شیعر لە پەخشان جیاوازە. چونکە لە شیعردا هەمیشە مەبەست دەربڕینە (القاء)، بەڵام زۆربەی فۆرمەکانی پەخشان پێویستیان بە زمانی نووسین هەیە.. لێرەوەیە وشەی ناو شیعر بە پێکهاتە و فۆرمەکانی بەهای شیعری دەردەکەوێت. بۆیە زمانی شیعری، سێستەمێکی زمانییە، ئەرکی گەیاندنی هەیە، بەڵام بنیادە زمانییەکەی بنیادی سەربەخۆن. ئەوەی لە لای فۆرمالیستەکان زۆر جێی بایەخە تایبەت بە گوتاری ئەدەبی، ئەوان گرنگی زۆر بە ئەدەبییەتی ئەدەبی (شیعرییەت) دەدەن. هاوکات گەڕانە بە دوای نەسەقی ئەدەبیدا. بە بڕوای ئەوان ((نەسەقی ئەدەبی بەرانبەر بە نەسەقی مێژووییە بە سەربەخۆییەکەی جیا دەکرێتەوە، چونکە فۆرم و پیوەرە ڕۆشنبیرییە جۆراوجۆرەکان، کە بونیادی گێڕانەوەیی دەستی پێکردووە. ئەو سەربەخۆییە ڕێمان دەدات بیر لە ئەدەب بکەینەوە.)) [مجموعه من الکتاب: ١٩٩٧: ٢١٤] ئەو هێڵکارییەی (یاکۆبسن) بۆ ڕەگەزەکانی گەیاندن لە دەق و زماندا کێشای ڕۆڵێکی گرنگ لە

دیاریکردن و پەرەپێدانی چەمکی گوتار دەبینێت. ئەم هێڵکاریەمان پێشتر کێشاوە. لێرەدا گەیاندن ڕووندادات، تەنیا دەبێ وەرگرێک هەبێت و گوێ لە گوتارەکە بگرێت. دەوروبەر و پەیام و کۆد دەبنە ڕەگەزی ڕوودانی زمان. چونکە کاتێک نێرەر پەیامێک بۆ بۆنێردراو دەنێرێت، بۆ ئەوەی پەیامەکە کارا بێت، پێویستی بە دەوروبەرێک هەیە. هاوکات پێویستی بە کەناڵێک بۆ گەیاندن هەیە. بۆیەش (یاکۆبسن) بۆ هەر ڕەگەزێک ئەرکێکی زمانیان لێ بار دەکات.

ئەوان بە شێوەیەکی ورد توێژینەوەیان لە ئالیەت و تەکنیکی گوتاری ئەدەبییدا کرد. بەمەش کۆمەڵێ خاسیەت و پێوەریان بۆ گوتاری ئەدەبی دارشت. ئەو پێوەرانە خاسیەتی جەوهەرین بۆ شێوەگرتنی مادده و پێکهاتەی ئەدەبی، چونکە بنەڕەتی ئەدەب لەلای ئەوان چۆنیەتی پێشکەشکردنی ئەو بیرۆکەیە بەم پێیەش گوتاری ئەدەبی لەبیرۆکەی پەیامی دەقەکەوە بەرهەمدێت، کە نووسەر دەقەکەی لەپێناودا دەنووسێت. واتە ئەو فۆرم و لایەنە هونەریانەی(بیر،وێنە،بابەت) دەق لە خۆ دەگرن، ئەوا گوتاری ئەدەبی دروست دەکەن. کەواتە فۆرم واتە گوتاری ئەدەبی. ((شێوە یەکەیەکی جووڵەی تەواوە کە واتاکەی لەناوەوە بەدواداچوونی بۆ دەکرێت، ئامانجی ئەم قوتابخانەیە جەختکردنەوەیە لەسەر لایەنی ئەدەبی، بەتایبەتی بونیادی شیواز و ئاواز و دەنگ لە کاری ئەدەبییدا.)) [مەعروف: ٢٠١٢: ٦٣] درککردن بە دەقی ئەدەبی لە ڕێی فۆرمەوە دەبێت، واتە هەڵبژاردنی فۆرمێک بۆ ئەوەی ئەو هەستەی هەتە پێی دەربڕیت. کەواتە نووسەر بۆ ئەوەی دەقەکەی وەکوو گوتارێکی ئەدەبی پێشکەش بکات، فۆرم و ناوەڕۆک لە لای فۆرمالیستەکان یەک شتە و هەموو شتێک لە فۆرم کۆدەبێتەوە. واتە دەبێ لە فۆرمدا بە دوای واتای دەقدا بگەڕێین. لێرەوە گرنگیان بە چۆنیەتی دەربڕینی لایەنی هونەری و تەکنیک دا، چونکە لایەنی هونەریی چۆنیەتی دەربڕین یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی ئەو وێنە شیعریەی دروست بووە درکی پێبکەین. بە بڕوای ئەوان ئەوەی سەرنجی خوینەر ڕادەکێشێ فۆرمە، ئەوە فۆرمە هانی خوێنەر دەدات ئەو دەقە بخوێنێتەوە و توێژینەوەی لەبارەوە بکات. کەواتە ئەو ڕێیەی دەقەکەی پێ دەنووسرێت، ئەوە لەلای ئەوان گرنگە. بەمەش ڕاستەوخۆ گوتاری ئەدەبی لە نووسەر دادەبڕن. بە واتایەکی تر گوتاری ئەدەبی لە هۆکار و کاریگەرییەکانی دەرەوەی دەق دادەبڕن.

بونیادگەریش بایەخ بە گوتاری ئەدەبی دەدات، چونکە لای بونیادگەرەکان دەق خاسیەتی داخرانی بەسەرخۆیدا هەیە و توێژینەوە لە ناوەوەی دەق دەکرێت. واتە بواری ئیشکردن لەبارەی دەق لەلای بونیادگەرەکان لە چوارچێوەی دەق تێناپەڕێت، ئەوان هیچ گرنگی بە دەرەوەی دەق نادەن. بە بڕوای ئەوان بونیادی دەق لە کۆمەڵێ ڕەگەزی زمانی پێکهاتووە، ئەو ڕەگەزانە پێوەندی

لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوان ڕەگەزێکی زۆر سەرەکیان لە دەق باس نەکردووە، ئەویش خوێنەرە. هەرچەندە ((بۆ شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی، دوای دابڕینی دەقی ئەدەبی لە هەموو هۆکارە دەرەکییەکان، دێن دەق بۆ بچووکترین ڕەگەز و توخم دابەش دەکەن.)) [مەنتک: ٢٠١٨: ١٠٥] واتە ئەوان گوتاری ئەدەبی لەناو زمانی دەقەکەدا دەبیننەوە، لە دەرەوەی زمانی دەق بە دوای واتا و گوتاری دەقدا ناگەڕێن. ئەوەی گوتاری ئەدەبی بەرهەم دەهێنێت، زمانی دەقەکەیە.

گوتاری ئەدەبی جیهانبینی و قووڵی تایبەت بە خۆی هەیە و بە هۆیەوە داهێنان دەکات. مەبەست لە داهێنانی دەق (گوتاری ئەدەبی) تەنیا ئەوە نییە کۆمەڵێ خوێنەر ئاراستە بکەین، بەڵکوو بازنەی گەیاندن تەواو دەکەین. هاوکات پەیامەکە بارگاوییە بە کۆمەڵێ کۆد و ڕەمز، چونکە گوتار تەنیا لەنێوان دوو کەسدا تەواو و کامڵ دەبێت. واتە دەبێ دوو کەس ئامادەییان هەبێت. گوتاری ئەدەبیش وەکوو شێوەیەک لە شێوەکانی گوتار، بە کۆمەڵێ پێوەر و خاسیەت لەوانی تر جیا دەکرێتەوە. بۆ نموونە (یاکۆبسن) ئەو پێوەر و بنەمایانەی بۆ گوتاری ئەدەبی دانا، کە پێشتر باسمان کردن. ئەوانیش نێرەر و وەرگر و پەیام و دەورووبەر بوون. بە بڕوای ئەو گوتاری ئەدەبی بە هۆی ئەرکی شیعریەتەوە لە کۆی گوتارەکانی تر جیا دەکرێتەوە، چونکە لە گوتاری ئەدەبییدا ڕاستەوخۆ پەیامەکە ڕوون ناکرێتەوە، بەڵکوو لە ڕێی کۆدێکەوە پەیامەکە دەنێردرێت، وەرگر تاکوو ئەو کۆدە نەکاتەوە، لە پەیامەکە ناگات. کەواتە بە ڕەمز دەربڕینی شتەکان مەرجە بۆ ئەوەی گوتاری ئەدەبی دروست بێت. یان ئەو گوتارە ببێت، بە گوتاری ئەدەبی، بێگومان ئەمە بە بڕوای (یاکۆبسن). ئەوەی ئەم تیۆرزانە پێشکەشی کرد، ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە چوارچێوەگرتنی گوتار بە گشتی. هاوکات پاڵنەرێکیش بوو بۆ ئەوەی بنەما و ڕیساکانی گوتاری ئەدەبی بدۆزینەوە و داڕێژین. (( بە بڕوای ئەو زمانی ئەدەبی یان شیعر لەگەڵ قالب و قاوغەکانی تری نڤیسان جیاوازی هەیە، لەبەرئەوەی کە ئەم زمانە هەڵدەسێ و سەرنجی خوێنەر بەرەو لای خۆی پەلکێش دەکات.)) [وێبستێر: ٢٠٠٦: ٨٤] هۆکاری ئەم پەلکێشکردنە لایەنی کۆد و شیعرییەت و یاری زمانییە. کەواتە لێرەدا تایبەمەندی زمان ڕۆڵ دەبینێت. زمانی ئەدەبی لە زمانی ئاخاوتن و ڕۆژانە بە هۆی ئەو شیعرییەت و هونەرکاریەی تێیدایە لە یەکتری جیا دەکرێنەوە.

گوتاری ئاسایی پێوەندی بە قسەکەرەوە هەیە، بۆ ئەوەی بە وەرگر بگات، هاوکات لەسەر تێگەیشتن وەستاوە، واتە ئەگەر پرۆسێسەی تێگەیشتن ڕوونەدات ئەوا پەیامەکە نەگەیشتووە. بەڵام لە گوتاری ئەدەبییدا مەرج نییە پرۆسێسەی تێگەیشتن بە خێرایی، یان لەو سەردەمەدا ڕوو بدات.

ڕەنگە لای خەڵکێکی کەم تێگەیشتن بەرانبەر ئەو دەقە هەبێت، وەک شیعری کلاسیکی، کە دوای نزیک بە سەد و پەنجا ساڵ ئێستا بایەخی پێ دەدرێت. شیعرەکانی (نالی، سالم، مەحوی...تاد) دەبنە هەوێنی دەیان نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا و کتێب. هاوکات خاسیەتێکی تری گوتاری ئەدەبی ئەوەیە لایەنی ڕەوانبێژی تێدا بەهێزە، ڕەوانبێژی بە واتا کۆن و نوێیەکەی. تەنانەت لەلای ڕەخنەگرانی کۆنی عەرەبی ئەرکی ئەدەب بە گشتی و شیعر بەتایبەتی لە تێگەیشتن کورت نابێتەوە، بەڵکوو ئەرکی هونەری هەیە، ئەم ئەرکەش لە کێش و سەروا و پێوەندی نێوان دەستەواژەکان دیاری دەکەن.

(ڕیڤاتێر) هەوڵی دیاریکردنی چەمکی گوتاری ئەدەبی دەدات، ئەویش بە پێداگری لەسەر پێکهاتەی ئەدەب. بە بڕوای ئەو ئەدەبیەت لە دەرەوەی دەق بوونی نییە، دەقێکی ئەدەبیش بەبێ ئەدەبییەت هیچ نییە، واتە بەبێ شێواز. لەوبارەیەوە دەڵێت: ((ڕووداوە شێوازگەرییەکان، لە لایەکەوە لەناو زماندا نەبێت ناتوانین ڕێکیان بخەین، مادام هەر خۆشی هەڵگریەتی. لە لایەکی دیکەوە، پێویستە ئەم ڕووداوانە مۆرکێکی تایبەتیان هەبێت، ئەگەرنا ئەوا ناکرێت لە ڕووداوە زمانییەکان جیا بکرێتەوە.)) [ریفاتیر: ١٩٩٣: ١٧] واتە ئەوەی لای ئەم نووسەرە گرنگە چۆن دەقێک دەبێتە دەقێکی ئەدەبی. واتە ئەو شتەی ئەدەب دەکا بە ئەدەب ئەوە گرنگە. بڕوای وایە دەبێ پارێزگاری لەو بنەڕەتە بکەین، ئەوش بەو جیاوازیەی زمانەوانان لە نێوان دەستەواژەکان دەیکەن. واتە جیاوازی لەنێوان ئەوەی ئاخاوتنە و ئەوەی دەقە. ئاشکرایە ئەوەی دەقە بە ئەدەبییەت لە قسەی ئاسایی جیادەکرێتەوە. کەواتە ئێمە ناتوانین خاسیەتەکانی پەیامێکی ئەدەبی جیابکەینەوە، تەنیا لە چوارچێوەی دەقدا نەبێت. بۆ جیاوازی نێوان دەقێکی ئەدەبی و دەقێکی نائەدەبی پێداگری لەسەر چەمکی وزەی دەلالی دەکاتەوە، کە ئەمە جیاوازە لە دەلالەتێکی ئاسایی. چونکە دەلالەتی ئاسایی تەنیا لە چوارچێوەی پیت و وشەدا واتا دەدات، بەلام وزەی دەلالی واتاکەی دەکەوێتە دەرەوەی وشە. واتە پشت بە واتای فەرهەنگی وشە نابەستێت، بەڵکوو دەبێ لەناو کایەکانی تری وەکوو ئەفسانە، ئایین، کۆمەڵگە، دابونەریت و شارستانییەتی کۆندا بە دوایدا بگەڕێی. هەرچی (جان کۆهین)ە دەیەوی ناسنامەی دەقمان بۆ دەستنیشان بکات، لە ڕێی دەستنیشانکردنی ناسنامەی دەقەوە هەوڵی دیاریکردنی گوتاری ئەدەبی دەدات. ئەم ناسنامەیە لە ڕێی ((دیاریکردنی سروشتی پێوەندی و دابەشبوونی نێوان ڕەگەزەکانی دەقە.)) [الطرابلسی: ١٩٨٤: ١٢٥] واتە ئەوەی لێرەدا پێوەندی نیوان ڕەگەزەکانی دەقی ئەدەبییە. بە بەهێزی لایەنی هونەریی ئەو پێوەندییە دەق و گوتاری ئەدەبی زیاتر دەبێت.

لەو ڕەخنەگرانەی هەوڵیانداوە جیاوازی لەنێوان گوتاری ئەدەبی و ئاسایی/ ڕۆژانە لە ڕێی توانای قەرەبووکردنەوە بکەن، وەکوو ئەوەی (ڤالێری) دەڵێت: هەموو ئەوەی نووسەر دەیەوێ قەرەبووی فیکرە و گوزارشتکردن بکاتەوە بە فیکر و گوزارشتێکی تر بەبێ ئەوەی هیچ زیانێک بە کاریگەرییەکە بگات. لێرەدا دەردکەوێت ئەو دەقەی ئێمە دەیخوێنینەوە لە وێنەیەکی جیاواز لە وێنەکە خۆی دادڕێژراوە، بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەک لە ئاستی دەلالیدا ڕوو بدات. واتە هەمیشە لە دەقدا وێنەیەکمان نیشان دەدات، کە مەبەست لە خودی وێنەکە نییە، بەڵکوو مەبەستی لە شتی ترە. واتە وێنەی یەکەم لە ئاستی گوزارشتێکی ئاساییدا دەردەکەوێت، بەڵام خوێنەر دەبێت بۆ ئاستێکی قووڵتر بچێت.

(یاکۆبسن) بڕوای وایە دەتوانین جیاوازی لە گوتاری ئەدەبی و گوتاری ئاسایی/ڕۆژانە لەسەر بنەمای هەڵبژاردن و دانان (الاختیار والتألیف) بکەین. هەرچەندە پێشتر هێندێ لە بۆچوونەکانی ئەم ڕەخنەگرەمان لەبارەی گوتار بە گشتی ڕاڤەکرد، بەڵام ئێستا بۆچوونەکانی لەبارەی گوتاری ئەدەبی ڕاڤە دەکەین. هەڵبژاردنی وشەکان لەسەر بنەمای هاوسەنگی و جیاوازی و هاوواتا و دژوازی دەبێت، بەڵام لە داناندا لەسەر بنەمای بە دوایەکداهاتن دێن، بەمەش پشت بە پێوەندی دراوسێیەتی لەنێوان وشەکان دەبەستێت. ئەم پرۆسێسەیە لە هەموو بارێکی هێنانەئارای زمانیدا ڕوودەدات. بەڵام ئەمە لە ئەدەبدا جیاوازە، دەبێ هاوسەنگی لە بواری هەڵبژاردنەوە بۆ بواری دانان هەبێت. بەمەش ڕێڕەوی دروستبوونی دەق دەدۆزێنەوە، چۆن لە وشە و ڕستەی ئاساییەوە بۆ پێدانی لایەنی جوانیناسانەی ئەو وشە و ڕستانە دەچین. لادان بە سروشتی خۆی وا لە زمان دەکات لەپێناو خۆیدا بێتە بوون، لە جیاتی ئەوەی ببێتە هۆکارێک بۆ گوزارشتکردن لە شتێک لە دەرەوەی خودی خۆی. کاتێک نووسەر زمان دەکاتە ناوەندی هوشیاریی خۆی، ئەوا مەبەستێکی هونەری و جوانی پێدەبەخشێت، لێرەوە دەقی ئەدەبی دەبێتە یاریکردن لەگەڵ وشەکان. بەمەش ئەرکی شیعرییەت دێتە پێشەوە. (یاکۆبسن) لەو بارەیەوە پرسیارێک دەکات و دەڵێت: ((چ شتێک وا دەکات ئەم پەیامە (نامەیە) ببێتە دەربڕینێکی هونەری؟)) [جاکبسون: ١٩٨٨: ٢٤] ئەو شتەی ئەو پەیامە دەکاتە دەقێکی هونەری ئەو گەمە ئێستێتیکیانەن، کە لەناو دەقەکەن.

شاعیر بە هۆی ئەزموون و توانای داهێنانی خۆی دەتوانی لە زمانی ڕۆژانە شت بخولقێنێت. واتە لە ڕێی بەخشینی واتای تر بە وشەکان، مەدلوولی تر بە وشەکان زمانێکی نوێ، کە زمانی دەقی ئەدەبییە بخولقێنێت. ئەم زمانە هونەرییە لە بۆشاییەوە نەهاتووە، هاوکات لە ماددەیەکی نامۆ پێکنەهاتووە، بەڵکوو لەناو خودی زمانی ڕۆژانە و ئاخاوتنەوە هاتووە، بەڵام دوای ئەوەی کۆمەڵی

مەدلوولی جیاواز لەدەلالەتەکان بارکراون. واتە دەلالەتەکان وەک چۆن لە فەرهەنگدا (قاموس) هاتوون بەکارنایەت، بەڵکوو واتای تریان لێ باردەکرێت. کەواتە شاعیر بە سروشتی خۆی هیچ ماددەیەک ناخولقێنێت، بەڵکوو بە شێوەیەکی جیاواز ئەو ماددەیەی هەیە دایدەڕێژێتەوە. لێرەوەیە ڕۆڵی ئێستێتیکا دێتەپێشەوە. کەواتە ئەرکی ئێستێتیکا ((ئەوە نییە ئامۆژگاری هونەرمەند بکات، یاخود بیروڕا و تیۆرییەکانی خۆی بەسەردا بسەپێنێت، بەڵکو ئەرکی لێکۆڵینەوە لە داهێنانی هونەری و ئەدەبی و دەرخستنی یاسا و بەهاکانی ناوەوەیە.)) [حسێن: ٢٠٠٨: ٢١] لێرەوە دەزانین گوتاری ئەدەبی کەرەسە و زانستی تایبەت بە خۆی بۆ ڕاڤەکردن هەیە، کە جیاوازە لە گوتارەکانی تر. لەلایەکی ترەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە جیاوازی نێوان کاری ئەدەبی و ئاسایی چییە. بەڵام ئەوەی جێی پرسیارە ئایا هەموو ئاخاوتنێک، هەموو نووسینێکی نائەدەبی لە پێوەر و بەهای جوانیناسانە بەدەرە؟ ئایا دەبێ ئێمە هەمان باوەڕی زۆربەی ڕەخنەگرانمان هەبێت، کە دەقی ئەدەبی بەها و بنەمای ئێستێتیکی هەیە و کاری نائەدەبی ئەو بەها و بنەمایانەیان تێدا نییە؟ دەشێ کاری نا هونەری بەها و بنەمای جوانیناسانەی تێدا بێت، هەروەک چۆن (ڕێنیە ویلیک و ئۆستن وارن) لە کتێبە بەناوبانگەکەیاندا (تیۆری ئەدەب)، ئەدەب لەو کارانەی زۆربەیان ئەرکێکی جوانیناسانەیان هەیە کورت دەکەنەوە، بەمەش ئەوان ڕەگەزەکانی جوانیناسی لە کاری تری نائەدەبی ڕەت ناکەنەوە، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم و دیاریکراو دەبیندرێت، بۆ نموونە لە دەفتەری سیاسی، هەندێ کتێبی ئامۆژگاری...تاد. ئەگەر ئەرکی جوانیناسی بەسەر کۆی ئەرکەکانی تری ناو دەق زاڵ بوو، ئەوا ئێمە خۆمان بەرامبەر کارێکی ئەدەبی دەبینینەوە. ئاشکرایە تاکوو ئێستا ئەوەی باسمان کردووە، هەموویان دەقی ئەدەبی، یان گوتاری ئەدەبی بە بوونی لایەنی جوانیناسی جیا دەکەنەوە. واتە بە بڕوای زۆرێک لە نووسەران گوتاری ئەدەبی دەبێ ڕەگەزی جوانیناسانەی تێدا بێت. ڕەخنەگری ڕووسی (مۆکارۆفسکی) لەگەڵ بۆچوونی ئەم دوو تیۆریزانە هاوڕایە. بۆیەش دەڵێت: ((هەموو بەرهەمێک سوودبەخش لە ئەرکی جوانیناسانەی زمان خاڵی نییە، چونکە دواجار لەسەر ئەوە دەوەستێ ئەرکی جوانیناسانەی دەقەکە چەندە. کاتێک ئەرکی جوانیناسانە بەسەر ئەرکەکانی تردا زاڵ دەبێت، ئەوا ئەوکاتە ئێمە بەرامبەر دەقێکی ئەدەبی وەستاوین.)) [کاریتیر: ١٩٨٦: ٤٧].

## ٤. ئێستێتیکای گوتاری ئەدەبی

کاتێک کە باس لە زاراوەی گوتاری ئەدەبی دەکەین، ئەوا ڕاستەوخۆ جیاکارییە لەگەڵ گوتاری تری نائەدەبی. ڕاستەوخۆ قسەکردنە لەسەر ئەوەی زمانی گوتاری ئەدەبی لەگەڵ زمانی جۆرەکانی تری گوتار جیاوازە. زمانی گوتاری ئەدەبی لە چوارچێوەی هوشیاریی و درککردنەوە خۆی دادەڕێژێت. وەکوو پێشتر ئاماژەمان پێدا گوتاری ئەدەبی لایەنی هونەری و جوانیناسی خۆی هەیە، هاوکات پێوەر و بەها و هۆکاری هونەری خۆشی هەیە، بۆ ئەوەی نووسەر گوتارەکەی پێ دەرببڕێت، هاوکات خوێنەریش بتوانێت ئەودیوی گوتارەکە ئاشکرا بکات. ئاشکرایە گوتاری ئەدەبی خوێندراوەی خوێنەرە، یان ئەو شتەیە خوێنەر دەیخوێنێتەوە. کەواتە خوێندنەوە پرۆسێسەی سەرلەنوی داڕشتنەوەی بنیادی بابەتە.

وتاری ئەدەبی بە بڕوای (یاکۆبسن) گوتارێکی زمانیی گەیاندنە، ئەرکی شیعرییەت جێبەجی دەکات، بەبێ ئەوەی ئەو ئەرکی شیعرییەتە کاریگەری لەسەر پرۆسێسەی گەیاندن هەبێت. زاڵبوونی ئەرکی شیعرییەت واتای رەتکردنەوەی کۆی ئەرکەکانی تر نییە، بەلام هێندە هەیە، جۆرێک لە ناڕوونی بە دەقەکە دەبەخشێت، ئەویش بە ئامانجی ئەوەی دالەکان لە مەدلوولەکانیان لە یەکتر جیا بکرێنەوە. بۆیە شیعرییەت ((چارەسەی لادانە زمانییەکان لە گوتاری ئەدەبیدا دەکات.)) [الشنطی: ١٩٨٨: ٤] کەواتە لادان بەرهەمهێنەری ئێستێتیکای گوتاری ئەدەبییە.

چەمکی لادان لە توێژینەوە شێوازناسی و زمانەوانییەکاندا، هەوڵی دیاریکردنی واقیعی زمانیی دەدەن. کەواتە لادان لە توێژینەوە ئەورووپییەکان بە بابەتێکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی ئێستێتیکای گوتاری ئەدەبی دادەنرێت، بەوەی ڕووداوێکی زمانییە لە پێکهاتن و داڕشتنی ئاخاوتندا دەردەکەوێت. لێرەوە زمان ناکەوێتە ئاستی سیمانتیک، چونکە لادان لەو ئاستەدا ڕوونادات. ئەو ئاستە هەموو خەڵک لێی تێدەگەن، وشەکان وەک چۆن لە فەرهەنگدا هاتوون، بە هەمان شێوە واتا دەدەن. بەڵام لە ئەدەبدا زمان تووشی ئاڵۆزی و ناڕوونی دەبێت، ئەوش نووسەر بە ئامانجی ئەوەی لە زمانی ئاسایی و ئاخاوتن جیای بکاتەوە. بۆیە زمانی گوتاری ئەدەبی، زمانێکی مەبەستدار و ڕەمزدارە، هەر ئەوەشە لە ئاستی واتاوە لە گوتاری ئەدەبی دەڕوانرێت. لێرەدا مەبەستی گوتن زیاتر واتایە. کەواتە نووسەر دەیەوێ بە شێوەیەکی هونەری مەبەستەکەی دەرببڕێت، هاوکات خوێنەر لێرەدا ئازادە لەوەی ئەو دیاردەیە چۆن لێکبداتەوە. لە سەرەتای ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوو، خوێنەر وەکو بنەمایەکی سەرەکی لێکدانەوەی دەقی ئەدەبی دێتە ناوەوە. لێرەوە پرۆسەی لێکدانەوەی واتای دەق دەکەوێتە ئەستۆی خوێنەر. تیۆرەکانی

وەرگرتن. کە (فۆلفگانگ ئایزەر) و (هانز ڕۆبێرت یاوس) ڕابەرایەتیان دەکرد. مێتۆدەکەی (یاوس) بە ئێستاتیکای وەرگرتن ناودەبرێت، ((ئەم مێتۆدە سەروکاری لەگەڵ واتا و دەقی ئەدەبی و ئەرکەکەی و هەڵویستی خوێنەر بۆ دەقەکە هەیە.)) [مەنتک: ٢٠١٨: ١٤١] لەم مێتۆدەدا دەق بەبی خوێنەر ناتوانی ناسنامەی خۆی بدۆزێتەوە. ئەوە خوێنەرە ناسنامە و بەهای دەق دەدۆزێتەوە. لێرەوە دەق دەبێتە وەڵامێک بۆ ئەو ئاسۆیانەی خوێنەر هەیەتی. هاوکات هەردوو چەمکی (نووسەر/ دەق) بۆ (خوێنەر/دەق) دەگۆڕێ.

کەواتە لادانەکە لە هەردوو ئاستی فۆرم و ناوەڕۆکدا دەبێت. لە ئاستی فۆرمدا نووسەر هونەریترین فۆرم، کە لادان بێت لە فۆرمی باوی قسەکردن و نووسین پێشکەش دەکات. بۆیە ڕەخنەگرێکی وەکوو (میشال ڕیڤاتیر) لادان وەکوو شێواز دادەنێت. کاتێک دەڵێت: شێواز لادانە لە شیوازی گوزارشتکردن، دەرچوونە لە یاساکانی زمان، هاوکات دەرچوونە لە هەموو ئەو پێوەرانەی کە خەڵک بۆ قسەکردن بەکاریان دەهێنن. کەواتە لادان وەکوو لایەنێکی ئێستێتیکی گوتاری ئەدەبی هەولێکە بۆ سەرسوڕماندنی خوێنەر، بەوەی تووشی شۆک دەبێت کاتێک بەر ئەو فۆرمە لە دەق دەکەوێت. ئەمە پرۆسەیەکە لەسەر هەڵبژاردنی دەستەواژەکانی گوزارشتکردن لە هەڵوێستێک، لە بابەتێک دەگەیەنیت. بەلام هەڵبژاردنەکە پێچەوانەی ئەو شێوازە باوەی لەناو خەڵکدا هەیە، لادان لەو شێوازە دروست دەکات، بۆ ئەوەی شتێکی نوێ پێشکەش بکات. بۆیەش هەموو کاتێک دەڵێن ئەگەر دەق نوێخواز و نوێ نەبێت، ئەوا دەقێکی مردووە. کەواتە ((ئەو مەبەستەی لەنێو دەقدا خۆی نواندووە، پڕ کاریگەریە لەسەر وەرگر، چونکە بۆ ئەوەی واتای دەروونی دروست بیت و یەکێک لەو هۆیانەی وا دەکات واتای دەروونی کاریگەری هەبێت، ئەوا لادانی واتاییە، تا لادانەکە چڕ و بەهیز بێت ئەوەندە کاریگەری دەروونی لەدوا بەجێدەمێنێت. لادانی واتایی بە زۆری لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی وەک: لێکچواندن، خوازە، خواستن، درکە... دەردەکەوێ، کە لادانە لە یاسای زمان.)) [دزەیی: ٢٠٠٥: ٨٢] کەواتە لادانی زمانی کاریگەرییەکی لەناکاوە، بە شێوەیەک لە واقیعیدا خوێنەر سەبارەت بە پەیام و ئاخاوتن تووشی سەرسوڕمان دەکات.

بە بڕوای زۆرێک لە ڕەخنەگران ڕەوتی شیعرییەتی بونیادگەری چەمکی لادانیان قووڵتر کردەوە و زیاتر پەرەیان پێدا. هاوکات لەلای ئەوان تەواوترین داڕشتنی زمانی بۆ چەمکی لادان ئەو چەمکەیە کە (جۆن کۆهین)لە کتێبی ( بنیادی زمانی شیعری)دا پێشکەشی کردووە. (جۆن کۆهین) هەوڵی بنیاتنانی زانستێک بۆ شێعر دەدات، ئامانجەکەشی ڕوون دەکاتەوە. ئەوش لە ڕێی توێژینەوە لە

بنیادی هاوبەش لەنێوان وێنە جیاوازەکاندا. بۆ نموونە لە نێوان سەروا، درکە، پێشخستن و دواخستن. هەریەک لەمانە بە شێوەیەک لە شێوەکان یاساکانی ڕێزمان و زمان پێشێل دەکەن و لێی لادەدەن، بەڵام هەموویان لایەنی جوانیناسانە لە گوتاری ئەدەبیدا بەرهەم دەهێنن.

ئەگەر بە وردی لە تیۆرەکەی (کۆهین) بۆ چەمکی لادان بڕوانین، ئەوا بەر کۆمەڵێ لە دوانە دەکەوین، کە ستراتیژیەتی شیعریەتی بونیادگەرییە. ئەم دوانانە هەوڵێکن بۆ پێکهێنانی زمانی شیعری، یان زمانی باڵا، چونکە لەلای ئەم ڕەخنەگرە ((قسەی شیعری بوونی نییە، بەوەی ئەگەر قسە کۆمەڵێک وشە بێت، ئەوا بەرامبەری زمانی شیعری هەیە، کاتێک زمان بریتییە لە چۆنیەتی ڕیزکردنی وشەکان لە پاڵ یەکدی.)) [کوهین: ١٩٨٦: ١٤٥] کەواتە هیچ قسەکردنێک، ئاخاوتنێک شیعریەتی تێدا نییە، چونکە ئامانجی قسەکردن ناردنی پەیامە و دەبێ ئەو پەیامەیش وەرگر/ گوێگر لێی تێبگات، کە ئەمە جیاوازە لە ئامانجی زمانی شیعری، یان زمانی گوتاری ئەدەبی. ئەو دوانانەی ئەم ڕەخنەگرە باسیان دەکات بریتیین لە: (پێوانە/ لادان) و (دەلالەتی درکاندن/ دەلالەتی نۆرمی). پێوانەی زمانی ئاسایی بریتییە لە ڕیزکردنی وشە، بەڵام بە ئامانجی تێگەیاندنی بەرامبەر. لێرەدا نووسەر کەمتر خۆی بە هونەرکاری ئێستێتیکای بۆ بەرهەمهێنانی گوتارێکی جوانیناسانەی ئەدەبی خەریک دەکات، بۆیە نووسەر کەمتر پەنا بۆ لادانی زمانی دەبات. ئێمە لێرەدا باسی کۆی لادانە زمانییەکان لە ئاستی دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی و واتاسازییدا ناکەین، چونکە لە بەشی گوتاری شیعر بە وردی باسیان لێوە دەکەین.

ئێستێتیکای گوتاری ئەدەبی هەوڵێکە بۆ ئەوەی جوانی لەناو دەقدا بەرهەم بێت. بە واتایەکی تر ئەرکی هەموو گوتارێکی ئەدەبییە جوانی لەلای خوێنەر دروست بکات. واتە چێژ و جوانی لەو دەقە وەرگرێت، بۆ ئەوەی لە هەموو گوتارەکانی تر جیای بکاتەوە. چێژی جوانی لە دوو ساتدا دروست دەبێت، ساتی یەکەم هەموو ئەو چێژانە دەگرێتەوە، کاتێک خوێنەر بەر دەق دەکەوێت، هەرچی ساتی دووەمە، ئەو کاتەیە کە خوێنەر خۆی لەناو دەقەکەدا دەبینێتەوە. بە واتایەکی تر ئەو فەزا و ئەتۆمۆسفیرەی دەق بۆ خوێنەرەکەی دروست کردووە. کاریگەری ئەو فەزای دوای خوێندنەوەی دەقەکە بە ئاشکرا دیار دەکەوێت. کەواتە خوێنەری هوشیار بەشدارییەکی کارای لە گوتاری ئەدەبییدا هەیە. لەلایەک وەک بەشێک لە ئێستێتیکای دەق خۆی دەردەخات، لەلایەکی ترەوە وەک دۆزرەوەی جوانیی دەق ڕۆڵ دەبینێت. کەواتە خوێنەر لە داهێنانی چێژی جوانیدا ڕۆڵی سەرەکیی هەیە، ئەویش لە ساتی بەرکەوتنی بە دەقەکە و کردنەوەی کۆدەکانی ناو دەق بە ئامانجی بینینی ئەودیوی وشە و ڕستەکان.

# بەشی دووەم

# ئەرکی گوتاری شیعری لەسەر کۆمەڵگە کوردی

## بەشی دووەم : ئەرکی گوتاری شیعری لەسەر کۆمەڵگە

### یەکەم: ڕۆڵ و گرنگی شیعر

ئەوەی لەم بەشەدا دەمانەوێ کاری لەسەر بکەین خستنەروو و قسەکردنە دەربارەی سروشتی ڕاگەیاندنیی ئەدەب بە گشتی و شیعر بەتایبەتی. بۆ نموونە دەتوانین لە پاڵ بەها جوانناسییەکەی شیعر بەهای ڕاگەیاندنی و پەروەردەیی بۆ شیعر بدۆزینەوە. شیعر وەکوو یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی ئەدەب دەتوانی کاریگەری لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ هەبێت.

لە لایەکی تروە شیعر لەگەڵ پەیدابوونییەوە ڕۆڵی لە بواری ڕۆشنبیریی و ژیانی کولتووری مرۆڤدا هەبووە. ئاشکرایە سەرەتا شیعر بە شێوەی زارەکی بووە. لێرەوەیە شیعر ئامادەیی بەهێزی لە ڕۆشنبیریی و کولتووری هەموو میللەتاندا هەیە. کەواتە شیعر دەبێتە ناسنامە نەک پیشەسازی، واتە شیعر ئەوەندەی وەکوو ناسنامە لە ڕۆشنبیریی سەرەتایی میللەتاندا دەردەکەوێ ئەوەندە وەکوو هونەرێکی پیشەسازی دەرناکەوێ. بە درێژایی مێژوو شیعر پێوەندی بە واقیعی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەبووە، بەردەوامیش بەر گۆڕانکارییەکان کەوتووە و شێوەی جیا جیایان وەرگرتووە. لێرەوە واقیعی کۆمەڵگاکان و ڕەوشی سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتییە کان لە ڕێی شیعرەوە دەخوێندرێتەوە. کەواتە شیعر هۆکارێکە بۆ دەرخستنی کۆی لایەنەکانی ژیان. کەواتە دەتوانین ئاراستە ئایدیۆلۆجییەکان لە گوتاری شیعری هەر نەتەوەیەک تا گەشەی پەخشانی هونەری دەستنیشان بکەین. ڕەخنەگرێکی وەکوو (حسەین جومعە) لە توێژینەوە دەلالییەکەیدا لەبارەی وێنەی شیعری پێوەند بە ڕەهەندە دەروونی و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکەیەوە دەڵێت: ((شیعر یەکێکە لە گرنگترین بەڵگەنامەکان لەبارەی ژیانی نەتەوەکان، بەردەوام لە قۆناغێکی شارستانییەوە بۆ قۆناغێکی تری شارستانی دەگوازرێتەوە.)) [جمعە: ١٩٩٨: ١١] مادام شیعر هۆکارێک بووە بۆ دەرخستنی ژیانی مرۆڤ بە کۆی قۆناغە شارستانیەتییەکانییەوە، کەواتە وێنەی شیعریش وەکوو هونەرێکی شیعری پشکی ئەم دەرخستنەی بەر دەکەوێت و لەناو خۆیدا خاسیەتی کۆمەڵایەتی و ژیانی شاعیری هەڵگرتووە، ئاشکرایە گوزارشتە لە بەشێک ئەو شتانەی لە واقیعی ژیانی شاعیر ڕوویانداوە.

ئەوەی گرنگە ڕۆڵی شیعرە لە ڕووی پەروەردەییەوە لەسەر تاکەکانی ناو کۆمەڵگە، دەکرێت ئەو ڕۆڵەی شیعر لەم چوار لایەنەوە دیاری بکەین:

یەکەم: هەموو تاکێکی کۆمەڵگە دەتوانێت سوود لە شیعر وەرگرێت، واتە دەتوانین شیعر بۆ ڕەگەزی مێ، بۆ گەورە و منداڵان، بۆ پیر و گەنجان، لە ڕووی چینایەتییەوە بۆ هەژار و دەوڵەمەند بنووسرێت. شیعر کاریگەری گەورەی لە گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان هەیە. ((لێرەوە ئامانج لە زمانی گوتاری ڕاگەیاندنی لە شیعردا ڕوونی و ڕووناککردنەوەیە، ئەو پەیامە ڕاگەیاندراوەی لە فۆرمی شیعردایە، گوزارشتێکی کۆمەڵایەتی فراوانە.)) [شرف: ١٩٧٩: ٨٠] ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەی ئەدەب وەکوو هۆکارێکی ڕاگەیاندنی گوزارشتی لێ دەکات، تەنیا پێکهاتەکەی ناگرێتەوە، بەڵکوو کۆی پێکهاتە دابونەریتی و باوەڕ و شیوازەکانی ژیان دەگرێتەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو ژیانەیە، کە لە سەردەمەکاندا دەگوزەرێت. لەبەر ئەوە شیعر وەک کەناڵی ڕاگەیاندن لە کۆنەوە ڕۆڵی هەبووە.

دووەم: لە زۆربەی باردا شیعر مامەڵە لەگەڵ هەست و سۆز دەکات، مرۆڤیش لە ڕووی دەروونییەوە زۆرترین کاریگەری لەسەرە. بۆیە دەروونناسێکی وەکوو (فرۆید) لە ڕێگەی ئەدەبەوە توێژینەوەی لەبارەی دەروونی مرۆڤەوە کردووە، دەزانێت ئەو شوێنە کاریگەری گەورەی لەسەر بەرهەمی ئەدەبی هەیە. چونکە ((لە پرۆسەی داهێناندا پێوەندییەکی دیالێکتیکی لە نیوان فاکتەرە ناوەکی و فاکتەرە دەرەکییەکاندا هەیە، بەڵام داهێنەران بە ئەندازیەکی زیاتر کاریگەرن بە فاکتەرە ناوەکییەکان.)) [ئەسوەد: ٢٠١١: ١١٨] مادام دەروون کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی هەیە، کەواتە دەقی ئەدەبیش کاریگەری لەسەر دەروون و ویژدانی مرۆڤ هەیە، شیعریش توانای کاریگەری لەسەر دەروون و گۆڕینی ڕەفتاری مرۆڤ هەیە. شیعر ڕۆڵی لە گۆڕینی هەڵسوکەوتی مرۆڤ هەیە، ئەم ڕۆڵە تەنیا لە ڕووکاری مرۆڤدا نییە، بەڵکوو کاریگەریبوونە لەسەر دەروونی مرۆڤ. شیعر کۆنترین چەشنی ئەدەبییە لە ویژدانی مرۆڤەوە نزیک بێت، چونکە پڕە لە مۆسیقا و ئیقاع، کە دەروونی مرۆڤ دەورووژێنن. هەروەک دەروونناسان پێداگری لەسەر ئەوە دەکەنەوە وشە ئاوازدارییەکانی شیعر بۆ ماوەیەکی درێژ لە دەروونی مرۆڤدا دەمێننەوە، ئەو وشانەش لە چوارچێوەی شیعردا کۆمەڵی بەهایان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، کە لەبەرکردنیان ئاسانە، بۆیە بەردەوام شاعیر شیعر بە زمانێک پێشکەش دەکات، کە کاریگەری هەبێت.

سێیەم: وەرگر لە ڕێی شیعرەوە فێری ئازادی دەبێت، چونکە شیعر دنیایەکی ئازادە، وەکوو هۆکارێکی ڕاگەیاندنی ئازاد تەماشا دەکرێت. ((شیعر وەکو هۆکارێکی ڕاگەیاندنی ڕۆڵێکی کاریگەر لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە دەبینێت، ئەوەش لە ڕێی شارەزاییەوە لە پێشکەش کردنی زانیارییەکان.)) [عبدالحليم: ١٩٩٩: ٤] لەم بارەدا لە ڕووی گوتارییەوە شیعر کاریگەریەکی قووڵی دەبێت، زۆرترین

ئامادەیی تێدا دەبێت بۆ ئەوەی لەگەڵ لایەنە جوانناسییەکەیەوە بەریەککەوتنی هەبێت. کەواتە شیعر ((زیاتر لەگەڵ خواستی ئەدەب و ئازادیدا مامەڵە دەکات، نەک لەگەڵ ئاواتێک یان ئامانجێکی سیاسی دیاریکراو. ئازادی لە شیعردا ئەو وزەیەیە کە کۆی پرۆسەی شیعر دەجولێنێت. شیعر خۆی جۆرە ئازادییەکی قۆرخکراوە، بۆ شاعیر نیشانەیەکە لە نیشانەکانی ئازادبوونی.)) [عەلی: ٢٠١٦: ٧٥] شیعر خۆی دژ بە سیستەمە، هەوڵێکە بۆ تێکشکاندنی هەموو سیستەم و کۆتوبەندێک، بۆیە شاعیر لەو ڕێیەوە هەوڵی نیشاندانی جۆرێک لە ئازادی دەدات، چونکە شاعیر سیستەمی زمان تێکدەشکێنێ، ئەوە نیشان دەدات، ئازادی بە شکاندنی سیستەم دێتەدی. بەڵام نابێت ئەوەشمان بیربچێت، شیعرمان هەیە ڕەفتار و بیری دەمارگیری و ئایدیۆلۆژی لای تاک دروست دەکەن، وەک چۆن هەندی دەق وامان لێدەکات ڕقمان لە نەتەوەی باڵادەست بێت، هاوکات دەقیشمان هەیە وامان لێ دەکات ڕقمان لە بیری ئایینی، یان نەتەوەیی بێت.

چوارەم: شیعر یەکێکە لەو هۆکارە کاریگەرانەی دەتوانین لە بواری پەروەردە و فێرکردندا سوودی لی وەرگرین، لێرەوە شیعر دەبێتە ((دەربڕینی شتە جوانەکان لە ڕێی بەکارهێنانی ئەو وشانەوە کە بە شێوازێکی هونەری پێکەوە چنراون.)) [بۆرخیس: ٢٠١٦: ٢٩] ئاشکرایە لە بواری پەروەردەدا دەبی ئەو شیعرانە هەڵبژێردرێن کە لە ڕووی جوانکارییەوە کاریگەرترین وشە و جوانترین وشەیان بەکارهێناوە، چونکە ئامانج لێی پەروەردە و فێرکردنە، نەک لایەنێکی تر.

## دووەم: ڕۆڵ و گرنگی ڕاگەیاندن

ڕاگەیاندن تەنیا بەرهەمی ئەو سەردەمەی نییە کە تێیدا دەژین ، بەڵکوو مرۆڤ لەگەڵ پەیدابوونی خۆی لەسەر زەوی ڕاگەیاندنی ناسیووە، بەڵام لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاواز بووە. بەریەککەوتن و ناسینی یەکتری گرنگترین خاسیەتی دەروونی مرۆڤ بووە. مرۆڤ بەردەوام لە هەوڵدا بووە کەسانی تر بناسێت و پێوەندییان پێوە بکات. مرۆڤ لە ڕووی دەروونییەوە هەمیشە حەزی بەوە بووە زانیاری لەبارەی کەسانی تر، ژینگە و چۆنیەتی و ژیانیان دەست بخات. زاراوەیە ڕاگەیاندن (Communication) لە بنەڕەتدا (( لە وشەی (Communis)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە بە واتای بڵاو، یان باو (Common) دێت. بنچینەی پرۆسەی ڕاگەیاندنیش هێنانەدیی گشتگیری و هاوبەشییە.)) [کەرکووکی: ٢٠٠٨: ٥] لێرەوە چەمکەکەبە واتای پەخشکردن و بڵاوکردنەوەی زانیاری دێت. کەواتە بەر زاراویەکی تر، کە زانیارییە (Information)ە دەکەوین. هەندێک بڕوایان وایە لە بنەڕەتەوە لەم وشەیەوە هاتووە. بۆیە زۆربەی توێژەران لەو بڕوایەدان ((مەبەست لە وشەی زانیاری (اعلام- Information) هۆکار و کەرەسەکانی زانیارییە (Information Media) وەکوو: ڕادیۆ، ڕۆژنامە، تەلەفزیۆن، شانۆ، سینەما و شیعر و ...تاد. بەڵام مەبەست لە وشەی گەیاندن (Communication) پرۆسەی گەیاندنە، یان پێوەندیکردنە بە خەڵکەوە Mass Communicationبۆیە ئەگەر بۆ ئەم زاراوەیە، زاراوەی Media زیاد بکەین، ئەوا دەبێتە Mass Communication Media بۆ ئەوەی تەواو واتای ڕاگەیاندن بدات.)) [نصار: ١٩٨٧: ١٩] لە هەردوو زاراوەکەدا مەبەست گەیاندنی زانیارییە و پرۆسەی گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییە لە کەسێکەوە (دەزگایەکەوە) بۆ کەسێک، یان کۆمەڵە خەڵکێکی تر. کەواتە ئێمە لەم پرۆسەیەدا دوو لایەنی سەرکیمان هەیە، ئەوانیش: نێرەر و وەرگرن. نێرەر زانیاری بۆ وەرگر دەگوازێتەوە بۆ ئەوەی هەندی ئامانجی ویستراو بهێنێتە دی. نووسەرێکی بواری ڕاگەیاندنی وەک (کارل  هۆفلاند) لەبارەی چەمکی ڕاگەیاندنەوە دەڵێت: ((پرۆسەیەکە کە تیایدا تاک (نێرەر) ئاگادارکەرەوەیەک ( هێمای زمانەوانی، یان جووڵە، یان ئاماژە) دەنێرێ –ڕەوان دەکا- تا ڕەفتاری تاکەکان (وەرگرەکان) هەموار بکات.)) [کەرکووکی: ٢٠٠٨: ٥] هەرچەندە ئەم پێناسەیە هەموو ئامانجی ڕاگەیاندن لە هەمووارکردنەوەی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کەسەکان (وەرگرەکان) کورت دەکاتەوە، بەڵام دەکرێ ئامانج تەنیا پێدانی زانیاری بێت، هاوکات چاندنی ئایدیۆلۆجیا و توێژینەوە بێت لە کۆمەڵێ کێشەی سیاسی، ئابووری، ڕۆشنبیریی...تاد. هاوکات نوسەرێکی وەکوو (ئۆتۆ گرۆت Otto Groth) لەبارەی ڕاگەیاندنەوە دەڵێت: ((ڕاگەیاندن

گوزارشتێکی بابەتیانەیە لە عەقڵیەت، ڕووح، ئارەزوو و ئاراستەکانی جەماوەر لە یەک کاتدا.)) [شرف: ١٩٨٠: ١٦٤] ئەو پایەمەی ڕاگەیاندن دەینێرێت، هەوڵێکە بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی بابەتیانە بەسەر عەقڵ و بیرکردنەوە و ئارەزووەکانی جەماوەر دابنێت. کەواتە ڕاگەیاندن دەتوانێت جەماوەرمان بۆ پۆلێن بکات. هەندێک تەنیا سەیری کەناڵە وەرزشییەکان دەکەن، هەندێکی تر سەیری کەناڵە دیکۆمێنتارییەکان دەکەن. بەم شێوەیە ڕاگەیاندن جەماوەر پۆلێن دەکات. لێرەوە پرسی ئازادیی جەماوەر لە هەڵبژاردنی ڕاگەیاندن دێتەپیشەوە. واتە ئەوە جەماوەرە بە شێوەیەکی بابەتیانە ڕاگەیاندن هەڵدەبژێرێت، چونکە بابەتەکان بە شێوەیەکی ڕوون و ورد هەڵدەبژێرێت. لێرەدا ڕاگەیاندن ((لەگەڵ گفتوگۆیە لەگەڵ عەقڵەکان، ئەرکی ڕۆشنگەری و ڕۆشنبیرکردن دەبینێت، هاوکات هەوال و زانیاری دروست پەخش دەکات.)) [شرف: ١٩٨٠: ١٧٦] ئەم ئەرکە هەوڵێکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی و بیرکردنەوەی جەماوەر، گیانی هاوکاری لە نێوانیاندا گەشە پێ دەدات. لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (الاعلام) لە بنەڕەتدا بۆ زاراوەی (علم/زانست) دەگەڕێتەوە. زانستیش دژ بە نەزانیە، دژ بە تاریکیە. کەسانی زاناش جگە لە شتی بە سوود هیچی تر ناڵێن. کەواتە ڕاگەیاندن هەوڵێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ چ لە ئاستی تاک و چ لە ئاستی جەماوەر ڕۆشنبیر بکات.

نووسەرێکی وەکوو (عەبدولحافز سەلام) لە پێناسەی ڕاگەیاندندا دەڵێت: ((پرۆسەی گواستنەوەی بیر و کارامەیی و ژیارییە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر.)) [کەرکووکی: ٢٠٠٨: ٦] لەم پێناسەیەدا پرۆسەی گەیاندن پێناسە کراوە، نەک ڕاگەیاندن، واتە پرۆسەی ڕاگەیاندن زۆر فراوانترە لەوەی تەنیا ئاڵوگۆڕی و بیر کارامەیی نێوان دوو کەس بێت. بەڵکوو پرۆسەیەکە ڕەنگە لە دەزگایەکەوە بۆ ڕای گشتی بێت. هاوکات زانیاری هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە. هەرچەندە ئێستا هۆکارەکانی ڕاگەیاندن هێندە زۆر و فراوان بوون، هەر بوارێک دەزگا و هۆکاری ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆ نموونە ڕۆژنامە، ڕۆژنامەی سیاسی، ئەدەبی، وەرزشی، ئابووری...تاد هەیە. هەموو ئەو بوارانە لە یەکتری جیا کراونەتەوە.

پرۆسەی گەیاندن و پێدانی زانیاری مێژوویەکی کۆنی هەیە، تەنانەت هەندێک لە توێژەران بۆ سەرەتای دروستبوون دەیگەڕێننەوە، کە شێوازی جۆراوجۆر بۆ گوزارشتکردن و پیوەندی کردن هەبوون. بۆ نموونە: وشە، وێنە، بانگکردن، جەژنە ئاینییەکان و بازاڕی شیعر...تاد. وشەی ڕاگەیاندن بە واتا نوێیەکەی واتە کەسێک (دەزگایەک) کەسێک لە هەواڵێک ئاگادار بکاتەوە، یان توێژینەوە و شیکردنەوە لەبارەی هەواڵێک، کێشەیەک بکات. کەرەسەکانی ڕاگەیاندنیش دوو جۆرن.

یان کەرەسەی خودین وەکوو وتار و شیعر، یان کەرەسەی گشتین وەکوو سینەما، ڕۆژنامە، تەلەفزیۆن و ڕادیۆ.

سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوە دەکەن، کە ((چینی و ڕۆمانییەکان بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکانی سنووری قەلەمڕەوی ئیمپراتۆریەتەکەیان هەندی نووسراویان لە شوێنە گشتییەکان هەڵواسیوە و لە ڕێگەی ئەو نووسراوانەوە هەواڵە سیاسی و ئابووری و تەنانەت کۆمەڵایەتیەکانیان پێ ڕاگەیاندوون.)) [عەزیز: ٢٠٠٣–_ ٢٠٠٤: ٤٣] لەم ڕێیەوە ئەم دوو نەتەوەیە توانیویانە بە شێوەیەی سەرەتایی پێوەندی بە خەڵکانی خۆیانەوە بکەن. تەنانەت خەڵک لە هەواڵی بەرەکانی جەنگ و دەسەڵاتی ئیمپراتۆڕ ئاگادار بکەنەوە. هەر بەم جۆرە هاتووە، تەنانەت گەیشتووە بەر کۆتری نامەبەر. هەرچەندە هەموو ئەوانە لە چوارچێوەی هەواڵدا تێپەڕیان نەکردووە، بەڵام کاریگەری گەورەیان لەسەر ژیانی خەڵک داناوە، چونکە خەڵک بە هۆی ئەوانەوە لە زۆربەی شتەکان ئاگادار بووە. بێگومان ئەو هەواڵانەش بە جۆرێک بوون، کە کاریگەری لەسەر کەسێک، یان کۆمەڵگە دروست بکات، واتە هەواڵێک نەبووە کە جێی بایەخی خەڵک بێت، چونکە ڕۆژانە دەیان ڕووداو ڕوودەدەن بەبێ ئەوەی ئێمە بایەخیان پێ بدەین.

دوای داهێنانی ئامێری چاپ لە لایەن (گۆتنبێرگ- ١٤٤٥) لە ئەڵمانیا شۆڕشێک بوو لە بواری ڕاگەیاندن و گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بە شێوەی نووسراو، چونکە لەوێوە کاغەز ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت. چاپ شوێنی نووسینی دەست دەگرێتەوە و بە ژمارەیەکی زۆرتریش چاپ دەبێت. ڕاگەیاندن لەم قۆناغەدا لە قۆناغێکی دەستییەوە دەچێتە قۆناغی پیشەسازی پێشکەوتوو. ئەم داهێنانە دەبێتە هۆی دروستبوونی دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب و ژمارەیان بە هەزاران دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران. ئەم دۆزینەوە وایکرد هەموو کەسێک لە هەر چین و توێژێک بێت بتوانێت ڕۆژنامە و کتێب بە دەست بخات و بیخوێنێتەوە. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا هۆکار و ئامێری پێشکەتووی تری بواری ڕاگەیاندن دادەهێندرێن. لەم سەردەمەدا ((بە دەرکەوتنی هەندێک ڕۆژنامە، ئەوانەی کە لەگەڵ مرۆڤی ئاسایی و گشتی دەدوێن، هەروەها هۆکارە ڕاگەیاندنە کارەباییەکانی وەکوو تەلەگراف و تەلەفۆن، ڕۆژنامەکانیش درێژکراوەی سەردەمی چاپ بوون.)) [دیفلیر و رۆکیتیج: ٢٠١٢: ٢٣] هەموو ئەو هۆکارانە بە شێوەیەکی تازە و پێشکەوتوو کاریگەریان لەسەر پێشکەوتنی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن هەبوو. لە لایەکی ترەوە داهێنانی (تێلیپرێنتەر- ١٩١٣) واتە گواستنەوەی هەواڵ لە ڕێی شەپۆلی ڕادیۆییەوە هەنگاوێکی گەورەتری تر بوو لە مێژووی

ڕاگەیاندن، هەرچەندە بڵاوکردنەوەی هەوال لەم ڕێیەوە سنووردار بوو، تەنیا بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو بوو، بەڵام کاریگەری لەسەر ڕاگەیاندن هەبوو لە جیهاندا.
ئەو هۆکار و کەرەسانەی بوونەتە هۆی پەرەپێدان و گەشەسەندی ڕاگەیاندن دەتوانین لەمانەی خوارەوە پۆلێنیان بکەین:

١. **چاپ:** داهێنانی ئامیری چاپ کاریگەری گەورەی لەسەر گەشەپیدانی بواری ڕاگەیاندن هەبوو. بۆ نموونە لەبەرگرتنەوە لەسەر بەرد و گەڵای دار و دار هۆکارێک بووە بۆ گەیاندنی زانیاری. چاپ لە سەرەتادا لە چین لە سەدەی نۆیەمی زایینی پەیدا دەبێت. ((لە ساڵی ١٧٥ی زایینی تسای یۆنغ و هەندێک لە ڕۆشنبیران نووسراوێکیان دایە ئیمپراتۆر، کە نووسراوی زاناکان لەسەر بەرد دەنەخشێنن و بۆ ئەوەی لەبەری بگرنەوە. ئیمپراتۆر ئەم پیشنیازەی پەسەند کرد و داوای کرد کاری لەسەر بکەن.)) [الرفاعی: ١٤١٤: ١٩] پاشان وەکوو داهێنان لە سەدەی پانزە لە ئەڵمانیا لە لایەن (گۆتنبێرگ)ەوە دادەهێندرێت و پیشتر باسمان کرد. لیرەوە ((پیشەسازی چاپ پرۆسەی بڵاوکردنەوە سەرەتا ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی گرتەوە. کێبڕکێ لەسەر ئەوەی کامیان زۆرتر چاپ دەکات و دەگەیەنێتە دوورترین شوێن، بۆ ئەوەی هەوال و زانیاری بە هەموو کەسێک بگات.)) [ماکبراید: ١٩٨١: ٣٧]

٢. **ڕۆژنامە:** ڕۆژنامە پاڵنەرێکی زۆر بەهێز بوو، کە بواری ڕاگەیاندنی بە شێوەیەکی گشتی بەرەو پێشەوە برد. ئاشکرایە مێژووی ڕۆژنامە زۆر کۆنە. ((یەکێک لە هەنگاوە گرنگە کۆنەکانی ئەم مەیدانە چینیەکان نایان. ئەوانیش لە سەدەی حەوتەمدا بڵاوکراوەیەکی تایبەتیان هەبوو کە لە "ڕوداوی ڕۆژانە"کەی یۆلیۆس قەیسەر زیاتر لە ڕۆژنامەی ئیمڕۆی دەکرد. چینیەکانیش یاسا و بڕیار و روداوەکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆشکی پاشایان بڵاودەکردەوە و ئەوانیش ناوێکی تایبەتی ماناداریان بۆ هەڵبژاردبوو: (دی باو) واتە (هەواڵەکانی پایتەخت). ئەمەش بۆ خۆی یەکێکە لە ناوە هەرە کۆنە دەگمەنەکان کە لە ناوی ڕۆژنامەی ئەم سەردەمی دەکرد.)) [ئەحمەد: ١٩٧٨: ٢١] کەواتە ڕۆژنامە بەو مێژووە کۆنەیەوە بەرە بەرە گەشە دەسێنێت و پەرە دەسێنێت، تەنانەت لە سەردەمانێک تاکە سەرچاوەی گەیاندنی هەوال و زانیاری بووە. لە ڕێی ڕۆژنامەوە کۆمەڵی چەمک و بەهای نوێ تایبەت بە ئازادی و ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە پێشکەش کران. کەواتە مێژووی ڕۆژنامە لە هەر وڵاتێک بە کۆمەڵی قۆناغی جیا جیادا ڕۆیشتووە، تەنانەت قوربانی زۆری لی کەوتۆتەوە. بۆیەش گەشەسەندنی ڕۆژنامە لە ئەورووپا لە سەدەی هەژدە و دواتردا کۆمەڵی هۆکاری هەبووە، لەوانە: دیموکراتیەت، شۆڕشی پیشەسازی و تەکنەلۆجی، پێشکەوتنی شار،

پێشکەوتنی زانست و فێربوون، هەموو ئەمانە کاریگەیان لەسەر بیرکردنەوەی تاک لەناو کۆمەڵگەدا هەبووە، لێرەوەیە لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازی چاپەمەنی دەبێتە پیشەسازی و زۆر پیشەی تریش پەیدا دەبن.

**٣. تەلەگراف و ناوەندەکانی هەواڵ**: ئەمانە یەکێکن لەو هۆکارە کۆنە نوێیەکان، ڕۆڵیان هەبووە لە پێشکەوتنی ڕاگەیاندن و بە کۆمەڵی قۆناغی مێژووییدا ڕۆیشتوون. بۆ نموونە کە دەڵێین هۆکارێکی کۆنە، لە کۆندا نامە و هەوال بە کۆتر وەکوو تەلەگافێک بۆ ناوچەیەکی دوور دەنێردرا، کە دەڵێین هۆکارێکی نوێیە، لە ڕێی شەپۆلی ڕادیۆی و تەلەفزیۆنییەوە ئیستا هەواڵە دەنێردرێت. داهێنانی تەلەگراف ((لە ساڵی١٨٤٠ لەسەر دەستی هەردوو زانایان "سێر شارل هۆیتستۆن" و "ساموێل مۆرس"دا بووە. یەکەم برووسکەیش لە ساڵی ١٨٤٤ لە ڕێی ئامێرێکەوە نێردراوە، کە شۆڕشێک بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.)) [ماکبراید: ١٩٨١: ٤٣] بۆیەش هەوال و برووسکە لە ڕێی تەلەگرافەوە لە نێوان شارەکان، وڵاتان و تەنانەت ژێر دەریاییەکانیش کاریگەری دەبێت لەسەر ڕاگەیاندن و وای لە جەماوەر کرد گرنگی زیاتر بە هەواڵەکان بدەن. ئەمەش بووە دەرفەتێک بۆ فەیلەسووفان و زانایان و ڕۆشنبیران بیرکردنەوەکانی خۆیان بە ئاسانی بگەیەننە زۆرترین جەماوەر.

**٤. کەناڵ و تەلەفزیۆنەکان**: ئەم دوو هۆکارە، هۆکاری بنەڕەتین لە پێشکەوتنی بواری ڕاگەیاندن. لێرەوە ناکرێ ئاماژە بە ((داهێنانی ئامێری لاسلکی لەسەر دەستی زانا و توێژەر "جالیلمۆ مارکۆنی" نەدەین ئەم ئامێرەی لە ساڵی ١٨٩٨دا کار پێکرد، ئەمەش شۆڕشێک بوو لە مێژووی گەیاندن و ڕاگەیاندن. ئەم ئامێرە خزمەتێکی زۆری بە ناوەند و ڕۆژنامە و حکوومەت و کۆمپانیاکان کرد و پاشان پەرەی زیاتری پێدرا. ئەم ئامێرە ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە ڕزگارکردنی ٧٠٠ کەس لە سەرنشینانی کەشتی تایتانیک لە ساڵی ١٩١٢دا.)) [عاطف: ٢٠٠١: ٩٨_ ٩٩] تەلەفزیۆن ڕۆڵی گرنگی لە ڕاگەیاندن هەیە، بەتایبەت لەسەردەمی نوێدا جێی ڕۆژنامەی گرتۆتەوە، تەنانەت تەلەفزیۆن بۆ بوارەکان دابەش بووە، واتە هەر بوارێکی ڕۆشنبیریی، ئابووری، سیاسی، هونەری...تاد کەناڵ و تەلەفزیۆنی تایبەت بە خۆی هەیە. هەر لەم ڕێیەوە هۆکاری تر لە سەدەی بیست و یەکەدا پەیدا بووە وەکوو ئینتەرنێت، کە ئەویش نوێترین و پێشکەوتووترین بواری ڕاگەیاندنە لە ئێستادا. لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) وە تەلەفزیۆن ڕۆڵی گەورەی لە هوشیارکردنەوەی خەڵک وێناکردنی واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینیی ...هتد ، بینیوە، تەنانەت بۆتە سەکۆیەک بۆ ئەوەی ڕەخنە لە دەسەڵات و کەموکوڕییەکانی حکومەت و بەرپرسان بگرێت.

چەندین درامای تەلەفزیۆنی ئەم ڕۆڵەیان بینییوە. هەروەها بەرنامەکانی وەکوو کەشکۆڵ و بەرنامەی بەرنامە هەمان ئەرکیان بینیوە و دەستیان خستۆتە سەر برین و کەموکوڕییەکانی حکومەت و دەسەڵات و بەرپرسان .

بە گشتی ڕاگەیاندن پرۆسەیەکە بە هۆیەوە واتا و هەواڵ و زانیاری لە کەسێکەوە، کەناڵێکەوە بۆ کەسێکی تر، یان کەسانێک دەگوازرێتەوە. واتە لە (نێرەر)ەوە بۆ (وەرگر) بە ئامانجی هێنانەدی ئامانجێکی ویستراو. کەواتە دەتوانین توخمەکانی ڕاگەیاندن بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان بکەین:

١. نێرەر/ سەرچاوە (Sender)

ئەو کەسەیە، یان پەیامەکە ئامادە دەکات و بۆ (وەرگر) دەنێرێت. ئەم کەسە ((پێویستە بۆچوون و مەبەست و زانیاری پێ بێ، کە بیەوی بە مەبەستی هێنانەدی ئامانجێکی دیاریکراو بینێرێت.)) [کەرکووکی: ٢٠٠٨: ٧] کەواتە کەسی نێرەر مەرجە هەڵگری زانیاری بێت و ناردنی ئەو زانیارییە ئامانجێکی دیاریکراوی لە پشت بێت.

٢. پەیام (Message)

ئەو زانیاری و بیر و بۆچوونەی، کە نێرەر دەیەوێ بیگەیەنێت دەگرێتەوە. زۆرجار پەیامەکە بە ئاماژە دەبێ بۆ نموونە ناردنی زانیاری سەربازی لە بەرەکانی جەنگ. یان زانیاری نووسراو و یان گوتراو دەگرێتەوە. پەیامەکەش کۆمەڵێ شت لە خۆیدا هەڵدەگرێت، کە بۆ هێنانەدی ئامانجەکان پێویستن.

٣. ئامراز (Channel)

بریتییە لە ئامرازی گواستنەوەی زانیارییەکان، واتە نێرەر پێویستی بە ئامرازێک هەیە بۆ ئەوەی پەیامەکەی خۆی بە وەرگر بگەیەنێت، ئەوانیش دابەش دەبن بۆ:

ا. ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی کەسی وەکوو مۆبایل، تەلەفۆن و نامە.

ب. ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی کۆمەڵی وەکوو بڵندگۆ و کۆنگرەی ئینتەرنێت و پەخشنامەکانی قوتابخانە.

ج. ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ناوەندێتی وەکوو ئێزگە و کەناڵە ناوەخۆییەکان.

ح. ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری وەکوو ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن. [کەرکووکی: ٢٠٠٨: ٧- ٨]

٤. وەرگر (Receiver)

ئەو کەسەیە، کە پەیامەکە لە نێرەر وەردەگرێت، کەسێکە توانای ئەوەی هەیە لە پەیامی وەرگر بگات و لێکدانەوەی بۆ بکات. واتە ئەرکی وەرگر تەنیا وەرگرتنی پەیام نییە، بەڵکوو لێکدانەوە و تێگەیشتن و ڕاڤەکردنیشە. کەواتە وەرگر مافی ئەوەی هەیە لێکدانەوە بۆ پەیامەکە بکات.

٥. دەنگدانەوە (Feed Back)

پێشتر ئاماژەمان پێدا وەرگر بە مافی خۆی دەزانێت وەڵامی ئەو پەیامە بداتەوە، کە لە نێرەرەوە پێی دەگات، بۆ ئەمەش چوار جۆر دەنگدانەوەمان هەیە:

ا. دەنگدانەوەی نووسراو و دەنگدانەوەی بیستراو: واتە وەرگر لە ڕێی نامەوە بە هۆی ئامرازێکەوە وەڵامی دەبێت، هەرچی دەنگدانەوەی بیستراوە بە بەکارهێنانی هێمای بیستراو دەبێت.

ب. دەنگدانەوەی کپ و دەنگدانەوەی دیار: دەنگدانەویە کپ ئەوەیە وەرگر کاتێک پەیامەکە وەردەگرێت لێکدانەوەی بۆ دەکات، بەڵام هیچ قسەیەکی لەبارەوە ناکات. هەرچی دەنگدانەوەی دیارە وەرگر وەڵامی نێرەر دەداتەوە و قسەی لەبارەوە دەکات.

ج. دەنگدانەوەی هەنووکەیی و دەنگدانەوەی دواخراو: ئەوەی یەکەمیان وەرگر ڕاستەوخۆ وەڵام دەداتەوە و بەبێ ئەوەی دوای بخات، هەرچی دەنگدانەوەی دواخراوە، وەرگر بۆ کاتێکی تر وەڵامەکە دوا دەخات.

د. دەنگدانەوەی باش و دەنگدانەوەی خراپ: لە یەکەمیاندا وەرگر بە شێوەیەکی ئەرێنی و باش پەیامەکە وەردەگرێت و وەڵامی دەبێت، دەنگدانەوەی خراپ ئەوەیە وەرگر پەیامەکە ڕەت دەکاتەوە و لەگەڵ پەیامەکە هاوڕا نابێت. [کەرکووکی: ٢٠٠٨: ٨- ٩]

کەواتە ڕاگەیاندن ئەو هۆکارەیە دەتوانین بە هۆیەوە ئەدەبیات بە کۆی ژانرەکانییەوە پەخش بکەین، چونکە هەر دەقێک، کە لە ڕاگەیاندن بڵاودەکرێتەوە، وەکوو پەیامێکە و ئاراستەی وەرگر(خوێنەر) دەکرێت. ئاشکراشە لە نوێترین مێتۆدی ڕاڤەکردنی دەق، کە مێتۆدەکانی وەرگرتنە (ئێستێتیکای وەرگر و هاتنەوەڵامی خوێنەر) خوێنەر ئەرکی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دەق (پەیام)ی هەیە، بەبێ خوێنەر دەق واتا نادات بەدەستەوە. ئەو کاتە دەقەکە واتای دەبێت، کە بەر خوێنەرێک بکەوێت

## سێیەم: ئەرکە پەروەردەییەکانی گوتاری شیعری لە کۆمەڵگەی کوردیدا

لێرەوە دەبێت کار لەبارەی ئەرکە پەروەردەییەکانی گوتاری شیعر بکەین، ئاشکرایە بواری پەروەردە بوارێکی گرنگ و فراوانە، مرۆڤیش لە جەستە، هەست، ویژدان، بەها، فیکر، هەڵسوکەوت، مەعریفە و ئینتیما پێکهاتووە. دەکری ئێمە ئەرکە پەروەردەییەکانی شیعر لەم چەند خاڵانەی خوارەوە دا بخەینەروو :

### ١. بەهاکان

تێڕوانین لەبارەی ئەرکی پەروەردەیی و بەها کۆمەڵایەتی و مرۆڤییەکان مێژووی کۆنی هەیە. دەکرێ یەکەم کەسێک لەبارەی ئەم بەهایانەوە لە ئەدەب قسەی کردبێت (ئەفلاتوون) بێت. ئەم فەیلەسووفە ئامانجی ئەوە بوو کۆمارێکی نموونەیی دابمەزرێنێت، ئامانجیش لە دامەزراندنی ئەم کۆمارە هێنانەدی، یان دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی نموونەیی بوو لە ڕووی پەروەردەییەوە. ئەو دێت باسی بەها پەروەردەییەکانی شیعر لە ڕوانگەیەکی ئاکارییەوە دەکات. (ئەفلاتوون) کاتێک دێت باسی پەروەردە دەکات بە شیعرەوە پەیوەستی دەکات. بۆ ئەمەش نموونەی (هۆمیرۆس) دەهێنێتەوە. بە بڕوای ئەو شیعر نابێ لاسایی بکاتەوە. بۆ نموونە لەبارەی ئەرکی پەروەردەیی شیعرەکانی (هۆمیرۆس) دەڵێت: ((ئایا هۆمیرۆس فێرکەر بووە و هەوڵی داوە خەڵکی پەروەردە بکات، وەکو پیتاگۆراس بۆچوونەکانی بۆ ئێمە مابێتەوە؟)) [ئەفلاتوون: ٢٠١٥: ٣٨٦] ئەم گومانە لەبارەی شێعری ئەم شاعیرەوە لە خۆوە نەهاتووە، بە بڕوای ئەو چونکە شیعر شتێکی لاساییکەرەوەیە ناتوانێ ئەرکی پەروەردەیی ببینێت. بە بڕوای (ئەفلاتوون) شاعیر زانیاریی لەبارەی ئەو شتەی لاسایی دەکاتەوە نییە، بۆیەش ناکرێت کەسێک بوونی شتەکە نەناسێت و ئێمە وەکوو پەروەردە سوودی لێ وەرگرین. بۆیە شاعیر لە کۆمارەکەی وەدەر دەنێت. ((کەوابوو شاعیر دەخەینە ڕیزی هونەرمەندی شێوەکارییەوە. بەرهەمەکانی شاعیریش، وەکو تابلۆکانی هونەرمەندی شێوەکاری لە ڕاستییەوە دوورن. پەیوەندییان بە بەشی نزمی دەروونەوە هەیە. لەبەر ئەوە پێویستە لە شارەکەماندا دەریکەین.... هەروەها شاعیر دەستوورێکی خراپ بۆ خەڵکی دادەنێت، چونکە ڕاستی دەرناخات، ئەوەی باسی دەکات سێبەر و وەرگیراوی ڕاستیە.)) [ئەفلاتوون: ٢٠١٥: ٣٩٤] لەم ڕوانگەیەوە ئەو شیعرە توانای فێرکردن و پەروەردەی هەیە، کە لاساییکەرەوە نەبێت. خەمی پەروەردەکردنیش تەنیا بۆ تاک نییە، بەڵکوو بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی نموونەییە. فێربوونی تاک لەبەر خودی خۆی نییە، بەڵکوو بە مەبەستی پارێزگاریکردن

دەوڵەت و بەدیهێنانی تەبایی و تەواوکاری و دواجاریش بەختەوەری و فەزیلەتە. بەوشێوەیە هیچ جۆرە بازدانێک و خۆدەربازکردنێک لە خەم وگرفتەکانی دەوڵەت وشاردا بوونی نییە. لێرەدا فێرکردن هیچ واتایەکی نابێت بەبێ ئەو پەیوەندییە ئۆرگانییە لەگەڵ کاروباری تایبەت و گشتییدا.

ئەم بەها پەروەردەییەی شیعر لە (ئەفلاتوون)ەوە بۆ خوێندکارەکەی خۆی (ئەرەستۆ) دەگوازرێتەوە. بە بڕوای (ئەرەستۆ) مرۆڤ بۆیە شیعر دەنووسێت تاکوو فێر بێت. واتە فیربوون و پەرەوەردە بە هۆکارێکی سەرهەڵدانی شیعر دەبەستێتەوە. کاتێک دەڵێت: (( سەرهەڵدانی شیعر بە گشتی بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە، هەردووکیان ڕەگیان لە سروشتی مرۆڤ داکوتاوە. مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە خودی لاسایی کردنەوەی بە میرات بۆ ماوەتەوە. جیاوازی نێوان مرۆڤ و گیانلەبەرانی تر ئەوەیە: مرۆڤ کە لەهەموو گیانلەبەرانی تر لاساییکەرەوەترە و یەکەم زانیاری خۆی بە لاساییکردنەوە فێر دەبێ و هەموومان لە ناخەوە حەز لە لاساییکردنەوە دەکەین و چێژی لێ وەردەگرین.)) [ئەرەستۆ: ٢٠٠٤: ٢١] کەواتە لێرەوە ئەرکی لاساییکردنەوە بەهایەکی تر وەردەگرێت، جیاواز لەو پێناسەیەی (ئەفلاتوون) هەیبووە. بە بڕوای (ئەرەستۆ) مرۆڤ بۆیە بە شیعر لاسایی شتەکان دەکاتەوە، دەیەوی فێر بێت، لە ئەنجامی فێربوونەوە خۆی پەروەردە دەکات. بە واتایەکی تر پرۆسەی فێربوون بەشێکە لە پرۆسەی پەروەردە. هەر لەلای ئەم شاعیرە (شیعری تراجیدی) ئەرکێکی سایکۆلۆجی زۆر گرنگ دەبینێت، ئەویش پاککردنەوەی مرۆڤە لە هەموو بەهایەکی خراپ و نائاکاری. لەم بارەیەوە دەڵێت تراجیدی ((هەموو بە شێوەی درامی نەک بە گێڕانەوە ئەنجام دەدرێ و ڕووداوی وای تێدایە کە (بەزەیی) و (ترس) دەوروژێنی و بەمەش (پاکبوونەوە) لەم دوو سۆزە دێتەدەرێ.)) [ئەرەستۆ: ٢٠٠٤: ٢٧] کەواتە یەکێک لە ئەرکە پەروەردەییەکانی شیعر (تراجیدی) پاککردنەوەی دەروونە لە هەرچی شتێک، کە زیانی ناپەروەردەیی هەبێت. واتە شاعیر هەموو هەوڵێکی دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی جوانترین وشە، نموونەییترین ڕووداو، زمانێکی دوور لە جنێو و بازاڕی بەکار بهێنێت. ئەم زمانە ڕۆڵێکی پەروەردەیی دەگێڕیت، هەر کەس بیخوێنێتەوە فێری وشەی سەنگین و باش دەبێت.

لە زۆر قۆناغی ژیانی میللەتان شیعر چ بە لایەنی پۆزەتیڤ، یان نێگەتیڤ بەهاکان لە خۆیدا هەلدەگرێت.(( شیعری کوردی وەک شیعری هەر میللەتێکی تر بەردەوام بەهای هونەری لە تێۆرە سازدراوەکانی جیهانەوە وەرگرتووە و کردوونیەتە هەوێنی داهێنان،بەڵام گومانیش لەوە ناکرێ کە کەم وزۆر توانیویەتی لە چوارچێوەی بازنە گشتییەکەی ئەدەبدا زەمینەیەکی ڕەسەن بۆ چرۆ کردن و نشونماکردنی تاقیکردنەوەی شاعیران سازدات،جا چ لە ڕێبازە کلاسیکییەکەیدا بووبێ یا

له ڕێبازە هاوچەرخ و نوێکەدا بووبێ ))[عەلی:٢٠٠٧ : ٤٤] شیعر کۆمەڵێک دەلالەت و ڕەمزی تایبەت بە خۆی هەیە، تاک دەتوانێت لە ڕێیەوە پێوەندی نێوان بەهاکان بدۆزێتەوە و پێکهاتەی ئەو بەهایانە دەستنیشان بکات. بۆ نموونە لە زۆر شیعری کوردیدا لایەنی پەروەردەیی هەیە، کە پێمان دەڵێت چۆن ڕەفتار بکەین. ڕەنگە کەسانێک هەبن ئەم لایەنە پەروەردەیەی شیعر بە لە قالبدانی شیعر لێک بدەنەوە، بەڵام ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەرکێکە لە ئەرکەکانی شیعر.

لە ڕوانگەیەوە پەروەردەکردنی هەستی نەتەوەیی و نشتیمانییەوە، یەکێک لەو بەهایانەی شیعری کوردی گرنگی زۆری پێداوە، پەرەپێدان و زیندووکردنەوەی هەستی نەتەوەیی یەکێک بووە لە ئەرکەکانی شیعر لە ڕووی پەروەردەییەوە، کەم شاعیرمان هەیە گرنگی بەو لایەن نەدابێت و شیعری بۆ نەنووسیبێت. ((ئەم جۆرە شیعرە لەبەر پێویستی بارودۆخی نەتەوە و نیشتمانی کورد ڕووی لە فراوانی کردووە و شاعیران بە شیعرەکانیان هەست و خەم و پەژارەی خۆیان و نیشتمان و نەتەوەکەیان دەردەبڕی.)) [ئیسماعیل: ٢٠٠٩: ١٤٩] بۆ نموونە (لەتیف هەڵمەت) لە شیعری (نیشتمان)دا بەها و خەمی نشتیمان بۆ منداڵان ڕوون دەکاتەوە:

**وەک چۆن باڵدار**

**لانەی هەیە لەسەر دار**

**وەک چۆن پەپوولەی جوان جوان**

**لانە دەکەن لەناو گوڵان**

**وەک چۆن مانگی تابان**

**ماڵی هەیە لە ئاسمان**

**وەکو چۆن ماسی و حەزیا**

**ماڵیان هەیە لەناو دەریا**

**منیش نیشتمانم هەیە نیشتمان**

**نیشتمانم کوردستانە کوردستان** [هەڵمەت: ٢٠١٣: ٣١٦]

ئەمە چاندنی هەستی نەتەوایەتییە لە ناخی منداڵان، هاوکات گەشەپیدانی هەستی نەتەوایەتییە، بۆ ئەمەش چەندین نموونە دەهێنێتەوە، ئەو نموونانەی کە لەگەڵ جیهانی منداڵان و دنیای منداڵان دەگونجێت. منداڵان نازانێت نیشتمان چییە، بەڵام شاعیر بە هۆی خستنەڕووی نموونەی وەکوو هێلانەی باڵندە، لانەی پەپوولە، ماڵی ماسی لەناو دەریا دەیەوێ ئەوە لە منداڵان بگەیەنێت، کە ئێمەی کوردیش ماڵێکمان هەیە، شوێنێکمان هەیە و لەسەری دەژین ئەویش کوردستانە. ئەمە

گوتارێکە لە نەوەدەکان منداڵانی لەسەر گۆش دەکران، چونکە لەو ساڵانە بارودۆخێکی نەخوازراو هەبوو، کە شەڕی براکوژی بوو، منداڵان بەردەوام لەناو دوکەڵی ئاگر و دەنگی گوللەدابوون. شاعیر ئەو خاکە لە لای منداڵان خۆشەویست دەکات، بە شێوەیەک پەروەردەیان دەکات، کە خاک و نیشتمانیان خۆش بووێت.

ئاشکرایە شیعر پانتاییەکی زۆر فراوانی لە ئەدەبی کوردیدا داگیرکردووە. ئەمەش واتای ئەوە نییە نەتەوەی کورد کاری لەبارەی ویژدان و دەروونەوە کردووە، چونکە شیعر بە واتا کۆنەکەی پێوەندی بە هەست و سۆزەوە هەیە. بەڵکوو شیعر کۆی ژیانی ئەدەبی و کولتووری نەتەوەی کوردی گرتۆتەوە. ئێمە لە ڕێی شیعرەوە دەتوانین زۆربەی لایەنەکانی ژیانی میللەتی کورد بزانین بۆ نموونە بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیریی، سیاسی، ئایینی و ئابووری. بۆ نموونە ((ڕێنماییەکانی ئاینی ئێزدیاتی هەموو بە شیعر هۆنراوەتەوە و لە لایەن پیاوانی ئاینەوە ئەزبەر دەکرێن و لە بۆنە و نزاکاندا بۆ خەڵک دەگوترێنەوە، زانیاری و سەرپێهاتی لەبارەی فەلسەفە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تێیاندا هەن و بەدرێژی باس لە ئەفراندن و دروستبوونی زەوی و پەیدابوونی ئینسان و مێژووی پێغەمبەران دەکات.)) [قەرەنی: ٢٠٠٨: ٩٠] دەبینین ئایین وەکوو لایەنێکی گرنگی کۆمەڵایەتی پەنای بۆ شیعر بردووە، بۆ ئەوەی هەموو ڕێنمایی و سرووتەکانی خۆی بگەیەنێتە پێڕەوانی. ئەمە بۆ کۆی لایەنکانی تری ژیانی کوردی ڕاستە.

یەکێک لە بەها جوانەکانی شیعر لای شاعیران پەروەردەکردنی خەڵکە لەسەر خۆشویستنی خاک و ژینگە. ئەمە لە لایەک دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی زۆرێک لە مرۆڤەکانە، کە ژینگەی خۆیان خۆش ناوێت. لەم بارەیەوە (دڵشاد عەبدوڵلا) لە شیعری (شارە نەبینراوەکان)دا بە وردی باسی شارمان بۆ دەکات:

**شارەکان پڕن لە خەیاڵ**
**بە زەحمەت دەجوڵێنەوە**
**هەندێ جار**
**تەواو لە یەکتری دەچن،**
**ڕەنگی چاوی ژنەکان و**
**ڕەنگی پێست و**
**مەنجەڵی مس و**
**کیسەی نایلۆن و**

**بوتڵی غازەکانیان.**
**شارەکان هەمیشە شارەکان**
**بزردەبن لەناو تۆز و**
**دوکەڵ و**
**شتی بچووکدا** [عەبدوڵلا: ٢٠٠٤: ٣٣]

شار بە واتا مۆدێرنەکەی فەزایەکە مرۆڤەکانی قوت دەدات، مرۆڤ لە شاری مۆدێرنەدا تەنیا بەکاربەرە، ئیدی گوێ بە هیچ شتێکی دیکە نادات، تەنیا حەز و ژیانی خۆی نەبێت. کاتێک شاعیر وەسفی شارمان بۆ دەکات بە چەندین خاسیەت و سیفەت پێمان دەناسێنێت. شاری مۆدێرن شارێکە پڕە لە خەیاڵ، بەڵام خەڵک خەیاڵەکانیان ناکەن بە واقیع. هەموو شارەکان لە یەکتری دەچن، پڕن لە باڵەخانە، پڕن لە قەرەباڵغی. هەموو شارەکان سەرشارن بە بوتڵی ئاو، بە کیسەی نایلۆن...تاد. هەموو ئەمانە زیانێکی زۆر بە ژینگە دەگەیەنن. ئەمە هۆکارێکە بۆ دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی شار، کە مرۆڤەکان کاتێک لە سروشت دووردەکەونەوە، چۆن دەبن بوونەوەرێک سروشت تێکدەدەن.

خوێندەواری و زانیاری یەکێکە لەو بەهایانە، کە شاعیران بەتایبەت لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە گرنگی زۆری پێدراوە. کەم شاعیرمان هەبووە داوایان لە خەڵک نەکردبێت منداڵەکانیان بەرنە بەر خوێندن. لەگەڵ ئەوەش پێداگریان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، تەنیا کوڕ نەخرێتە بەر خوێندن، بەڵکوو کچیش بخرێتە بەر خوێندن. دەیانویست جیاوازی کوڕ و کچ لە خوێندن نەهێڵن. بەڵام دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ لە باشووری کوردستان ئەرکی شیعر لەوە دەردەچێت، کە هانی خەڵک بدات بۆ خوێندن، بەڵکوو دێت ئەرکی فێرکردن و پێدانی زانیاری بە سوود بە منداڵان دەبەخشێت. شاعیر (محەمەد کەساس)[٢] دێت وەرزەکانی ساڵ بە شیعر بۆ منداڵان ڕوون دەکاتەوە:

ئەی قوتابی ژیر و وریا
گوێ بۆ من بگرە دڵنیا
ئەم زەویەی ئێمەی لەسەرین

[٢]. ناوی تەواوی محەمەد نەجمەدین فەرەج، لە ساڵی ١٩٥٧ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، شیعرەکانی زیاتر لە بواری پەروەردەی منداڵان نووسیوە. یەکەم دیوانە شیعری بە ناوی کەوی کوێستان لە ساڵی ١٩٨٤دا بڵاوکردۆتەوە .

گیاندار و بیَ گیان تیا ئەژین
خڕە هەروەک تۆپی پیَ
کە بۆ یاریکردن دەشیَ
لەسەر هیلْیَکی بازنەیی
بە خیَرایی نەک شیَنەیی
دەوری خۆر تەواو دەکا
تا دیَتەوە هەمان جیَگا
تەنها سالْیَکی پیَ دەچیَ
دەگەڕیَتەوە هەمان جیَ
چوار وەرزی لی دروست دەکا
هەر یەک دەست بۆ تاجی دەبا
بەهار، هاوین، پایز، زستان
یەکی سیَ مانگن بە یەکسان
ئەمە سالْ و وەرزەکان بوو
هیواخواز فیَر ببی زوو [کەساس: ١٩٩٤: ٢٣]

لە دوای ڕاپەڕینەوە یەکیَک لە ئەرکەکانی شیعر و گوتاری شیعری، بەتایبەت شیعری منداڵان گوتاریَکی فیَرکاری دەبیَت، ئەوەندە گرنگی بە چاندنی هەستی نەتەوەیی نادریَت، بەڵکوو زانیاری بە سوود بە شیعر دەردەبریَت. ئەم گوتارە، گوتاریَکی سەردەمیانەیە. لیَرەوە ئەدەب (شیعر) دەبیَتە پەیامیَک لە خۆیدا هەڵگری بەهای دەروونی، ئاکاری و مرۆڤییە. شاعیر دەیەویَ لە ڕیَی شیعرەوە چۆنیەتی جووڵە و دروستبوونی وەرزەکانی ساڵ بۆ منداڵان بخاتەڕوو. دەبینین گوتاری شیعر لەم قۆناغە جیاوازە لەگەڵ قۆناغی پیش ئازادبوون، ئەو کات زیاتر منداڵان هان دەدران فیَری خۆشەویستی نیشتمان بن، ئازار و مەینەتیەکانی میللەتی کوردیان بۆ منداڵان ڕوون دەکردەوە. هاوکات هانی منداڵنیان دەدات بخویَنن. لە کۆی هەموو ئەم نموونانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەویَت، کە شیعر دەبیَتە هۆکاریَک بۆ پاراستنی بەها پیرۆزەکان، ئەو بەهایانەی پیَوەستن بە تاکی کۆمەڵگەوە. واتە دەتوانین لە ڕیَی شیعرەوە ئەرکیَکی پەروەردەیی جیَبەجی بکەین. ئەویش بە دەربڕینی بەهاکان لەناو شیعردا، واتە شیعر دەکەینە هۆکاریَک بۆ ئەوەی ئامانجیَکی پەروەردەیی هەبیَت و بەهاکان لە ڕیَیەوە بە تاکی کۆمەڵگە بگەیەنین.

### ٢. گەشەپێدانی هەستی ڕەخنەیی

شیعر لە بنەڕەتدا وێناکردنە، هونەری وێناکردن ڕەگەزێکی سەرەکی شیعرە، شیعر لە جیاتی ڕەنگەکان دێت بە وشە وێنای شتەکانمان بۆ دەکات. وێنەی شیعریش نایەتە دی تەنها بە خەیاڵ نەبێت. کەواتە ئەوە خەیاڵە وێنەی شیعری دروست دەکات. ((ئەدەب و ڕەخنەی نوێ بڕوای بە توانا و گرنگی لە ڕادەبەدەری ئەندێشە هەیە لە کاری ئەدەبییدا. بە جۆرێک باسکردنی وێنە و باسکردنی خەیال تێکەڵ یەک بوون هەتا هەندی ڕەخنەگر خەیاڵ بە موورادیفی وێنە دادەنێن، لە ڕاستیدا ڕەگەزێکە لە وێنە و هونەرییەتی دەربڕین و ئاسۆی بیرکردنەوەی شاعیری دەخاتەسەر و وەسیلەیەکە بۆ ئەنجامدانی.)) [گەردی: ٢٠٠٤: ٦٩] کەواتە خەیاڵی قووڵ هەمیشە وێنەی هونەریی قووڵمان بۆ دروست دەکات. هەر بە هۆی ئەم هێزەوە (هێزی خەیاڵ) شاعیرانی وەکوو: جزیری، خانی، نالی، مەحوی و حاجی قادرمان هەیە. ئەم وێنە هونەریانە، کە لە ڕێی خەیاڵەوە دروستبوون کاریگەریان لەسەر چێژی خوێنەر دەبێت.

شیعری کوردی وەکوو هۆکارێکی پەروەردەیی ڕۆڵی ئەوەی هەبووە کاریگەری لەسەر چێژی خوێنەر هەبێت، تەنانەت ئەم کاریگەرییە هێندە فراوان بووە، کە شیعر بۆتە تاکە سەرچاوەی مەعریفە و جوانناسی تا سەرهەڵدانی ڕۆژنامە و چاپی کتێب. کەواتە ئەرکێکی گرنگی شیعر ئەوەیە لایەنی خەیاڵ و جوانناسی لە لای خوێنەر پەرەپێبدات و ئاشنایان بکات بە داهێنان. ئەم ئەرکە تەنیا لە ئەستۆی شیعردا نییە، بەڵکوو کۆی بوارەکانی تری مەعریفە دەبێت ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆ بێت. بەڵام شیعر لە سەردەمانێک چونکە تاکە هۆکاری پەروەردە بووە، هەموو ئەرکەکەی کەوتۆتە ئەستۆ. ئەم ئەرکە پەروەردەییە وای کردووە چێژی زۆربەی خوێنەران لە شیعردا چڕ بێتەوە. واتە شیعر هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی خەیاڵ و وێنەی هونەری گەشە پێ بدات.

شاعیرەکان بە شیعر ئەرکێکی پەروەردەیی زۆر گەورەیان خستۆتە ئەستۆی خۆیان، ئەویش پەرەپێدانی هەستی ڕەخنەیی بووە. واتە ئەوان هاتوون ڕەخنەیان لە زۆربەی لایەنە کۆمەڵایەتی و ئاکارییەکان گرتووە. کەسانێک بوون بەرامبەر شتەکان، دیاردەکان بێدەنگ نەبوون.

ئەم هەستی ڕەخنەییە وهاندانی خەڵک بۆ ڕەخنەگرتن لە سیستەم، دوای ئازادی لە باشوور دەبێتە مۆدێل، شاعیران ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، گوتاری ئەوان، گوتاری ئازادییە، ڕەخنەگرتنە لە دەسەڵات. (پەشێو) لە شیعری (دەسەڵات)دا دەڵێت:

**قەڵەمەکەم چەکوچە و**

**هەر پەیڤێکم- بزمار**

**ستەم لە هەر جێیەک بێ**

**دەیسمم وەک تەختەدار!** [پەشێو: ٢٠٠٦: ٢١٠]

کەواتە ئەوەی شاعیر مەبەستیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمە لەهەر جێگایەک بێت، جا ئەو ستەمە داگیرکەربێت یان ستەمی دەسەلاتێکی خۆمالیی بێت. ڕاستە ئەم هەستی ڕەخنەییە تاکوو ئێستاش لە پارچەکانی تری کوردستان دژ بە داگیرکەرانە، بەلاّم گوتاری ئەم جۆرە شیعرانە ڕووەو دەسەلاّتی خۆمالّییە. کەواتە گوتاری شیعری ئەم ماوەیە، گوتارێکە لە خزمەت ئازادی، لە خزمەت پەروەردەکردنی مرۆڤی کورد. کەواتە قۆناغی دوای ئازادی نەتەوەیی، قۆناغێکی قورسترە، چونکە لێرەوە پەروەردەی جەماوەر دەست پێ دەکات، قۆناغی بنیادنانەوەی جەماوەر، قۆناغی دروستکردنی جەماوەر بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکمان بۆ دروست بێت، مرۆڤ . بۆ ئەوەی ئەو دروشم و ئامانجانەی سەردەمی شۆڕش و ڕزگاری ڕەهەندی تر وەردەگرن. واتە ئەو ئامانجانەی خەڵک و شۆڕش لە پێناویدا خەباتیان کرد، دەبێ بە پراکتیک بکرێن.

(لەتیف هەڵمەت) وەکوو شاعیرێک دوای ڕەپەڕین ڕەخنەیەکی توند و ئاشکرا لە هەموو ئەو کەسانە دەگرێت، کە خەریکی بازرگانین بە مال و سامانی گشتییەوە. ئەو ناوی ئەم کەسانە بە گورگ دەهێنێت. ئاشکرایە گورگ دڕندەیەکە زۆر تەماحکارە. کاتێک گورگ لە ڕانێک دەدات، ئەوەندە تەماحە ئەگەر یەک دانە بخوات ئەوا دەیانی تر بریندار دەکات و لاشەکانیان جێدەهێلێت.

- **گورگ تێربوونی بۆ نییە**
- **هەر برسییە و هەر برسییە و هەر برسییە**
- **نەء وا نییە.... نەء وا نییە**

**ئەم قسانە دەربارەی گورگ ڕەوا نییە**

***ئەی گورگ چیە؟**

**- گورگ ئێستاکە... کەڵبە و چڕنووکی نییە**

**بەرخ و کارژۆڵە ناخوات**

**پەلاماری مرۆڤ نادات**

**وەک من و تۆ شاری و شارستانییە**

**شاڵی بەستووە حاجییە**

**بۆینباخی لە ملدایە ئەفەندییە** [دیوانی لەتیف هەڵمەت: ٢٠١٤: ٦٤٦]

ئەم شیعرە وەکوو ئۆپەرێت نووسراوە، منداڵێکە پرسیار لەبارەی ناوی گورگ و سیفەتی گورگ و خاسیەتی گورگ دەکات. هەر لە سەرەتاوە شاعیر گورگ دەکاتە هێما و ڕەمزێک بۆ هەموو ئەو کەسانەی کاتێک لە شاخ بۆ ڕزگاری گەلی کورد تێدەکۆشان و پاش ڕاپەڕین ئەم سیفەتەیان گۆڕا و بوون بە تاڵانچی و ماڵ و سامانی گشتییان دەخوارد. هەر لە سەرەتاوە شاعیر ئەوەمان پێ دەڵێت گورگ تێربوونی بۆ نیە، بەردەوام برسیەتی، بەڵام منداڵەکە باوەڕ ناکات. لە ڕاستیدا گورگ وەکوو ئاژەڵێک تێر دەبێت، دەتوانێت بەشی خۆی بخوات و هەرچەندە زێدەڕۆییش دەکات. بەڵام ئەو سیفەتە سیفەتی مرۆڤانێکە هەموو شتێک دەخۆن و تێرنابن. بۆیەیش کاتێک وەسفی ئەم جۆرە گورگانە دەکات، جیایان دەکاتەوە لە گورگ وەکوو ئاژەڵ. ئەم جۆرە گورگانە، گورگێکن شارستانین، هەندێکیان کەشیدەیان لەسەرە و و شاڵیان بەستووە، هەندێکی تریان بۆینباخیان لە ملە و خۆیان وەکوو کەسانی شارستێنی نیشان دەدەن. ئەم جۆرە ڕەخنەگرتەنە هەوڵدانە بۆ دەرخستن و پێناسەکردنی ئەو مرۆڤانەی هەرگیز تێرنابن و بەردەوامن لە دزی و تاڵانی و بردنی سامانی گشتی. شاعیر بۆ پتر ڕوونکردنەوەی سیفەتی ئەم جۆرە گورگانە بەردەوام دەبێت:

**بابایەکی بازرگانە و بازرگانە و بازرگانە**

**هەموو شتێک دەفرۆشی**

**هەموو شتێک دەکڕی**

**هەموو شتێک دەفرۆشێ**

**سوخمەی مەمک، تلیاک... دەرپێ**

**هەموو شتێ**

**هەموو شتێ**

**هەموو جۆرەکانی وێسکی و ...بیرە و پاکەت ....**

**هەتیو ....ئافرەت**

**سەری شەهید.... فەرشی مزگەوت**

**خوێنی منداڵ....بانزین....گاز ... نەوت**

**بەرماڵ....تاخمی پەرداخی مەیخانە**

**هەموو شتێ**

**هەموو شتێ**

**تەنانەت ئەم نیشتمانە...!** [دیوانی لەتیف هەڵمەت: ٢٠١٤: ٦٤٦– ٦٤٧]

بۆ گەشەپیدانی هەستی ڕەخنەیی شاعیر بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ناو و سیفەتی ئەو کەسانەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە شێوەگورگ و سیفەت گورگیان هەیە. ئەو کەسانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەموو شتێک دەفرۆشن، لە بچووکترین شتەوە تاکوو گەورەترین شت. ئەم کەسانە گوێ بە هیچ نادەن، تەنیا گیرفانی خۆیان نەبێت. ئەو کەسانە هەموو شت دەفرۆشن، تەنانەت نیشتمانیش، کە گەورەترین و پیرۆزترین بەهایە. ئەم شیعرە لە ساڵی ١٩٩٧دا بڵاوکراوەتەوە، دەبینین ئێستا هەموو ئەمانە هاتوونەتە دی، ئەو کەسانەی سەردەمانێک لە شاخ لەپێناو خاک و نیشتمان خەباتیان دەکرد، ئێستا خەریکی بازرگانین، خاک و سامانی گشتییان لە لا گرنگ نییە، بەڵکوو گیرفانی خۆیان بەلاوە گرنگە.

**گورگ ئێستاکە بێ چرنووک و بێ ددانە**

**تۆبەی تەواوی کردووە**

**ئەندامی پەرلەمانە**

**هەقی لە هیچ شتێک نییە**

**تەنیا وەستای دروستکردنی گیرفانە**

**گیرفان.... گیرفان**

**پارەی سپی تیا هەڵدەگرێ**

**بۆ ڕۆژی ڕەش و تەنگانە**

**گیرفان....گیرفان** [دیوانی لەتیف هەڵمەت: ٢٠١٤: ٦٤٧]

دوا ئامانج و ئەرکی ئەم کەسانە بریتییە لە پڕکردنی گیرفانەکانیان، بریتییە لە پاراستنی گیرفانەکانیان، بریتییە لە بردنی ماڵ و سامان. ئەوان گوێ بە بەرژەوەندی گشتی نادەن، گوێ بە ئایدیا و ئینتیما و خاک و وڵات نادەن. ئەوەی بە لای ئەوانەوە گرنگە تەنیا گیرفان و پارەکانیانە. ئەم تێڕوانینە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی ئەو خەڵکانە. هەوڵێکە بۆ ئەوەی هوشیارییەک لە لای خەڵک دروست بکات، کە هەست بەو مەترسیانە بکەن. هوشیاری ئەوەیان هەبێت ئەو کەسانە بناسنەوە. خەڵک لەم ڕێیەوە هوشیار دەبێتەوە. ئەم شێوازەی شیعر ڕۆڵی گەورەی دەبێت لە دروستکردنی هەستی ڕەخنەیی وە بەئاگا هێنانەوەی جەماوەر لە بەرامبەر ئەرک و مافەکانی.

(جەمال غەمبار) بە شیعرێک دێت ڕەخنە لە بەرامبەر بارودۆخی سالانی نەوەدەکان لە باشووری کوردستان دەگرێت، کە بە هۆی ناکۆکی حیزبەکان خەڵک بارودۆخی زۆر ناخۆش بووە. ئەمەش لە پێناو هوشیارکردنەوەی خەڵک بۆ ئەوەی نەبنە بەشێک لەو ململانێیە:

**مەپرسە، نا... لێم مەپرسە**

**کێ ڕووبارەکانی پڕ لە گەوجێتی و**

**کۆترەکانی فێرە فسکە فسک و**

**درەختەکانی وا ڕاهێنا**

**ڕاپۆرت لە یەکتری بدەن**

**هەموو دنیا، سەراپا بەشەرییەت**

**خەریکە مانایەکی تازە بۆ شەڕ و چیرۆکی خەتا دەدۆزێتەوە**

**کەچی تۆ... تازە داوا لە پاسارییەکان**

**دەکەیت... خەتا مەکەن**

**با خوداوەند کوێرتان نەکات** [غەمبار: ٢٠١٠: ٢٣٢]

پەیامی ئەم شیعرە ئەوەیە تاکوو خەڵک هوشیار بکاتەوە و ڕەخنە ئاراستەی دەسەڵاتداران بکات، کە چۆن دەیانەوی واتایەکی تر بە گوناح و خراپە ببەخشن. هەر ئەم حیزبانە بوون خەڵکیان وا ڕاهێنا دژ بە یەکتری ڕاپۆرت بدەن، هەر ئەوانە بوون وایان کرد لە بری ئازادی بۆ وڵات شەڕیان لە شاخەکانەوە هێنایە ناو شارەکان. بۆیە لەم ڕێیەوە شاعیر ڕەخنە لە کردەوەی هەموو ئەوانە دەگرێت.

نیشتمانی کوردان بە هۆی شەڕی براکانەوە هەمیشە تووشی وێرانبوون بووە، تاکەکانی تووشی ئاوارەیی و مەنفا بوون. لەم ڕووەوە شاعیران بەردەوام ئەو خەمەیان کردۆتە هەوێنی شیعر، لە ڕێی شیعرەوە رەخنەیان لەو بارودۆخە گرتووە:

**ئەوەی ڕۆحی بەشێکی جەنگ بێ، بەشێکی با**

**بەشێکی وەفا، بەشێکی خیانەت و**

**بەشێکی بەرائەت نەیبردبێت، من ناناسێت.**

**ئەوەی سبەینان حەکیم و ئێواران مەست و**

**شەوان سەرلەنوێ لە گڕوگاڵەوە دەستپێنەکات،**

**لە سەفەرەکانم ناگات** [قانع: ٢٠٠٥: ٢٠٢]

دەبینین شیعر دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی شاعیر ناسنامەی خۆی وەکوو کەسێکی پەناهەندە بناسێنێت. کۆمەڵێک سیفەتی وەکوو جەنگ، مەنفا، خیانەت، مەست و حەکیم...تاد دەگاتە شوناسی خۆی. بەمەش دەیەوێت ڕەخنە لەو دەسەلات و سیستەمە بگرێت، کە ئەو ناسنامەیان بە تاکی کورد بەخشیوە.

ڕەخنەگرتن لە شەڕ لای شاعیران بەردەوامی دەبێت، واتە شاعیران دەچنە بەرەیەک، کە بەرەی دژ بە جەنگە، بەتایبەتی شەڕی براکوژی. بەمەش شیعر ئەرکێکی پەروەردەیی جێبەجێ دەکات، کە پەرەپێدان و گەشەسەندنی هەستی ڕەخنەییە بەرامبەر جەنگ. (قوبادی جەلیزادە) لە ساڵی ١٩٩٤دا لە شیعری (فیشەکی ڕەحمەت) دژ بە جەنگی براکوژی هەڵوێست وەردەگرێت و شێعر دەکاتە هۆکارێک بۆ ئەوەی خەڵکی لە مەترسییەکانی ئەم شەڕ ئاگادار بکاتەوە:

لە ترۆپکی خەرەندە حەساوەکانەوە کە پێی دەڵێن
نیشتمان،
دەڕوانمە داتەپینی ئاسمان و هەرەسهێنانی زەوی
کێ نیشتمانەکەمی لەبەر چاوی نەتەوەکەم
ڕەش کرد؟
کێ نەتەوەکەمی لەبەر چاوی نیشتمانەکەم
ڕەش کرد؟
نیشتمانەکەم زوو قژی ڕووتاویەوە،
خەتای خۆمان بوو یا خەتای دوژمنەکانمان
نەتەوەکەم ددانەکانی زوو هەڵوەرین
خەتای دوژمنەکانمان بوو یا خەتای خۆمان [جەلیزادە: ٢٠٠٧: ٣٢٩]

ئیشکردن لەبارەی پیشاندانی ڕووی یەکەمی جەنگە، جەنگێک بە دەستی براکان. شاعیر هەر لەسەرەتاوە باسی وێرانبوونی نیشتمانمان بۆ دەکات. لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە، دەبێت کێ بێت خەمی نیشتمانی نەبێت و نەتەوە و نیشتمان لەبەر چاوی خەڵک بکەوێنێت. دەبێ کێ بێت هۆکاری ڕەشبوونی نیشتمانە. کێیە وا نیشتمان قێزەون و نەتەوە وا ناشرین نیشان دەدات. بە واتایەکی تر ئەرکێکی پەروەردەیی دەخاتە سەر شیعر دەکات، کە شیعر دەبێتە هۆکارێکی پەروردەیی بۆ ئەوەی چیتر خەڵکانی تر ئەو یارییە بە نیشتمان نەکەن. بۆ ئەوەی چیتر نیشتمان نەکەوێتە بەر فیشەکی ڕەحمەتی براکان و ئیدی کەس ئینتیمای بۆ نیشتمان نەمێنێت. خوێنەر ڕووبەڕووی ئەو

پرسیارە دەکاتەوە ئایا ئەوەی بە نیشتمان کراوە، خەتای خۆمانە یان دوژمنەکانمان؟ بێگومان شاعیر لەم شیعرەدا خەتاکە دەخاتە ئەستۆی خۆمان، بەوەی کەسمان ئامادەییمان تێدا نییە نیشتمانمان خۆش بوێت. هەر لەم شیعرەدا شاعیر بەراوردێکی جارانی بارودۆخی نیشتمان لەگەڵ ئەو کاتەی شیعرەکەی تێدا نووسیوە دەکات:

ئاخ ئەوساکە چەند ڕەزا سووک بوو
نیشتمانەکەم بووکەشووشەیەکی چەند ڕەزا سووک بوو
چەند بی گوناح بوو، ئاخ ئەوسا نەتەوەکەم
کارمامزێکی چەند بێ گوناح بوو
لە دەستم داوە، من خۆشەویستی نیشتمانەکەم لە دەست داوە
لە دەستم داوە، من خۆشەویستی گەلەکەم لە دەست داوە
کی گوڵە سوورەکانی فەساد کرد، ئابڕووی پەپوولانی هەڵوەراند؟
کی بووکی لەسەر زین دابەزاند و ئەسپە سپییەکانی
گەڕاندەوە
چەهەننەم؟ [چەلیزادە: ٢٠٠٧: ٣٣٠]

بەراوردێکە لە نێوان کاتی پێش نووسینی شیعرەکە و کاتی نووسینی شیعرەکە، کە ساڵی ١٩٩٤ە سەرەتای دەسپێکی شەڕی براکوژی لە دوای ڕاپەڕین. هەموو خەڵک لە شۆڕشەکانی کورد، بە هەستێکی نەتەوەییەوە، بە هەستێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە بۆ نیشتمان ئامادەی قوربانیدان بوون. بۆیە ئەوسا نیشتمان شتێک بوو هەموو خەڵک خۆشی دەویست، هەموو خەڵک ئامادەی قوربانیدان بوو لە پێناویدا. بەڵام ئەوانەی وایان کرد خەڵک سڵ لە نیشتمان و نەتەوە بکاتەوە. هەر ئەو حیزبانە بوون چەمکی نەتەوە و نیشتمانیان ئەتک کرد. وایان کرد خەڵک ئامادە بێت نیشتمان جێبهێڵێت. ئەوان بوون هەموو جوانییەکانی نیشتمانیان وێران کرد. باسکردنی ئەم بابەتە هەولێکە بۆ ئەوەی خەڵک هوشیار بکاتەوە لەوەی کێ هۆکاری ئەم هەمووماڵوێرانییەیە.

شاعیرێکی وەکوو (بەکر عەلی) لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە هەوڵدەدات ڕەخنە لە نادادی و ستەم بەرامبەر بە خەڵک بگرێت. بەمەش ڕووی ڕاستەقینەی هەموو ستەمکارێک نیشان دەدات. شاعیر لە شیعری (ترێی تاڵ) ڕەخنەکانی ئاراستەی ئەو کەسانە دەکات، کە هۆکاری چەوساندنەوەی خەڵکن:

**شیعرەکانم ترێی تاڵن**
**نابنە گوڵلە..**

**نابنە قامچی و قەپ و بارووت**
**سندوقێکن**
**پڕن لە پێڵاو و پێک و ئافرەت**
**بەڵام گیانە ئەگەر واش بن**
**شاعیرێک وەک ئەفەرمووێ**
**بەم ڕادەیە بەرەڵاش بم**
**بەختەوەرم هەر هیچ نەبێ**
**وەک ناوت نام**
**منی گێل... منی ترێی تاڵ**
**تەنها شەوێک**
**نوێنەکەتم پڕ نەکرد، لە ماچ و قەپاڵ** [عەلی: ٢٠١٠: ٥٨]

لەم شیعرەدا نادادی کۆمەڵایەتی پیشان دراوە، هەردوو ڕەگەز نێر و مێ بەرامبەر یەکتری، یەکیان دەنگی زاڵە، کە نێرەکەیە و ئەویتریان دەنگی نادیارە کە مێیە. نێر، کە خودی شاعیرە ستەمی لێکراوە و نادادی بەرامبەر کراوە، بەوەی کوڕە هەژارە، چونکە دەنگی مێینە چەندی وشەی نەشیاوی داوەتە پاڵ شاعیر، وەکو: خۆپەرست، گێل، سست...تاد. هەموو ئەمانە نیشانەی ئەوەن دەنگی مێینە خۆ لەسەرووی شاعیرەوە دەبینێت، ئەویش بێگومان بە هۆی پلەی کۆمەڵایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتییەوەیە. لەناو کوردیش لە زۆربەی بارەکاندا پێگەی کۆمەڵایەتی لە ڕێی دەوڵەمەندی و هەژارییەوە دیاری دەکرێت. شاعیر ڕەخنەی ئەوە دەگرێت، کە خۆشەویستی پێوەندی بە پێگەی کۆمەڵایەتییەوە نییە، بەڵکوو پێوەندی بە دڵسۆزی و وەفادارییەوە هەیە.

لێرەوە دەزانین شاعیران لە هەوڵدابوونە جۆرێک لە هوشیاری لە ڕێی شیعرەوە بە خەڵک ببەخشن. واتە شیعر لێرەدا ئەرکێکی پەروەردەیی هەیە. شیعر چیتر بۆ ئەوە نییە گەمەی خۆشەویستی و عیشق بکات، شیعر ئەرکێکی فراوانتری هەیە، ئەویش ئەرکێکی سۆسیۆلۆجییە، کە ئەدەب ئەرکی خۆی بەرانبەر تاک و کۆمەڵگا جێبەجێ دەکات، بەوەی ئەدەب بە گشتی و شیعر بەتایبەتی کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر خەڵک هەیە و دەتوانن خەڵک ئاراستە بکەن. بەم هۆیەوە شیعر لیرەدا رووی ڕاستەقینەی ئەو خەڵکانە نیشان دەدات، کە دژ جوانین. شیعر لیرەدا هەستی ڕەخنەیی لای خەڵک دروست دەکات، بۆ ئەوەی لێکدانەوەیەکی سۆسیۆلۆجیایانەیان بەرامبەر دیاردەکان هەبێت.

## ٣. گەشەپێدانی زمان و شێواز

زمان پێش هەموو شتێک ئەزموونکردنێکی ڕۆژانەییە، بەڵام لای (هایدیگەر) ماڵی بوونە، بۆیە دەڵێت: ((پێشمەرجی ئۆنتۆلۆجی بۆ بنەڕەتی زمان گوتار یان گوتنە.)) [هایدیگەر: ٢٠١٣: ٢٣٦] کەواتە ئەوەی بوونی زمان دەسەلمێنیت، زمانی ئاخاوتنە. لێرەدا زمانی ئاخاوتن چالاکییە ڕۆژانەییەکانی مرۆڤە، دەبێتە بابەتی زانست و مەعریفە. دەبێتە کەرەستەیەک بۆ خود و مەعریفە، کەواتە ئەرکێکی کۆمەڵایەتییانەی هەیە، کە دواجار دەبێت بە گوتار (الخطاب). ئەو گوتارە چ سیاسی، تیۆری، زانستی و ئەدەبی بێت. لێرەوە شیعر ئەرکە پەروەردەییەکەی بۆ پەرەپێدانی زمان و شێوازی نووسین دەست پێ دەکات. بۆ نموونە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری بۆتە کەرەسەیەکی زۆر باش بۆ دەیان دەقی ئەدەبیی نووسراو. (مەم و زین) وەکوو دەقێک بە شێوەی ئاخاوتن و زارەکی لەسەر زمانی خەڵکی بووە، (ئەحمەدی خانی) دێت بە شێوازێک دایدەڕیژێتەوە، ئەمە وەکوو لایەنی پەروەردەیی دەیان شاعیر تر چاوی لێ دەکەن. بۆ نموونە شێوازی نووسینی شیعر لە پێش (ئەحمەدی خانی) و دوای ئەویش هەم زمانەکەی، هەم شێوازەکەی شێعری کلاسیک بووە، بەڵام ئەم شاعیرە گەورەیە دێت هەم زمانەکەی و هەم شێوازەکەی دەگۆڕێت. کاتێک (نالی) شاعیر دێت زمانی شیعر گۆڕانکاری زۆری بەسەردا دێت. کەواتە شیعر وەکوو ئەرکە پەروەردەییەکەی هەولێک بووە بۆ ئەوەی زمان گەشە بکات. دواتر لە سەرەتای سەدەی بیستەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانن گۆڕانکاری لە ناوەڕۆک و شێوازی شیعردا دروست دەکەن. ((ئەگەر شیعرێک هەستی خەڵکی بزواند، ئەوا دیارە ڕێچکەیەکی تری گرتووە لە نوێکردنەوە و پاککردنەوەی شیعری کوردی لە زمانی بێگانە.)) [کاک ئەمین: ٢٠٠٨: ٦٩] لە ڕێی ئەو گۆڕانکاریانەوە چەندین ڕێبازی ئەدەبی بۆ نموونە ڕۆمانسیزم، ڕیالیزم، سوریالیزم دێنە کایەوە.

دەستکاریکردنی فۆرمی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا مێژوویەکی کۆنی هەیە. بۆ نموونە لە سەدەی چوارەم تاکوو سەدەی هەژدە، شیعری کوردی چ لە رووی کێش و سەرواوە، چ لە ڕووی قالبەوە گۆڕانکاری زۆری بەسەر دێت. (د. مارف خەزنەدار) لە بەرگی دووەمی (مێژووی ئەدەبەی کوردی)دا باسی شاعیری کورد (ئەڵماس خانی کەندووڵەیی ١٧٠٢- ١٧٧٦) ئەم شاعیرە بە پێچەوانەی زۆربەی شاعیرانی تر، دێت فرنۆرمی نوێی شیعر دەهێنێتە ناو شیعری کوردییەوە. بۆ نموونە دەقگەلی وەکوو ڕۆمانە شیعر، چیرۆکە شیعر دەنووسێت. ئێمە ئەوە دەزانین ئەم شاعیرە لە ڕووی تیۆرییەوە هیچ ئاگاداری ئەم فۆرمە لە شیعر نەبووە، بەڵام ئەو بەیتانەی بە شێوەی

زارەکی لەناو خەڵکدا باوبوونە ئەو هاتووە کردوونی بە شیعر. ((ئەڵماس خان کۆمەڵێک ڕۆمانی شیعری هۆنیوەتەوە، هەندێکیان لە لایەن شاعیرانی ترەوە هۆنراونەتەوە، بەڵام هی وایان تێدایە بابەتی بەرهەمەکە تەنیا ئەڵماس خان دەستی بۆ بردووە، لەمانە: ١. خورشید و خەرامان یا خورشیدی خاوەر.

٢. شیرین و فەرهاد. ٣. هەفت لەشکر یا هەفت پەیکەر. ٤. نادرنامە.

٥. ڕۆستەم و زۆراب. ٦. مەنیژە و بیژەن. ٧. کەنیزەک و یازدە ڕەزم.

٨. شەماڵ و زەلاڵ.)) [خەزنەدار: ٢٠٠٢: ٦٠_ ٦١]

(شێرکۆ بێکەس) لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٣- ١٩٩٨ دیوانە شیعری (ئافات) بڵاو دەکاتەوە. ئەم دیوانە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بۆ ئەدەبیاتی شیعری هاوچەرخ کارێکی تازەبوو. لێرەدا مەبەستمانە بڵێین ئەم ئەزموونە ڕاستەوخۆ مامەڵەکردنە لەگەڵ مێژوو لە پێناو وروژاندنی هەست و بیری نەتەوەیی. شاعیر دێت کۆی کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفالمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئایا ئەمە چ پێوەندی بە شێواز و زمانەوە هەیە؟ داهێنانەکەی شاعیر لێرەوە دەست پێدەکات، کە چۆن بە زمانی شیعر مامەڵە لەگەڵ مێژوو دەکات. شاعیر نایەت بە سیمبول مێژوو بهێنێتە ناو شیعرەوە، بەڵکوو مێژوو بە شیعر دەکات:

**سەد بێشە (خودە) ئەجووڵێ و دێتە پێشێ**
**سەد بێشە پۆستاڵ... سەد بێشە تفەنگ**
**سەد بێشە بەلا و**
**سەد بێشە تاوان ئەجوڵێ و دێتە پێشێ**
**ئەمێستاکە بەغدا**
**دۆڵپای هەشتاوهەشتی ئاسنینە، پێیەکی**
**لەسەر زاخۆیە و**
**ئەویتریان لەسەر بەسرە و مێژووی کۆن و**
**مێژووی تازە قووت ئەدات و تاعونێکی نێودەوڵەتیی**
**خۆشەویستی سەر زەمینە** [دیوانی شێرکۆ بێکەس: ٢٠٠٦ : ٤٤]

لێرەدا گۆڕینی ئەرکی مێژوو بە ئەرکێکی ئێستاتیکی هەوڵێکە بۆ ئەوەی مێژوو دیسان بنووسینەوە، بەڵام بە شیعر. مێژوو دەبێتە تەوەرێکی سەرەکی شیعرەکانی ئەم شاعیرە. لە ڕێی شیعری ئەم

شاعیرەوە بەتایبەت لەم دیوانەیدا شیعرەکانی (١٩٩٣– ١٩٩٨) دەتوانێت گێڕانەوەی مێژوویی بکاتە جوانی و شێعرییەت. ئەو دێت بە فانتازیاوە دیسان ئەو برینانەی لە جەستەی گەلی کورددا هەیە دەنووسێتەوە. ئەمەش بۆ ئەوەیە ئەرکێکی پەروەردەیی بداتە شیعر و نەوەکانی دوای ڕاپەڕین ئاشان بن بەو مێژووە.

لە کۆتایی ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردوو هەر لە باشووری کوردستان، گرووپێک لە کفری مانیفێستێک بۆ نوێکردنەوەی شێعری کوردی دەنووسن، بەڵام ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە (١٩٧١/٧/١) لە کۆنگرەی دووەمی نووسەرانی کوردی لە شاری هەولێر، بەڵام ئەمە تەنیا قسەکردنە و هیچ بەڵگەیەکی بڵاوکراوەمان نییە، کە پێش ڕوانگە نووسرابێت. ئەندامانی گرووپەکە بریتیی بوون لە: لەتیف هەڵمەت، فەرهاد شاکەلی، لەتیف حامد، سەلام داماو، ئەحمەد شاکەلی. لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەم مانیفیستە ئەدەبیانە هەر لەسەر ئاستی گرووپ نەبوو، بەڵکوو لەسەر ئاستی تاکەکەسیش بڵاوکرانەوە. بۆ نموونە (ئەنوەر مەسیفی) لە ((ساڵی ١٩٩٣دا بەیاننامەی (دووەمی فۆرمی گران)ی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوی بڵاوکردەوە. ئەم شاعیرە بانگەوازی نووسینی شیعری بە فۆرمی گران دەکرد، کە خۆی دایهێنابوو و تایبەت بوو بە شیعری خۆی.)) [مەنتک: ٢٠٠٩: ٦٨]

**لە**
**پەنا**
**ژنێکی**
**چارۆگ**
**سپی**
**کاهینیم**
**لە مانگ**
**وەری**
**مانگ لە پەنا**
**ژنێکی چارۆک سپی**
**لە کاهینیم وەری**
**مانگ لە پەنا**
**ژنێکی چارۆک سپی**

**لە کاهینیم وەری**

**لە پەنای کاهینیم**

**مانگ لە ژنێکی**

**چارۆک سپی وەری**

**ژنێکی چارۆک سپی**

**لە پەنا کاهینیم**

**لە مانگ وەری**

**لە پەنا مانگ**

**ژنێکی چارۆک سپی**

**لە کاهینیم وەری**

**کاهینیم**

**وەری** [مەسیفی: ٢٠٠٣: ٤٠_٤١]

ئاشکرایە بۆ ئەوەی فۆرمێکی نووسینی تری شیعر بهێنێتە کایەوە چ یارییەک لەگەڵ زمان دەکات. چۆن وشەکان پاشوپێش دەکات. لیرەدا سێ وشەی (ژنێکی چارۆگ سپی، کاهین، مانگ) چۆن یارییان لەگەڵ دەکرێت. هەر جارەی لە شوێنێکی ڕستەکان دادەنرێن. لە هەموو شوێنەکانیش گۆنجانێک لە نێوانیاندا کراوە. ئەم شێوە تەکنیکە جۆرێک لە فۆرمی تازەی بە شێعرەکە بەخشیوە، هاوکات ڕیتمێکی نوێی لە بنیادی مۆسیقای شیعرەکە دروست کردووە. ئەم فۆرمە هەوڵێکە بۆ ئەوەی بە شاعیرانی سەردەمی خۆی و پاش خۆی بڵێت ئەو فۆرمەی شیعری پێ نووسیوە، فۆرمێکی تازەیە.

هەمان شێوە لە ساڵی (١٩٩٤) لە شاری هەولێر یاخیبوونێک لە ئەدەبیاتی کوردیدا ڕوودەدات، گرووپێک بە ناوی (گرووپی وێران) بە سەرپەرشتی (فەرهاد پیربال) مانیفیستی وێران بڵاو دەکەنەوە. ئەوانە گۆڤارێک بە ناوی (وێران) دەردەکەن. ئەوان لەژێر کاریگەری ڕێبازی دادایی و سوریالی بوون. بە شێعر و ئەدەبیات ڕەخنەیان لە هەموو شتێک دەگرت. ئەوان بریتیی بوون لە: فەرهاد پیربال، هاشم سەڕاج، عەباس عەبدوڵلا یووسف، ئەحمەدی مەلا. هەر (فەرهاد پیربال) لە ساڵی ١٩٩٩دا مانیفێستی دووەمی وێرانی بڵاوکردەوە. هەموو ئەو مانیفیستانە دەبنە گوتارێک بۆ ئەوەی بەرە بەرە شیعری کوردی و ئەدەبیاتی کوردی نوێ بکرێتەوە. هەموو ئەمانە گوتارێکی پەروەردەییان هەبووە. ئەم گوتارە پەروەردەییە وای کردووە لە هەر قۆناغێک زمانێکی نوێی

شیعری، شێوازێکی نوێی شیعری بێنێتە ناو ئەدەبی کوردییەوە. بۆ نموونە لە ڕووی تۆبۆگرافیای شیعرەوە، گۆڕانکاری بەسەردا دێت. (فەرهاد پیربال) شیعرێک بۆ هەولێر دەنووسێت، بەڵام بە وشە وێنەی بورجی ئیڤڵمان بۆ دەکات:

**لە**

**پاریس**

**جار جار**

**دەچم**

**لەسەر**

**بڵندترین**

**دوندی**

**بورجەکەی**

**ئیڤڵ**

**ڕادەوەستم**

**هەموو شوێنێکم لێوە دیارە**

**تەنیا هەولێر نەبێ** [پیربال: ١٩٩٩: ٤٠]

ئەم شێوازە لە شیعر بۆ ئەدەبی کورد تازە بووە. بێگومان نووسینی ئەم جۆرە شیعرە بە کاریگەری ئەدەبی فەرەنسی دەنووسرێت، بەتایبەت ئەم جۆرە شیعرە شاعیری فرەنسی (گیوم ئەپۆلینیر) داهێنەریەتی. لەم جۆرەیاندا شاعیر بە وشە تابلۆیەکمان نیشان دەدات. ئەم جۆرە شیعرە پێی دەگوترێت: شیعری کالیگرام. لیرەوە شێوازێکی نوێی نووسینی شیعر لە ڕووی تۆپۆگرافییەوە دێتە ناو گوتاری شیعری کوردی و شیعری کوردی لە ڕووی شێواز و زمانەوە دەچێتە قۆناغیکی تر .

(سەباح ڕەنجدەر) بۆ گوزارشتگرن لە دوو چەمکی ژیان و مردن، بە شیعر فۆرمێک دەکێشێت و ئێمە لە ڕێی فۆرمەکەوە دەتوانین خوێندنەوە بۆ شیعرەکە بکەین:

**ژیان ژیان ژیان ژیان ژیان**

**دوای ئەو هەموو لەخۆ دوورکەوتنەوەیە ژیان**

**گۆڕیەی گەلا ژیان**

**لەپێی ژیان دەکەم ژیان**

**پەڕینەوە بۆ ناو دارستانەکان بۆ خۆم       ژیان**
**ژیان     ژیان     ژیان     ژیان     ژیان**
**مشتومڕی ڕەنگە ساردەکان**
**ئەی تاوانبارکراو بە مردن**
**مردن     مردن     مردن  مردن مردن**
**لەژێر خاکێکی دڵخۆش          مردن**
**بەدیار پەنجەرەیەکی چاوکراوە       مردن**
**لەخۆم نزیک دەبمەوە          مردن**
**ئەستێرەیەکی هەمیشە هەڵاتوو       مردن**
**دێنمە کنە خۆم          مردن**
**مردن مردن مردن     مردن     مردن** [ڕەنجدەر: ٢٠٠٦: ١٠٩]

ئەگەر لە ڕووی تۆبۆگرافیای شیعرییەو ە لەم شیعرەی سەرەوە بروانین هەوڵێکە بۆ وێناکردنی دۆخی ژیان و مردن. کە مرۆڤ ناتوانێت لێیان دەرچێت. ئەو چەمکە مرۆڤ مەحکووم بە خۆیان دەکەن. ((مرۆڤ هەر لە کایەی ژیان و مردنەکەدا پێناسەی خۆی دەدۆزێتەوە و چێژ لە بوونی خۆی وەردەگرێ دەزانی ژیان بۆ چییە و مردن بۆ چییە.)) [ئیبراهیم: ٢٠١٢: ٢٠٢] ئەم فۆرمە، ئەم زمانە شێوازێکی نوێ دەهێنێتە کایەوە، کە پێشتر بەکارنەهاتووە. واتە شاعیران شیعر دەکەنە هۆکارێک بە شێواز و زمانی جیاواز بۆ ئەوەی پەیامەکەی خۆیان بگەیەنن.

ئەم فۆرمە لە شیعرنووسین، کە فۆرمی وێنەییە دەبێتە گوتاری شیعری دوای ڕاپەڕین بەتایبەت ئەو ماوەیەی ئێمە کارمان لەبارەوە کردووە. (نەوزاد ڕەفعەت)یش بە هەمان شێوە چەندین نموونەی شیعری وێنەیی لە ناو شیعرەکانی دەبیندرێت. بۆ نموونە، کاتێک دەیەوێ گوزارشت لە چەمکێک بکات، دێت بە وشە وێنە ئەو چەمکە دەکێشت. لە شیعری (نەگونجان)، کە لە ساڵی ١٩٩٨دا نووسیویەتی، لە ڕێی وشەی هەرەمەوە گوزارشت لە دۆخی ناوەوەی خۆی دەکات:

تەنەکە زبڵی دیرۆکی دزێویم بۆ فڕێ نادرێت

م
هەرەم
هەرەم هەرەم
هەرەم هەرەم هەرەم

هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم
هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم
هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم
هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم
هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم
هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم
هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم هەرەم
هەرەمما پی بنیات نانرێت
سەردولکەم بەشی ئەو پۆلە دۆستە ناکات   [ڕەفعەت: ٢٠٠٤: ٢٣٨]

لێرەدا خوێنەر زیاد لە هەستێکی بەشداری لە خوێندنەوەی شیعرەکە دەکات. واتە شاعیر دەیەوێ تەنیا بە هۆی خوێندنەوە و وشەوە پەیامەکەی بە خوێنەر نەگەیەنێت بەڵکوو وەکوو تابلۆیەک لە شیعرەکە بڕوانێت. ئەم فۆرمە نوێکردنەوەی شێواز و زمانی شیعر بوو. هێندەی ئێمە لە ڕەوتی شیعری کوردی ئەو ماوەیە تێبینیمان کردبێت، شاعیرانی دەڤەری هەولێر زیاتر پەنایان بۆ ئەم شێوازە بردووە.

شاعیرانی هەولێر لە دوو بەرگدا بە ناوەکانی (جوایەز ١) و (جوایەز٢) بەرهەمەکانی خۆیان بڵاودەکەنەوە. ئەم دوو بەرگە لە بەرهەمەکانیان فۆرمێک و شێوازێکی نوێ دەبێت بۆ شیعری کوردی. تەنانەت هەندێک لە زاراوە و وشەی نوێ بەکار دەهێنن. لە ژمارە یەکی ئەم بەرهەمە شیعرێکی (عەباس عەبدوڵلا یووسف) هەیە بە ناوی (خوێ):

**لە هیچەوە**
**تا یەک**
**تا دوو**
**تا سێ**
**تا چوار**
**تا حەوت**
**تا دە**
**تا سێزە**
**تاصەد**
**تا صەد و یەک**
**تا هەزار**

**تا هەزار و یەک**
**تا چل هەزار**
**تا هەزار هەزار**
**تا ملوێن**
**تا ملوێن و بلوێن**
**تا ٢١٩٣٦٢٣٧٠٨٠٥**
**تا ٩٢١٨٣٠٦٥٠٤٤٠٩٧١٦**
**تا --- تا ----...----** [جوایەز١: ١٩٩٩: ١٤]

ئەمە لە ڕووی فۆرمەوە جۆرێکی نوێیە لە نووسینی شیعر بەوەی ژمارە و هێما و چەندبارەکردنەوەی ژمارەکان بە دوای یەکدا بیر و زەینی خوێنەر سەرقاڵ دەکات. هاوکات لە شێعرەکانی تر بۆ نموونە شیعری (هاشم سەڕاج) چەندین خشتە دەبینین کە پیتەکانیان تێدا پەرت کراوە. ئەوەی جێی سەرنجە لە هەردوو بەرگەکەدا هەر شاعیرە و پەیڤی خۆی، قسەی خۆی لەبارەی شیعرەوە، لەبارەی ماهیەت و چەمکی شیعرەوە نووسیوە. بۆ نموونە (ئەنوەر مەسیفی) لەبارەی شیعرەوە دەنووسێت: ((شیعر مەعبەدی زمانە بەجێهێشتنی گەمەی سێوەکانە مانایەکی دیکەی فەلسەفەی ئایینەکانە و ئەدەبێکی ساحیرانەیە و مەمکێکی بە ڕدێنە و ماناکانی شێعر زەمەنی نییە و مانای کتێبانی نییە و جیابوونەوەیە و بۆیە خۆی لە فۆرمێکی گران هەڵدەکیشێ، پرسیارەکانی شیعریش لە فۆرمەکەی دایە و ئەو فۆرمەی کە بەردەوام موی زمانێکی رووحانی دەدا.)) [جوایەز١: ١٩٩٩: ١٤٣] کەواتە ئەم شاعیرانە کە شیعرەکانیاندا گرنگی زۆر بە فۆرم دەدەن، فۆرم لای ئەوان شوێنگەی واتایە. واتا لەناو فۆرمدایە. هەرچەندە ئەمە پیشتر لە ئەورووپا هەبووە، بەتایبەت لای فۆرمالیستەکان، بەڵام ئەمە وەکوو گوتارێک لە کۆتایی ساڵانی نەوەدی سەدەی ڕابردوو لای زۆربەی شاعیرانی کورد بە گشتی و شاعیرانی هەولێر بەتایبەتی دەردەکەوێت.

ئەوەی جێی تێبینیە لەم ماوەیەدا زۆرترین گۆڕانکاری لە فۆرم و ناوەڕۆکی شیعردا کراوە، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت ئەو گۆڕانکاری و نوێبوونەیەوە زیاتر لە دەڤەری هەولیر بووە، شاعیرانی ئەو دەڤەرە دوای ساڵی ١٩٩٤ بە کاریگەری ئەدەبی فەرەنسی هەوڵی نوێکردنەوەی شیعریان داوە، بەتایبەت ڕۆڵی شاعیرانێکی وەکوو فەرهاد پیربال، ئەحمەدی مەلا زۆر دیار و بەرچاوە. ئەگەر سەرنج بدەین سەرەتای ساڵانی حەفتا ڕوانگەییەکان لە دەڤەری سلێمانی دەبنە پێشەنگی نوێکردنەوەی شیعر، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین شاعیرانی هەولێر ڕۆڵیان لە نوێکردنەوەی فۆرمی شیعر زیاترە.

## چوارەم: ئەرکی گوتاری ڕاگەیاندنیی شیعر لەسەر کۆمەڵگەی کوردی ١٩٩٢- ٢٠٠٣

لە کۆندا چ لەناو ئەدەبی نووسراو، یان ئەدەبی زارەکیدا شیعر تاکە هۆکار بووە بۆ هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە. شاعیر و نووسەرانی کورد بە هۆی شیعرەوە ئیشیان لەبارەی بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە کردووە. بەڵام کاتێک یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی (کوردستان) لە ساڵی (١٨٩٨)دا دەردەچێت، ئەم ڕۆڵەی شیعر کەم دەبێت، بەڵام لە دەستی نادات. ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی ئەرکێکی کۆمەڵایەتیان دەکەوێتە ئەستۆ، چونکە شیعر بە بۆچوونی ئەرەستۆ ((هۆکارێک دەبێت بۆ پاکبوونەوەی دەروون و چاککردنی ڕەفتار.)) [الحاوی: ١٩٧٩: ٩٠] کەواتە شیعر مەبەستێکی لە پشتە، هەوڵێکە بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر مرۆڤەکان دابنێت. ئەم کاریگەری دانانەش یەکێکە لە مەبەستەکانی ڕاگەیاندن. ڕاگەیاندن یەکێک لە ئەرک و بنەما سەرەکییەکانی گواستنەوەی فیکرەکانە و گەیاندنیەتی بە کەسانی گوێگر بۆ ئەوەی گۆڕانکاریان تیدا دروست بکات و چاوەڕێی وەڵامە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە. ئەو کاتەش پرۆسەی ڕاگەیاندن سەرکەوتوو دەبێت، کە ئەو کاریگەرییە تەواو بچەسپێت و ڕەنگدانەوەی لە ڕەفتاری تاکەکان بە دەربکەوێت. شیعری کوردی بەهێزترین گوتاری ڕاگەیاندنی لە خۆیدا هەڵگرتووە، هەوڵی داوە کۆمەڵێ بابەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و زانستی چارە بکات، هەوڵێک بووە بۆ بنیادنانی بەهاکان لە مرۆڤی کورددا. بێگومان شاعیر لەوە تێگەیشتووە ئەدەب گوتارێکی ڕاگەیاندنی هەیە، لە خۆیدا بەها دەروونی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤییەکان هەڵدەگرێت. بەم هۆیەوە شاعیر وەکوو کەسێکی ڕۆشنگەردەبێت ڕۆڵی خۆی بینێت. ((لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا دەتوانین درک بە بەها و نرخی پێوەرە ئاکاری و ڕەفتارییەکان بکەین، دەشتوانین سیمای کۆمەڵگەیەکی تایبەت لە کارە ئەدەبییەکاندا بدۆزینەوە.)) [ساڵح: ٢٠١٢: ١١٥] کاتێک دەبینین لەناو حوجرەکاندا کۆمەڵێ کتێب دەخوێندران بە شیعر هۆنرابوونەوە، تەنانەت کەم کەس لە حوجرەکان لە کۆندا هەبووە شیعر نەنووسێت، چونکە شیعر تاکە هۆکاری گەشەی کۆمەڵگا بووە. ئامانجی گەشەکردنیش ئامانجی هەموو ڕاگەیاندنێک بوە، چونکە ڕاگەیاندن و گەشەی کۆمەڵایەتی یەک ئامانجی هاوبەشیان هەیە. ئەو گەشەکردنەی کۆمەڵایەتیەش پرۆسەیەکە بۆ گۆڕانکاری شارستانییەتی. تاکەکانی ناو کۆمەڵگە دووبارە بە بەها کۆمەڵایەتی و سیاسی و دابونەریتەکانیاندا دەچنەوە، بەمەش پێوەندی مرۆڤ بە سەردەمەکەیەوە نوێ دەکەنەوە، مرۆڤ دەتوانێت لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم خۆی بگونجێت و دوا نەکەوێت. ئەمەش هەوڵێکە بۆ سەرلەنوی بنیادنانەوەی کۆمەڵگە لەسەر بنەمایەکی ئاکاری و هوشیاریی کۆمەڵایەتی.

## ١. شیعری پیاهەڵدان و قارەمانێتی

شانازیکردن بە ڕابردوو و پێداهەڵگوتنی سەرکردە و قارەمانەکانی میللەت یەکێک بووە لە بابەتەکانی شیعری کوردی. ئەم گوتارە شیعرییە هەوڵێک بووە بۆ ئەوەی میللەتی کوردیش وەکوو کۆی میللەتانی دنیا خاوەن ڕابردوو و قارەمانێتی بووە. ئازایەتی و قارەمانیەتی یەکێک بووە لە بەهاکانی مرۆڤ لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، چونکە کورد بە درێژایی مێژوو لە هەوڵدا بووە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی. تەنانەت ئازایەتی و ڕابردوو دوو بەهای کۆمەڵایەتی زۆر بەرز بوون، مرۆڤی کورد هەمیشە شانازی پێوە کردووە.

ئەم ڕابردووە پڕ لە شانازییە، لە لای شاعیرێکی وەکوو (دڵدار)یش تەواو ڕەنگ دەداتەوە و دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەستی نەتەوایەتی و بیری شۆڕشگێڕی پەرە پێبدات. لە شیعری "ئەی ڕەقیب"ی دڵدار-دا هەوڵ دراوە جەوهەری ناسنامەی کوردی وەکوو گەل ببەسترێتەوە بە پرسی سەروەریی نەتەوایەتی: ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کوردزمان، ڕەقیب ئەو "ئەوی تر"ەیە کە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی قەومی کوردزمان دەدات، بەو پێیەی کە شیعرەکە پێمان دەڵێت ڕەقیب چاوەڕوانی نەمانی قەومی کورد زمانی دەکرد. مانەوە هەوڵێکە بۆ ئەوەی کورد لە مێژوودا وەکو گەلێکی سەربەخۆ ئامادەیی هەبێ. لێرەدا "قەوم" ئاماژەیە بە جۆرێک ڕەوایەتیی مێژوویی و "زمان" پێناسەی ئاشکراو و پێداویستیی ناسنامەی نەتەوایەتییە. دواتر شاعیر ڕابردوومان بیر دەهێنێتەوە ، کە کورد لە کۆندا خاوەن دەوڵەت بووە، ئەویش دەوڵەتی ماد، یان میدییەکانە. تەنانەت زانیاری هەیە کە ساڵنامەی کوردی لەو دەوڵەتەوە هاتبێت. ((کەی ئەکسار سێیەمین پاشای دەوڵەتی ماد بووە، کە دڵدار لە هۆنراوەکەیدا پێگەیەکی شیاوی تایبەت بە خۆی پێداوە و بە (کەی خوسرەو) ناوی هێناوە.)) [ئەنوەر: ٢٠١٨: ٣٩] ئەم هەموو بیرخستنەوەی ڕابردوو و پێداهەڵگوتنە بۆ ئەوەیە وەکوو تۆمارێکی مێژوویی، وەکوو پەیامێکی ڕاگەیاندنی مێژوومان بۆ تۆمار بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا هوشیاریی نەتەوەیی و هزری بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوازنەوە. کەواتە شیعر جیا لەوەی ئەرکێکی ڕاگەیاندنی لە ئەستۆیە، ئەرکێکی هوشیارییشی لە ئەستۆیە.

گوتاری شیعر لەو کاتەدا هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ئەو مێژووە بریندارەی، کە کورد شانازی پێوە دەکات. کورد بە هۆی ئەوەی بەردەوام خەباتی کردووە و تێکۆشاوە، بە هۆی ئەوەی بەردەوام کەوتۆتە نێوان بەرداشی دوژمنان، بەردەوام هەوڵی زیندوومانەوەی داوە. ئەم زیندوومانەوەیە،

ئەگەر پڕ بێ لە شکست، پارچە پارچە کرا بێت هێشتا جێی شانازییە. عەبدوڵڵا پەشێوە دەیەوێ بە شیعر نەخشەی کوردستانمان بۆ بکێشت، بەڵام نەخشیەکە پارچە پارچەکراوە.

**مناڵەکان**
**کتێبەکانتان وەلا نێن**
**کاغەزێک و هەندێک قەڵەم**
**لەبەردەمی خۆتان دانێن**
**وێنەی پەڵە هەورێک بکەن رەنگاورەنگ بێ**
**با لە سەری هەسپێک بکا**
**مووگزنگ و چاو پەرەنگ بێ**
**پەڵەهەورەکەم نیشان دەن**
**لە چی دەچێ؟**
**سەری هەسپێ؟**
**تا شل دەبن تەماشاکەن**
**با لە مێشک و خوێن بچەسپێ.** [پەشێو: ٢٠٠٦: ١٨٢]

ئەوەی جێی سەرنجە بە خوێندنەوەی شیعرەکە خوێنەر دەکەوێتە نائومێدییەوە، بەوەی مێژوو و ڕابردوویەکی بەو شێوەیەی هەبێت، بەڵام ئەم ڕابردووە جێی شانازیە لە لای شاعیر، بۆیە بە منداڵان نەخشەی کوردستان دروست دەکاتەوە. ئاشکرایە منداڵ لیرە ڕەمزی داهاتووە، ڕەمزی نەوەی ئایندەیە بۆ ئەوەی کوردستان سەرلەنوێ دروست بکەنەوە. هەروەها منداڵەکان هێندە نەخشەی کوردستان بکێشن تاکوو لە خوێن و جەستەیان دەچەسپێت،. لیرەدا ئەسپ و منداڵ هاتوون، ئەسپ رەمزی تێکۆشانە، ڕەمزی خەبات و بەردەوامی و بەهێزییە، منداڵیش وەکوو گوتمان ڕەمزی ئایندەیە، بە هەردووکیان نەخشەی کوردستان دروست دەکەنەوە.

گوتاری شیعری ئەم قۆناغە گوتارێکی نائومێدانەیە، چونکە زۆربەی شاعیرانمان ڕوو لە تاراوگە دەکەن. لێرەدا ڕابردوو دەبێتە قارەمان، ئەوان لە مەنفادا بۆ ڕابردوو دەژین. (پەشێو) بە هۆی نائومێدبوونی لە دەسەلاتی کوردی، بەتایبەت لەو حیزبانەی دوای ڕاپەڕین دێنەوە. دەبینێت ئاڵای کوردستان بە هۆی شەڕی ڕەنگەکان، شەڕی براکان بووە بە دوو ئاڵا:

بەیانی هەڵسام،

دەست شەتەکدراو...

پێ شەتەکدراو...

دەم شەتەکدراو...

بە زیندوویەتی ئاوەڕووتکراو...

چەمی ئومێدم بوو بە ئاوەڕۆ

ئاڵای شەکاوەم بوو بە دوو پەڕۆ! [پەشێو: ٢٠٠٦: ٤٣٢]

ئەم شیعرە هەولێکە بۆ ئەوەی رووی ڕاستەقینەی حیزبەکانی کوردستان دەربخات. بۆ ئەوەی پێیان بڵێت ئەوەی بەعس بە ئاڵای کوردستانی نەکرد ئێوە کردتان. شیعر لیرەدا پەیامێکی پڕ لە توورەیی هەڵگرتووە. بۆیە ئەنجامی دەستی تیرۆر و دوژمنان دەخاتە ئەستۆی دەسەڵاتی کوردییەوە. لە شیعرێکی تردا شانازی بە شاری هەولێرەوە دەکات، چۆن زەردەشت وەکوو پێغەمبەری کوردان جێی شانازییە:

خۆ دەزانم

کەزی و بسکت زۆر لە پەمۆ سپیترە و

لۆچەکانی ڕووی نوورانیت

شیرمژەیی گاتاکانیان هەر لە بیرە

خۆ دەزانم کە ئاورینگی چاوی زەردەشت

تا ئێستا لێت نابێتەوە [پەشێو: ٢٠٠٦: ٣٦٧]

زەردەشت ڕاستە وەکوو قارەمانێکی شۆڕشگێر نییە، بەڵام بە هۆی ئایینەکەیەوە شۆڕشێکی نەک لەناو کورد بەڵکوو بۆ مرۆڤایەتی بەرپا کردووە. ئەم ئایینەی زەردەشت، کە ئایینی ڕەسەنی کوردییە، ناسنامە و شوناس و جێی شانازییە بۆ کوردان.

گوتاری پیاهەڵدان بە ڕابردوو و قارەمانێتی، تەنیا پیشاندانی لایەنی ئەرێنی نییە، بەڵکوو زۆر جار وەها پیشان دەدرێت، کە مێژوو و ڕابردوویەکی پڕ لە نەهامەتی و خوێناویمان هەیە. (فەرهاد شاکەلی) لە شیعری (ئەم بێئومێدییە پریاسکەیەک مروارییە)، کە پێشکەشی کچەکەی کردووە، وێنا و فەزای ڕابردووی کورد لە هەموو ڕووەکانەوە دەکات:

**کێ لە بای بەیانیان دەپرسێ**

**بزانێ شەوگاری لە کامە پەناگە بردۆتە سەر؟**

**کەی بێ مێژووی برین سەرلەنوێ بخوێنینەوە**

**بێ ئەوەی پرس بە خوێن و شەڕگە و**
**بە زیندان بکەین؟**
**ئێمە نە جانەوری ئەم ڕۆژگارەمان پێ ڕام دەکرێ**
**نە دەتوانین گورز و گوڵەنگی زیوین**
**بۆ زین و سەرکەلەی ئەسپی تۆڕی ڕابردوو بهۆنینەوە.** [شاکەلی: ٢٠٠٩: ٣٢٢]

ئەم گوتارە تایبەتە بە روونکردنەوەی ڕابردووی کورد، بەڵام چ ڕابردوویەک؟ رابردوویەک پڕ لە خوێن. بۆیە شاعیر کاتێک باسی ئەم ڕابردووە بۆ کچەکەی دەکات، پێی دەڵێت ئەگەر ئێمە مێژووی خۆمان بخوێنینەوە، دەبێت باسی خوێن و شەڕگە و زیندانی تێدا بێت، چونکە ئەمانە بوونەتە ناسنامەی نەتەوەیەک، کە هەمیشە خەبات و تێکۆشانیان کردووە. واتە ئەم خوێن و زیندانانە گەواهی ئەوە دەدەن، کە کورد مێژوویەکی پڕ سەروەری هەیە، مێژوویەکە بەردەوام خەباتی تێدا کراوە. ئەمەش جێی شانازییە و شاعیر وەکوو شانازییەک بۆ کچەکەی باس دەکات

بەڵام لە سەردەمی هاوچەرخدا ئەم گوتارە دەگۆڕێت، چونکە مرۆڤی هاوچەرخ خەمەکانی دەگۆڕێن، ژیانی دەگۆڕێت، سیستەمی دەسەڵات و حوکمڕانی دەگۆڕێت. لێرەوە گوتاری شعری هاوچەرخ دەبێتە گوتارێکی پڕ لە نائومێدی.

شانازیکردن بە بنچە و ڕیشەی کورد لە لای شاعیرێکی وەکوو (شێرکۆ بێکەس) دەگاتە لووتکە. شێرکۆ یەکێک لەو شاعیرە دەگمەنانەیە، کە زۆر بەقوڵی توانیویەتی مێژووی کورد بکات بە شیعر، ئەو لە شیعری (مەلەک تاووس) بنچە و ڕیشەی کورد بۆ ئێزیدییەکان دەگەڕێنێتەوە و شانازی بەو بنچەیەیە دەکات:

**هەزاران جار لەناو دۆڵی تەم و مژدا**
**وردیانکردنی و هاڕییانی و کەچی دواییش**
**ئەبوویتەوە بە تاوس و دیسانەوە ئەهاتیتەوە**
**سەرشانم و دیسانەوە بە ئاسمانی خوداوەندەکەی**
**میترای میید و گیانما ئەفڕیت**
**بە ڕنگەکانی وڵات و بە ڕەنگەکانی قوربانییم**
**باڵ لێکدە و سەرکەوە سەر کەلی**
**ژاڵەیی جەستەی من**
**بە دەنووک لە تووی ڕووناکیی شیعرم و**

**ڕیشاڵی ئەنگۆرەی هەڵبجەم هەڵگرە و**
**بیبەوە بۆ لالش**
**بارانی ئەم ڕەنگەیش مووتربەی ئاسمانی**
**مەسحەفا و ناو خۆڵی جیلوەکە**
**با گوڵی هەتاویٚ لەم شەوی لەشەدا بڕسکیٚ**
**نەبینراو با قوڕی بەراتەی پیرۆزت و**
**گژوگیای ئەنفال و ئەموستی وەریوی گەرمێن و**
**چەند پەڕیٚ لە تێلی تاوستو چەند تاڵیٚ لە قژی**
**یارەکەم** [بێکەس: ٢٠٠٦: ٢٨_٢٩]

ئەگەر سەیری شیعرەکە بین بە وردی ئەوە دەبینین شاعیر ڕیشەی کورد بۆ ئێزیدییەکان دەگەڕێنێتەوە. ئەم گەڕانەوەیە جێی شانازییە و تەنانەت بۆ میدییەکان دەگەڕێنێتەوە. دوو زەمەن بە یەکەوە دەبەستێتەوە. بە واتایەکی تر دوو مێژوو بەیەکەوە دەبەستێتەوە، یەکیان ئەو مێژووە دوورەیە، کە مێژووی میدییەکانن، مێژووی ئێزیدییەکانن، لە لایەکی ترەوە باسی مێژووییەکی تاڕادەیەک نزیک دەکات ئەویش مێژووی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵبجەیە. هەرچەندە ئەم مێژوو، مێژووییەکی ناخۆشە، مێژووییەکە قوربانییەکانی تێدا دەردەکەوێت. بەڵام بە دیوێکی تردا شاعیر باسی ئەوە دەکات ئەوان سەرەڕای ئەو هەموو جینۆسایدە هەر لەو حەفتادوو جینۆسایدەی بەسەر ئێزدییەکاندا هاتووە، کە کوردی ڕەسەنن، تاکوو ئەنفال و کیمیابارانەکە، ئەم قوربانیانە نەیتوانیوە گەلی کورد لەناو ببات. ئەمەش بە دیوێکدا شانازییە هەرچەندە ڕابردووەکە ڕابردوویەکی پڕ لە قوربانی بێت. ئەمە جێی شانازییە و کورد توانیویەتی خۆڕاگر بێت. (بێکەس) لە لایەکی ترەوە شانازی بە شۆڕش و پێشمەرگە و خاک و نیشتمانەوە دەکات:

**ئەوەتا لاوێکی وەک تاژان باریکەلە و**
**وەک هەناری گوڵکردوو و خوێن گەرم و**
**وەک کەلی سەر ڕەوەز زیت و چابگێڕ**
**وەک هاژە هاژی سیروان بیٚ ئارام**
**عەشقی خاک دار بەرد، تفەنگ و چارەنووسی خوێنی خۆی**
**داوەتە دەست کوردستان و بەستەیەک توێشووی نانی ڕەشی**
**بەستۆتە پشت و هەوراز و نشێو دەکا**

**دەروێش ئاسا دەرگای یەک بە یەکی**
**بارەگا و مەقەڕ و مەڵبەندەکانی ئەقڵیشێنێتەوە و**
**داوا ئەکات و هاوار ئەکات ئەیەوی ببی بە "پ" "م" و**
**ئەیەوێ سالاو بۆ مەرگ بەرێ و چنگ بنێتە** [بێکەس: ١٩٩٦: ٦٣٥]

شانازیکردن بە گەنجێک بە ناوی تاژان باریکەلە، لەو تەمەنە بێت و ببێت بە پێشمەرگە و وەکوو شێر ڕووبەڕووی دوژمن ببێتەوە، هەوڵێکە بۆ پیشاندانی ڕابردوویەک، کە تێیدا لاوەکانمان بە جۆش و خرۆشەوە بەشداریان لە شۆڕش کردووە. لە لایەکی ترەوە هەولێکە بۆ پیشاندانی ماوەیەک لە ڕابردوو، کە هەموو تاکێکی کورد هەستی بە بەرپرسیارییەتی کردووە و هەستی نەتەوەیی وای لێکردووە ڕووبەڕووی هەموو مەترسییەک ببێتەوە. خۆی لە خۆیدا ئەمە بەراوردکردنی دوو نەوەیە، نەوەیەک لە لەم کاتەدا کەمترین ئینتیمای بۆ نیشتمان هەیە، کەمترین قوربانی بۆ نیشتمان دەدات، نەوەیەکیش لە ڕابردوودا هەبووە ئامادەی هەموو قوربانییەک بووە. یەکێک لەو نموونانە تاژان بووە، هاتووتە ناو پێشمەرگە و هاوار دەکات دەیەوێت چەکی پێشمەرگایەتی بکاتە شان بۆ ئەوەی بەرگری لە خاک و وڵات بکات. بۆ ئەوەی لەپێناو ئازادی بۆ نەتەوەکەی تێبکۆشێت.

ڕاستە لە شاعیرانی نەوەی حەفتا و هەشتای سەدەی ڕابردوو، هێشتا هەستی ناسیونالیستی و شانازیکردن بە مێژوو و ئەفسانە و بۆنە نەتەوەییەکان باوی دەمێنێت. (کەریم دەشتی) وەکوو شاعیرێکی نەوەی سالانی هەشتای سەدەی ڕابردوو، بە شێوەیەکی ڕەمزی شانازی بە شاعیران و ڕابردووی کوردانەوە دەکاتەوە. ئەو لە شیعری (کەمال ئەلمولک)دا دەڵێت:

**غوربەتی گوندینییەک لە بنی دونیا**
**نالیەک لە دوور ڕەنگە باران بێ**
**شیعرێکی نالی لە ئاستانەی ئیستەنبول**
**مەلێک لە ئازادی ڕەها**
**نەرگزێک لە وەرین**
**مۆزارتێک لە زیندان** [دەشتی: ٢٠٠٤: ٢١١]

شیعرێکی نالی لە ناو جەرگەی شاری ئیستەنبولەوە دەبێتە جێی شانازی بۆ شاعیر. شاعیرێکی کورد لە شاری ئیستمبوڵەوە شیعر دەنووسێت. نالی شاعیرێکە وەکوو کولتووری کورد دەناسرێت. هەوڵێکە بۆ ئەوەی شانازی بە شاعیرێکەوە بکات، بە نووسینی کوردییەوە بکات.

بەڵام لای شاعیرانی دوای ڕاپەڕین هەڵاتنە لە جەنگ، بۆیەهەمیشە نائومێدی بوونی هەیە. (دلاوەر قەرەداغی) لە شیعری (لە دایکم ڕەشبینتر)دا دەڵێت:

**بەدگومانم لەوەی ئیتر**
**کەسی بیپەرژێتە سەر ڕەنگکردنی**
**تەنیاییەکانی دایکم**
**بەدبینم لەوەی بتوانرێ**
**عومرێ بێهوودەیی**
**بۆ گۆشەگیریی ماسییەکان**
**بکرێتە ماڵ**
**بەدگومانم لەوەی ئیتر**
**ئەو کۆترانە بفڕن**
**لەوەی ئیتر**
**ئەو منالآنە پێ بگرن**
**بەدبینم لەوەی**
**کەسێ ئیتر عاشقانە بنۆڕێ**
**منالآنە بمرێ** [قەرەداغی: ٢٠٠٥: ١٢٠- ١٢١]

گەڕانەوە بۆ سەرەتا، گەڕانەوەیە بۆ ناو دۆخێکی بەرایی بوون، بەر لە بوونی ئاخاوتن و وشەش، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ سەرەتایەک لەڕێگەی دڵەوە، دڵ دەبێتە ئاماژەیەکی شیعری بۆ بوونی ئێمەی مرۆڤ کە تیایدا خواوەند ئازادیی خۆی لەئێمەدا دەرخستووە، ئەوە وێناکردنێکە بۆ چۆنیەتی خولقاندن و پرۆسەی بەر لە ئامادەبوونی مرۆڤ، کە خواوەند لەڕێگەی ئامادەنەبوونی ئێمەوە ئازادیی خۆی دەبینێت و ئێمە دەگۆڕێت بۆ ئامادەبوون، لێرەدا هەستکردن بە بوون، لەمانایەکی فراوانی بووننا‌سییەوە «ئەنتۆلۆژی» نەوەک مانایەکی تاکخوازی زمان بۆ شاعیرێک، بوونێک وەک ئاستی خودگەرایی بۆ شاعیر مانایەکی نەماوە، ئەوەش کوژرانی خەونە، مرۆڤ کە خەونی تێدا کوژرا، ئیتر نائومێدی لەشوێنی خەون دەردەکەوێت، خەون بە نیشتیمانەوە وابەستەی فانتازیاکانە، نەوەک پابەند بێت بە ئامادەبوون لە شوێن، ئەوە دۆڕاندنی ئازادیی ئێمەیە. شاعیر لە هەموو شتێکی وڵات نائومێد بووە، چیتر شۆڕش، قارەمانی جەنگەکان، سەرکردەکان جێی شانازی نین،

بەڵکوو ئەوەی ڕابردووە، نەک سەرکردە و ڕەمزی نەتەوەیی.. لەو گوتارە شیعریەدا پەیوەستە بە لەناوچوونی شاعیر کە بە نەگەڕانەوە بۆ نیشتیمان ناوی دەبات.
گوتاری شیعر لە لای ژنانی شاعیر، دەبێتە گوتارێک دژ بە ڕابردوو و پیاوی کورد، چونکە ئەم شاعیرە ژنانە چەوساندنەوەی ژنی کورد لە دابونەریت و هۆز و خێڵ دەبینن، خێڵیش بە دەست پیاوەوەیە. کەواتە گوتاری شیعری ژن دەبێتە گوتارێک دژ بە ڕابردوو، دژ بە قارەمانیەتی. چیتر قارەمانییەتی و ڕابردوو لە لای ژنانی شاعیر پیرۆز نین. (نەزەند بەگیخانی) ئەم گوتاری یاخیبوون و دژوەستاندنەوەی تەواو لە شیعرەکانیدا دیارە.

**ڕابردوو بە چەپۆکی چرنووکاوییەوە**
**ئێستا بە گرژینەوەی گەمژەییەوە**
**داهاتوو بە گومان و نهێنیە ناگەهانییەکانیەوە**
**بەرەو کوێم ڕادەدەن؟**
**بوون چ ساتێکی ژەنگاوییە** [بەگیخانی: ٢٠٠٧: ٤١_٤٢]

شاعیر نەک هەر دژ بە ڕابردوو دەوەستێتەوە، بەڵکوو دژ بە ئێستا و داهاتووش دەوەستێتەوە، چونکە بوونی ژن کەوتۆتە ژێر ڕکێفی هەر سێ کاتەکەوە. شاعیر دەیەوێ باسی داگیرکردنی جەستەی ژنمان بۆ بکات، چۆن ژن لەناو کولتوورێکی پیاوسالاری دەچەوسێندرێتەوە و شوناسی لێ دەسێندرێتەوە. ئەو دەیەوێت ناسنامە بە جەستەی خۆی وەک ژن ببەخشێتەوە، بۆ ئەمەش دژ بە ڕابردوو دەوەستێتەوە. کەواتە گوتاری شیعری ئەم ماوەیە بە گشتی گوتارێکە دژ بە رابردوو و پیاهەڵدان، بەڵکوو گوتارێکە بەردەوام پرسیار لە ڕابردوو دەکات.

لە کۆی ئەم شیعرانەی سەرەوەدا شاعیرانمان دەیانەوێت ئەوە دەرببڕن، کە کورد خاوەن ڕابردوویەکی پڕسەروەرییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕابردووە لە زۆر وێستگەدا هەڵە و کەموکوڕی بە هۆی شەڕی براکانەوە تێدەکەوێت. زۆرجار هەستێکی نائومێدانە لەناو شیعرەکان بەدی دەکرێت، ئەویش لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان بیر و حیزب و ڕەوتە کوردییەکانەوەیە. ئەم نائومێدییە، نائومێدی نییە بۆ کۆڵدان، بەڵکوو نائومێدییەکی کامۆییانەیە بۆ ئەوەی بەردەوام بین لە خەبات، بۆ ئەوەی بەردەوامی بە ژیان بدەین.

## ٢. شیعر و پەیامی ئاشتی

وشەی ئاشتی گەلێک واتا لە خۆدەگرێت، بەکارهێنانی ئەم وشەیە لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا وابەستە و دژ وشەی جەنگە، واتە لەکاتی بەرپابوونی جەنگ و ململانێی خوێناوی و شەڕوشۆڕەکاندا وشەی ئاشتی وەک خواستێک بۆ کۆتاییهێنان بە ململانێیەکان زیاتر لەبرەودا دەبێت و دەبێتە وێردی سەر زمانی سیاسەتوانان و میدیاکان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگە. ئاشتی واتە نەبوونی زەبروزەنگ و بەکارنەهێنانی هێز و بوونی دڵنیایی و ئاسایش و ئارامی، ئەم ناسنامەیە بە ئاشتی زیاتر لەبواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەبەخشرێت کە بەواتای نەبوونی جەنگ و دوژمنکاریی دێت، بە واتای بوونی پەیوەندی دۆستانە و هاوکاری دوولایەنە یان چەند لایەنە و جێگیری و سەقامگیری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا و نێوان گەلاندا دێت.

لە بواری کۆمەڵناسیشدا ئاشتی ئاماژەیە بۆ بوونی حاڵەتێک لە گونجاندن و تەبایی و هاوسەنگی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا لەناو ڕێکخراوەکان یان دەزگا و گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەم دواییانەش چەمکی ئاشتی کۆمەڵایەتی برەوی سەند کە ئاماژەیە بۆ سەقامگیری ئارامی و ئاسایش و ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی تاوان و توندوتیژی و شەڕەنگێزی و لادان و چەتەگەریی و نەهێشتنی چەوساندنەوەی چینایەتی و دابەشکاری نادادپەروەرانە. هەموو ئەمانە لە پێناو ئاشتییە، بۆیەش بەردەوام ئەو پەیامە بدەین بە گوێی ئەویتردا، کە چۆن تۆ مافی ژیانت هەیە، ئێمەش مافی ژینمان هەیە. لەبەر ئەوە ئامادە نین ئازار بە بەرامبەر بگەیەنین، تەنانەت ((ئامادەین ئازارەکە لە خۆمان بدەین، پتر لەوەی لە ئەوانیتر. ئێمە لە هەوڵی ئەوەدا نین ئازار بکەین بە بتێک، چونکە کەسانی مازۆخی نین. ژیان چاکە، ئێمەش دەمانەوێ چەند بتوانین لە ئازاردان کەم بکەینەوە و لەو ژیانەدا چاکەیەکمان هەبێت.)) [مەکرینۆڵدز: ٢٠١٣: ٤٣] فەلسەفەی ناتوندوتیژی، شوێنەوارەکانی لە بیروهزری گاندیدا زۆر بە جوانی دیارە، فەلسەفەی ناتوندوتیژی لەگەڵ ئەوەی کە مێژووی توندوتیژی ڕەت دەکاتەوە، بنیادنەری مێژوویەکی ترە کە ریشەکەی ڕێز و هۆشیاریی تاکە کە شوناسی ئەو هۆشیارییە جۆرێک جیهانبینیی تایبەتی ئەخلاقییە.

گاندی بە دامەزرێنەری جۆرێک تێکۆشان دادەنرێ، کە لە سیاسەتدا پێی دەگوترێ (بەرەنگاربوونەوەی ئاشتییانە)، یاخۆ فەلسەفەی ناتوندوتیژی (ساتیاراها). کە لەسەر چەندین بنەمای ئایینی و سیاسی و ئابووری دامەزراوە و ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە ئازایەتی و ڕاستی و

ناتوندوتیژی، کە ئامانجی شکستهێنانە بە دوژمن لە ڕێگەی هۆشیاریی تەواو بەرامبەر بە کێشەکە و دروستکردنی هێزی ناتوندوتیژی لە بەرامبەریدا.

ناتوندوتیژی بەلای گاندییەوە بە قۆناغدا گوزەر دەکات، لەلایەک گەورەکردنی گرفتەکە، لەولاشەوە هاندانی خەڵک لە دژیدا، چ بەئامانجی لەناوبردنی یان بچووککردنەوە یان هەرنا گرفتەکە گەورەتر نەبێ، بەڵام لای گاندی دوائامانج لە ناتوندوتیژیدا کۆتایی پێنایەت. بۆیەش ((گاندی سەرەتا خۆی فێر دەبێت کە چۆن هەنگاو هەڵێنێتەوە، ئەو دەمەیە کە تێدەکۆشێت تا ئەوانی دیکە فێر بکات کە چ بکەن. لە حاڵێکدا کە زۆرێک لە خەڵکی بەر لەوەی کە خۆیان فێر بن، لە هەوڵی ئەوەدان کە مۆچیاریکەر و ڕێنیشاندەری خەڵکی بن.)) [غەففووری: وێبلاگی شۆڕش غەففووری] هەمان شێوە لە ئەفریقای باشوور (نێلسۆن ماندێلا) دەبێتە پەیامبەری ئاشتی و ئەو پیاوەی ئامادە بوو بە ئاشتی بژیت و کونجی زیندان هەڵبژێریت، بەڵام شۆڕشی چەکداری ئەنجام نەدا، دواجار پەیامەکەی ئەو سەرکەوت. بۆیەش دەڵێت: ((لە ڕێرەوی سیاسی ژیانمدا، بۆم دەرکەوت لە هەموو کۆمەڵگاکاندا: ئەفریقی و هیندی و میللەتە سپیپێستەکان و کە سەر ڕەنگدارەکان، بەبێ هیچ جیاوازییەک، ژن و پیاوانێک هەیە حەز دەکەن بەرەو پێشەوە بچن، عەوداڵی ئاشتی و ئاسایشن، ئارەزوویانە مووچەیەکی شایانیان هەبێت، خانووبەرێکی شیاویان هەبێت.)) [ماندێلا: ٢٠١٤: ٣٣٢]

لە سەرەتای سەدەی بیستەم دوای ئەوەی بیری نەتەوەیی لەناو زۆربەی نەتەوە ژێردەستەکان پەرەدەسێنێت، بەریەککەوتنی نەتەوەیی ڕوودەدات.((بێ گومان خۆبەستنەوەی شاعیران بە تێکۆشانی گەلانەوە دژی ئیمپریالیزمی جیهانی و قوربانیدانیان لە پێناوی بەدەسهێنانی سەربەستی و ئازادیدا و لە پێناوی ڕەخساندنی جیهانێکی پڕ ئاسودەیی ئەوتۆ کە هەموو گەلان بە ئاشتی ژیانی تیادا بەسەربەرن،بووەتە هۆی ئەوەی کە ئاوڕیش لە مەسەلەی (شەڕوئاشتی) بدەنەوە و وێنەیەکی ڕوونی ئەو شەڕانە بکێشن کە بە هەزاران مرۆڤی لەناوبرد و سەرگەردانی کردن ))[عەلی:١٩٨١ :٣١] میللەتی کوردیش وەکوو یەکێک لە میللەتە ژێردەستەکان هەوڵی دەستخستنی مافەکانی دەدات. زۆربەی شاعیرەکان پەیامی ئاشتی و برایەتی بە گوێی نەتەوەکانی تردا دەدەن. بۆ نموونە لە باشووری کوردستان، کورد هەمیشە پەیامی ئاشتی بۆ نەتەوەی عەرەب هەبووە، هەرچەندە وەکوو دەسەڵات هەمیشە کوردیان چەوساندۆتەوە، بەڵام هەرگیز نەتەوەی عەرەب هەمان هەڵوێستی نەبووە و بەردەوام وەک نەتەوەی ژێردەستە لە کوردی ڕوانیوە.

(عەبدوڵلا پەشێو) لە شیعری (ئاشتی)دا بە دیدێکی تروە لە ئاشتی دەڕوانێت و ئاشتی بە شۆڕش دەبەستێتەوە، واتە نەتەوەکان بە شۆڕش دەتوانن ڕزگار بن و ئاشتی بۆ وڵاتەکانیان دابین بکەن:

من سەعاتێکی زەنگدارام

بۆ ئەوە بووم

تا لە کات و ساتی خۆیدا

بۆ زەنگلێدان لە خەو ڕابم

دوگمەی دەنگم هەر لای مەرگە

تا ئەو ڕۆژەش هەر زەنگ لێدەدەم

لێ دەدەم و بێدەنگ نابم [پەشێو: ٢٠٠٦: ٢٥٨]

(پەشێو) و شیعری نیشتمانی دوانەیەکی لێک دانەبڕاون، بە بڕوای شاعیر ئەرکی شاعیر و نووسەران ئەوەیە کە بەردەوام بەرامبەر سەتەم و بێدادی دەنگیان هەڵبڕن و بێدەنگ نەبن. ئەمە پەیامێکە لە شاعیرەوە، کە ئاشتی لە ڕێی شۆڕشەوە بە دەست دێت. لێرەوە ((پەشێو دەبێتە شاعیرێکی کوردستانی، دەڕوانێتە کورد، دەڕوانێتە خۆشەویستی، دەڕوانێتە جوانی، پەشێو کورد هەموو ژیانیەتی و کوردستان هەموو سامانیەتی.)) [ڕەسوول: ٢٠٠٢: ٥٥] ئەم بیرکردنەوەیە هەوڵێکە بۆ ئەوەی چارەسەی کێشەی نەتەوەکەی بکات، بەڵام ئەوەی جێی تێبینییە، ئاڵۆزی کێشەی کوردە، بە درێژایی مێژوو هێندە ئاڵۆزە سەرجەم ڕێگاکان تاقیکراونەتەوە، بەڵام سوودی نەبووە. لێرەدا شاعیر ئەو چارەسەرە دادەنێت، چونکە بڕوای وایە مادام بی ئاڵا و وڵاتین، سەرەتا دەبێت ئەو دووانە دابین بکەین ئینجا دەتوانین ئاشتی بە دەست بهێنین. ئەمەش پەیامێکە کە شاعیر لەگەڵ خەم و ئازاری میللەتەکەیدا بێت، تێکۆشان و هەوڵدان بۆ ئەوەی ئاشتی بۆ میللەت بهێننە، ئەوەیە شاعیران و نووسەران بە شیعر و نووسین بەرگری لە میللەت بکەن و لەگەڵ خەم و ئازارەکانی میللەتدا بژین.

هەرچەندە ئەگەر ئاوڕێ لە قۆناغی شیعری کوردی لە دەیەی هەشتای سەدەی ڕابردوو بدەینەوە. پەیامی ئاشتیی شیعر دەگۆڕێت و چەمکی تر وەردەگرێت، چونکە هوشیاریی شاعیرەکان پێوەستە بە هوشیاریی نەتەوە، نەک ئایدیۆلۆجیاوە. بۆیەش ئەم بیرکردنەوە ناسیونالیستییە هەوڵێکە بۆ ئەوەی ڕەهەندی تر بە چەمکی ئاشتی بدرێت. (ئەنوەر قادر محەمەد) لە شیعری (خاک و زریان و خۆشەویستی)دا ڕەنگ دەکاتە ڕەمزی ئاشتی:

**کەناری خۆلەمێشینی دووری ئاسمان بەرەبەیانێ**

**دۆش دامابوو...ئەیوت ئەمڕۆ:**

**"قومرییەک هات سپی...سپی**

**لەسەر شانم هەڵتروشکا...تێر تێر گریا**

**تێر پێ پێکەنی... دای لە شەققەی باڵ و هەڵفڕی"**

**تاریک و ڕوون... ئەو شاعیرەی لە گیانی خۆشی نامۆیە و**

**بۆ ئاوارەی زەمین ئەگری**

**ئەیڕوانیە کاروانی هەور**

**ئەیڕوانیە لاشەی سووری ئاسۆی شەهید**

**قومرییەک هات سپی...سپی**

**باڵەکانی هەموو خوێن بوون...ڕایوەشاندن**

**"هۆ شاعیرە دڵدارەکە!**

**بگری... بگری...**

**تا ئیتر باڵی هیچ مەلێ زامار نەبێ**

**تا داری زڕ گوڵ دەرئەکا و بەریش ئەگرێت**

**تۆ هەر بگری...**

**هەتا ژنی نەزۆک ئەزێ**

**تاکو جیهان هەموو ئەگری و لە گریاندا**

**منداڵی دێ**

**شەو و ڕۆژی تریقەیە و پێ ئەکەنێ**

**تۆ هەر بگری...** [محەمەد: ٢٠١٨: ٨٦– ٨٧]

بەشێکی زۆری شیعری قۆناغی حەفتاکان دەربڕینێکی توند بەرامبەر دیکتاتۆریەتی ڕووخێنەر و لێوڕێژ لە دەربڕین و دانەپەیڤی بژی و بمرێ و بڕووخێنە و دروستکەرەوە و نیشاندانی بۆچوونی سەربازییانە، بەڵام (ئەنوەر قادر محەمەد) لەناو بەرەکەی خۆیدا ئەزموونی دەباتە ناو خەسڵەتی تایبەت و لێڵی و ئاڵۆزی لە دەوری خۆیدا دەتەکێنێت و ڕوونی و ساکاریی هونەری کردووەتە ئامانج، تیشکۆی گرنگی بەهرە و بیرکردنەوەی ملکەچی هەستیاریی ئەدەبی و ئێستێتیکای شیعرین. ڕامانی سەرەکی تەنیا لە هەستیاریی مرۆیی و ئێستێتیکای شیعریدا دروست دەبن و ڕۆڵی پەروەردەکردنی چێژی خوێنەر ڕووەو نوێبەخشی دەگێڕن و هەست بەجوانکردن و کرانەوەی

هەستەکانی تێدا لەدایک دەبێت. ئەو دێت لە جیاتی (کۆتری سپی) (قومری سپی) دەهێنێت، کە ڕەمزێکە بۆ ئاشتی، کاتێک هەمووان دۆش داماون، کاتێک کەناری ئاسمان خۆڵەمێشییە و شاعیرێکی نامۆ بە خۆی بۆ جیهان و مرۆڤەکان دەگریت، ئەو قومرییە، ئەو ئاشتییە دێت و مژدەی لە دایکبوونی منداڵێک دەدا، منداڵ ڕەمزی ژیانی نوێیە، ئیتر لەوێوە پێکەنین جێی گریان دەگرێتەوە. گوتاری بەشێک لە شیعری نەوەدەکان، گوتارێکە دژ بە شەڕ، گوتارێکە هەڵگری پەیامی ئاشتییە. لێرەوە شاعیرەکان خۆیان وەک قوربانی جەنگ دەبینن. بەردەوام گلەیی ئەوە دەکەن، ئەگەر جەنگ نەبوایە ئەوانیش تووشی مەنفا نەدەبوون. کەواتە جەنگ هۆکارێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە خاک و وڵات داببڕێت. ئەم نەفرەتییە لە جەنگ، گەڕاندنەوەی بەهایە بۆ ئاشتی. دیارە کە باس لە جەنگ دەکەین زیاتر مەبەستمان شەڕی براکوژییە، شەڕێکە بە درێژایی مێژوو لەناو کورددا هەبووە. (جەلال بەرزنجی)، کە یەکێکە لە شاعیرانی نەوەی هەشتای سەدەی ڕابردوو، بەردەوام ئەوە دەخاتەڕوو، ئەوان قوربانی جەنگن:

**شەڕ بوو**
**یەکەم بەیانی تاڵ کردم،**
**شەڕبوو**
**کتێبەکەی خستمە دەریاوە**
**و کۆمەڵێک مەنفای بۆ جێهێشتم،**
**شەڕبوو،**
**مێژوو و یاری ئێوارانی تێکدام**
**شەڕبوو**
**خەیاڵمی هەڵوەراند**
**شەڕ ناخمی گران کرد**
**شەڕبوو**
**بێهوودەی کردم**
**و گەیاندمییە دووڕیان** [بەرزنجی: ٢٠٠٩: ٢٨١]

دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی جەنگ، هەوڵێکە بۆ ئەوەی پەیامی ئاشتی بگەیەندرێت، شاعیر جیاواز لەوەی بە گشتی ڕووی ڕاستەقینەی شەڕ دەردەخات، بە هەمان شێوە ڕووە قێزەونەکەی شەڕی براکوژی پیشان دەدات. بە هۆی ئەوەی ئەم شیعرە لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدی سەدەی

ڕابردوودا نووسراوە و تێیدا ئاماژە بۆ وێرانبوونی تاک و کۆمەڵگەی کوردی بە هۆی شەڕەوە دەکات. هاوکات مرۆڤەکان لە مەترسی جەنگ ئاگادار بکەنەوە. شاعیر نیشانمان دەدات بە هۆی جەنگەوە چی لە دەست دەدەین، هەموو ئەو شتە جوانانەی هەمانە لە دەستی دەدەین. ئەم گوتارە، لای زۆربەی شاعیرانی ئەو قۆناغە بەدی دەکرێت، چونکە لەلایەک لە جەنگی هەشت ساڵەی ئێران-عێراقدا ژیاون و لە لایەکی تروە شەڕی ناوخۆی نێوان حیزبە کوردییەکان هەمان ماڵوێرانی بەسەر تاکی کورددا دەهێنێت. (جەمال غەمبار) هەمان پەیامی دژ بە جەنگ لە شیعرەکانی دەخاتەڕوو:

**ئێمە شەڕ وشکی کردینەوە**

**ئێمە تەنیایی سەری خواردین**

**ئێمە تەمەنی پڕ بارانی خۆمان**

**بەدەم چاوەڕوانی هاتنی دەفژەنی**

**یان ژنێکی عشیقنووس**

**یان گەڕانەوەی ئەسپێلی بریندار لە جەنگی ئەبەدی ژیان**

**لەسەر منارەکانی قەدەر هەڵخست**

**ئێمە جوانترین ناونیشان بووین بۆ بێهوودەیی** [غەمبار: ٢٠١٠: ٢٥]

ئەوەی شیعر دەتوانێت لێرەدا وەکوو پەیامێک و گوتارێک دەربکەوێت، ئەوەیە شیعر پرسیاری گەورە دەکات، جەنگ دەخاتە بەر پرسیار و مەترسییەکانی روون دەکاتەوە. گوتاری شیعر لەم قۆناغەدا دابڕانی شیعر نییە لە فیکر و پرسیار، خەریککردنی شیعر نییە بە شتە خودییەکانەوە. دەبینین لە دەیەی شەست و حەفتا و هەشتای سەدەی ڕابردوو شیعر خەریک بوو بە کێشەی سیاسییەوە، بەڵام لەم قۆناغەدا شیعر خەمە گەورەکان نمایش دەکات. شیعر لێرەدا خەریک دەبێت بە کێشە فیکرییەکان، نەک کیشە سیاسییەکان. شیعر ئەوەمان بۆ دەردەخات مرۆڤ پێویستی بە ئاشتییە و نەفرەت لە جەنگ دەکات.

شیعر دەبێتە هۆیەک بۆ ئەوەی دژ بە ناشرینییەکان، دژ بە وێرانەیی بوەستێتەوە. واتە شیعر دەبێتە گوتارێک بۆ ئەوەی جێی ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن بگرێتەوە، کە ئاگری شەر خۆش دەکەن، شیعر وەکوو چۆن دەڵێن لە پاکییەوە هەڵدەقوڵێ بە هەمان شێوە بە پاکییش دەمێنێتەوە و خۆی نماییش دەکات. شیعر ناشرینییەکان دەسڕێتەوە و ئاشتی و جوانی بەرهەم دێنێت.

## ٣.شیعری فێرکاری (زانیاری)

ئاشکرایە یەکێک لە سەرچاوەکانی زانست و زانیاری و فێرکاری لەناو کورد لە کۆنەوە تاکوو پەیدابوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی (کوردستان) لە ساڵی (١٨٩٨) شیعر بووە. شیعر پەیامی زانست و زانیاری لە خۆیدا هەڵگرتووە. کەرەسەیەک بووە تاکی کورد لە ڕێیەوە خەڵکانی تری فێری زانست و زانیاری کردووە. ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ باسی بکەین، خودی گرنگی زانست و زانیاری نییە لە شیعردا، واتە پیشاندانی بایەخی زانست و فێرکاری نییە، بەڵکوو خودی شیعرە وەکوو کەرەسەیەکی فێرکاری و زانستی. لە کۆنەوە یەکێک لە جۆرەکانی شیعر، شیعری فێرکارییە. ((لەڕاستی دا هەر لە کۆنەوە هۆنراوە بە هۆی هەردوو بنەما گرنگەکەیەوەکە کێش و قافیەیەو یارمەتی لەبەرکردن دەدەن،بووەتەهۆیەکی فێرکردن و گەلێ بابەتی هەمەجۆری گرتۆتە خۆی،لەوانەش بابەتی هونەری ئەدەب،هەروەک لە(هونەری هۆنراوە)کەی (هۆراس)و(هونەری هۆنراوە)کەی(بوالۆ)و (وتارێکی ڕەخنەیی)ی(بۆب)دەبینرێ))[عەلی:١٩٩٨ :٢١] هەروەها ((ئەگەر شیعر لە بنەڕەتدا لە ناخی شاعیرەوە هەڵنەقوولابێت بەڵکو هزرێک بێت یان پلانێک بێت کە شاعیر لە ڕێگەی شیعرەوە دەیەوێت بیگەیەنێتە بەرامبەر چ بۆ ڕێنمایی و ئامۆژگاریکردن و چ لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیرییەکەی بێت، ئەوە دەبێتە شیعری فێرکردن.)) [قەرەنی: ٢٠٠٨: ٩] ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ باسی بکەین خودی چەمکی شیعری فێرکردن نییە، بەڵکوو فراوانترە لەوە. شیعر وەکوو کەرەسەیەکی ڕاگەیاندنە بۆ ئەوەی زانیاری بە خوێنەر بگەیەنێت.

هەرچەندە ئامانج لەم جۆرەی شیعر پەروەردەکردنە، ئامۆژگاریکردنە، بەڵام ڕەهەندێکی فەلسەفیشی هەیە، چونکە ((هۆکارەکانی ڕاگەیاندن چ کۆن و چ نوێ، سادە و ئاڵۆزیان ڕۆڵیکی بنەڕەتی لە ژیانی هەموو کۆمەڵگەیەک دەبینێت، بنیادی مرۆڤە، یان بەشدارە لە بنیادنانەوەی عەقڵ.)) [الشناوی: ١٩٨٢: ٨٧] شیعر وەکوو هۆکارێکی کۆنی ڕاگەیاندن لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا ئەو ڕۆڵە ڕاگەیاندنە دەبینێت. ئەرکی شیعر هەر لە کۆنەوە پێوەندی بە زانست و پەروەردەوە هەیە، وەکوو ڕاگەیاندن لە ئیستادا ڕۆڵی هەبووە. تەنانەت چێژی گشتی لە کۆندا لەسەر شیعر بنیادنراوە. بۆیەش ئەرکی فێرکردنی خەڵک بووە، ناوەڕۆکی ئاکاری، ئایینی، فەلسەفی، کۆمەڵایەتی لە خۆیدا هەڵگرتووە. بەمەش مەیدانی ئەم جۆرەی شیعر ((سێ مەیدان بووە: ١. بنەماکانی ئاکار و باوەڕ ٢. ژیاننامە و مێژوو ٣. زانیاری و ڕاستی پێوەند بە زانست و هونەر و پیشەسازی.)) [بیلو : ٢٠٠٢: ١] ڕاستە شیعری فێرکردن مێژووییەکی کۆنی هەیە، بەڵام ئێمە لیرەدا ئەرکێکی تری دەخەینە سەر شیعر، ئەویش ئەرکی ڕاگەیاندنە. بۆیە دەڵێین ئەرکی ئەم جۆرە شیعرە تەنیا لە

فێرکردن کورت نابێتەوە، چونکە لە کۆنەوە مرۆڤ بەردەوام بواری فێربوونی فراوانتر بووە. فراوانبوونی بوارەکانی زانیاری و هۆشیاری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە گشتی بەستراوەتەوە بە ڕۆژنامەوانی و بزاوتی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەدا. دەرکەوتنی رۆژنامەوانی لە خۆرئاوادا وابەستەی ئابووری و سیاسەت بوو. لە سەرەتادا تەنیا بایەخی بەو دوو بوارە دەدا، دواتر لە ئەنجامی فراوانبوونی چوارچێوەی خوێندن، رۆشنبیریی، پێشکەوتنی دابەشکاریی کۆمەڵایەتییانەی کار، دەرکەوتنی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و پێشکەوتنی بەردەوامی ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن، تا ئەو ڕادەیە ڕاگەیاندن بووە سەرچاوەی مەعریفە بۆ  بوارەکانی تری ژیان وەک: وەرزش، زانست، ژینگە، تەکنەلۆژیا، تەندروستی، باری کۆمەڵایەتی، ئابووری، رۆشنبیری...هتد، ئیتر ڕاگەیاندنی گشتی لە توانستیدا نەما ڕۆشنایی زیاتر و قوڵتر لە بارەی ئەو بابەتانەوە بخاتەڕوو، تەنیا ڕواڵەتیانە مەسەلەکانی دەخستەڕوو. لە کۆندا و بەتایبەت لەناو میللەتی کورددا شیعر تاکوو پەیدابوونی ڕۆژنامە ئەو ڕۆڵە دەبینێت.

خۆشبەختانە مێژووی ئەدەبی کوردی پڕن لەو شاعیرانەی هەوڵی خستنەڕووی زانست و زانیاریان داوە. بۆ ئەم مەبەستە ئەوەیان بیر نەچووە چ لە ڕووی زانستییەوە و چ لە رووی پەروەردەییەوە وا باشە لە منداڵەوە دەست پێ بکەن. بۆیە زوو دوو فەرهەنگ بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی دادەنرێن.

ئەحمەدی خانی : ١٦٥٠- ١٧٠٧) کە خاوەنی شاکاری جیهانیی چیرۆکی (مەم و زین) ە، ناوی تەواوی (ئەحمەد ئەلیاس ڕۆستەم)ە، کەڵەشاعیر و دانا و بیرمەند و زمانزانێکی هەمیشە نەمری کوردە، خانی لە ساڵی (١٦٨٢) دا، کتێبێکی بە ناوی (نوبارا بچووکان) واتا (نۆبەری بچووکان) کە لە زۆر سەرچاوەشدا، بە (نوبەهارا بچوکان - نەوبەهاری بچووکان) و بە (نوبهارا بچوکان) ناوی دەبەن، بەڵام نووسەری کوردمان (محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان) بە (نوبارا بچوکان) واتە (نۆبەرەی بچووکان) ناوی بردووە. (د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ)یش لە کتێبی (ئەحمەدی خانی، شاعیر و بیرمەند، فەیلەسووف و سۆفی) لە لاپەڕە (٣١)د لەسەر ئەو ڕایەیە کە (نوبارا)یە. لە دەقی پێشەکییەکەی (نوبارا بچوکان)دا، ئەحمەدی خانی، خۆی (نوبارا بچوکان)ی نووسیوە. مەبەست و واتاکەی ئاشکرا و ڕوونە (نۆبەرەی بچووکان)ە، نەک (نوبهارا بچووکان) . ئەم فەرهەنگە لە پێشەکییەک و سێانزە پارچە و کۆتاییەک پێکهاتووە. دەبینین شێوازی دابەشکردنی فەرهەنگەکەش شێوازێکی زانستیانەی هەیە. سەرەتا بە پێشەکییەک  دواتر ناوەڕۆک و پاشان کۆتاییەک هاتووە.

ئەم ڕەوتەی شێعر بۆ لایەنی پەروەردەی منداڵان و بەخشینی زانست و زانیاری لە ڕێگەی شیعرەوە بە منداڵان لەم قۆناغەی ئێمە کاری لەبارەوە دەکەین بەردەوامی دەبێت. چەند شاعیرێک لەم ڕووە کاری جوان پیشکەش دەکەن. یەکێک لەو شاعیرانە (لەتیف هەڵمەت)ە. ئەم شاعیر جیاواز لەوەی ڕۆڵێکی گەورەی لە نوێکردنەوەی شیعری کوردی هەبووە، هاوکات دەستێکی باڵای لە شیعر و چیرۆکی منداڵاندا هەیە. لایەنی پەرورردەیی و زانست و زانیاری بەخشین بە منداڵان ئەرکێکی قورسە. شاعیر لە یەکێک لە شیعرەکانیدا دێت زانیاری لەبارەی قەڵای دمدم بە منداڵانی کورد دەبەخشێت:

**قەڵایەکی بڵندم**
**شانازی مێژووی کوردم**
**خانی لەپزێڕینی کورد**
**منی قەڵای دروستکرد**
**لە قوللە و لە شوورەمدا**
**کورد چوو بەگژ عەجەمدا**
**شاعەباسی تینوی خوێن**
**سووپای هێنا بە ملوێن**
**خۆی و سووپای تێکشکان**
**بوون بە پەندی گشت جیهان**
**شاعەباسی فێلاوی**
**کێشای نەخشەی گڵاوی**
**بە سامان و دراوی**
**یەکێکی خستەداوی**
**ئەو یەکە کە ناپاک بوو**
**دوژمنی گەل و خاک بوو**
**مەحموود کێهەکانی بوو**
**نەفرەتی لێکرد مێژوو**
**لەژێرەوە زۆر و کەم**
**ڕێگای خۆشکرد بۆ عەجەم** [هەڵمەت: ٢٠١٣: ١٠٤]

شاعیر لە ڕێگەی ئەم شیعرەوە بەشێک لە مێژووی خەبات و تێکۆشان و بەرگری میللەتی کورد بۆ منداڵان و نەوەی داهاتوو دەگێڕێتەوە. ئاشکرایە قەڵای دمدم یەکێکە لەو داستانانەی، کە گەواهی ئازایەتی و خەباتی کوردە دژ بە داگیرکەران. لە ڕێی شیعرەوە منداڵان ئاشنا دەکات، کە چۆن کورد لە سەردەمانێکی زوو لە قەڵایەکدا بەرگری لە خۆی کردووە. ئەمە دەرخەری چەند زانیارییەکە. یەکەم ئەوەی مێژووی خەبات و بەرگری کورد بۆ بەرگری لە خاک و نیشتمان دەگێڕێتەوە. دووەمیان هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی شارستێنیبوونی کورد بەوەی لە ڕووی ئەندازیارییەوە پێشکەوتووبوون و قەڵایان دروست کردووە. سێیەم وانەیەکی مێژوویی بە منداڵانی کورد دەدات، کە ئەگەر خۆخۆری و خیانەت نەبوایە ئەوا دوژمن نەیدەتوانی قەلاکە داگیر بکات. کەواتە شیعر دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی مێژووی لە ڕێیەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوازینەوە. ڕاستە ئەم شیعرە بۆ دنیای منداڵان گوتراوە، بەڵام دواجار فۆرمێکی شیعرییە و ئەرکێک و گوتارێک لە خۆیدا هەڵگرتووە. هەر لەم بارەیەوە شاعیر گەلێک زانیاری تر بۆ منداڵان بە شیعر دەخاتەڕوو، بۆ نموونە کتێک باسی باخچەی ئاژەڵان دەکات:

**دوێنێ لەگەڵ مامۆستامان**

**چووین بۆ باخچەی ئاژەڵان**

**مامۆستا بە وتەی شیرین**

**ناوی ئاژەڵانی فێرکردین**

**ناوی شێر و گورگ و ڕێوی**

**هی کەروێشک و کەڵەکێوی**

**ناوی فیل و ورچ و مەیموون**

**هی کۆتر و هی قەلەموون**

**شالور و قاز و مراوی**

**دەیان باڵندەی ئاوی**

**ئیستا هەموو شادمانین**

**ناوی ئاژەڵان دەزانین** [هەڵمەت: ٢٠١٣: ٢٤٠]

زانیارییپێدان لە ڕێگەی شیعرەوە زووتر بە خوێنەران دەگات. بەتایبەت ئەگەر ئەو خوێنەرانە منداڵ بن ئەوا ئاسانتر دەتوانین وەری بگرن. هاوکات ڕێگایەکی ئاسانە بۆ ئەوەی لە ڕووی پەروەردەییەوە منداڵان لەسەر ڕیچکەیەکی جوان پەروەردە بکەین. دەبینین لە دنیای پەروەردەدا

بەتایبەت لەم سەردەمەدا ئەم ڕێگایە یەکێکە لە ڕێگا پیشکەوتووەکان، زۆربەی قوتابخانە پێشکەوتووەکانی دنیا شیعر دەکەنە هۆکارێک بۆ هێنانەدی ئامانجی پەروەردەیی. منداڵان بە هۆیەوە باشتر زانست و زانیاری وەردەگرن.

لەدوای ڕاپەڕینەوە بەتایبەت لەساڵانی نەوەدەکاندا ، گوتاری شیعر لە ڕووی زانستییەوە، دەبێتە گوتارێک پێوەندی نێوان زانست و شیعر دەردەخات. واتە فەلسەفە، سۆسیۆلۆجیا، سایکۆلۆجیا وەکوو زانست شیعر سوودیان لێ وەردەگرێت. واتە شیعر دێت لە ڕووی سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجییەوە توێژینەوە لە کۆمەڵگا و تاکی کوردی دەکات.

(فەرهاد پیرباڵ) لە شیعری (بۆ مەسعوود محەمەد)دا ڕیتمی ژیانی تاکی کورد دیاری دەکات:

**بەیانیان زوو دەچێتە سەر کار**
**سێشەمووان سەرتاشخانەکان قەپات دەکا**
**پێنجشەمووان ڕیگەی گۆڕستان دەگرێتە بەر**
**لە حەوت ساڵیدا دەچێتە ماکتەب**
**تا هەژدە ساڵی چاوی هەر لە دەستی باوکیەتی**
**کە مەلا بانگ دەدا دەچێتە نوێژ**
**لە بیست و یەک تا بیست و پێنج ساڵیدا ژن دەهێنێ**
**هاوینان موبەریدە دادەگیرسێنێ**
**جەژنان قبوولی و قەل و قەیسی دەخوا**
**نەورۆزان ئاگر دەکاتەوە**

.

.

.

**کۆمەڵگە نازانی نەریت چییە**
**نەریت نازانێ کۆمەڵگە کێیە و چییە و چۆنە**
**تاکە کەسە**
**تاکەکەس خۆی**
**تاکەکەس بەتەنیا خۆی دەتوانێ**
**هەموو ئەم شتانە تێک و پێک بدات و**
**چۆن خۆی حەزدەکا**
**سەرلەنوی دروستیان بکاتەوە** [پیرباڵ: ٢٠٠٦: ٧١–_ ٧٢]

ئەم شیعرە ڕەهەندێکی سۆسیۆلۆجی هەیە، کە چۆن ئەم کۆمەڵگایە تاکەکانی نەریت دادەنێن و دوایی ئەم نەریتانە دەبنە ڕێسایەک و ناتوانێت وازیان لی بهێنێت. لێرەدا ئەدەب ((تەنها وشە ڕیزکردن نییە، بەڵکو هەڵگری زۆر واتا و وێنە و بەهای جیاوازە، بە واتایەکی تر گوزارشتکردنە لە هەڵوێستە مرۆڤایەتییەکان سەبارەت بە بوون و ژیان و کۆمەلگەوە.)) [ساڵح: ٢٠١٢: ٣٤] کەواتە شیعر دەتوانێت وەکوو زانستی کۆمەڵگە و تاک سەیر بکرێت و ئەو گوتارە لە ئەستۆی خۆی بگرێت، کە دەتوانێت توێژینەوە لە کۆمەڵگە بکات.

لە لایەکی ترەوە گوتاری شیعری ئەم قۆناغە، تێکەڵ بە فیکر و فەلسەفە دەبێت. گوتارێکە بە شێوەیەکی تر و لە ئاستێکی باڵاتر باسی زانست دەکات. پرسیارە گەورەکان لەبارەی کولتوور، مێژوو، ناسیونالیزم، ئەدەبیات، تاکی کورد...تاد دێنە پێشەوە. ئەم گوتارە بەتایبەت لە شیعری ڕەهەندییەکان خۆی نمایش دەکات. بۆ نموونە (بەختیار عەلی) لە قەسیدەی (جەللاد)دا سەر لەنوێ فۆرمەلەی چەمکی جەللاد و قوربانی دەکاتەوە. واتە دەیەوێ لە ئاستێکی فیکریدا ئەم دوو چەمکەمان بۆ ڕاڤە دەکات:

**هاوڕێم**

**من زنجیرەکانی جەنگەڵم شکاند،تۆ زنجیرەکانی باغچە بشکێنە.من دەرگای دارستانەکان کلیلدەدەم،**

**تۆ شوراکانی ئینسان قفڵدە.**

**کەی ڕاوکەرەکان تێدەگەن. ترس بەشێکە لە جوانی زستان؟**

**کەی مێخەکەکان تێدەگەن، قامچی بەشێکە لە هەیبەتی باغچە؟**

**کەی بەفر تێدەگات، جێ چنگەکانی من بەشێکە لە زەخرەفەی جەنگەڵ؟**

[عەلی: ٢٠٠٦: ٦١]

دەبینین زۆرێک لەو وشانە پێشتر لە شیعری کلاسیک، یان قۆناغی ڕۆمانسیزم لە شیعری کوردیدا هەبوون، بەڵام لە شیعری ئەم قۆناغە و بەتایبەت لە شیعری ئەم شاعیرە بە شێوەیەکی تر تیۆریزە کراونەتەوە. کە خوێنەر دەخەنە ئاستێکی تری بیرکردنەوە. ئەگەر تەماشای گوتاری شیعری کۆن بکەین، کە پێشتر لەم بەشەدا نموونەمان بۆ هێنانەوە، بە شێوەیەکی سادە و لە ئاستێکی ئاساییدا باسی زانست و فیکر و پیشکەوتن دەکەن. بەڵام لەم قۆناغەدا بیرکردنەوەیەکی فیکری و فەلسەفی لە پشت دانانی هەر چەمکێکن. ئەرک و وەزیفەیەکی تریان هەیە. لەم شیعرەدا وشەی جەللاد وەکوو چەمکێکی فەلسەفی بە پێی کات ڕوون کراوەتەوە و کاری لەبارەوە کراوە.

ئاشکرایە جەللاد کەسێکە مرۆڤەکان لە سێدارە دەدات، بەڵام لە سەردەمی پۆستمۆدێرنێتە قوربانییەکان ئەم ئەرکە دەبینن. جەللاد وەکوو کەسێک نیشاندراوە، دێت پاکانە بۆ خۆی دەکات.

**خۆرهەڵات سەرزەمینی ئەو پێغەمبەرانەی بۆ جامێ**
**شەرابی دەستی سۆزانییەک**
**کتێبەکانیان، خەونەکانیان، نهێنییەکانی وەحیان**
**فرۆشت**
**ئایەتەکانیان دانە دانە بەخشیە ئەهریمەن تا نهێنی**
**غەریزەیان لا بدرکێنی**
**ئامادەبوون ملکەچی بتەکان بن**
**بتی ئەشکەوت، بتی بازاڕ، بتی ڕەگەز، بتی ڕەنگ، بتی**
**عەشیرەت، بتی زمان** [ڕەفیق:٢٠٠٦: ٧٢]

لە شیعری (فاروق ڕەفیق)دا سەرلەنوێ بە شێوەیەکی تازە خوێندنەوە و زانیاریمان لەبارەی خۆرهەڵاتەوە پێ دەگات. ئەو خۆرهەڵاتەی ئێمە دەیناسین جیاوازە لەو خۆرهەڵاتەی لەناو ئەم شیعرانەدا هەیە. ئێرە خۆرهەڵاتێکە هەموو شتەکانی خۆیان دەفرۆشن. ئێرە بەرهەمهێنەری بتەکانن، بتی کلتوور، بتی زمان، بتی مەزهەب...تاد. هەموو ئەمانە بەرهەمێنەری خوێن و کوشتنن. هەموو ئەو پرسیارە گەورانە پێشتر لە ئاستێکی زۆر سادەتر کراون، یان هەر نەکراون.

شاعیرەکان لەم قۆناغە مێژووی کورد، ژیانی کورد، زانستی کورد دەخەنە بەردەم پرسیاری فەلسەفی و فیکری، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ تیۆریزە بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەردەمیانە کاریان لەبارەوە بکرێتەوە. ئەم تێڕوانین و جیهانبینیە لە قۆناغەکانی پێشتر وەک لە نموونەکاندا دیارە لەژێر کاریگەری کولتووری عەرەبی ئیسلامی و ناسیونالیزمی کوردیدا بووە، بەڵام لەم قۆناغەدا هەموو چەمکەکان بە شێوەیەکی تازە پرسیاریان لەبارەوە دەکرێت. هەر ئەوەندەش نا، بەڵکوو دەبێتە سەکۆیەک، دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی زانیاری بە تاکی کورد بگەیەنێت. کەواتە شیعر ئەرکێکی فراوانتر لە ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات، ئەویش ئەرکی بەخشینی زانیارییە، هەوڵدانە بۆ ئەوەی بابەتە فیکرییەکان، کێشە فیکرییەکان بخاتەڕوو. لێرەوەیە پەیوەندی لە نیوان فیکر و شیعردا دروست دەبێت.

## ٤. شیعری نەتەوەیی و نیشتمانی

سەرەتا دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێت، چەندین نامەی ئاکادیمی و توێژینەوە لەبارەی هەستی نەتەوایەتی لە لای شاعیرانی کورد ئەنجام دراوە. ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ کاری لەبارەوە بکەین کارکردنە لەبارەی چەمکی ناسیونالیزم/ نەتەوەگەرایی بە واتا مۆدێرنەکەی. واتە تەنیا باسی هەستە ناسیونالیستیەکە ناکەین، کە لای شاعیرەکان هەیە، بەڵکوو ناسیونالیزم بە واتای دروستکردنی دەوڵەت وەردەگرین، چونکە ناسیونالیزم لە دەرەوەی پڕۆژەی دەوڵەت بوونی نییە و هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەی بندەست یان کۆڵنیکراو ئەگەر پڕۆژەی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەبێت، ناشێت بە بزووتنەوەی نەتەوەیی خاوەن شوناس دابنرێت یان پێناسە بکرێت. کەواتە باسی ناسیونالیزمە بە واتای دەوڵەت. ((فەلسەفەی ناسیونالیزم وەک سیستمێکی بیروباوەڕ، لەسەر دامەزراندنی چەندین دەوڵەتی سەربەخۆ بنیادنراوە پشت بە کلتوور و مێژووی نەتەوەکان دەبەستێت، کار لەسەر ڕایەڵە جیاوازی و تایبەتمەندی کەلتووری و مێژوویی گەلان دەکات.)) [هاڵیدای: ٢٠٠٨: ١٦٩] مێژووی ئەم چەمکە لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە وەکو فیکر لە ڕۆژئاواوە بەرهەمهاتووە و هەر لەوێشەوە گەشەی کردووە و دواتریش، کە مۆدێرنێتە لە هەموو کایەکاندا ڕەنگیدایەوە، بەتایبەتیش کایەی مەعریفی و ڕۆشنبیریی لەلای بیرمەندانی ڕۆژئاوا، ئیتر ئاقارێکی تری وەرگرت و بوو بە یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی نەتەوە بێ خاک و بێ دەوڵەتەکان، بەڵام مۆدێرنە لەگەڵ خۆیدا گوتارێکی نوێی بۆ ناسیونالیزم بەرهەمهێنا، ئەویش ڕەنگدانەوەی فیکر بوو لەنێو ئەدەبیاتدا و بەتایبەتیش شیعر، بۆیە خەیاڵی ئەو شاعیرانەی کە لەبیری دابڕانێکی مەعریفی بوون بۆ بیری کلاسیکیەت لەنێو شیعردا، چەکەرەی کرد و بوو بەجۆرێک لە هاندان، لەلای کوردیش ئەم چەمکە لەوکاتەوە سەرهەڵدەدات کە شاعیرانی وەکوو ئەحمەدی خانی و دواتریش حاجی قادری کۆیی، کە بیریان لە ناسیۆنالیزم کردۆتەوە، بۆیە خانی لە تێکستی (مەم و زین) دوە وەکو وێستگەی یەکەمی چەکەرکردنی ئەم چەمکە و پاشانیش حاجی قادری کۆیی واقیعیانە و بە زمانێکی ڕاستەوخۆ دەریدەبڕێت، بەڵام دیسان بەو هەستە سۆزدارییەی، کە نەتەوەیەکی زوڵملێکراوە، نەک نەتەوەیەک کە خاوەنی ئیرادەیەکە و بڕیاری داوە ئەم فکرە بەرهەمبهێنێتەوە، لەکاتێکدا مۆدێرنە وەکو سیستم لەوپەڕی دڵڕەقیدابوو بەرامبەر بەشەرییەت و بەتایبەتیش نەتەوەکان کە لەدوای هەردوو جەنگی یەکەم و دووهەمی جیهانییەوە دەرکەوت. کورد بە درێژایی مێژووی خۆی تەنیا بۆ مانەوە شۆڕشی کردووە، نەک بۆ ئەوەی ببێتە دەوڵەت، بۆیەش لێرەدا دەکەوینە بەر دوو جۆر لە تێگەیشتن. ئەوانیش ستایش و فەنتازیای

ناسیونالیزم و سەرزەنشتکردنی نەتەوە و تاکە. لەلایەک شاعیران بەردەوام هەوڵی خستنەگەڕی فەنتازیای ناسیونالیزمیان وەکوو گوتارێک پێشکەش کردووە، لە لایەکی ترەوە، کە دیویانە خاوەن دەسەڵاتەکان (میرنشینەکان، هۆزەکان، حیزبەکان) چۆن لەگەڵ یەکتر ناکۆکن، سەرزەنشتیان کردوون. بە هۆی فراوانی ئەم بابەتە و زۆری شاعیرەکانمان، هەوڵدەدەین بەراوردی نێوان دوو قۆناغ بکەین، قۆناغێک پێش ساڵی ١٩٩١ و قۆناغێک، کە گوتاری شیعری کوردییە لەو ماوەیەی وەرمانگرتووە.

وەسفی نیشتمان لای (شێرکۆ بێکەس) دەگاتە لووتکە و جوانترین پێناسەی نیشتمانمان بۆ دەکات. جوانترین وێنەی ڕاستەقینەی نیشتمانمان لە شیعری (دوو برین) بۆ دەکیشێت:

**برینێکی شەڕی ناوخۆم**

**بوو بە گەڵای هەناسەم و**

**زوو هەڵوەری**

**برینێکی شەڕی بەغدام**

**بوو بە گوڵ و**

**گوڵ بوو بە مانگێکی چواردە و**

**بە تریفەی سوورمەچنی**

**هەموو مێژووەمی داپۆشی** [بێکەس: ٢٠٠٦: ٢٢٨]

کاتێک نیشتمان جیاواز لە شەڕ دژ بە داگیرکەران بە شەرێکی تر دەسووتێت، مرۆڤەکانی نامۆ دەبن. شاعیران دەیانەوێ ئەو گوتارە پیشکەش بکەن، کە دوای ئازادکردنی نیشتمان مێژوویەکی تر دەبێتە مێژووی نیشتمان ئەویش مێژووی خوێناوی براکانە. ئەمانە هەموو سەلمێنەری ئەوەن، کە مێژووی کورد بە گشتی مێژووی بەجێهێشتن و دۆڕان و لە دەستچوونە. بەڵام لە قۆناغێکدا، لە نموونەی ئەحمەدی خانی و نالی و شاعیر ، لە هەستێکی ڕۆمانسیانەوە لە نیشتمانیان دەڕوانی. لە قۆناغی نویدا، کە شاعیرانی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، ئەو دۆڕانەمان بە واقیعی نیشان دەدەن. گوتاری شێعری کۆن هەوڵێک بووە بۆ شوناسی خۆی بەرامبەر دوژمنان لە نیشتمان بچەسپێنیت. کاتێک نالی شاعیر لە مەنفاوە نامە دەنیرێت، غەریبی نیشتمان دەکات، ئەم غەریبیکردنە غەریبیکردنی شوێنەکانە. غەریبی شوێنی وەکوو شیوەسوور، بەکرەجۆ، خاکوخۆڵ و شارەزوو...تاد دەکات. بەڵام لەم قۆناغەدا شاعیران، کاتێک باسی نیشتمان دەکەن، لە ڕوانگەیەکی

تروه باسی نیشتمان دەکەن. نیشتمان پەیوند بە شوێنێکی دیاریکراو ناکەن. ئەوان نیشتمان لە داهێناندا دەبینن، سنوور و چوارچێوەیەکی جوگرافی مانای نامێنێت.

(ڕەفیق سابیر) وەکوو شاعیرێکی نەوەی حەفتای سەدەی ڕابردوو، لەم قۆناغەدا بە گوتارێکی تروە لەبارەی نیشتمان و هەستی نەتەوەییەوە دەنووسێت. ئەو شاعیرە تووشی مەنفا و ئاوارەیی دەبێت. بۆیە هەمیشە خەمی بێ وڵاتی و دوورکەوتنەوە لە نیشتمان، خەمێکی قووڵە. دێت ئەو خەمە دەخاتە ناو گوتاری شیعرەوە و وێنەیەکمان بۆ دەکێشێت:

**کە ڕابۆوە**

**وتی:بەنیو ئاژاواوەدا دەپەڕمەوە**

**وتی: وڵاتە ونەکەم**

**دەدۆزمەوە**

**لە سەرمەزرا**

**نەخشەی وڵاتەکەی کێشا**

**بە تیشک ئاڵای بۆ چنی**

**لای ئێوارێ**

**منداڵئاسا، خەو بردیەوە**

**جارێکی دی**

**خەو، وڵات و ئاڵاکەی**

**لێ دزییەوە** [سابیر: ٢٠٠٦: ٥٣_ ٥٤]

دەبینین گوتاری شیعری شاعیر، گوتارێکە لە دەروونی کەسێکی تاراوگەنشینەوە هاتۆتە دەرەوە. لێرەدا شاعیر بەر دوو خەم دەکەوێت، خەمێکیان خەمی بێ وڵاتییە، خەمەکەی تریان خەمی ئاوارەییە. لیرەوە دەیەوێت پەیوەندییەک لە نێوان ئەم دوو خەمەدا دروست بکات، ئەویش دروستکردنی وڵات و ئاڵا وەکوو خەمی منداڵێک دەکیشێت، بەڵا دوای ئەوەی خەو منداڵەکە دەباتەوە، ئەم خەم و ئاواتەی دەڕوات.

گوتاری شیعری ئەم قۆناغە گوتارێکی توڕەیە لە لایەنە سیاسییەکان، کە هەڵگیرسێنەری شەڕی براکوژین. بێگومان دەنگهەڵبڕین و نەفرەتکردن لە شەڕی ناوخۆ لای زۆربەی شاعیرانی باشووری کوردستان هەبووە. (بەحری ڕەشید) وەکوو شاعیرێکی ناوچەی بادینان لە ساڵی ١٩٩٤دا بە شیعری (دوهی ل سەر شاەقامی گشتی) نەفرەت لە شەڕی براکوژی دەکات:

**تف ل بەژن و بالا مە دباری**
**مەد کرد هەوارکا ئازادی**
**ئیرۆکە ژی**
**تف پیروزترە ژ دوهیٚ**
**بو بەژنا کوردی دکەت شەریٚ "براکوژی"**
**یان ژی بێژت سۆرانی و بادینی**
**دوهێت بەرامبەر دیوانا میری**
**لناڤ قەفەسا گوناهباریێ**
**دەنگیٚ ئازادییٚ دحرژی**
**ئیرۆکە ژی بەرامبەر میری باژاریٚ**
**کۆترێن سپی**
**دبێژن: بیت ئازادی و دیموکراسی**
**بمریٚ شەڕی کوردکوژی** [رەشید:٢٠١٢ : ٣٥]
ئەمە گوتارێکی زۆر توندە بەرامبەر هەموو ئەو لایەنانەی بەشداری شەڕی براکوژیان کردووە. گوتارێکە دەرخەری ئەو ڕاستیەیەیە شاعیران هەوڵویستیان هەبووە و دژ بەم شەڕە وەستاونەتەوە. لە سەرەتای شیعرەکەوە شاعیر قێزەونانە باسی ئەو ڕۆژگارە دەکات. هەتا دوێنی کورد هەموو داوای ئازادی دەکرد و وشەی ئازادی دروشمی سەر زاری هەموو لایەنەکان بوو، بەلام ئەمڕۆ خەریکی شتێکی ترن، ئەویش کوشتنی کوردە بە دەستی یەکتری. لایەنە سیاسییەکان تاوانبار دەکات بە چاندنی تۆوی دوژمنایەتی لە نێوان هەردوو ناوچەی سۆرانی و بادینی. تەنانەت ئەم دوو زاراوەیەیش کە دوو زاراوەن بۆ جیاکردنەوەی شێوەی ئاخاوتن، ئەوان کردوویانە بە دوو ناوچەی دژ بەیەک. داوا دەکات بەرامبەر کۆشکی دەسەلات هەموو هاواری ئازادی و دیموکراسی بکەن و دروشمی بمریٚ شەڕی کوردکوژی بلێنەوە.
پیشاندانی وێنەیەکی تری نیشتمان هەوڵێکە بۆ ئەوەی خەڵک لە دیوێکی تری نیشتمان ئاگادار بکەنەوە، هەستی نەتەوەیی لە هەستێکی ڕۆمانیسیانە دوور دەخەنەوە و لەژێر ڕکێفی عەقڵ پەرە بەم هەستە دەدەن. (عەباس سالح) لە ساڵی ١٩٩٦دا لە شیعری (ونبوون)دا وێنەیەکی تری نیشتمانمان نیشان دەدات:
کە نیشتمانەکەم داگیر کرا
چیا و دەشت و دارستانم

ڕووبار و جۆگە و بارانم...
لیَ بزر بوو
کە نیشتمانەکەم ئازاد کرا
خوێنی شەهیدان و خۆشەویستەکەمم
لیَ بزر بوو...
شەهید براکەی من و خەڵکی کوردستان بوو
خۆشەویستەکەشم
پرچی دەکردە جۆلانە
منیش دڵمم تیا دەلاواندەوە
سینەی دەکردە گوڵزار و
پەنجەکانم تیا دەڕواندا
لێوی دەکردە کانیلە و
تینوێتیمی تێر تێر دەشکاند
ئای نیشتمانی ئازادکراو
من خوێنی شەهیدان و خۆشەویستەکەمم لی بزر بوو [ساڵح: ٢٠١٤: ٩٤_ ٩٥]

وێنەی نیشتمانمان لە دوو سەردەمدا نیشان دەدات، سەردەمێک کە نیشتمان داگیرکراو، هەموو جوانییەکانی نیشتمان ون بوون، هەموو جوانییەکانی نیشتمان داگیرکراون، لەوێدا ئازادی بینین، ئازادی تێڕوانین نەبووە، کاتێکیش نیشتمان ئازاد دەکرێت، واتە دوای ڕاپەڕین، ئەوانەی بە دڵسۆزییەوە خوێنیان بۆ نیشتمان ڕشت، ئەوانەی ئازیزترین و خۆشەویستترین کەسیان کردە قوربانی ئەوان خوێنیان بزر کرا، کەس باسی نەکردن، چونکە نیشتمان بووە شوێنێک بۆ بەرژەوەندی کەسیی بەکار دەهات. شاعیر هاوار دەکات، کە نیشتمانی ئازادکراو خوێنی برا شەهیدەکەی و تەرمی خۆشەویستەکەی تێدا بزربووە لە جیاتی ئەوەی نیشتمان ببێتە شوێنێک بۆ حەوانەوە، بۆ حەسانەوە، بووەتە شوێنێک بۆ ونکردنی جوانییەکان.

گوتاری شیعری شاعیرانی ئەم قۆناغە، گوتارێکە تووڕەن لە نیشتمان، گوتارێکە هەوڵدەدەن پێناسەیەکی تر بۆ نیشتمان بکەن. زۆربەی شاعیران ڕوو لە مەنفا و غوربەت دەکەن، لەوێوە پێناسەی نیشتمان دەکەن. واتە چیتر هەوڵێک نییە بۆ ئەوەی نشتیمان لە داگیرکەران ڕزگار بکرێت، بەڵکوو ئەم جارە هەوڵێکە بۆ پێناسەکردنەوەی نیشتمان. لەم ڕوانگەیەوە (هیوا قادر) لەم شیعرەدا دەڵێت:

**ئەو کچەی بە سیل مردبوو**
**گازندەی ئەکرد:**

**خۆڵ خنکاندوومی بۆ ئاوڕشێنێکم ناکەن!؟**
**ئێسقانی قوربانییەکانمان**
**هەڵدەڕشتە سەر کۆشی نیشتمان**
**فیشەکی ژەنگبردووی ئێستقانەکانی دەرئەهێنا!** [قادر: ٢٠٠٤: ١٣]
شاعیران بۆ ئەوەی واتایەکی تر بە نیشتمان بدەنەوە، هەوڵبدەدەن دوور لە هەستی ناسیونالیستی و نۆستالیژیانە پێناسەی نیشتمان بکەن، دێن لەناو کاتی ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو نیشتمان دروست دەکەن. شاعیر لەم شیعرەدا نیشتمان لە شێوەی دایکێک پیشان دەدات، چۆن تەرمی کوڕێک بۆ کۆشی دایکێک دەهێنینەوە، ئاوا ئێسقانی قوربانییەکان بۆ نیشتمان دەهێنینەوە. لێرەدا مەنفا دەبێتە شوێنێک لە جیاتی شوێنێکی تر، کە نیشتمانە. شاعیر لە مەنفادا خۆی لێ ون دەبێت، چونکە ئەو لە نیشتمانێکە، کە نیشتمانی ڕاستەقینەی ئەو نییە. ((ئەگەرچی مەنفا لە ڕوخساردا زیاتر پێوەندیی خۆی بە جوگرافیاوە دەردەخات، بەڵام لە ڕاستییەکەی مەنفا چەمکێکی مێژووییە. بە مانایەکی تر مەنفا ئەونجامی ئەو پرسیارانەیە، کە نووسەر ئاراستەی کاتیان دەکات و وەڵامی دەستناکەوێت.)) [ئەمین: ٢٠٠٨: ٢٧] ئەم نامۆبوونە بە نیشتمان لە لای هەمان ئەو شاعیرانەش هەیە، کە نیشتمانیان جێنەهێلاوە. بەڵام لای ئەوانەی پەناهەندە بوون قووڵتر دەردەکەوێت. بۆ نموونە لای (ڕامیار مەحموود)، کاتێک دەڵێت:

**ئێوارەیەک کە نازانم ڕوو بکەمە کوێ..**
**بیر ئەکەمەوە ئێرەم لێ ئەبێت بە دۆزەخ..**
**بیر ئەکەمەوە ئەوێم لی ئەبێتە دۆزەخ..**
**بە خەمباری ئێوارەیەک ئەگەڕێمەوە ماڵەوە و...،**
**بە دەباشیر لە دیواری ژێرزەمینەکەم ئەنووسم**
**ڕاکەرە حەوشە..**
**ڕاکەرە کۆڵان..**
**ڕاکەرە جادە..**
**ڕاکەرە نیشتمان..**
**ڕاکەرە مەنفا..** [مەحمود: ٢٠١٢: ٢٠٧]

لێرەوە نیشتمان دەبێتە شوێنێکی نامۆ، تەنانەت مرۆڤەکانیش نامۆ دەبن بە نیشتمان. ئەم پێناسەکردنەوەی نیشتمان لە ئەنجامی جیهانبینییەکی قووڵەوە هاتووە. دوای ئەوەی نیشتمان لە ڕژێمێکی وەکوو بەعس ڕزگار دەکرێت، تاکی کورد هەست بەنامۆیی دەکات. شیعر دەبێتە زەمینەیەک بۆ ئەوەی شاعیرەکان گوزارشت، یان سەرلەنوێ تیۆریزەی چەمکی نیشتمان بکەنەوە.

ئەگەر لە گۆتاری شیعری کۆن نیشتمان ئەو شوێنەبوو تاکی کورد بە هۆی داگیرکارییەوە پێی نامۆ بوو، لە شیعری ئەم قۆناغە مرۆڤەکان بە شیوەیەکی تر لێی نامۆ دەبن.

ئەم مەنفایە بەردەوام نائومیدی و ڕەشبینی لە لای شاعیران دروستکردووە، بەڵام مەنفایەک لە ئەنجامی رەشبینییەوە هاتووە. واتە پرۆسەکە دوو جەمسەرییە. (ڕامیار مەحموود) یەکێک لەو شاعیرانەیە نائومێدییەکی کامۆییانە لەناو شیعرەکانیدا هەیە:

**لەبەر تورەیی هاوڕیکانم**

**دەرگاکە بکەرەوە جانتایەکم پێیە پڕ لە دوعا و سەلام**

**ئەفسانەیەکم پێیە پڕ لە خۆکوشتن**

**ئاوێنەیەکم هێناوە هەموو شتێکی لێوە دیارە**

**دەم و چاوم نەبێت**

**نامەیەکم پێیە حەرفی لەسەر نەنووسراوە**

**گریانێکم پێیە تەواو نابێ** [مەحمود: ٢٠١٢: ١٢٤]

ئەم ڕەشبینییە کامۆییە، هەوڵێکە بۆ ئەوەی بەردەوامی بە ژیان بدات. ئاشکرایە فەلسەفەی پووچی و رەشبینی، فەلسەفەیەکە تاکوو هەموو شتێک بە پووچی نیشان بدات. بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە مرۆڤ دەستبەرداری هەموو شتێک بێت، بەڵکوو بۆ ئەوەیە مرۆڤ بەردەوامی بە ژیان بدات. شاعیر لە نیشتمانەوە دنیایەک شتی هێناوەتەوە مەنفا، ئاوێنەیەک، کە ڕووخساری شاعیر تێیدا دەرناکەوێ، نامەیەک، کە هیچی تێدا نەنووسراوە.

**بەرلەوەی مێژوو پەناهەندەی نائومیدی بێت**

**بەر لەوەی گومان ئاگر لە دڵنیایی پیاسەکانت بەر بدات**

**بەرلەوەی شکست نەخشەکانی وەهم پوچەڵ کاتەوە**

**بەرلەوەی گریان باڵای بەرزی قاقاکانت نەوی کات**

**لە نامەی پیاوێکدا نووسراوە:**

**پاڵ بەم زەوییە نەفرەت لێکراوەوە مەدەو**

**هیچ بەیانییەک نییە ئێوارە ئیمزای ئاوابوونی لەسەر نەکات** [مەحمود: ٢٠١٢: ١٣٥]

دووبارەبوونی هەڵاتی خۆر و ئاوابوونی هەموو ڕۆژێک وەکوو شتێکی بی واتا دێتە بەرچاو بۆ شاعیر، چونکە هیچ گۆڕانێک لەمەدا نابینێت. واتە ژیان شتێکی بێ واتایە و هەموو ڕۆژێک هەمان شت دووبارە دەبێتەوە. ئەم ڕەشبینییە دەبێتە گوتارێک زۆربەی شاعیران دەگرێتەوە. بێگومان بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کاریگەری هەبوو، چونکە زۆربەی نووسەر و

شاعیران ڕوویان لە مەنفا کردبوو. لەوێدا دوو جار لە مەنفا ژیاون، جارێک دوور لە نیشتمان و جارێک لە ناوەوەی خۆیان تووشی مەنفا بوون بە هۆی نائومێدی و ڕەشبینییەوە.

هەڵدانەوەی مێژووی خەباتی نەتەوایەتی لە کۆندا دەبێتە کەرەسەیەک بۆ شاعیران. (نەوزاد ڕەفعەت) وەکوو شاعیرێکی نەوەی هەشتای سەدەی ڕابردوو، وێنەی خەبات و بەرگری قەڵای دمدمان لە شیعری (تارمایی شاخی خەم) بۆ دەکێشێت:

**ئا ئەو کۆترانەش تۆ دەیانبینی چوونە کونە شاخ**

**کچی سەرکەش و گەردن بڵندی دمدم بوون کاتێ**

**گەمارۆ درا و پیش وەی بگیرێن**

**بوونە کۆتر و دایان لە شەققەی باڵ و هەڵفڕین**

**خوێنی ئەوانش هەڵدێران، ون بوون**

**بوو بە کازیبە و چەپکە ئەستێرە**

**بوو بە گوڵێک و گوڵاڵە سوورە** [ڕەفعەت: ٢٠٠٤: ٥٨ـ ٥٩]

ئەو دلێری و نەبەردییەی پیاوانی قەڵای دمدم بە سەرکردایەتی خانی لەپزێڕین بەرانبەر سووپای داگیرکەر ئەنجامیان دا، دەبێتە سەربووردەیەک بەردەوام دەبێ بە بیر نەوەکانمان بهێنینەوە. شاعیر دوو وێنەمان بۆ دەکێشێت. یەکیان بەرگری بەردەوامی پیاوانە بۆ ئەوەی قەڵا/ نیشتمان داگیر نەکرێت. دووەمیان کچانی قەڵایە، پیش ئەوەی قەڵا بگیرێت، نەوەک دەسگیر بکرێن و بە سەبایا ببردرێن، دەبنە کۆتر و دەچنە کونە شاخەکان و دەبنە هێمای ئاشتی، هەندێکی تریان خۆیان هەڵدێرا و خوێنەکەیان بووە گوڵ و گوڵەئەستێرە. ئەم مێژووە ئەگەر هۆکارێک نەبووبێت بۆ ئێمەی گواستبێتەوە، ئەوا شیعر ئەو ئەرکە دەبینێت و گوتاری نەتەوەییمان بۆ دەگوازێتەوە.

شیعر دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی جوانییەکانی نیشتمان پیشان بدات، هەروەک لە پێشتریش باسمان کرد، هەمان کات دەبێتە پیشاندانی ناشرینییەکان. بەڵام لیرەدا نیشتمان وەکوو دایکێک پیشان دەدات، کە ئەرکی هەموومانە قوربانی لەپێناودا بدەین. هەموومان بەرانبەر نیشتمان ئەرکمان لەسەر شانە و پیویستە بەرانبەر نیشتمان و نەتەوە هەست بە بەرپرسیارییەتی بکەین. نیشتمان و نەتەوە دوو شتن لە سەروو هەموو پیرۆزییەکانەوەن. ئەمە دەبێتە گوتارێک، هەموو خەڵک کۆمەڵگە بە شێوەیەکی دیکە سەیری نیشتمان بکەن، سەرەڕای ئەوەی حیزبەکان لەو قۆناغەدا نیشتمان ناشرین دەکەن، وێرانی دەکەن، بەڵام دواجار نیشتان پیرۆزە و شایەنی قوربانیدانە.

## ٥. فێمینیزم و خەباتی ژنان

زۆر لە مێژوونووسان و لێکۆڵەران، مێژووی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی فمینیزمی دەگەڕێنەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدە و کاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا، کە لەوێدا ژنان ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەریان گێڕا. بەڵام بە گوێرەی مێژووی ستانداردی ڕۆژئاوایی و مێژوویی فمینیزمی، یان یەکسانیخوازی، بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەم بزووتنەوەیە لە نیوەی دوهەمی سەدەی هەژدەدا سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە. فمینیزم ئایدولۆژییەکە، کە ڕەخنە لە کردەوە و سیاسەتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەگرێت و ئامانجی گۆڕینی لارسەنگی و نایەکسانییە لە دابەشکردنی دەستەڵات و ماف لە نێوان ڕەگەزەکاندا. ئەم ئایدولۆژییە بە پشتبەستن بە بەڵگەی مێژوویی جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە، کە ژنان لە هەموو کۆمەڵگا جیاوازەکاندا بە درێژایی مێژوو بە شێوەی جیاواز لە لایەن کۆمەڵگای پیاوسالارییەوە توندووتیژیان بەرانبەر کراوە. (جۆرج ڕیتز) دەڵێت: ((تیۆری فیمینیستی لێکۆڵینەوەیە دەربارەی ژنان، کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، یاخود فەرمی، سیستمەیکی هزری بەرفراوان و گشتی دەربارەی تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ژیانی کۆمەلایەتی و ئەزموونی مرۆیی لە ڕوانگەی ژنیکەوە دەخاتەڕوو. لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و خوێندنەوە بۆ پێگە و ئەزموونی ژنان لە کۆمەڵگە دا و بانگەشەی ئەوە دەکات، کە دەکری جیهانێکی باشتر بۆ ژنان دروست بکرێت.)) [قادر: ٢٠١٩: ٧]

ژن هەوێنی ناو دەقە. واتە ئەوە پیاوە دەبێتە داکۆکیکاری مافی ژنان. لێرەدا ژن وەکوو ڕەگەز بێدەنگە. هەرچەندە لە توێژینەوە فێمینیستیەکاندا ئەم دووپاتکردنەوەی هەمان کولتوورە. ((ڕەخنەکارانی فێمینیست نیشانیان دا کە چۆن نواندنەوەی ژن لە ئەدەبیاتدا، لە ڕاستیدا دووپات کردنەوەی هەمان کلێشە ناسراوە کولتوورییەکانە.)) [بێرتێنز: ٢٠١٥: ١٧٠] هەرچەندە لەودەقانە دا ، ژن وەکوو ڕەگەزی بەرامبەر بە بوونێکی خاوەن ماف نیشان دەدەن. هێشتا هەموو شتێک لەژێر هەژموونی کولتوور و دابونەریت دایە. لێرەدا پیاو دەبێتە دەنگی ژن. واتە ئەوە پیاوە لە جیاتی ژنان داوای ماف و داخوازییەکانی ژنان دەکات. کەواتە ئەم نووسینە لەلایەن دنیایەکی پیاوانەوە نووسراوە، ڕاستە بۆ داکۆکیە لە مافی ژنان، بەڵام هەمیشە دنیای پیاوانی بەسەردا زاڵە. ئەم ڕەوتە بێگومان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لای کورد پەیدا دەبێت. ئەمە دەرخەری ئەوەیە مێژوو پیاوان دەینووسنەوە، واتە ژنان بۆ نووسینەوەی مێژوو پەراوێز دەخرێن، چونکە ژن ڕێگەی پێ نەدراوە، ئەم ڕێگرییەش بەرهەمی کولتوورێکە، پیاو داهێنەریەتی. شاعیران بە شیعر داوای مافە

سەرەتاییەکانی ژنان و کچانیان دەکرد. بۆ نموونە داوایان دەکرد کچانیش بچن بۆ خوێندنگا و وەکوو کوڕان ئەو مافەیان هەبێت. ئەم بیرکردنەوەیە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە پەیدا دەبێت. لەم قۆناغەدا شیعر دەبێتە چوارچێوەیەک بۆ ئەوەی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان بخاتەڕوو. نەچوونی کچانیش بۆ خوێندنگا یەکێک بوو لە گرفتە کۆمەلایەتییەکان. ((ئەو پەیوەندییەی شیعر بە کۆمەڵەوە دەبەستێتەوە کە لایەنێکی گرنگی کێشەی هەڵوێستە لە قۆناغەکانی گۆڕان و پەرەسەندنی شیعردا، چەند بۆچوونێک دروست بووە، یەکێکیان لە چوارچێوە کۆمەلایەتییەکەوە دەڕوانێتە شێعر، کە پێویستە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی سەردەمەکەی خۆی بێت، خاوەنی ئەو بیر و ڕایەیش لەو تیۆرەدا خۆی دەدییەوە کە شیعریان بە ژیانەوە دەبەستەوە.)) [ عەزیز: ٢٠٠٢: ٢٢] شیعر لێرەدا ئەرکێکی کۆمەڵایەتیانە دەبینێت، بەوەی شاعیر مافی خوێندن بۆ کوڕ و کچ بە یەکسانی دادەنێت. هەرچەندە ئەو مافە ژنان و کچان خۆیان داوایان نەکردووە، بەڵام ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەم داوایان کردووە.

شاعیرانی کورد( قانیع، موفتی پێنجوێنی، مەلای گەورەی کۆیە، کامەران موکری، دیلان...)هتد. هەموویان داوای ئازادی بۆ ژنان دەکەن، هاوکات دەیانەوێ ژنان بێنە ناو کۆڕی خەباتەوە. بەڵام نابێت ئەوەمان بیر بچێت زۆربەیان لە ڕوانگەیەکی ئایدۆلۆجییەوە ئەو داوایە دەکەن. لای (گۆران) ئەم بیرکردنەوانە هەندێک جیاوازتر دەردەکەوێت. هەرچەندە شاعیر لە ڕێی خۆیەوە باسی کیشە و گرفتەکانی ژنان دەکات. واتە ئەوەی (گۆران) لەوانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە، دێت باسی ئەو گرفتە قوولانەی ژنان وەکوو مرۆڤ بە دەستییەوە دەناڵێنن دەکات. بۆ نموونە لە شیعری (بەردەنووسێک)دا گەورە کچێکی بە غەدر کوژراو دەهێنێتە گۆ، ئەو کچە ئازار و کیشەکانی خۆی باس دەکات، کە چۆن کەوتۆتە داوی کوڕێکەوە و ئەویش سەرجێی لەگەڵ کردووە و دواتر جێی هێشتووە :

**لاوێکی نامەردم تووش هات لە ڕێما**
**بە سوێن و پەیمان،**
**وەک ڕەشمار پەپکەی خوارد، نوست لەناو جێما**
**ئابڕوومی تکان!**
**پاش ئەوەی ماری پیس ژەهری خۆی ڕژان،**
**کشایەوە کون**
**هۆی شەرمی لە باوکم کرد بە مایەی ژان**

**کەتنکەری ون** [دیوانی گۆران: ١٣٨٦: ١٦٥]

ئەمە باسکردنی چیرۆکێکی بە ناحەق کوژراوی کچێکە، کە کوڕێک فریوی داوە و وەکوو ئامێرێکی دامرکاندنەوەی حەزەکانی لەو کچەی ڕوانیوە. ئەمە نیشاندانی وێنەی کۆمەڵگایەکە، کە جیاوازی نێوان پیاوان و ژنان لەوپەڕی دایە، چونکە دواجار هەموو شتەکە بەسەر کچەکەدا دەشکێتەوە و دەبێت ئەو قوربانی بدات. هەرچەندە ئەمە خستنە ژێر پرسیاری کۆمەڵگەیە، کە بۆچی کۆمەڵگە وەکوو یەک مامەڵە لەگەڵ هەردوو ڕەگەز ناکات و تاوانەکە هەردووکیان باجەکەی بدەن، نەک تەنیا کچەکە:

**منی کچ مامزی بەندیخانەی ژین**

**سزای تاوانم**

**بە دەستی باوکی خۆم چووم بە سەربڕین**

**پرچی پەخشانم**

**تلا لە خوێنەوە و کەوتە سەر چاوم** [دیوانی گۆران: ١٣٨٦: ١٦٦]

جیاوازی ڕەگەزی لێرەدا دەردەکەوێت، کە سزاکە یەک لایەن بیچێژێت و لایەنی بەرامبەر و ڕەگەزی نێر وەکوو ئەوەی هیچ تاوانێکی نەکردبێت بژی. لیرەدا بۆچی کچەکە مەحکووم بێت بە پێوەرەکانی کۆمەڵگە و کوڕەیش ئازاد بێت. ژنان هەردەم قوربانی سەرەکی بوون و توندوتیژی جەستەیی و دەروونیان بەرامبەر کراوە. ئەم سیستمانەی، کە بە ئامانجەوە پێگەی ژێردەستەیی ژن و باڵا دەستبوونی پیاو زەق دەکەنەوە، هەروەها بەردەوام ئەم ڕوانینە نێگەتیڤە دەرخواردی کۆمەڵگە و تاکەکان دەدەنەوە و پەروەردە دەکەن. سیستەمێک کە ئەوەندە چەق بەستوو و دژە مرۆڤە نەتەنیا مافی شارۆمەندی و یاسایی بۆ توێژی ژنان کە نیوەی حەشیمەتی جیهان پێکدێنن بە رەوا نازانێ، بەڵکو و ژنان لەودا دەسەڵاتی جەستەی خۆشیان نییە، جەستەی ژن وەکو و ملکی تاکەکەسی پیاو سەیری دەکرێ. لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا ژن موڵکی سەرەکی پیاوەو و وەک ناموسی پیاو سەیری دەکرێ، ناموس و شەرەف دوو وشەی قیزەونە کە سالانە سەدان قوربانی لێدەکەوێتەوە، شەرەفێک کە لکاوە بە جەستەی ژنەوە و ئەگەر بە وردی و چاوکراوەیی بڕوانینە پرسەکە بۆمان دەردەکەوێ نە تەنیا ژنان بەڵکو و پیاوانیش قوربانی ئەو بیروبۆچوونەن. شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت پێویستە کاردانەوەی خەڵک و کۆمەڵگە لەم جۆرە کارانەدا لۆجیکی بێت و کاردانەوەی کتوپڕ نەبێت، کە تەنیا یەک لایەن ببنە قوربانی، چونکە هەموو مرۆڤێک هەڵە دەکات، پێویستە لە ڕووی پەروەردەییەوە ئەم پەیامە بگەیەندرێت بۆ ئەوەی بەردەوام یەک لایەن نەبێتە

قوربانی . نابێ ئەوەشمان بیر بچێت، شاعیران دەیان دەقی شیعریان هەیە، کە ژن وەکوو جوانێک دەبینن، کە ئەوان وەکوو حەزێک تەماشای دەکەن و ژن وەکوو ئامیرێک بۆ دامرکاندنەوەی حەزەکانیان دەبینن. کەواتە وەکوو فێمینیستەکان دەڵێین، پیاو ناتوانێت لە دەقی ئەدەبییدا داوای مافی ژنان بکات، چونکە هەمیشە تێڕوانینێکی پیاوانەی بۆ ڕەگەزی بەرامبەر هەیە.

بەڵام کاتێک ژنان ، خۆیان دەقی ئەدەبی لە پێناو خستنەڕووی کێشە و گرفتەکانیان دەنووسن. ژن لێرەدا خۆی گوزارشت لە جیهانی خۆی دەکات، کەسێک نییە لە ڕێیەوە گوزارشت لە خۆی بکات، بەڵکوو ئەوە خودی خۆیەتی. لێرەدا ((ژن وەک بەرهەمهێنەری مانای دەقی لە مێژوو و هەروەتر لە ئەو ژانر و پێکهاتە ئەدەبیانەی کە ژن بەرهەمهێنەری بوون، دەدوێت.)) [بێرتێنز: ٢٠١٥: ١٦٩] ئەوە ژنە دەبێتە ناوەندی دەنگی خۆی. ئەوەی ئێمە لێرەدا لەبارەیەوە دەدوێین، شێعری ژنانە بە واتا فێمینیستییەکەیە. واتە دەنگی ئەو ژنانە ڕاڤە دەکەین، کە بە جیهانبینییەکی فێمینیستانەوە شیعریان نووسیووە. ئەمەش درەنگ لەناو کورد سەر هەڵدەدات.

ئەگەر چاوێک بە مێژووی ئەدەبی کۆنماندا بخشێنین هەندێ دەنگی شیعری لە ڕگەزی مێ دەکەونە بەر ، چاو لەوانە ( مەستوورەی ئەردەڵانی ، پیرۆزی حەسەن کەنەوش )..هتد.لە قۆناغی نوێشدا ئەم دەنگانە هەیە لە(١٩٢٠–_١٩٩٠)(زەینەب خان_کچە کورد)_(دایکی سولاڤ)_(شیرین.ک) ..هتد. دوای هەشتاکان بزاڤی فیمینیزم لە شیعردا شێوازێکی نوێی وەردەگرێت و پەیام و فۆرم و ئامانجی شیعر جیاواز دەبێت لە هەموو دەنگەکانی پێش خۆی. شاعیرە ژنەکان ژنانە دەنووسن، لەپاش نەوەدەکانەوە شیعری ژنانە ڕوو لە زیادبوونە. ئەوان ڕەتی دەسەڵاتی پیاوسالاری دەکەنەوە.

(مهاباد قەرەداغی) یەکێک لەو دەنگانەیە لەناو شیعرەکانیدا تەواو دەنگی مێینە هەستی پێ دەکرێت. ئەم شاعیرە لە ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوو لەسەر بیروڕای سیاسی لە زیندانەکانی بەعس زیندانی دەکرێت. شیعرەکانی، تەنانەت نووسین و ڕۆمانەکانی ئەوەندەی خەم و ئازار و ئەشکەنجەی زیندان تێیدا ڕەنگ دەداتەوە، ئەوەندە هەست ناکەین شیعرەکان لە کاتی ئاسودەیی و خۆشگوزەرانیدا نووسرابن. لە شیعرەکانیدا باسی خۆڕاگری خۆی بەرامبەر ئەشکەنجە و ئازار دەکات. ئەمەش تەنیا خۆڕاگری مۆرڤێک نییە، بەڵکوو خۆڕاگری کچێکە بەرامبەر جەلادەکانی بەعس:

**من ژنێکی سەرکەشی کەنار دۆزەخم**

**ئایەتە دۆزەخییەکانم وەک سترانەکانی ئەوین لەبەرە**

**سوڕەتە ئاڵتوونییەکانی ئاگرم**
**جوان جوان لە باخچەیەکی پڕ لە حەوا شاردۆتەوە**
**ئەو حەوایەی**
**دۆزەخی کردە شەنگترین تاراوگەی ڕۆح و**
**بەهەشتی لەبەرچاو خستین**
**فێری ئەزموونی مەرگی کردین**
**ئەو نەبوایە نە هەستی چێژ وا خۆش دەبوو**
**نە بۆنی سێو هێندە مەستی دەکردین**
**ئەو نەبوایە،**
**کەسمان نەماندەزانی دۆزەخ یەقینێکی ئەوەندە شەنگە و**
**بەهەشتیش ئەفسانەیەکی ئەوەندە تاریک**
**سوپاس بۆ تۆ حەوا** [دیوانی مهاباد قەرەداغی: ٢٠١٣: ٢١]

هەر لە یەکەم وشەوە ژنبوون دەبێتە سەنتەرێک بۆ ئەوەی بە خوێنەر بڵێت، ژنبوون سەنتەرە، بۆ ئەوەی ئەوە بسەلمێنێت هەموو ئەو شتانەی دروستبوون هۆکارەکەی ژنە. حەوا ئەو ژنەیە مانایەکی نوێی بە بەهەشت و دۆزخ بەخشی، ئیتر لەوێوە شتەکان واتایەکی نوێیان وەرگرت. ژن لەم قۆناغەدا دەبێتە خاوەن گوتاری خۆی، چیتر ئەوە نابێت حەوا وەکوو تاوانبارێک، وەکوو هۆکاری یەکەم گوناح سەیر بکرێت، بەڵکوو شاعیر واتایەکی تر و ئەرکێکی تر بە حەوا دەبەخشێت. ئەگەر لە پێش ڕاپەڕین سەیری شیعری کوردی بکەین، لە زۆر شوێندا کە باسی حەوا دەکرێت، ئەوا حەوا بە تاوانبار هەژمار دەکرێت، بەڵام لە شیعری ژنان دوای ڕاپەڕین، ئەم گوتارە پێچەوانە دەبێتە، گوتارێکە ژن دەکاتە سنتەری واتابەخشین بە شتەکان، دەیکاتە سەنتەری دووبارە بەخشینەوەی واتا بە گەردوون. ئەوە حەوایە لە ژیانێکی ڕۆتین و یەکشێوازی بەهەشت ڕزگاری کردین، ئەوە حەوا بوو هەستەکانی مرۆڤی دۆزیەوە و ئیتر مرۆڤ هەست بە ئازار و خۆشییەکان دەکات. ئەگەر حەوا نەبوایە ئەوا تەنیا هەستی خۆشی و چێژی خۆشیمان دەبوو، بەڵام چێژی ئازارمان نەدەبوو. ئەوە حەوا بوو وەکوو ڕەگەزی مێینە ئەو گۆڕانانە دروست دەکات.

(مهاباد قەرەداغی) شیعر دەکاتە سەنگەرێک بۆ ئەوەی بەرگری لە ژنبوون و ڕەگەزی ژن بکات، هەرچەندە ڕوو لە تاراوگە دەکات، بەڵام ئەوە واتای ئەوە نییە گوزارشت لە خەمی گشتی ژنانی کورد نەکات.

**ئەو بەردانەی ڕاستیان لە سنگدایە**
**سەری ڕۆژەکان دەشکێنن**
**من دەمەوێ لە هەر کوێیەک بەرد هەبێ.. سەما بکەم**
**لە هەر کوێیەک بەرد هەبێ**
**توورەگەیک شیعر**
**بخەمە ژێر باڵی تەمەنمەوە و دەرۆزە بکەم**
**من سواڵی ڕووناکی دەکەم**
**لەبەر دەرگای ئەستێرەیەکدا بۆ چۆڕێ تریفە**
**عومرێک دەوەستم**
**لەبەر پەنجەرەی خۆردا...تا بێکۆتا دەپاڕێمەوە** [دیوانی مهاباد قەرەداغی: ٢٠١٣: ٣٢٠]

لێردا شاعیر خۆی دەخاتە بەرەی سەنگەری داکۆکی لە ڕاستی و مافی ڕەوای مرۆڤ. ئەو تەنیا وەکوو ژنێک بیرناکاتەوە، واتە تەنیا جێندەر و ڕەگەز ناکاتە پێوەر، بەڵکوو بە شێوەیەکی بووناسانە بیر دەکاتەوە. ئەو بوونی مرۆڤی لە لا زۆر گرنگە، نەک تەنیا بوونی ڕەگەزێک، کە ڕەگەزی مێینەیە. بەردەوام بە دوای جوانیدا وێڵە، بۆ ئەوەی ژیان جوان بکات. لە هەر شوێنێک بەرد، یان ڕەقێتی، یان کولتووری پیاوسالاری هەبێت، ئەوا خۆی دەکات بە بوونێک و بە سەما ئەم ڕەقێتیە، ئەم کلتوورە لەناو دەبات، لانیکەم نەرمی دەکاتەوە و ڕەگەزەکەی دەگۆڕێت. سواڵکردنی ڕووناکی هێما و ئاماژەیە ئازادی. شاعیر دەبێتە کەسێک داوائ ئازادی دەکات، ئامادەیی تێدا هەیە ببێتە ناوەندێک، ببێتە کەسێک هەموو ژیانی بۆ جوانکردنی ژیان تەرخان بکات. ئەم پەیامە هەوڵێک نییە بۆ ئەوەی ڕەگەزی خۆی، کە مێینەیە بەسەر ڕەگەزی بەرامبەر، کە نێرە زاڵ بکات. یان بە واتایەکی تر پەراوێزی بخات، بەڵکوو ئەو ئازادی، جوانی بۆ هەردوو ڕەگەز داوا دەکات. ئەم گوتارە هەولێکە بۆ شکاندنی فۆرمی گوتاری پێش ڕاپەڕین، کە شاعیران لە ڕەگەزی نێر زۆربەیان ژنیان تەنیا لە چوارچێوەی خۆشەویستی قەتیس دەکرد. واتە ڕەگەزی مێینەیان تەنیا لە خۆشەویستیدا کورت دەکردەوە، بەبێ ئەوەی بەشداری ژیانی پێ بکەن.

یەکێک لەو دەنگانە، دوای ئەوەی لە ئەورووپا خوێندنی باڵا دەخوێنێت، دەبێتە داکۆکیکارێک لە ژنان :

کە باوکم مرد بە پەنجە ئاوییەکانم

گۆڕی تۆقانم هەڵنا
بە چڵی خۆ تابلۆی پێکەنینم کێشا
براکەم گوڵمێ تاریکی پژاندە سەر
قیراندنی " مەملەکەتی چێژ موڵکی نێرە و تەنیا بۆ
ئەو دەگەڕێتەوە
پیرۆزی پێکەنین
من چاوم بڕییە چاوی
دایکم سەڵاواتی لێدا
براکەم کوڕی باوکمە و کوڕی هێزە
کوڕی مێژووی نێرە.. مێژووی تۆقان
من کچی دایکمم کچی سۆز
کچی مێژووی میهرەبانی مێژووی دادوەری [بەگیخانی: ؟: ٨٢]

شاعیر گوزارشت لە جیهانی کچان و ژنان دەکات، چۆن ئەوان لەژێر هەژموونی دەسەڵاتی باوک و براکانیان دەژین. گوزارشتە لە خەمی ژنان، کە چۆن ئەگەر کچەکان باوکیشیان وەکوو دەسەلات بمرێت، ئەوا براکانیان جێگەیان دەگرنەوە و نایەڵن بە بەختەوەری بژین و گوزارشت لە جهیانی خۆیان بکەن. بۆیەش شاعیر لێرەدا دوو مێژوومان نیشان دەدات، مێژووییەک، مێژووی خوێن و زەبرزەنگە، کە مێژووی پیاوە، مێژووییەکی تر، کە مێژووی سۆز و میهرەبانیە، مێژووی ژنە. بۆیەش لە مێژووی دووەمدا هەمیشە یەکسانی بە هەموو ڕووەکانەوە لە نێوان ژنان و پیاواندا هەبووە.

(کەژاڵ ئەحمەد) یەکێکە لەو دەنگانەی بە تووڕەییەکی زۆرەوە شیعر بۆ داکۆکی لە جیهانی ژنان دەنووسێت. ئەو وەکوو ژنێک بەردەوام گومانی لەو دنیایە هەیەکە تێیدا دەژی:

بڵێی ئاسایی بێ کچان
ژیانیان هەر شووکردن و منداڵبوونە
دەبنە خزمەتکاری ڕۆژ و چێژی شەوان
ساڵی تەمەنم نزیکە لە وەرزی شووکردنەوە
تۆ بڵێی خۆم بگرم یەزدان

لەبەر خەنجەری سەرنجی خەڵکی کۆمەڵگای بی ویژدان
ئەو خەڵکەی کە ڕسوات ئەکەن
ئەگەر نەبووی بە بووکی شایی و لۆغان [ئەحمەد: ١٩٩٩: ١٢–_ ١٣]

گوتاری شیعری (کەژاڵ) وەک هاوسەردەمەکانی خۆی گوزارشتە لە دۆخی مێنیەی کورد ، وشەکانی ئەم شاعیرە تەنیا گوزارشت نین لە خۆی، بەڵکوو گوزارشتە لە هەموو کچان و ژنانی کورد، کە چۆن تەنیا وەکوو کەرەسەیەکی چێژوەرگرتن سەیر دەکرێن و مەرجە هەموو کچێک شوو بکات، ئەگەر نا خەڵک و کۆمەڵگا بەردەوام قسەیان لەبارەوە دەکەن. لیرەوە تێدەگەین شاعیر دەیەوی بڵێت، ئەوان وەکوو ژنان گەیشتوونەتە ئاستێک خاوەن تێڕامان و سڵکردنەوەی تایبەت بە خۆیانن. ئەم گوتارە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ژنان لە ڕێیەوە خۆیان بناسن.

(تەرزە جاف) یەکێکی ترە لەو شاعیرانە، تەواو بە دیدێکی فیمینیستانە شیعر دەنووسێت و دەبێتە ڕوانگەیەک بۆ ئەوەی گوزارشت لە دنیای ژنان بکا :

**ئەوەندە دەترسا لە سەرم دایکم**
**هەر زوو منی تێگەیاند**
**کە سەربڕینی من**
**لە سەربڕینی ئەو بەرخانە ئاسانترە**
**کە دوو جەژن جارێک لە ماڵی ئێمە بی گوناه خوێنیان دەڕژا**
**قەزا و بەڵای خۆمان لە ملی دەستەوسانی ئەوان دەئاڵاند**
**منیش دەکرێت ببم بە قوربانی بۆ ئەو گوناحانەی جورئەتم نەدەکرد تەنانەت**
**بیریشیان لێ بکەمەوە**
**ئەو یاسایانەی لە هیچ کتێبێکدا نەبوون**
**ئەوەندە دڵی لام بوو دایکم**
**سانسۆری دەخستە سەر دەفتەری یادگارییەکانم**
**هەموو ناوە خوازراوەکانی ناو چیرۆکەکانمی شی دەکردەوە**
**ڕازی تەنانەت لە نووکی قەڵەمەکەشم دەخوێندەوە** [جاف: ٢٠٠٩: ١٢–_ ١٣]

دایک وەکوو ژنێک هەوڵی پاراستنی کچەکەی دەدات، بەلام چۆن؟ بەوەی هەموو شتەکانی سانسۆر دەکات، هەر زوو کچەکەی لە دنیای باوک و برا وەکوو دەسەڵات ئاگادار دەکاتەوە، کە

ئەوان هێندە بەهێزن دەتوانن وەکوو بەرخێک ئاسایی سەری ببڕن. بۆیە بەردەوام دایکی سانسۆر دەخاتە سەر هەموو جووڵە و شتێکی کچەکەی. شاعیر دەیەوێت ئەو گوتارە بخاتەڕوو، کە ئەوە سیستەمی پیاوسالارییە ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەی دروست کردووە، نەک خودی پیاو، بۆیە دێت ئەو دۆخە دەخاتەڕوو، دەنا باش دەزانێت جیاوازی ڕەگەزی بە هۆی سیستەمەوە دروست بووە، نەک شتێک بێت لە ئەزەلەوە هەبووبێت. (ماری ئیگڵتۆن) لەبارەی ئەدەبی ژنانەوە دەڵێت: ((بریتییە لەو ئەدەبەی هەوڵی دۆزینەوەی لایەنی خودێتی لە ژن دەدات، دوور لە هەموو ئەو لایەنانەی ئەدەبیات بە درێژایی سەدەکان گرنگی پێداون.)) [مەنتک: ٢٠١٨: ١٥٦] کەواتە ئەدەبیاتی ژنان، هەوڵێکە بۆ ئەوەی ژنان لە هەموو لایەنێکی خۆیان ئاگادار بکاتەوە، ئەو مەترسیانەی لەسەر بوونی ژنن وەکوو سیستەم بخاتەڕوو.

(نیگار نادر) یەکێکە لەو دەنگانەی بەردەوام ژنبوون خەمی سەرەکی شیعرەکانی بووە. شیعر دەکاتە هۆکارێک بۆ ئەوەی لە ژیان خاڵی نەبێت، بۆ ئەوەی بە چۆکدا بێت بەرامبەر سیستەمی پیاوسالاری:

دڵم دەدا ئەو سەرۆک عەشیرەت و بەگ و خانانەی
دەسکی خەنجەر و زینی ئەسپ و
چەرمی کەوشاکەنیان لێ بە ڕادان دەدا
نا دڵم دەدا ئەو سیاسیانەی شەوان'
شەڕابیان تێدا دەنۆشی
ڕۆژان پڕیان دەکرد لە ئەسکەناس و
مەغریبان ئاوی تەنهاییان تێدا هەڵدەڕشت
سپێدانیش نامەی سیخوڕانیان
تێدا تاقەت دەکرد [نادر: ٢٠٠٤: ١٠]

دەقی شیعری لێرەدا دەبێتە ئاوێنەیەک بۆ ئەوەی خەمی ژنان بەرامبەر سیستەمی پیاوسالاری بخاتەڕوو، چونکە ((ئەرکی شاعیر ڕەنگدانەوەی سەردەمەکەیەتی و گوزارشت لە ژان و خواستەکانی کۆمەڵگەکەی دەکات.)) [ کەریم : ٢٠٠٥: ٨٧] لێرەوەیە ئەدەب دەخرێتە خزمەت خەمێکی کۆمەڵ، یان چینێکی کۆمەڵگا، کە ژنانن. کاتێک سەرۆک عەشیرەت و سەرکردەکان ژن دەکەن بە کەرەسەیەک بۆ ئەوەی خۆیانی تێدا بەتاڵ بکەنەوە، ئەوا شاعیر دێت ئەو وێنەیەمان

نیشان دەدات، وێنەی ئەو کەسانەی ژن وەک کەرەسە دەبینن. لە ڕێی ئەم شیعرەوە دەزانین شیعری ژنان لە ئێستادا لەو قالبە باوانە دەرچووە، کە تەنیا خەمی ژن لە نەخوێندەواری کورت بکەنەوە، یان ژن بخەنە بازنەی خەباتی چەکداری و سیاسی، بەڵکوو لێرەدا ژن وەکوو بوونێک دەخرێتە ڕوو، واتە ژن بوونی خۆی لی سەندراوەتەوە، بەوەی سیاسییەکان بۆ ڕابواردنی شەوان ئەوانیان دەوێت. هەمیشە پیاوان، سیاسییەکان ترسیان لەوە هەیە ڕۆژێک سیاسەت بکەوێتە دەست ژن، چونکە ئەو کات سیاسەتی جیهان لەسەر لێبووردەیی و خۆشەویستی ڕێک دەخەنەوە.

نموونەی ئەو شیعرانەی ژنانمان زۆرە، کە بەردەوام تێکۆشاون بۆ ئەوەی گوزارشت لە خۆیان بکەن، بۆ نموونە دەقەکانی: لازۆ ئازاد، هێرۆ کورد، کەژاڵ ئیبراهیم، کازیوە ساڵح، نەجیبە ئەحمەد، ئاوێزان نووری، ئەرخەوان، سۆزان مامە، سارا فەقێ...تاد. هەموو ئەمانە بە دەقەکانیان بە زمانێکی بوێرانە گوزارشتیان لە جەستەی ژنان، لە بیرکردنەوەی ژنان، لە خەونەکانی ژنان کردووە. هەموویان لە ڕوانگەی چەوساندنەوەی ژنان شیعرەکانیان نووسیوە. لێرەوە شیعریان کردۆتە کەرەسەیەکی گەیاندن بۆ ئەوەی هوشیاریی لە لای کچ و ژنانی کورد دروست بکەن. ئەوان بەرگریان لەوە کردووە چۆن بە بەرچاوی یاسا و مافی مرۆڤ ژنان وەک قوربانی ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەیان زیاد دەبێت.

(شیلان محەمەد حەسەن) وەکوو شاعیرێکی ناوچەی بادینان لە ڕێی شیعرەوە هەوڵێ خستنەرووی خەونەکانی دەدات. شاعیر لە شیعری ( سەما دگەل ستێرکا دین) دەڵێت:

**من دڤێت بفڕم**
**وەرە دگەل ڤێ سەمایێ من بفڕینە**
**دا ل ئاسمانێ**
**هەمی تەختێن ڤێ جیهانێ**
**بچویک ببینم**
**و خویا دەستکرد**
**ب بچویک ببینم**
**ئاسمان یێ مە هەمیانە**
**ئەمێن تێدا بووینە بەندەوار**
**و فەلەک**
**سەمفونیا سەمایا ستێرا دین**

**برێفه دبەت** [حسن: ٢٠١٢: ٩–_ ١٠]

فڕین هەوڵدانێکە بۆ دنیایەکی ئازاد، ئاسمان ئەو شوێنە ئازادەیە، کە باڵندەکان بە ئازادی تێیدا دەفڕن. شاعیر ئامانجی دەرچوونە لە هەموو قالب و کۆتێکی دابونەریتی. ئەو دەیەوێت خۆی ئازاد بکات و داوای ئازادی بکات بۆ ئەوەی سەما لەگەڵ ئەستێرەکاندا بکات. شاعیر ئازادانە هەوڵی فڕین دەدات، بۆ ئەوەی لەوێوە سەیری هەموو شارەکان بکات. ئەو کات شارەکان ئەوەندە بچووک دەبنەوە، ئەو گەورە. دیارە قسەکردن لەسەر شار وەکوو بەرهەمی مۆدێڕنە هەوڵێکە بۆ شکاندنی هەموو ئەو کۆتوبەندانەی شار بۆ مرۆڤی دروست دەکات. سەماکردن هەوڵێکە، ئاماژەیەک بۆ ڕزگاکربوون و جوڵەی ئازاد، چونکە مرۆڤ لە شاردا بە دەیان شتەوە پێوەستە، کە کۆتوبەندیان کردووە. شاعیر وەکوو ژنێک داوای ئەو ئازادییە دەکات.

(ڕۆژ هەڵەبجەیی) بە شیعر ڕووبەڕووی سیستەمی پیاوسالاری دەبێتەوە، ئەمەش وەکوو ژنێک دەنگی خۆی بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی بوونی خۆی بسەلمێنێت :

**ئەی تارماییە هەڵواسراوەکانی**
**عورف و عادەت..**
**من لە دەرگای ئاسمانێکەوە هاتووم**
**لەژێر پەراسووی ئەو بارانە**
**شەهوانیانە نەباریم، هەتا وەک**
**زولەیخا ئاسا**
**دەرگایەکان یەک لەسەر یەک داخەم**
**بە تەقەڵی قفڵا بیاندوورم**
**ئەو ئەو شەبەنگانەی بەلەسەبوون**
**لێمگەڕێن.. لێمگەڕێن** [هەڵەبجەیی: ٢٠١٢: ٦٨]

ئەم قۆناغەی ئێمەی کاری لەبارەوە دەکەین، قۆناغی هوشیاربوونەوەی ژنانە، هوشیاربوونەوەی ژنان لەو شوێنەی تێیدا دەژین، چیتر پیاوان نەیەن لەسەر مافەکانی ئەوان قسە بکەن، بەڵکوو ئەوە ژنە دەیەوی خۆی بسەلمێنێت، دەیەوێ ڕاستەوخۆ بەشداری لە شیوازەکانی فۆرمەلەبوونی خواست و داواکارییە خودییەکانی بێت. شاعیر هاوار دەکات، دەنگی بەرز دەکاتەوە، ئەی ئەو کەسانەی میراتگەری عورف و عادەتن (پیاو) ناتوانن من ببەستنەوە و من هەمان ئەو فۆرمە لە

شەهوانیە نیم، کە زولەیخا ویستی بیکات، بەڵکوو ئەو بوونەی ئێستا بوونێکی جیاوازە. کەسێکە خاوەن دەنگی خۆیەتی، خاوەن سیما و تێروانین و جیهانبینی خۆیەتی. بۆیە شاعیر داوا دەکات لێیگەڕێن بۆ ئەوەی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکانی جێبەجی بکات و ببێتە خاوەنی ئەو مافانە، کە لەلایەن سیستەمی نێرسالارییەوە لێی زەوت کراوە.

(کەژاڵ ئیبراهیم خدر) هەمان پەیام ئاراستەی ڕەگەزی بەرامبەر (نێر) دەکات، کە ئەگەر ئەو ژن بووایەوە و ئەویش پیاو بوایە، ئەوا هەمان شت دووبارە دەبوویەوە، چونکە کولتووری ئێمە وایە:

**ئاواتم بوو**
**تۆ ژن بوویتایە و منیش پیاو**
**بەڵام جیاوازییەک نەبوو**
**ئەو کاتە من تۆم دەچەوساندەوە** [خدر: ٢٠٠٢: ١٢]

لێرەدا ئەوە کولتوورە دەبێت بگۆڕێت، نەک ڕەگەز، واتە شاعیر پێمان دەڵێت ئەوە کولتوورە ئێمە دروست دەکات بەرامبەرەکەمان بچەوسێنینەوە. واتە لە بنەڕەتدا ئەوە ڕەگەزەکان نین یەکتری دەچەوسێننەوە، بەڵکوو ئەو کولتوور و دابونەریتەیە ئەو جیاوازییە دروست دەکات. هەموو شاعیرە ژنەکان لەو ماوەیە ترسێکیان هەیە، ئەو ترسە تەواوی ژیانی ئەوانی داگیرکردووە، ئەو ترسەی تەنها زیان بەوان دەگەیەنێت، چونکە بە درێژایی مێژوو ئەوە ژن چەوساوەتەوە. لەم ڕووەوە سۆزان مەمە دەڵێت:

**پێش قەیرەبوونی کچێنیم**
**پێش شکانی گالیسەکانی ئاشتی**
**تاوێ بتبەمەوە بۆ لای مەرکانەکانی**
**باڵقبوون**
**ئەو دەمەی**
**ئاوی باران و**
**ئاوی مێو و**
**ئاوی برنجم**
**لە بێژنگی جەهالەتدا**
**دەشوشتەوە** [مامە: ٢٠٠٠: ٢٧٦]

ئەو ترسە بە چی دەڕەوێتەوە؟ بێگومان بەوەی ژن وەکوو ژن لە خۆی بدوێت، هەروەها وەکوو ژن لە ژیان بڕوانێت. هەموو ئەمانە چۆن دەکرێن، بەوە دەکرێن، کە مێ بوونی خۆی بکاتە پێوەری بوون. واتە مێبوون نەبێتە هۆی ئەوەی کە توانای نییە، دەبێت لە ماڵەوە بێت و هەموو ئەو شتانەی لەناو کولتووری دواکەوتوودا ژن دیل دەکەن. ژن دەبێت ڕووبەڕووی هەموو ئەو شتانە ببێتەوە ئەویش بە سەلماندنی بوونی خۆی وەکوو مێیەک.

ئەم قۆناغە، قۆناغی دەنگهەڵبڕینی ژنانە بەرامبەر مافەکانیان، لەم قۆناغەوە دەنگی دلێری ژن دەردەکەوێت، بۆ ئەم مەبەستیش شیعر دەبێتە هۆکارێک بۆ گەیاندنی ئەم دەنگانە. ژنان لە ڕێی شیعرەوە ڕەگەزی بەرامبەریان لە مافەکانیان لە دەنگیان بە ئاگا دەهێننەوە. واتە شیعر دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ژن دەنگی خۆی تێدا هەڵبڕێت. دەتوانین بڵێین لەم قۆناغەدا ژن زیاتر هوشیار بوویەوە، ئازادی و هوشیاری زیاتری بەرامبەر مافەکانیان هەیە، دەنگشیان دلێرتر دەکەوێت.

# بەشی سێیەم

# گوتاری ژانرەکانی پەخشانی کوردی

## بەشی سێیەم: گوتاری ژانرەکانی پەخشانی کوردی

## یەکەم: گوتاری پەخشانی هونەری لە دوای ڕاپەڕین

دنیای دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ دنیای خەونێک بوو، کە بیرکردنەوەی تاک تێیدا ئازاد بێت. سەرەتای سەردەمێک بوو، نووسەری کورد چیتر لەژێر چاودێری سانسۆر نەنووسێت. هەر زوو چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار دەرچوون. بەمەش دەرگایەک بە ڕووی شێوازی پەخشانی بۆ ئەدەبیات و فیکر لە باشووری کوردستان کرایەوە. هەرچەندە زۆرێک لەو بڕوایەدان دوای ڕاپەڕین سەردەمی شیعرە. بەپێی بەدواداچوونی ئێمە دوای ڕاپەڕین گوتاری پەخشان زاڵترە لە گوتاری شیعر، چونکە ئەو ئەرکانەی پێش ڕاپەڕین دەخرانە ئەستۆی شیعر، لە دوای ڕاپەڕین کەم دەبنەوە. بۆ نموونە شیعری بەرگری پێش ڕاپەڕین بە هۆی بزاوتی ڕزگاری کوردی و تێکۆشانی کورد بۆ مافەکانی برەوی هەبوو. کۆی ئەدەبیات خرابووە خزمەت ئەو بوارە. بەڵام دوای ڕاپەڕین ئەم ئەرکە لە ئەدەب سەندرایەوە. دوای ڕاپەڕین گوتاری شیعر بەرە بەرە لە پاشەکشەدا بوو، گوتاری پەخشان بە هەموو جۆرەکانی پەخشانەوە هاتە پێش. ((لە نەوەی نەوەدەکانی شیعری کوردی، بەشێکی زۆری پەسندکردنی وشە و مەجازە... دەلالەت لە فیکر و دنیابینی و هەستی جوانی و مەعریفەی شیعری ناکات. بەڵکو بۆ ئەوەیە زۆرترین دەستەواژەی شیعری بە نەگوتن سەرببرێت.)) [عەبدوڵڵا: ٢٠١٧: ١٣] گوتاری پەخشان لە دوای ڕاپەڕینەوە هەوڵێک بوو بۆ ئەوەی چیتر دیکتاتۆر و سەنتەربوون دروست نەبێت، بەڵکوو ئەو فەزا ئازادەی بە هۆی ڕاپەڕینەوە هاتبوویە کایەوە، هەوڵی چەسپاندنی تازەگەری دەدا. بۆیە ڕۆمانی (حەسار و سەگەکانی باوکم)ی (شێرزاد حەسەن) بۆ نموونە بڵاودەبێتەوە. هەوڵێکە بۆ شکاندنی سێنتەربوونی باوک و دەسەڵات. لەوێدا کوڕی گەورەی حەسار خەون بە کوشتنی باوکەوە دەبینێ، بەڵام تێدەگات کوشتنی باوک تراژیدیایەکی ئەخلاقی ڕووبەڕووی نەوەی نوێ دەکاتەوە، تا ئەو ساتەوەختە ئێمە نموونەیەکمان نییە لە گوتاری ڕۆشنبیر لەو تێکستە ڕوونتر سیماکانی خۆی خستبێتەڕوو. ئەم شێوازی گوتارە ناتوانێ تەواو شیعر بە پراکتیکی بکات، چونکە شیعری زۆربەی شاعیران هەر گەرموگوڕی و کەفوکوڵی پێش ڕاپەڕینی پێوە دیارە.

(بەختیار عەلی) وەک دیارترین ناوی دوای ڕاپەڕین بە ڕۆمانەکانی دێتە پیشەوە. ئەو دەزانێت گوتاری پەخشان کاریگەری زیاترە لە گوتاری شیعر، چونکە پێش ڕاپەڕین پێنج دەقی شیعری بە ناوی (گوناه و کەرنەڤاڵ) دەنووسێت، بەڵام کاریگەریان لەسەر بیرکردنەوە و ڕەوتی ئەدەبی کوردی هێندە نابێت. ئەو لە ڕێی ڕۆمانەکانییەوە هەوڵی نووسینەوەی دنیای کۆمەڵگەی کوردی

دەدات. ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم) سەرەتای دەرکەوتنی توانای ئەو بوو وەک ڕۆماننووسێک، دواتر بە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) ئەو وێنەی ترس و فانتازیایە بە ڕووی نەوەیەکدا دەردەکەوێت کە ڕۆمان دەبێتە ڕووبەرێکی سۆسیۆلۆژی بۆ خوێندنەوەی داهاتووی کۆمەڵگای ئێمە، ئەوە مەترسیەکە لە گەشەسەندنی هێزە دینییەکان و نەکرانەوەی کۆمەڵگا بەسەر خۆیدا. ڕۆمانی("دواهەمین هەناری دنیا) نەک هەر وێنەیەکی تر دەبەخشێتە کۆمەڵگا، بەڵکو ئێمە لەناو جیهانبینی تێکستەکەدا جیهانی کوردی دەبینینەوە، (بەختیار) لەڕێگەی نووسینی ڕۆمانەوە ئامادەبوونی پەیوەندی ڕۆشنبیر بە کۆمەڵگاوە دەخولقێنێتەوە، پەیوەندیەک کە خاڵی نییە لە هەڵویستەکردن و ڕوانینی جیاواز، ڕەنگە ئەوەیان پەیوەندی بەو باسەوە نەبێت، بۆیە لە داهاتوودا هەوڵ دەدەین بگەڕێینەوە سەری. ڕەهەندییەکان لە ڕێی گۆڤاری ڕەهەندەوە هەوڵی سەربەخۆکردنی گوتاری ڕۆشنبیرییان لە گوتاری سیاسی دا. (مەریوان وریا قانع) لە چاوپێکەوتنێکدا لەبارەی گوتاری ڕەهەندییەکان دەڵێت: ((ئێمە لە دوای ڕاپەڕینەوە، لە هەردوو گۆڤاری "ئازادی" و "ڕەهەند"دا بە ئاراستەی چەسپاندنی بنەما و پایەکانی ئەم گوتارە تازەیە و ئەم شێوازە نوێیە لە تێگەیشتن بۆ ڕۆڵی ڕۆشنبیر و کاری ڕۆشنبیریی کارمان کردووە.)) [قانع: ٢٠٠٣: ٩٠] لەمەوە دەردەکەوێت، کە گۆڤار و ڕۆژنامە دەبنە پانتاییەک بۆ ئەوەی ئەدەبیات بە گشتی و پەخشان بەتایبەتی گوتاری خۆیان پەخش بکەن. گوتاری ئەدەبی پیش ڕاپەڕین گوتارێک بوو زیاتر کاری لەبارەی خەونی ڕزگاری و ئازادی دەکرد، دوای ڕاپەڕێن کۆمەڵگەی کوردی، تاکی کورد ئەو خەونە دەهێنێتە سەر شەقام و واقیعیانە دەیەوێ پراکتیکی بکات.

ڕاپەڕینی ١٩٩١ی باشوری کوردستان، گۆڕانکاریی و وەرچەرخانی گەورەی لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد لە باشوری کوردستان هێنایە کایەوە، بە جۆرێک کە باشوری کوردستان بەڕووی جیهاندا کرایەوە، ئەوەش زیاتر لە ڕێگای هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، بەتایبەتی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان. هەموو حزبە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکان ڕۆژنامە و گۆڤاری تایبەت بە خۆیان هەبوو. تەنانەت ئۆرگانەکانی حزب ڕۆژنامە، یان گۆڤاری تایبەت بە خۆی هەبوو. دواتر ڕۆژنامەگەری ئازاد پەیدا دەبێت. هەموو ئەمانە دەبنە مەیدانێک بۆ ئەوەی گوتارێکی جێگری بێتە کایەوە. لێرەوە بەرەو ئەو بۆچوونە دەچین، کە ئەدەب بەرلەوەی گێڕانەوە بێت، ئایدۆلۆژیا و فکرە! هەموو تێکستێکی ئەدەبی پانتاییەکی گەورە لە فکر و ئایدۆلۆژیا لەناو هەناوی خۆیدا دەشارێتەوە. لە ڕاستیدا دەکرێت بڵێین زمانی شیعر و زمانی ڕۆمان و زمانی چیرۆک یەکێکن لە زمانە سادە و ساکار و گرنگەکانی دنیا بۆ دەربڕینی فکر و هزری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژیا

جیاوازەکان. دووانەی فکر و ئەدەب دووانەیەکی بەیەکەوە بەستراو و بەیەکەوە گرێدراو و پڕ لە پەیوەندین لەگەڵ یەکتردا. لە ڕابردوو و لە دنیای ئەمڕۆدا تێکستە ئەدەبییە گەورەکان هەریەکەیان نوێنەرایەتیی جەمسەرێکی فکری و ئایدۆلۆژیای سیاسیی دنیا دەکەن! پرۆسەی نوێنەرایەتییەکە دابەش و پارچە پارچە بووە بەسەر لیبڕالیزم و ریالیزمەوە تا دەگاتە مارکسیزم و پۆپۆلیزم و چیرۆکە پۆلیسییەکان و رۆمانسییەکان و هەواڵگرییەکان! ئەدەب لێرە لەڕێگەی ئەم ئەندازیارە فکرییەوە بەتەواوی دەبێت بە نوێنەری فکر و تاڕادەیەک لە خەمە گەورەکانی شەقام و حیکایەتی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵک دوور دەکەوێتەوە. لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا بە هۆی تەسکی سنووری ئازادی ڕادەربڕین کۆی ئایدیۆلۆژیا و فیکرەکان کپ کرابوونەوە. بەڵام دوای ڕاپەڕین ئەم گوتاری ئەدەب دەبێتە گوتارێک بۆ ئەوەی کۆی دەنگ و ڕەنگەکان لەم ڕێیەوە گوزارشت لە خۆیان بکەن. بێگومان ئەم گوتارە پێشینەیەکی هەیە، کە پێوەندی نێوان ئەدەب و شۆڕشە. ئەدەب پرسە کۆمەڵایەتییەکان تاوتوێ دەکات و ئاماژە بە لایەنە جیاوازەکانی دەدات، دواتریش چارەسەر و چارەسەری نموونەیی بۆ دەدۆزێتەوە، دوای ئەوە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات، پاشان هەر کۆمەڵگەیەک لە هەر پارچە زەوییەکی ئەم جیهانەدا بێت، دەتوانێت بە جۆرێک لە جۆرەکان سوود لە ئەدەبە شۆڕشگێڕییەکان وەربگرێت، بە واتایەکی تر دەتوانین پێناسەی شۆڕشگێڕی بکەین بەوەی ئەدەبێکی بوێر و یاخی و ڕەخنەگر و داهێنەرە. ئەدەبی شۆڕشگێڕی پێویست ناکات ئەدەبێکی سیاسی حیزبی یان جەنگی بێت، ئەو ئەدەبە نییە پڕ لە دروشم و قاڵبە باوەڕییەکان بێت، بەڵکو پێویستە ئەدەب بۆ ژیان بێت، شۆڕش لە تێڕوانینی ئەدەب واتەی هەڵگەڕانەوەیە یان دەرچوونە لە شتە باوەکان، کە هەوڵ دەدات کۆمەڵگە لە گەردنی شۆڕشی خواردا دەربهێنێت، بۆیە ئەدەب ڕۆڵی مێژوونووسی ئەو شۆڕشە دەبینێت، بەڵام بێگومان ناتوانین بڵێین ئەدەب بە تەنها خۆی ڕۆڵی پێشەنگ و ئاڕاستەی شۆڕش دەبینێت، بەڵکو خاوەنی ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەرە لە شۆڕشەکاندا لەسەردەمی ڕۆشنگەری و هەستانەوە لە ئەوروپادا، ئەدەب و هونەر لە پاڵ لایەنی ئابووری و بازرگانی و سیاسی لە ڕووداو و گۆڕانکارییە ڕیشەییەکاندا ڕۆڵی سەرەکیان گێڕا، لە بونیاتنانی ڕەهەندی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی، ناتوانرێت بەبێ ئەدەب و هونەر باس لە ڕۆشنگەری و هەستانەوە بکەین، هەروەها ناتوانین باسی شۆڕشێک بکەین کە ئەدەب یەکێک نەبێت لە پایەکانی، هەر شۆڕشێک ئەدەب بەرهەم نەهێنێت و گرنگی پێنەدات، ئەوا شۆڕش نییە. ڕێک ئەم واقیعە لە دوای ڕاپەڕین ڕوویدا و کۆمەڵگەی کوردی لە باشوور بەرەو ئاراستەیەکی تر بە ئاراستەی کرانەوەی ناوچەکە و ساڵانی دواتر بەرەو جیهانیبوون برد.

## دووەم: گێڕانەوە لە گوتاری پەخشانی کوردیدا

### ١ .نامەی ئەدەبی

نامە پارچە پەخشانێکی کورتە، یان درێژە، نووسەر بۆ مەبەستێکی تایبەتی و بە شێوازێکی هونەری دەینووسێت. نامەی ئەدەبی یەکێکە لە کاریگەرترین جۆرەکانی پەخشان، خاوەن گوتارێکی تایبەتیە. بەتایبەت پێش ئەوەی تەکنەلۆجیا و هۆکارەکانی پێوەندی ئەوەندە پێشکەوتوو بێت. دەتوانین بە پێی بابەت و شێواز دابەشی بکەین. بۆ نموونە (نامەی سیاسی، نامەی زانستی، نامەی فەرمی، نامەی هاوڕێیەتی)...تاد. ئێمە لێرەدا گوتاری نامەی ئەدەبی باس دەکەین. نامەی ئەدەبی ئەو جۆرە نامەیەیە، کە نووسەران و ڕۆشنبیران لە نێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕیان کردووە. لەم جۆرە نامانەدا ((زۆر جار گفتوگۆی بابەتی ئەدەبی و ڕەخنەیی دەکرێت، هەندی جاریش کورتن و بۆ هەواڵپرسینن.)) [ابراهیم صبیح وآخرون: ٢٠٠٩: ٨٦] هەرچەندە لە زۆربەی نامە ئەدەبییەکاندا هێندەی مەبەست لێی هەواڵپرسین و بەیەکگەیشتنی هەردوو لایەنە لە ڕووی زیهنیەوە، زۆر جار دوای هەواڵپرسین هەندێ باسی ئەدەبی و قسەکردن لەبارەی کتێب دێتە گۆڕێ . نامەی ئەدەبیش یەکێکە لە هۆکارەکانی پێوەندیکردن، چونکە لە نامەدا کۆمەڵی پەیام ئاراستەی وەرگر دەکرێت، جا ئەو پەیامانە نووسراو، یان زارەکی بن. ئەو پەیامە گوتارێکی لە خۆیدا هەڵگرتووە، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر وەرگر دەبێت. لە ڕێی نامەوە بەتایبەت ئەگەر لە نێوان دوو نووسەر لە دوو شوێنی جیاواز لە ڕووی کولتووری و ڕۆشنبیرییەوە ئاراستەی یەکتری بکرێت، ئەوا کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەش دەبێت، چونکە هەرگیز نووسەر کەسێکی دابڕاو نییە لە کۆمەڵگە. بۆیە بەردەوام لەگەڵ گۆڕانی سەردەم شێواز و بابەتی نامە بە گوێرەی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان گۆڕاوە.

جۆرەکانی نامە بە گشتی بۆ دوو جۆر دابەشکراون. ((لە کۆنەوە توێژەران جۆرەکانی نامەیان دیاری کردووە. هەندێک بە دوو جۆری وەکوو نامەی گشتی و نامەی تایبەتی و هەندێکی تر بە سێ جۆر: نامەی فەرمی (پاشا و سوڵتانەکان)، نامەی هاوڕێیەتی و نامەی ئەدەبی.)) [مەنتک: ٢٠١٩: ١٣٢] نامەی گشتی ئەو نامانەن، کە لەلایەن لایەنێکی فەرمی، یان پاشا و میرەکان لە کۆندا و سەرۆکی وڵاتان لە ئێستادا ئاڵوگۆر دەکرێت. زۆر جار بە نامەی سیاسیش ناو دەبرێت. ئەم نامانە زیاتر بۆ سەرخۆشی و پیرۆزبایی و بانگهێشتکردن دەبێت. لەم نامانەدا هەڵویستی فەرمی دەوڵەت، یان لایەنی فەرمی پیشان دەدرێت، لایەنی ئەدەبی و هونەری تێدا نییە، ئەگەر هەشبێت زۆر لاوازە.

هەرچی جۆرەی دووەمە، کە نامەی تایبەتییە. نامەیەکە لە نێوان کەسەکان، هاوڕێیان، نووسەران ئاڵوگۆڕ دەکرێت. لایەنی فەرمیی تێدا نییە. هەست و کاریگەری دەروونی لەناو نامەکاندا بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێت. نامەی ئەدەبیش بە شێوەیەک لە شێوەکانی نامەی نێوان کەسان دادەنرێت. ((لە ڕووی بەها و نرخی ئەدەبی و هونەرییەوە باوترین جۆری نامەیە. ئەم جۆرەیان لە نێوان نووسەران، شاعیران و ڕەخنەگران ئاڵوگۆڕ دەکرێت.)) [مەنتک: ٢٠١٩: ١٣٤] زمانی نامەی ئەدەبی زمانێکی ئەدەبی و هونەرییە، نووسەر هەوڵدەدات بە هونەریترین شێوە وشەکانی داڕێژێت.

لە ئەدەبی کوردیدا چەند کارێک لەبارەی توێژینەوە و کۆکردنەوەی نامەی ئەدەبی بڵاوکراونەتەوە. ئەوانیش:

١. یادی مەردان، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس.

٢. ئەدەبی نامەنووسینی کوردی، کەمال ڕەئوف محەمەد، سێ بەرگ.

٣. نامەکان، جەمال شارباژێڕی.

٤. ئیتر لە دەرگا نادات پۆستەچی، بوشرا کەسنەزانی.

ئەگەر وەکوو دەروازەیەک بۆ هونەری نامەنووسین پێش ئەو ماوەیەی ئێمە لەم تێزەدا توێژینەوەی لەبارەوە دەکەین بگەڕێینەوە. ئەوا بۆ مان دەردەکەوێت، نامە سیاسی و ئایینی و فەرمییەکانیش جۆرێک لە سەلیقە و چێژی ئەدەبیان تیدا بووە. بە بڕوای ئێمە هۆکاری ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە نووسەرانی نامەکان زۆربەیان شاعیر، یان منەوەری سەردەمی خۆیان بوون. بۆ نموونە کۆمەڵێک مامۆستا نامە بۆ سەرۆکایەتی مەعاریف دەنێرن:

((ئەمڕۆ لە سایەی ئیرادەی و فەرمانی ئەعللا حەزرەتی حوکمدارەوە، تەشکیلاتی مەکاتیب، مووافیقی ئوسووڵ و ینیزامی مەعاریف، جێگایان و تەرتیباتی تازەیان، سزاداری تەقدیرە، بیلخاسسە ئینتیخابی رەفیق حیلمی ئەفەندی کە لە ئیقتیدرا و فەعالییەتی وەتنپەروەریدا، مەعلوومی هەموو میللەتی کوردە، موجیبی تەقدیر و شوکرانی کاففەی هەیئەتی تەعلیمییەیە. لە سایەی مودیر ووومائیلێهەوە، لە زەرفی ئەم چەند ڕۆژەدا لە مەکتەب نیزام و ئینتیزام تەحسین و تەربییە بە فەعالییەت و فیداکارییەکی تام، ئیبراز دەکرێ. عومووماەن لە ووما ئیهێلەوە ڕازیی و لە مودیرییەتی خۆشحاڵین. بینا عەلێهە بە واسیتەی مەقامی سامییەوە بۆ خاکپای حەزرەتی حوکمداری ئەعزەم ڕەفعی تەشەککوراتی ناچیزانە دەکەین، ئەفەندم.)) [محەمەد: ٢٠٠٤: ٢١٤]

هەرچەندە نامەکە لە ڕۆژنامەدا بڵاوکراوەتەوە، زمانەکەشی زمانێکی تێکەڵ بە وشەی بێگانەیە، بەڵام بە شێوەیەکی پەخشانیی جوان داڕێژراوە. هەست دەکەین وشەکان لەگەڵ یەکتری

هاوئاهەنگن، ڕیتم لەناو وشەکاندا هەیە. ئەم زمانە ئەدەبی و ڕازێنراوەی لەم نامەیەدا بەکارهێنراوە، دەرخەری ئەوەیە، نووسەرانی ئەو کات، ئەگەر نووسەر و شاعیریش نەبووبن، بەڵام خاوەن هوشیارییەکی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی بوون. کەواتە نامەکان لەو کاتدا چ فەرمی، یان نافەرمی ئەو زمانە ئەدەبییەی بەسەردا زاڵ بووە.

ئەدەبی نامەنووسین لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩٢_ ٢٠٠٣)، ئەدەبێکە برەوی هەیە، چونکە زۆربەی نووسەران روویان لە تاراوگە کردووە. وەکوو ئێستاش هۆکارەکانی پەیوەندی و تەکنەلۆجیا پیشکەوتوو نەبوو. ئێمە دەمانەوێت لە دوو ڕووەوە لە ئەدەبی نامە لەم ماوەیەی بۆ توێژینەوەکەمان دیاریمان کردووە بکۆڵینەوە. لایەنی یەکەم لە ڕووی سایکۆلۆجی و لایەنی دووەم لە ڕووی سۆسیۆلۆجی. ئاشکرایە لە ڕێی ئەم دوو لایەنەوە گوتاری نامەکان چ لەسەر ئاستی تاک و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگە دەردەخەین. واتە دەمانەوێت لە ڕێی توێژینەوە لەم دوو لایەنەوە گەلێ پەردە لە ژیانی سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجی نووسەر هەڵبدەینەوە، هاوکات نووسەریش لەناو کۆمەڵگە دا دەژی و دەکەوێتە بەر کاریگەرییەکانی کۆمەڵگە.

لە ڕووی سۆسیۆلۆجییەوە نامەی ئەدەبی هاوکارێکی باشی توێژینەوەیە لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریی، بەتایبەت لە نێوان ئەو نووسەرانەی لە نیشتمانی جیاواز، لە دوو وڵاتی جیاوازدا دەژین. واتە دەتوانین لەو ڕێگەیەوە گوتاری کۆمەڵگە دەربخەین. بێگومان ((لە ناوەخنی نامەدا باس لە چرکەساتی مێژوویی یان چرکە ساتی هەستی، یانیش دەمی نووسینی ئەو نامەیە دەکەن.)) [کەسنەزانی: ٢٠١٤: ٢٠] لە نامەکەیدا (ڕەئوف بێگەرد) بۆ (هادی مەهدی) گەلێ لایەنی ژیانی خەڵک بە گشتی لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١دا دەخاتەڕوو. ((ئەم چەند مانگە پڕ بوو لە کارەسات، ناخۆشی و مردن و کارەساتی جیابوونەوە و جێهێشتن لە ترسی و ناخۆشیدا دەژیاین، چاوەڕێی مەرگ بووین زیاتر لەوەی لە سەردەمی بەعس دا چاوەڕێی بووین، سیاسەتی کوردی ئەو خزمەتەی پێکردووین و ترسێکی دوو لایەنەی پێ بەخشیوین. ئەگەر مەرگ پیشتر مەرگی نیشتمانی و لە پێناوی وڵاتدا بوو ئێستا چ مانایەکی پێدەدرێت؟)) [کەسنەزانی: ٢٠١٤: ٢٥٣] لە ڕێی ئەم نامەیەوە دەزانین ژیانی خەڵک لە ساڵی ١٩٩٢دا زۆر سەخت بووە. نووسەر ژیانی ئەو کات بەراورد بە ژیانی سەردەمی بەعس دەکات. پرسیارێکی بوونگەرایی دەکات لەبارەی مەرگەوە، ئەگەر لە سەردەمی بەعس مەرگ لە پێناو نیشتمان و وڵاتدا بووبێت، ئەی ئێستا لە پێناو چیدا تاکی کورد دەکوژرێت؟! ئەم پرسیارانە چەندە پرسیاری فەلسەفین، ئەوەندش پرسیاری سۆسیۆلۆجین، چونکە کورد لەو کاتدا خۆی حوکمی خۆی دەکرد، هەموو حزبەکان لەسەر بنەمای ئەو تێڕوانینەی

شۆڕش و خەباتی ڕزگاریخوازیان لە پێناودا دەکرد، بانگەشەیان دەکرد، بەتایبەت ئەو کات (١٩٩٢) هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوە چوو.

هەر (ڕەئوف بێگەرد) لە نامەیەکی تریدا بۆ (هادی مەهدی) لە ساڵی ١٩٩٥دا لەبارەی بێئومێدی و پووچگەرایی ژیانی کورد دەنووسێت: ((گەیشتووموەتە ئەو ڕاستییەی کە بەبێ داماوی ژیان نەدەبوو. چی بلێم برام دەربارەی خۆم و وڵاتەکەم و براکانم، هەموو قوربانین، ئەم قادرە چی کرد بە دروستکردنی ئەم کەونە، لێپرسینەوە بەرامبەر بە تاوانەکانی لی دەکەین؟ یاخود ئەو لێپرسینەوە لە دەبەنگیمان دەکات؟ نازانم...نا...نا.)) [کەسنەزانی: ٢٠١٤: ٢٥٧] لەم ڕێیەوە تێدەگەین ژیان لە ڕووە سایکۆلۆجییەکەوە تەواو دارماوە، چونکە نووسەر بە تەواوی پووچگەرایانە بیر دەکاتەوە. هیچ ئومید وترووسکاییەک بۆ ژیان نابینێتەوە. لیرەوە لەبەر ڕۆشنایی فەلسەفی (ئەلبێر کامۆ) بەرامبەر پووچێتی ژیان، ((پووچی سێبەری خۆی دەخاتە سەر هەموو ئەو کارانەی ئەنجامیدەدەین. تەنانەت ئەگەر بتوانین بڕیار بدەین ژیان بکەین، بە جۆرێک کە دەڵێی ژیان واتادارە، دەڵێی هۆیەک هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکان، پووچی لەنێو بیرکردنەوەماندا هەروەکو گومان وازمان لێناهێنێت.)) [ئیگێن: ٢٠١٦: ٢٠] ئەم تێڕوانینە پووچگەراییە لە چییەوە دێت، بێگومان ناشرینی و کوشتن و بێنانی و بەرتەسکبوونەوەی هەموو لایەنە کۆمەڵایەتییەکان ئەم تێڕوانینە دروست دەکات. دواجار ئەمە وەکوو گوتارێک لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا خۆی دەردەخات، چونکە هەموو ئەوانەی لە خەباتی ڕزگاریخوازیدا بوون، جۆرێک لە خەونیان بە ئازادی و ژیانێکی شایستە لەژێر دەسەڵاتی حوکمەتی کوردیدا دەبینی. بەتایبەت نووسەران و ڕۆشنبیران، بە جۆرێک خەونیان هەبوو، کە ژیانێکی تر دوای ئازادبوون بەڕێوەیە. بەڵام هەموو ئەمانە پێچەوانە دەرچوو، چونکە شەڕی براکان دەستیپێکرد و هەموو ئەو خەونانە بە هەدەر چوون. هەر لەم نامەیەدا ئەرکی ئەدەب وەکوو ڕزگارکەری کۆمەڵگە دەخرێتە ژێر پرسیارەوە. ((ئەدەب...شانۆ... ئەو شتە بێ سوودانە- کە ئێمە عاشقی بووین بی سوودن... تاوانمان کرد، بەڵام خۆشترین تاوانە و هەزارەها جار لە شەریفی سیاسەت شەریف ترە..)) [کەسنەزانی: ٢٠١٤: ٢٥٧] ئەم تێڕوانینە بۆچوونێکی سۆسیۆلۆجیانەیە بۆ ئەرکی ئەدەب و هونەر. بەوەی ئەدەب و هونەر دەبێت لە خزمەتی کۆمەڵگە و خەڵکدا بێت و کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگە هەبێت. ئەرکی ئەدەب لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆجیای ئەدەبەوە، هەوڵێکە بۆ گۆڕانکاریکردن لە کۆمەڵگە. ئەدەب بەر لەوەی تێکستێکی نووسراو و ئامادەکراو بێت، گواستنەوەی ڕووداو و حیکایەتەکانی ژیانی مرۆڤە لە ڕێگەی زارەکی و دەماودەمەوە! ڕاستە ژیانی مۆدێرنە مانا جیاوازەکانی ئەدەب و ئەرکە سەرەکییەکانی ئەدەبی

گۆڕی! داهێنانی نووسین و پیتی چاپ و کاغەز و چاپخانە و شۆڕشی زانیاری و تەکنەلۆژی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پایەکانی ئەدەبیان دەستکاری کرد و بونیادێکی تریان بۆ بەرهەم هێنا. بەڵام هێشتا ئەدەب وەک گێڕانەوە و دەربڕین و پەیوەندیکردن بە ئەوانی ترەوە شوناسی خۆی لەدەست نەداوە و زیندووە. ئەدەب لە بارودۆخێکی وەهادا ئەو ئەرکەی لە دەست دەدات. پرسیاریکردن لەبارەی ئەرکی ئەدەب، پرسیارکردنە لە دیوەکەی تری ئەدەب ئەوەش دیوە کۆمەڵایەتییەکەیەتی. لێرەوەیە نووسەر خۆی ناخاتە دەرەوەی کۆمەڵگە و کێشە و گرفتەکانی گۆمەڵکە. هەموو ئەو فاکتەرانەی ئەدەب کە کاریگەریان لەسەر تاک و سیاسەت و کۆمەڵگە هەیە، لەو سەردەم شکستیان هێناوە. تەنانەت ئەدەب کرابوو بە هۆکارێک بۆ جەنگ. بە بڕوای (لۆسیان گۆڵدمەن) دەقی ئەدەبی گوزارشتە لە هوشیاریی چیەنکانی ناو کۆمەڵگە. ((واتە کاتێک نووسەرێک دەنووسێت ناتوانی لە دەرەوەی خێزان و کۆمەلگە بیر بکاتەوە، دەبێ هوشیاریی کۆمەڵ لەناو دەقەکەیدا بەرجەستە بکات. چونکە خوێنەر وەکوو تاکێکی کۆمەڵ لە کاتی خوێندنەوەدا خۆی تێدا دەبینێتەوە.)) [مەنتک: ٢٠١٨: ٧١] لەم ڕێیەوە هەست بە گوتاری نووسەر دەکەین، واتە کاریگەری خراپی بارودۆخی خەڵک لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەست پێ دەکەین، کە ئەدەبیش ناتوانێت ببێتە ئەو فریادڕەسەی خەڵک ڕزگار بکات.

ئەوەی لە گوتاری نامەنووسین لەو ماوەیە دەردەکەوێت، چۆنیەتی مامەڵەکردنی نووسەرانە لەگەڵ بەرهەمی یەکتری. هەندێک نووسەر هەیە خۆیان بەرهەمەکانیان بۆ نووسەرانی هاوڕێی ناردووە و داوای سەرنج و تێبینی لێ کردوون. هەندێکی تر نووسەران دوای دەستخستنی بەرهەمەکان خۆیان نامەیان بۆ نووسەری دەق ناردووە و سەرنجی خۆیان نووسیوە. زۆرێک لە تێبینییەکان دەچنە خانەی ڕەخنەی زانستییەوە و زۆرێکیش لە قسەکان تەنیا بۆ پیداهەڵدان و هاوڕێیەتیە.

لە کۆی نامەکانی (بەختیار عەلی)دا دەکەوینەبەر بۆچوونی ڕەخنەیی و ورد لەبارەی شیعر و چیرۆک . ئەگەر لە بۆچوونە ڕەخنەییەکان وردبینەوە هەست بە بۆچوونی زانستی و ورد دەکەین. بۆ نموونە لەو نامەیەی بۆ (ئەنوەری ڕەشی عەولا) لەبارەی شیعرەکانی شاعیرەوە دەڵێت: ((لێتناشارمەوە گەر بڵێم قەسیدەی ریسک یەکێکە لە هەرە جوانترین ئەو قەسیدانەی کە ماوەیەکی زۆر درێژە نەمخوێندۆتەوە..قەسیدەیەکی یەکگرتوو و پتەوە کە بونیادێکی یەکانگیری هەیە، لە ڕۆژێکدا پێموایە یەکێک لە عەیبە کوشندەکانی شیعری کوردی ونکردنیتی بۆ سەنتەرێکی یەکگرتوو.. سەنتەرێک کە قەسیدە کۆبکاتەوە، جگە لەوەی کە قەسیدەکە گۆڕانێکی گرنگی تیایە وەکو بابەت لەگەل قەسیدەکانی پێشوودا.)) [کەسنەزانی: ٢٠١٤: ١٢٩] لە ڕێی ئەم نامەیەوە ئاماژە

بە خەوشێکی شیعری کوردی کراوە لە دیدی (بەختیار عەلی)یەوە، ئەویش ئەوەیە شیعری کوردی هیچ سەنتەرێکی نییە، واتە کۆی قەسیدەکە لە دەوری یەک سەنتەردا کۆببێتەوە، بەڵکوو پەرتوبڵاوییەک لەناو شیعردا بەدی دەکرێت، کە خوێنەر بە زەحمەت دەتوانیت درک بە شیعرەکە بکات. هەرچەندە ئەم سەنتەرە هەمان ئەو سەنتەرە نییە، کە (جاک دریدا) لە مێتۆدی هەڵوەشاندنەوەگەرایی باسی دەکات. ئەوەی (بەختیار) باسی دەکات، یەکگرتوویی هەموو پارچەکانی قەسیدەیە، واتە ئەو باسی فۆرمی قەسیدە لە شیعر دەکات. ئاشکرایە قەسیدەش لە ڕووی فۆرم و ژمارەی دێڕەکانەوە درێژترە لە شیعری لیریک، یان شیعری تر. بەپێی تیۆرییە تازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی بۆ نموونە هەڵوەشاندنەوەگەرایی هیچ مەدلوولێکی ڕەها بوونی نییە، خوێندنەوەکانیش لە ئاستی جۆربەجۆردا بەپێی خوێنەرەکان خۆیان دەنوێنن و تەنها لە بنیاتی ڕووکەشی دەقدا نامێننەوە و لە هەوڵی ئەوەدان بگەنە بنیاتی قووڵی دەق، لەم حاڵەتەدا ناگەڕێتەوە بۆ مەبەستی نووسەر، بەڵکو دەیخاتە ژێر فشاری ستراتیژی ئاڵۆزی نێوان خوێنەر کە مەعریفە و توانای داهێنەرانەیە و لە لایەکی ترەوە دەق و دەلالەتی بێکۆتا، ئەم بەیەکدا چوونە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی ستراتیژیەتێکی خوێنەرانە، کە هەوڵی دۆزینەوەی تواناکان و دیالۆگی کراوەیە. هەمان نووسەر لەبارەی چیرۆکەکانی (کاروان کاکەسوور) بە نامە بۆچوونەکانی خۆی بۆ دەنێرێت. ((لە ڕاستی دا بۆیە ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بە گرنگ دەبینم، چوونکە بە گەورەیی پانتایی، ئەو دونیا فەرامۆشکراوەمان پێدەناسێنێت. وا دەکات، ئەو چارەنووسانە ببینین، کە نەمانبینیوە، ئەو شتانەش ناهێنێتەوە یاد، بەڵکو کەمتەرخەمی خۆمان دەرهەق بە چارەنووسەکان، دەرهەق بە فەردە بچووکەکان، دەرهەق بە ئارەزووە کوژراوەکان لادەچەسپێنێت، وەزیفەی چیرۆک ئەوەیە نەهێڵێت، مرۆڤ ببێتە کائینێکی لە یادکراو، لە ئەسپیدیلۆنیشدا ئەو وەزیفەیە، بە هەموو مانا گەورەکان هەیە، ئیدی ڕەخنە، هەمووڕەخنەیەک کە لەو ڕاستیەوە دەست پێدەکات، ڕەخنەیەکی درۆزنە.)) [کەسنەزانی: ٢٠١٤: ١٣٤] لەم بۆچوونەوە هەست دەکەین، ئەم چیرۆکانە ئاستێکی هونەری بەرزیان هەیە. لێرەوە نامە دەبێتە پانتاییەک بۆ ئەوەی نووسەران بۆچوون ئاڵوگۆڕ بکەن. هەرچەندە ڕەنگە لە ڕووکاردا ئەم بۆچوونانە سادە دەربکەون، بەڵام هەولێکیشە بۆ ئەوەی نووسەران بەرهەمی خۆیان بۆ یەکتری بنێرن پیش ئەوەی بڵاوی بکەنەوە، یان دوای ئەوەی بڵاوی دەکەنەوە. واتە نامە بۆتە شوێنێک بۆ ئەوەی نووسەران لەوێوە دایەلۆگ لەبارەی دەقی ئەدەبییەوە بکەن. ئەمەش بۆتە گوتارێک لە دوای ڕاپەڕینەوە سیمایەکی دیاری ئەدەبی

نامەنووسینە. ئەگەر ئەم نامەگۆڕینەوەیە لە نێوان نووسەرە هاوچەرخەکانەوە بێت، ئەوا نامە گۆڕینەوە و قسەکردن لە نێوان نووسەرانی سەر بە دوو نەوەی جیاوازیش هەیە.

یەکێک لە گوتارەکانی نامەنووسین وەکوو هونەرێک لەسالآنی (١٩٩٢-٢٠٠٣)، پێوەندی نێوان دوو نەوەی جیاوازە. ئەوەی ئەم دوو نەوەیە کۆ دەکاتەوە، تەنیا ئەدەبە. هاوکات لە ڕێی نامەکانەوە گوتار و جیهانبینی نێوان نەوە جیاوازەکان لە ئەدەبیاتی کوردی دەردەکەوێت. ئەم پەیوەندییە لە نێوان نەوەکان لە قۆناغەکانی پێشتری ئەدەبی کوردی نابیندرێت، ئەگەر هەشبووبێت، دیاردە نەبووە، بەڵکوو لە یەک یان دوو حاڵەت تێپەڕی نەکردووە. لە نامەیەکدا (بەڕۆژ ئاکرەیی) قسە لەبارەی شیعری (دڵسۆز حەمە) دەکات. لەو ڕێیەوە دایەلۆگێک دروست دەکات. ((بۆ ئەوەی زەینت بوروژێنم حەز دەکەم نەختێک بدوێم. ئایا لە هەڵبژاردنی ئەم وشانە و داڕشتنیاندا چەندە تووشی دڵەڕاوکێی ئەوە بوویت کە ئەم شێعرە ڕێک بەم وشانە و بەم شێوە داڕشتنە دەبێتە شیعر و هەر کامێکیان لابدەین، یان بگۆڕین، شیعر تێکڕا بەسەر زەینماندا دەڕووخێ؟ بۆ نموونە: بۆچی لە جیاتی ئاوابوون، نانووسین زەردەپەڕ؟ کازێوە، ناوی تایبەتە، کەچی ئاوابوون نا. هەستدەکەم کە شتێکمان بە ناوی تایبەت ناوزەد کرد و ویستمان حاڵەتی کۆنتراستی بۆ دروست بکەین، دەبێت بەرانبەرەکەشی هەمان خەسڵەتی هەبێ.)) [کەسنەزانی: ٢٠١٤: ٤٣٥٦] نووسەری نامە بۆ ئەم بۆچوونەی کۆمەڵێ دێرە شیعر لە شیعرەکەی (دڵسۆز حەمە) دەهێنێتەوە و قسەیان لەبارەوە دەکات. ئەم نامەیە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبییە لە شێوەی نامەدا. نووسەری نامە دێڕ بە دێر لەبارەی شیعرەکەوە قسە دەکات. هەموو کەموکوڕییەکان دەستنیشان دەکات. وشەکان بە هۆی نەبوونی پێوەندی لەگەڵ یەکترییەوە ناهارمۆنییەکانیان لە نێواندا هەیە. نەبوونی ئەم پەیوەندییە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی دێڕەکان لە یەکترییەوە دوور بن، چونکە ((نووسین، شێوەی دووەمی پەیوەندییە، بۆیە بە چاپی دووەمی ووتن ئەژمێرریێ.)) [ئیگڵتۆن: ٢٠٠٣: ١٧_ ١٨] بۆ ئەو کات نامە هەم چێژێکی تایبەتی هەبووە، هەمیش نووسەران بە هۆیەوە بیروڕایان ئاڵوگۆڕ دەکرد، چونکە لە تاراوگە نووسەران لە یەکترییەوە دوور بوون. بەمەش دوو ژانریان لەناو یەک بۆتەدا کۆکردۆتەوە، ئەویش ڕەخنە و نامەیە.

گوتاری نامەی ئەدەبی لەم قۆناغەدا ئەوەندەی وەکوو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەردەکەوێ ئەوەندە هۆکارێکی پەوەندیکردن و هەواڵپرسین دەرناکەوێت. نووسەرانمان جیاواز لەوەی نامەیان وەکوو ئامرازێک بۆ پەیوەندی بەکارهێناوە، لە هەمان کاتدا وەکوو دەرفەتێک کۆمەڵێ باس و خواسی ئەدەبی و سیاسی و ڕۆشنبیرییان تێدا باسکردووە.

## ٢. وتاری ئەدەبی

وتار بە گشتی یەکێکە لە هونەرە نوێیەکانی پەخشان، شێوازی فرە و مەبەستی جۆراوجۆری هەیە. لە وتاردا هەمیشە یەکێتیی بابەت هەیە. تاکە ژانری ئەدەبیشە مێژوویەکی دیاریکراوی هەیە، تەواوی رەخنەگران و مێژوونووسانی بواری ئەدەب کۆکن لەسەر ئەوەی مێژووی وتار لە سەدەی شانزە لە فەرەنسا لەسەر دەستی مۆنتین (١٥٣٣-١٥٩٢) سەریهەڵدا. مۆنتێن پارێزەربوو دوای ئەوەی خۆی کەنارگیرکرد لە کۆمەڵ و ڕووی کردە ئەو قەڵایەی لە پاش باوکی وەک میراتی بۆی بەجێمابوو، کتێبخانەیەکی گەورەو دەوڵەمەندی تیابوو، دوای خوێندنەوەی هەر کتێبێک بە نووسین و خستنەڕووی سەرنج و تێبینییەکانی لەسەر دەنووسی و دواتر لە چوارچێوەی کتێبێکدا بەناوی (وتارەکان- essais )بڵاویکردەوە. بووە سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی وتار و بەتایبەت لە بەریتانیا لەسەر دەستی ئەدیب و نووسەری ئینگلیزی بیکۆن (١٥١٦-١٦٢٦) زیاتر پەرەیسەند و بە شێوەیەکی بەربڵاو گەشەی کرد. ((ڕەنگە پێناسەکردن ئەو هێڵە چەماوەیە بێت کە هەردووک جەمسەری بەیەک دەگەن و دەبێتە بازنە و دایرەیەکی کێشراوە بە دەوری چەمکی پێناسەکراودا کە ناوەوەی دایرەکە شوێنی تایبەتمەندییەکانی ئامادەی چەمکەکەیە و دەرەوەی دیاردەکەش شوێنی تایبەتمەندییە نائامادەکانی ئەو. بەمجۆرەش ڕەنگە مرۆڤ تەنیا بتوانێت دایرە و فۆڕمە هەندەسەییەکان پێناسە بکات و هیچ شتێکی تر بۆ دایرەی داخراوی پێناسە مل نەدات.)) [عوسمان: ٢٠٠٩: ٢٠] بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە پێناسەیەکمان بۆ ئەم ژانرە پەخشانییە نەبێت. کەواتە پێناسەکردن شتێکی گشتییە و ناتوانین بۆ هەر چەمکێک پێناسەیەکی کۆنکرێتی دابڕێژین، چونکە لای هەر تیۆرزانێک بە جۆرێک پێناسە دەکرێت. بۆ وتاری ئەدەبیش هەمان شێوەیە و بە چەندین شێوە پێناسە کراوە. کەواتە ((وتار هەوڵێکی سەرەتاییە بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتێک، یان پەیڤین لەبارەی بابەتێکەوە، بە هۆی کەمی مەودای وتارەوە درێژدادڕی وقسەکردنی زۆر جێی نابێتەوە.)) [مەنتک: ٢٠١٩: ١٥٥] وتار بە گشتی پارچە نووسینێکە درێژی و کورتییەکی دیاریکراوی هەیە، هاوکات لەبارەی بابەتێکی دیاری کراوەوە دەنووسرێت. لە زۆر باردا ملکەچی سیستەمێکی نووسینی دیاریکراو نییە، بەڵکوو بە گوێرەی ئارەزووی نووسەر دەنووسرێت. تاکە مەرجیش ئەوەیە بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە گوزارشت لە کەسایەتی وتارنووس بکات. واتە وتار بە ئاسان خوێندنەوە و خێرایی دەناسرێتەوە.

پێشتر ئاماژەمان دا، کە وتار لەسەر دەستی (میشێل دی مۆنتێن) لە فەرەنسا پەیدابووە. ئەویش کاتێک بۆچوونەکانی لەبارەی ژیان، ئاکار و کەلەپووری یۆنانی و ڕۆماییەکان دەردەبڕی. بەڵام

هێندێک لە توێژەران لەو بڕوایەدان هەر لەگەڵ پەیدابوونی ڕۆژنامە وتاریش پەیدابووە. کەواتە دەتوانین بڵێین لە ئەدەبی کۆنی چینیدا پەیدابووە، چونکە وەک باس دەکرێت یەکەم ڕۆژنامە لای چینییەکان پەیدابووە. ((وتارەکان لەو کات لەبارەی بابەتی ئایینی و فەلسەفی بوون، بەتایبەت بۆ ئەو وتە کاریگەرانەی بۆ کۆنفۆشیۆس (٥٠٠ پ.ز) و کتێبەکانی منشیۆس (٣٠٠ پ.ز) لەبارەی خۆشەویستی گەردوونی.)) [نجم: ٢٠١١: ١١] هەرچەندە ئەوەی ئێمە مەبەستمانە وتارە وەکوو هونەرێکی پەخشانی. پاشان (فرەنسیس بیکۆن) بە کاریگەری (مۆنتێن) کتێبێک دادەنێت وەکوو لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد. یەکەم کەسێکە زاراوەی وتار- Essay بهێنێت بۆ ناو ئەدەبی ئینگلیزی. [مەنتک: ٢٠١٩: ١٥٥]

وەکوو زاراوە وتار- Essay لە سەدەی شانزە و بە دیاریکراوی لەساڵی ١٥٩٧ دەردەکەوێت. لەوێوە وتارنووسین پەرە دەسێنێت. لەم بوارەدا کۆمەڵێک وتارنووس دەردەکەون، ناودارترینیان: (سێر ولیەم تێمپڵ ١٦٢٨- ١٦٩٩، درایدن ١٦٣١- ١٧٠٠، ویشێرلی ١٦٤٠- ١٧١٦). بەڵام لە سەدەی هەژدەدا گۆڕانکاری لە هونەری وتارنووسین روودەدات. لەم سەدەیەدا گەشەی زۆر بە خۆیەوە دەبینێت. بە جۆرێک ((تەنیا لەو کێشە و گرفتە خودیانەی ڕۆژانە تووشی مرۆڤ دێن کورت نابێتەوە، یان لە پەیوەندی مرۆڤ بە کۆمەڵگاوە، بەڵکوو بە ئاراستەی شیکردنەوەی دیاردەکانی سەردەمی نوێ هەنگاو دەنێت، ڕەخنە دەگرێت و توێژینەوەیان لەبارەوە دەکات.)) [نجم: ٢٠١١: ٤٠] یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم گۆڕانکارییە دەرچوونی کۆمەڵێک گۆڤاری ئەدەبی و ڕۆژنامە، کە مەیدانێکی فراوانی بۆ نووسەرانی ئەم بوارە کردەوە تاکوو تواناکانیان لە وتارنووسین تاقی بکەنەوە. کاتێک باس لە مێژووی وتارنووسین لە سەدەی هەژدە دەکەین ناتوانین ڕۆڵی نووسەرانێکی وەکوو:( ڕیتچارد ستێڵ ١٦٧٢- ١٧٢٩، جۆزیف ئەدیسۆن ١٦٧٢- ١٧١٩). ئەم گەشەپێدانەیش لە لایەن ئەم دوو وتارنووسە بۆ گۆڤارەکەیان بە ناوی ( The tattler and the spectator) دەگەڕێتەوە. وتارەکانیان بە ئاراستەی ((چاکسازی و چاکسازیی کۆمەڵایەتی)) [حور وآخرون: ١٩٨٦: ٣٥١] هەموو ئەم هەوڵانەش دەکەوێتە ناو ئەو بزووتنەوە چاکسازییەی لە ئینگلتەرا لەو سەدەیەدا پەیدابوو. هەموو ئەمانە دەرخەری ئەوەن وتارنووسین لەم سەدەیەدا لە سەدەکانی شانزە و حەڤدەدا جیاواز بوو. وتارەکانیش لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاو دەکرانەوە، لەلایەن جەماوەرێکی فراوان بە جیاوازی لە چێژ و باوەڕ و ئایدیۆلۆجیا دەخوێندرانەوە. بابەتی وتارەکانیش زیاتر بابەتی ڕۆژانە و بابەتی کۆمەڵایەتی بوون، چونکە ئەو بابەتانە کۆمەڵگا گرنگی زۆری پێدەدان. بۆیە نووسەرانێکی وەکوو: (دانیاڵ دیڤۆ ١٦٦٠- ١٧٣١، سامویل جۆنسۆن١٧٠٩-

١٧٨٤، ئۆلیڤەر گۆڵد سمیث١٧٢٨- ١٧٧٤) پەیدا دەبن و ڕۆڵی گەورەیان لە پێشختنی وتاردا دەبێت. کاتێک ئەم زاراوەیە دێتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، بێگومان لە ڕێی وەرگێڕانەوە دێت، بەڵام وتار لە زمانی کوردیدا بنەمایەکی هەیە، کە بێگومان قالبی داڕشتنی زاراوە کوردییەکە، سێبەر و کاریگەری فۆرم و شێوازی دارشتنی زاراوە عەرەبییەکەی پێوە دیارە. ((پێدەچێت "وتار" لە ڕیشەی چاوگی "وتن"ەوە وەرگیرابێت و ئەمەش جۆرێک بێت لە چاولێکەریی لە زمانی عەرەبی کە "مقال"ی لە چاوگی "قول" واتا "وتن" یاخود "گوتن" وەرگرتووە. وەک دەزانین لە زمانەکانی دراوسێشدا، بۆ نموونە فارسی و تورکی، هەر پەیڤە عەرەبییەکە وەک خۆی، هەڵبەت بە دەربڕینێکی تورکیکراو یاخود فارسیکراوەوە بەکاردێت.)) [عوسمان: ٢٠٠٩: ١٤] مەبەستمان ئەوەیە چۆن بنەچە و چاوگی زاراوەی مقالی عەرەبی بۆ (قول) دەگەڕێننەوە، ئاواش چاوگی زاراوەی وتار بۆ وتن دەگەڕێننەوە.

لە سەدەی نۆزدەدا وتار گەشەی زۆر دەکات، چونکە سەردەم پێش دەکەوێت، وەکوو پێویستییەک لە نووسیندا دەردەکەوێت. نووسەرانێک دەردەکەون، کە نکوڵی لە شێوازی وتارنووسینی سەدەی هەژدە دەکەن. لەوانە ((چارلز لامپ١٧٧٥- ١٨٣٤، کە یەکێکە لە نووسەرە بەناوبانگەکانی ئینگلیز، لە سەردەمی خۆی زۆرترین خوێنەری هەبوو. هاوکات لی هنت نووسەر و ڕەخنەگری ئینگلیز. ئەمانە لە شیوازی نووسینی وتاری سەدەی هەژدە هەڵگەڕانەوە، بابەتەکانیان فراوان کرد. کەسایەتی نووسەر بەبێ هیچ دوودڵی و ترسێک بە ڕوونی دەردەکەوت. وتارنووسین لە سەدەی نۆزدە بە ئاشکرا گوزارشتی لە خود دەکرد.)) [نجم: ٢٠١١: ٤٨- ٤٩] ئەو نووسەرانە لە وتارنووسیندا خۆیان پابەندی هیچ شتێک نەدەکرد. هاوکات ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش زۆر بوون. جۆرەکانی وتارنووسین فرە بوون، هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتەوە، تەنانەت وتار لەبارەی چێشتلێنان، وەرزش، تەندروستی، ئەدەب، ئابووری، جوگرافیا...تاد دەنووسران.

ئەوەی ئێمە لێرەدا وەکوو هونەرێکی پەخشانی کاری لەبارەوە دەکەین، تەنیا وتاری ئەدەبییە. وتاری ئەدەبی لە زۆر ڕووەوە بەتایبەت لە رووی ئەرکی، بابەتی، زمان و شیوازەوە لە وتاری ڕۆژنامەوانی جیاوازە. لە پێشدا وتاری ئەدەبی گوزارشتە ((لە ئەزموونێکی دیاریکراوی نووسەر، ئەویش گواستنەوە کاریگەری دەقی ئەدەبییە دوای خوێندنەوە. هەندێک لەو بڕوایەدان وتاری ئەدەبی زۆر لە شیعری گۆرانی نزیکە، چونکە هەردووکیان کاریگەری لەسەر خوێنەر دادەنێن.)) [ابراهیم: ٢٠٠١: ٢٧] وتاری ئەدەبی لە ڕووی درێژییەوە مامناوەندە و شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە. بە ڕوونی و قسەکردن لەبارەی بابەتێکی ئەدەبییەوە دەناسرێتەوە، هەمیشە چارەسەی بۆ بابەتەکان پێیە. بۆیە نووسەری وتاری ئەدەبی بەردەوام دەبێت قسەکەر بێت، نەک فێرکار، چونکە

خوێنەر لەو بارەدا دەیەوێ بەرامبەر کەسێکی ڕاستگۆ بوەستێت، نەک کەسێکی فێرکار. واتە وتارنووس ئامۆژگاریکەر نییە، بەڵکوو کەسێکە جیهانبینی و تێڕوانینی خۆی لەبارەی بابەتێکی ئەدەبی دەردەبڕێت. کەواتە هەموو هونەرێکی ئەدەبی خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، وتاری ئەدەبیش بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی جیا دەکرێتەوە، لەوانە:

١. کورتی: وتاری ئەدەبی پارچەیەکی پەخشانی کورتە لە چەند لاپەڕەیەک تێپەڕ ناکات. ئەگەر زیاتر بوو ئەوا دەبێتە توێژینەوە، یان هونەرێکی تری ئەدەب. کورتیی وتاری ئەدەبی بۆ شێوازی نووسەر دەگەڕێتەوە. هاوکات بۆ ئەو بابەتەی نووسەر دەیەوێ قسەی لەبارەوە بکات و چارەی بکات.

٢. پەخشانی: وتار هونەرێکی پەخشانییە، واتە شێواز و توخمەکانی شیعر لەناو پەخشاندا جێیان نابێتەوە. ئەمەش واتای ئەوە نییە لە وتاری ئەدەبیدا سۆز و خەیاڵ بوونیان نییە .

٣. داڕشتن: وتاری ئەدەبی شێوازی داڕشتنی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ نموونە وەکوو ژیاننامە، یان چیرۆک نییە. هەموو وتارنووسێک شێوازی تایبەت بە خۆی لە داڕشتنی فیکرە و پێوەندی دروستکردن لە نێوانیاندا هەیە. بۆ نموونە ((لە پێشەکیدا خوێنەر فیکرەیەکی خێرای لەبارەی ئەوەی لەناو وتارەکە بەدوایدا دەگەڕێ پێدەدرێت. پاشان لە ناوەڕۆکدا خوێنەر بەر بیرکردنەوەی نووسەر دەکەوێت. لە کۆتاییشدا ئەنجامی ناوەڕۆکەکە دەخرێتە ڕوو.)) [الخطیب: ٢٠٠٩: ١٤١] لە کۆتاییدا نووسەر گرنگترین ئەو خاڵانەی وەکوو ئەنجامی وتارەکە پێیگەیشتووە دەخاتەڕوو.

٤. خودێتی: لە وتاری ئەدەبیدا نووسەر ناتوانێت خودی خۆی بشارێتەوە، یان ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوە و سۆزی کەسی خۆی نەبێت. بەڵکوو وتار شوێنێکە نووسەر دەتوانێت بۆچوونەکانی خۆی لەوێدا پێشکەش بکات. بۆیە زۆر جار لە وتاردا دەزانین نووسەر ڕەخنەگرە، یان تووڕەیە، شانازی دەکات...تاد.

٥. بابەت: هەموو وتارێک لە دەوری بابەتێکدا دەسووڕێتەوە. قسەکردن لەبارەی بابەتێک پێویستی بە مەعریفە و ڕۆشنبیرییەکی قووڵ و ئەزموون هەیە.

٦. شێواز: شێواز ئەو ڕێگایەیە، کە وتارنووس لە ڕێیەوە گوزارشت لە بۆچوونەکانی خۆی دەکات. ئەمەش لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر دەگۆڕێت. شێواز بریتییە لە چۆنیەتی گەیاندنی فیکرەی وتارەکە. بۆیەدەبێت ڕوون بێت، دوور بێت لە ئاڵۆزی و ناڕوونی. ئەمەش لە ڕێگەی دەربڕدراوی ئاسان و ڕوون دەکرێت.

کاتێک باسی وتاری ئەدەبی لە دوای ڕاپەڕین دەکەین، ڕاستەوخۆ دەبێت بە ڕۆژنامەگەری ببیەستینەوە، چونکە وتار و روژنامە دوانەیەکی لە یەک دانەبڕاون. واتە بەبێ ڕۆژنامە وتار نابێت. (سالار عوسمان) لە توێژینەوەکەی لەبارەی وتارناسییەوە، وتار دابەشی دوو جۆری سەرەکیی دەکات، بە شێوەیەکی سەرەکی بە دوو جۆری خودی و بابەتی پۆلێنیان دەکات و لەم دابەشکردنەدا "وتاری زانستی" یەک لە هەشت جۆری وتارگەلی بابەتییە. [عوسمان: ٢٠٠٩: ٨٩] بە گشتی وتاری ئەدەبی لە دوای ڕاپەڕینەوە لەسەر ڕووپەلی ڕۆژنامەکان دەبن بە دوو بەشەوە. بەشێکیان وتاری خودین، کە هەست و سۆز و بیرکردنەوەی وتارنووس بەسەر کۆی وتارەکەدا زاڵە. بەڵام جۆرێکی تر وتاری بابەتییە، کە وتارنووس هێندەی مەبەستیەتی زانیاری ببخەشێتەوە و بابەتەکە ڕاڤە بکات، هێندە مەبەستی نییە بیرکردنەوە و کەسێتی خۆی باس بکات. بە هۆی ئەو فەزا کراوە و ئازادەی دوای ڕاپەڕین پەیدا دەبێت، ڕۆژنامە زۆر دەبن. هەر حزبە ڕۆژنامەی خۆی دەردەکات. تەنانەت چەندین بڵاوکراوە و ڕۆژنامەی سەربەخۆش دەردەچن. بۆیە ئێمە ڕەنگە نەتوانین وتاری ئەدەبی لە هەموو ڕۆژنامەکان وەرگرین، هەندێک لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە وەردەگرین، کە وتاری جۆراوجۆریان تێدایە، وەک وتاری ئەدەبی، سیاسی، ئایینی و کۆمەڵایەتی و...تاد، بۆ نموونە: گۆڤاری( کاروان، ڕامان، ڕەهەند)، ڕۆژنامەی (برایەتی وکوردستانی نوێ) .

ئاشکرایە لە دوای ڕاپەڕین زیاتر ڕۆژنامەی ئۆرگانی حزبەکان دەردەچوون، ئەو ڕۆژنامەنەیش کەمتر لایان لە بواری ئەدەب دەکردەوە. واتە ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ و تایبەتمان بە ئەدەب و کولتوور نییە، ئەگەر هەشبووبێت، لە یەک دوو ژمارە تێپەڕی نەکردووە. ئەوەی هەبووە بەردەوامی گۆڤارەکانی پێش ڕاپەڕین بووە، بۆ نموونە (گۆڤاری کاروان). ڕۆژنامەی (برایەتی) سەرلەنوی درێژەی بە خۆی دا لە ڕێکەوتی ٢/ ٣/ ١٩٩٣دا لە هەولێر دەرچۆوە. ئەم ڕۆژنامەیە دەبێتە مەیدانێک بۆ ئەوەی نووسەران وتاری ئەدەبی تێدا بنووسن. ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) هەر زوو بە ماوەیەکی کەم لە دوای ڕاپەڕین بڵاوکرایەوە. ئەم ڕۆژنامەیە ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو. دوای بەدواداچوون و توێژینەوەمان بۆ پاشکۆی ئەدەبی ئەم ڕۆژنامەیە، بۆمان دەرکەوت لە ڕێککەوتی (١٩٩٣/١/٢٨) یەکەم ژمارەی پاشکۆی ئەدەب و هونەر بڵاودەکاتەوە. ئەم پاشکۆیە هەفتانە بوو بە چوار لاپەڕەی قەبارە تابلۆیی بڵاو دەکرایەوە. تاکوو ساڵی ٢٠٠٠ نزیک بە ١٧٤ ژمارەی لێ دەرچوو. لە ڕێککەوتی (٢٠٠٠/٣/٣٠)ەوە تاکوو ئێستا بە بەردەوامی بڵاودەبێتەوە. ئەم پاشکۆیە جیاواز لەوەی هەواڵی ئەدەبی و هونەری تێدا بڵاودەکرایەوە، وتاری ئەدەبییشی تێدا بڵاودەبوویەوە. وتاری ئەدەبی لەم پاشکۆیەدا وەکوو

ڕەگەزێکی سەرەکی دەردەکەوێت. ئەوەی جێی سەرنجە لە هەموو قۆناغەکانی دەرچوونی ئەم پاشکۆیە گۆشەیەکی تایبەت هەبووە. بۆ نموونە لە ساڵانی سەرەتادا گۆشەکە ناونراوە (ڕوانگە)، پاشان بووە بە (ڕوانین). هەر جارەوکەسێک تێڕوانین و ڕوانگە و ڕوانینی خۆی لەبارەی بابەتێک نووسیوە. ئەم گۆشەیە بووتە شوێنێک بۆ ئەوەی گوتاری ئەم ژانرە لەو کات دەربکەوێت. بۆ نموونە لە ژمارە (٨٣٦) لە ڕێککەوتی (١٩٩٤/١١/١٤)دا لە گۆشەی ڕوانگەدا وتارێک بەناوی (زاراوەی ئەدەبی ژنانە بۆ؟!) لە لایەن (سارا)وە نووسراوە. لەم وتارەدا نووسەر ڕاڤەی ئەوە دەکات شتێک نییە ناوی ئەدەبی ژنانە بێت، بەڵکو ئەوەی هەیە ئەدەبی مرۆڤە. بۆ نموونە کاتێک دەڵێت: ((خۆ ئەگەر مەبەست لە ئەدەبی ژنان ئەو ئەدەبە بێت، کەباس لە موعانات و کیشەی ژن دەکا، ئەوا دەبێ بەشێک لە بەرهەمی ئەدیبانی پیاویش بخرێتە پاڵ ئەدەبی ژنان، کە ئەمەش شتێکی نەگونجاوە، لە بوارەکانی تری هونەریشدا هەروایە، ئاگا دەگونجی ئەگەر شانۆگەرییەک، کێشەی ژنان بخاتەڕوو پێی بووترێ شانۆی ژنان، یان هونەری ژنان؟)) [سارا: ١٩٩٤: ٢] دەبینین لەم وتارەدا ڕوانگەی نووسەر سەبارەت بە چەمکی ئەدەبی ژنانە خراوەتەروو. نووسەر بە شێوەیەکی هونەری پێڕەوی لە هونەری نووسینی وتاری ئەدەبیدا کردووە، ئەویش بە کورتکردنەوەی بیرۆکەکەی لەبارەی ئەم چەمکەوە و خستنەڕووی بە شێوەیەکی کورت و پوخت بەبێ ئەوەی درێژدادڕی تێدا بکات. هاوکات نووسەر بابەتێکی ورد و جێی سەرنجی بۆ قسەکردن هەڵبژاردووە، ئەویش لەپێناو ئەوەی سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت و قەناعەتی پێ بکات. (کەژاڵ ئەحمەد) لە وتاری (پەرتبوونی ڕۆشنبیر)دا دەیەوێ قسە لەبارەی ئەرکی ڕۆشنبیر بکات. لێرەوە دیاردەیەک لەو سەردەم باس دەکات ئەویش دابەشبوون و پەرتبوونی ڕۆشنبیری کوردە. ئەو نووسەرانەی لەناوەوەی وڵات دەژین و ئەوانەی لە دەرەوەی وڵاتدا دەژین.

بە گشتی لە پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێدا، بەتایبەت لە گۆشەی (ڕوانگە) و (ڕوانین) لەو ماوەیەدا دەیان وتار نووسراون. وتارەکان لە لایەن نووسەرانی وەک: (محەمەد ڕەنجاو، محەمەد کەریم، سەمەد ئەحمەد، پێشڕەو ئەحمەد. محەمەد کوردۆ، محەمەد فەریق حەسەن، سیامەند هادی) و چەندان نووسەری تر. ئەوەی جێی تێبینییە لەم دوو گۆشەیەدا زیاتر وتارەکان بۆ قسەکردن لەبارەی گرفت و کیشەی ئەدەبی کوردی چڕکراونەتەوە، دەکری تایبەتمەندییەکانی ئەم وتارانە لەم خاڵانە بخەینەڕوو:

١. وتارەکان کورت و پوختن، واتە لەبارەی بابەتێکی دیاریکراوەوە قسەیان کردووە.

٢. به شێوەیەکی ڕوون بابەتەکانیان خستۆتەڕوو، هەرچەندە هەندێک لە وتارەکان جۆرێک لە سەپاندنی ڕای تایبەتیان تێدایە. واتە هەندێک لە نووسەرەکان ڕای خۆیان سەپاندووە بە شێوەیەکی ڕەها، کە ئەمە لەگەڵ سروشتی وتاری ئەدەبیدا نایەتەوە، بەڵکو بۆچوونەکان دەبێت ڕێژەیی بن.

٣. زۆربەی وتارکان تێزێکی دیاریکراو، یان بۆچوونێکی دیاریکراویان لە پشت نییە. بۆ نموونە وتارەکانی (محەمەد رەنجاو) هێندەی قسەکردنە لەبارەی هەندێک دیاردە، ئەوەندە هەوڵی ڕاڤەکردنی دیاردەیەکی ئەدەبی نادات. بۆ نموونە لە ژمارە (١٦٨٠) لە ڕێککەوتی (١٩٩٨/٨/٢٠) باس لە دیاردەی زیادبوونی گۆڤار دەکات. یان لە ژمارە (١٦٩٥) لە ڕێککەوتی (١٩٩٨/٩/١٠)دا باس لە دیاردەی سووتاندنی تابلۆ لە لایەن هونەرمەندەکانەوە دەکات. هەرچەندە لەم گۆشەیەدا (ڕوانگە) کە دیارە تایبەتە بەم نووسەرە دەبوایە ئیشکردن بووایە لەبارەی ئەو دیاردانە وەک دیاردەی ئەدەبی و هونەری، چونکە لاپەڕەکە لاپەڕەیەکی ئەدەبییە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەو ماوەیەدا و تەنانەت پێشتر و دواتریش پۆلێنکارییەک بۆ زاراوەی وتار لەناو ئەدەبی کوردیدا نەکراوە. تەنانەت لە بڵاوکراوەکانیش ئەمە بەرچاو ناکەوێت. بۆ نموونە بە وتاری ڕۆژنامەوانی، وتاری ئەدەبی، ئارتیکل و پەیپەر...تاد هەر وتار بەکار دێت. بەمەش سنوورێک بۆ جۆرەکانی وتار دیاری نەکراوە. ئەمە دەبێتە گرفتێک و ناتوانین جۆرەکانی ئەم هونەرە لە یەکتری جیا بکەینەوە. لەوتاری ڕۆژنامەوانیدا زیاتر شێوەی ڕاپۆرتی هەیە و لە ڕونگەی نووسەرەکەوە بابەتەکە روون دەکرێتەوە. ئەوەی جێی بایەخە (گۆڤاری ڕامان)، لە سەرەتای دەرچوونییەوە لە ساڵی ١٩٩٦ەوە لە هەر ژمارەیەک لە پێڕستدا چەند بابەتێک لەژێر ناونیشانی وتاردا دیاری کردووە. زۆربەی وتارەکانیش لە ڕووی بابەتەوە دەچنە خانەی بابەتی ئەدەبییەوە. هەرچەندە بابەتەکانی ناو گۆڤارەکە لەژێر چەند ناونیشانێک بە گوێرەی بابەتەکان دابەشکراون: ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، هزر و فەلسەفە، وتار، زمانزانی، مێژوو، ڕەخنەی شانۆیی، خوێندنەوەی کتێب...تاد. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەو نووسینانەی لەژێر ناوی وتارەوە دانراون نازانین دەچنە خانەی کامە پێناسەی وتارەوە. هەرچەندە ئەمە لایەنێکی ئەرێنییە بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت چ بابەتێک دەخوێنێتەوە. دەبێ ئەوەشمان بیربێت لە هەر بابەتێک لە بابەتەکان جۆرێک لە وتارن. بۆ نموونە لە ژمارە (٨)ی شوباتی ١٩٩٧دا لە بەشی خوێندنەوەی کتێبدا، نووسینێک بە ناوی (ئاوێنە سەرابییەکان) لە نووسینی (سەلاح عومەر) هەیە. ڕاستە ئەم نووسینە خوێندنەوەیەکە بۆ ڕۆمانی (ئاوێنە سەرابییەکان)ی (هیوا قادر)، بەڵام لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە دەچێتە خانەی

وتارێکی ئەدەبییەوە و هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەک، کە لە خانەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا بڵاوکراونەتەوە. ئەم بۆچوونەمان بۆ کۆی بڵاوکراوەکانی تریش ڕاستە. بۆ نموونە ڕۆژنامەی (برایەتی ئەدەب و هونەر)، کە قەبارەی لاپەڕەکانی قەبارەی ڕۆژنامەیە و لە ساڵی ١٩٩٦دا یەکەم ژمارەی دەرچووە. بە هەمان شێوە تێکەڵییەک هەیە و ناتوانین بە شێوەیەکی ورد جۆر و فۆرمی وتار بە گشتی و وتاری ئەدەبی جیا بکەینەوە. بۆ نموونە لە ژمارە (٨٦)ی ڕۆژی هەینی (١٩٩٨/٧/٢٤)دا نووسینێک بە ناونیشانی (ئەژدیها لێکترازانی ڕۆمان و ئەفسانە) لە نووسینی (ئازاد سوبحی) بڵاوکراوەتەوە. ئەم نووسینە لاپەڕەیەکی تەواوی ڕۆژنامەکەی گرتۆتەوە و تەنانەت بەشی دووەم و سێیەمیشی لە ژمارەکانی دواتردا بلاوکراوەتەوە. ئەگەر لە ڕووی فۆرمەوە لێی بڕوانین دەتوانین بڵێین هەر بەشەی نزیک بە دوو هەزار وشە دەبن. هاوکات نووسینی تێدایە نزیک بە پێنجسەد وشە دەبێت. لە ڕاستیدا نووسینەکەی زیاتر لە لێکۆڵینەوەیەکی فراوان دەچێت، چونکە لە وتاردا (Essay) زیاتر بۆچوونێک بە شێوەیەکی کۆنکرێت دەکرێت. واتە ((شێوازی وەڵامدانەوە بە یەک یان چەند پرسیار بە خۆیەوە دەگرێت و لە میانەی وەڵامدانەوەکەدا ئاسۆکانی بیری نووسەر و جیاوازییەکانی لەگەڵ وەڵامەکانی بەردەستدا دەستنیشان دەکرێن .لەم جۆرە وتارەدا سەردێڕی بابەتەکە گرێدراوی پرسیار یان ڕووداوێکی دیاریکراوە و نووسینەکە لەڕاستیدا گواستنەوەی هەڵوێستی نووسەرە کە بە شێوەیەکی تەواو زەینی، بۆچوونەکانی خۆی دەخاتە بەرباس. شێوازی ئێستەی نووسینێکی ڕاڤەکارانەیە و بە مەبەستێکی فێرکارییانەوە دەنووسرێت. لایەنی ڕەخنەیی لە ئێستەیدا زۆر بەرجەستەیە، بەڵام لە ئارتیکل و نووسینی جۆرنالیدا ڕەخنە بە زەقی ناگیرێت. لەمجۆرە نووسینەدا ڕاوبۆچوونی لایەنگر و دژبەری بوارەکە باس دەکرێت. هەروەها ئاکام و ئەنجامی باسەکە بەرجەستە دەکرێتەوە.)) [ئەحمەدزادە: ٢٠١٧: سایتی گۆڤاری کۆچ] هەر لەم ڕۆژنامەیەدا نووسینی (کێشی عەروز و کەشتی مەحوی لە دەریاکەیدا) لە نووسینی (یادگار ڕەسول باڵەکی) لە ژمارە (١٨٨)ی ڕیکەوتی (٤/٨/ ٢٠٠٠) بڵاوکراوەتەوە. لە ڕاستیدا ئەم نووسینە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمییە و ناچێتە ناو خانەی وتارەوە، بەڵام لەو ڕۆژنامە ئەدەبییەدا بڵاوکراوەتەوە. بێگومان بە بیرۆکەی وتاری ئەدەبی بڵاوکراوەتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە نزیک بە هەزار و پێنجسەد وشە دەبێت، چونکە لاپەڕەیەکی تەواوی ڕۆژنامەکەی گرتووە. هەر لەم ژمارەیەی ڕۆژنامەکە نووسینێک بە ناوی (زمان و نووسین) لە نووسینی (نەبەز گەرمیانی) بڵاوکراوەتەوە، نزیک شەشسەد بۆ حەوتسەد وشە دەبێت. دەبینی جیاوازی لە ژمارەی

وشەکانیان چەند زۆرە، بەڵام هەردووکیان بە ناوی وتاری ئەدەبییەوە دانراون. بە گشتی دەتوانین گوتاری وتاری ئەدەبی لەم خاڵانەی خوارەوە دیاری بکەین:

١. نەبوونی فۆرم و پێناسەیەکی ورد و دیاریکراو بۆ وتاری ئەدەبی لەو ماوەیەدا (هەرچەندە پێش ئەو ماوەیە و دوای ئەو ماوەیەیش ئەم ناڕوونییە هەیە و بەردەوامە). بۆیە نووسینی کورت و درێژ لەژێر هەمان ناو لە بڵاوکراوەکان بڵاوکراونەتەوە.

٢. نووسینەکان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لە بڵاوکراوە ڕۆشنبیرییەکاندا تێکەڵکراون. واتە نووسینی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئەدەبی، فەلسەفی و مێژوویی تێدایە، هەموویان لەژێر ناوی وتارەوە دادەنرێن، بەڵام دیاری نەکراوە بە کام پێناسە بە وتار دانراون.

٣. نووسینەکان لە ڕووی ژمارەی وشەکانەوە لە یەکتری جیاوازن. ڕاستە وتار بە کۆی جۆرەکانییەوە لە ئارتیکل، وتاری ڕۆژنامەوانی و پەیپەردا ژمارە وشەکان لە هەزار تاکو دەهەزار وشەیە. بەڵام لەو نووسینانەی لە بڵاوکراوە ئەدەبییە کوردییەکاندا بڵاوکراونەتەوە ڕێژەی جیاوازمان هەیە. هەمانە پێنجسەد وشەیە، هەمانە هەزار، هەمانە دوو هەزار...تاد. واتە هەزار وشە کەمتریش بە وتار هەژمار کراوە.

٤. لە زۆر باردا هەردوو زاراوەی (وتار) و (گوتار) تێکەڵ دەکرێن و بۆ یەک مەبەست، کە وتارە بەکاردێن، بەڵا گوتار مەبەست لێی دیسکۆرسی ئینگلیزییە.

## ٣. گوتاری چیرۆکی کوردی

چیرۆک وەکوو ژانرێکی پەخشانی هونەری بڵاوبۆتەوە، بەردەوام پرسیاری گەورە لە خۆیدا هەڵدەگرێت، هەرچەندە قەبارەیەکی بچووکی هەیە. زۆربەی پێناسەکان لەوەدا کۆکن، کە چیرۆک بریتییە لە پارچە پەخشانییەکی کورت، کە بە تێمایەکی تەواو و پتەو دارێژراوە و لە ڕۆمان کورتترە. چیرۆک بە واتا مۆدێرنەکەی ژانرێکی نوێیە، مێژووی سەرهەڵدانی بۆ سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە. ئاشکرایە چیرۆک بە کۆی فۆرمەکانییەوە (کورتەچیرۆک، کورتیلەچیرۆک...تاد) ژانرێکی ئەوروپیە و چ ڕاستەوخۆ و چ ناراستەوخۆ هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردییەوە. هەرچەندە ئەگەر سەیری مێژووی ئەدەبی کوردی بکەین، چەندین گێڕانەوەمان هەیە، ئەم گێڕانەوانە زۆرێک لە توێژەران بە نموونەیەکی سەرەتایی چیرۆکی کوردی هەژماری دەکەن، بەڵام ئەم بۆچوونە، بۆچوونێکی زانستی نییە، چونکە خودی چیرۆک فۆرمێکی نوێیە. هەرچەندە ((دیاردەی واقیع و چیرۆک دۆستایەتی دێرنیان هەیە. هەردووکیان لە وشەگەلی لاتینییەوە وەرگیراون. Fact (دیاردەی واقیع) لە facere- سازدان یان سازکردن- وەرگیراوە و fiction (چیرۆک) لە fingere سازکردن یان بیچمدان وەرگیراوە.)) [سکۆڵز: ١٣٩٧: ٨- ٩] لەم ڕوانگەیەوە چیرۆک بریتییە لە گێرانەوەی ئەو ڕووداوانەی ڕۆژانە، یان لە کاتی ڕابردوو لە ژیانی مرۆڤ ڕوویداوە و دواتر بۆ کەسانی تردەگێڕدرێنەوە. بەڵام ئەم ڕووداوانە بە پێی کات و گێرانەوە گۆڕانیان بەسەردا دێت و گێڕەرەوە ڕووداوی تری تێکەڵ دەکات. ئەمانە تەنیا لە چوارچێوەی گێڕانەوەی کۆن هەقایەت، ئەفسانە، سەربوردە...تاد ماونەتەوە و نەبوون بە چیرۆکی هونەری. چیرۆک بە واتا هونەرییەکەی ((لە سەدەی نۆزدەدا بوو ئێدگار ئالان پۆ لە ئەمریکا و نیکۆلای واسیڵی یووچ گۆگۆل لە رووسیادا شتێکیان بنیات نا، کە هەنووکە بە کورتە چیرۆک دەناسرێت. لەگەڵ ئەوانیش گی دی مۆپاسان نووسەری فرەنسی و ئەنتۆن چیخۆفی ڕووسی کورتە چیرۆکیان گەیاندە لووتکە.)) [مەستور: ٢٠١٤: ٨-٩] هەرچەندە ئەمە باسی کورتە چیرۆکە، بەڵام فۆرمێکە لە چیرۆک. بۆیە بە درێژایی مێژووی ئەدەب، ململانێ لە نیوان چیرۆکنووسان هەبووە بۆ ئەوەی گوتارێکی تایبەت بە خۆیان هەبێت.

لە ئەورووپاش پەیدابوونی چیرۆک وەکوو ژانرێکی نوێی گوزارشتکردن هۆکاری خۆی هەبووە. بۆیە((چیرۆکی هونەری کوردی پەیدابوونی زیاتر بەندە بە گیانی شارستانێتی و بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و زانست و بەرزبوونەوەی ڕادە ڕۆشنبیری کۆمەڵەوە، دەبوو لە کۆمەڵگای کوردیدا

وەزعی لەباری تایبەتی خۆی بۆ هەڵکەوێ تا بۆی بلوێ سەرهەڵبدات و پێ بگات.)) [عارف: ٢٠١١: ١٢] ئەم بارودۆخە لەبارە بۆ چیرۆکی هونەری کوردی ناگونجێت تاکوو سەرەتای سەدەی بیستەم. لە سەرەتای سەدەی بیستەم چاپخانە دێتە کوردستان و ڕۆژنامە و گۆڤار دەردەچێت. واتە پەیدابوونی چاپخانە هۆکاری سەرەکیی پەیدابوونی چیرۆکی هونەری کوردییە. لە ئەستەمبول، لە سلێمانی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان جێگەی تایبەتیان بۆ چیرۆکی کوردی تەرخان کردبوو. تەنانەت ئەم هۆکارە دەبێتە هۆکارێکی سەرەکیش بۆ پەیدابوونی چیرۆکی هونەری لە لای زۆربەی نەتەوەکانی دنیا. لەناو کوردیش تەنانەت پیشبڕکێ و خەڵات بۆ باشترین نووسین و چیرۆک( بەکوردی پەتی وشیعروپەخشان) دادەنرێت وەکوو ئەوەی (مێجەرسۆن) لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) لە ساڵی ١٩٢٠دا دەیکات. هاوکات ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم دەبنە هۆکارێک بۆ ئەوەی چیرۆکی هونەری کوردی پەیدا ببێت. ئەم گۆڕانکاریانە هوشیاری لە لای نووسەرانی کورد دروست دەکات، بەتایبەت دوای ئەوەی کۆمەڵێک نووسەری ئاشنا بە دنیای پێشکەوتن و مۆدێرنێتە لە ئەستەمبوڵەوە دەگەڕێنەوە کوردستان، بۆیە پێویستیان بە هۆکاری نوێی ئەدەب بۆ گوزارشتکردن هەبوو، چونکە سەردەمەکە پێویستی بە ژانری تازەتر لە ژانر و جۆرەکانی وەکوو شیعر هەبوو. تەنانەت قالب و فۆرمی شیعریش گۆڕانی بەسەردا هات.

لە دوای ڕاپەڕینەوە شەپۆلێکی فراوان و جیاوازی نووسینی چیرۆک پەیدا دەبێت، کە جیاوازە لەو شەپۆلەی لە ساڵانی پێشتر هەبوو. ساڵانی پێشتر لە دەیەی سی و چل و پەنجا و شەست و حەفتای سەدەی بیستەم چیرۆکی کوردی لەژێر کاریگەری ئەدەبیات و ئایدیۆلۆجیای چەپی سۆڤێتی دەنووسرا. بە چاولێکەری ئەدەبیاتی سۆڤیەتی بە شێوازی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی و سۆسیالیستی و ریالیزمی ڕەخنەگرانە ڕەخنەیان لە دەسەڵات و کۆمەڵگا و نەخوێندەواری دەگرت. دوای ڕاپەڕین بە هۆی کۆچی زۆربەی نووسەران بۆ تاراگە و ئاشنابوونیان بە فۆرم و تەکنیکی نوێی چیرۆک شێوازی ڕیالیزمی جادوویی دەبێتە فۆرمێکی نوێی نووسینی چیرۆک. دەکرێ گوتاری چیرۆکی ئەو ماوەیە لەم لایەنانە دەستنیشان بکەین:

١. خود وەک بابەتی تێڕامان

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی دوای ڕاپەڕین ئیشکردنە لەبارەی خودەوە. واتە خود دەبێتە سەنتەری تێڕامان. چیرۆکنووس هێندەی لەبارەی کێشە و گرفت و فەزای خودەوە دەنووسێت،

هێندە بۆ دەرەوەی خود نانووسێت. هەرچەندە قسەکردن لەبارەی خودەوە بەبێ دەوروبەر شتێکی نەکردەیە، بەڵام ئەوە خودە دەبێتە سەنتەر. ئەدەبی پێش ڕاپەڕین بە گشتی و چیرۆک بەتایبەتی هێندەی ئیشکردن بووە لەبارەی بابەتەکانی دەرەوە خود، هێندە نەپرژاوەتەوە سەر گەوهەری خود. ئەوەندەی تێمەی وەکوو: نەخوێندەواری، هەژاری، ئازادی، شۆڕش و کیشە چینایەتییەکان کرۆکی چیرۆکیان پێکدەهێنا، ئەوەندە خود جەوهەر نەبووە. لێرەوە ئیشکردنی چیرۆکنووسان لەم ڕوانگەیەوە ئیشکردنێکی دیاردەگەراییانەیە. دیاردەگەرایی ((خۆی تەرخان دەکات بۆ کارکردن لەسەر ئەزموونی ژیان و ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و واقیعی مادیی هەستپێکراو. پێناسەی دیاریش لای هۆسرەل بریتییە لە ڕووداوە هەستپێکراوەکان لە ڕێگەی هەستەکانەوە. ئەو هەستانەی کە سەرچاوەی زانیارین بە شێوەیەکی گشتی.)) [شارەزووری، ٢٠١٥، ١٣] کەواتە ئەم فەیلەسووفە باوەڕی بە هیچ بوونێک نییە، تەنیا لە چوارچێوەی مەعریفەی خۆی نەبێت. واتە دەبێ سەرەتا بوونەکە لەناو خودی خۆیدا بناسین، مەعریفەمان بەرامبەری هەبێت، ئینجا بە بوون دادەنرێت. کەواتە خود وەکوو دیاردەیەک توێژینەوەی لەبارەوە دەکرێت. لە پێش ڕاپەڕین خود بە هۆی دەسەلاتی ڕژێمی بەعس شوناسی خۆی لێ سەندرابووە. هیچ تاکێکی کورد نەدەپرژایە سەر توێژینەوە لە خود و تێڕمان لە خودی خۆی. خودی لە نەتەوە، ئازادی، شۆڕشدا دەبینیەوە. دوای ئازادیی ڕاپەڕین مرۆڤی کورد بەرەو تێڕامان لە خود هەنگاو دەنێت.

چیرۆکەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور) هەوڵێکە بۆ ئەوەی نهێنییەکانی خود باس بکات. هیچ چیرۆکێکی ئەم چیرۆکنووسە لەو ماوەیەدا نییە، کە کارەکتەرەکانی باسی خۆیان نەکەن. کۆچیرۆکی (خەوننامەی دادە سۆزی) یەکیکە لەو کۆچیرۆکانەی تەواو کار لەبارەی خودەوە دەکات. دوای ڕاپەڕین سەردەمی خودەکانە، سەردەمی ئەوەیە مرۆڤی کورد بە دیار خۆیەوە دابنیشێت و بیر لە خودی خۆی بکاتەوە.لە چیرۆکی (کالیسگەی جەنگاوەرە ترسنۆکەکە)دا لە ڕێی مێژووەوە ناخی خود هەلدەکۆڵێت. ((باوکە مێژوونووسە پەککەوتووەکەم ڕایسپاردووم تا بۆم دەکرێت گوێ لە قسەکانی ئەو پیاوە بگرم و بیاننووسمەوە... بەتایبەتی کاتێ مەست دەبێت و بە دەنگێکی کزی پڕ لە گریان دەریاندەبڕێت... پێم دەڵێت کچی خۆم ئەو کابرایە هەموو وتەیەک لە شێوەی لوغز دەگەیەنێتە گوێچکەکانەوە.)) [کاکەسوور: ٢٠٠٨: ٥٧] لەم پەرەگرافەوە دەردەکەوێت کارەکتەر دەیەوێت دەرگای گفتوگۆ لەسەر خۆی بکاتەوە، لەبارەی خۆیەوە بێتە گۆ. هاوکات لە ڕێی قسەکردن لەبارەی خۆیەوە قسە لەبارەی مێژووی نەتەوەوە بکات. ئەوەی ئەوان دەجوڵێنێت فشارێکە بۆ ئەوەی خود بخەنەروو، واتە گێڕەرەوە هێندەی مەبەستیەتی ڕەهەندەکانی خود

بخاتەڕوو، هێندە مەبەستی نییە شتێکمان بۆ بگێڕێتەوە. گەڕانەوە بۆ مێژوو گەڕانەوەیە بۆ هەڵدانەوەی نهێنییەکانی خود. هەر کارەکتەرە دەیەوێت خودی خۆی ڕووت بکاتەوە و هەموو شتەکانی خۆی باس بکات. لە چیرۆکی (لەسەر دەستیی عادیلەخانم دەنووسم)دا دنیای منداڵی تەواو لەناو چیرۆکەکدا پیشان دەدرێت. ((ئەوەتا ڕووتوقووت ڕاکشاوە... هەندی جار وا دەزانی نووستووە و هەندی جار وا دێتە بەرچاو تازە لە خەو هەستاوە... بە هەرحاڵ ئاسان نییە بزانیت کاتێ خۆی لەسەر دەمەوە بۆ سەر پشت، یان لەسەر پشتەوە بۆ سە دەم وەردەگێڕێت، یاخود وەختێک بە سستی دەست و قاچی لەبارێکەوە دەباتە بارێکی ترەوە، ئەوە نازە یان خەون دەبینیت... زۆر جار من سێبەری کۆلارەکەم لە خۆی لا گرنگترە... هەر کاتێ بزانم ئەو سێبەرە کتومت لە ژن ناچێت، ئەوا دەچم دەسکاری خۆم دەکەم.)) [کاکەسوور: ٢٠٠٨: ١٦٩] بە هێنانە پیشەوەی چیرۆکی منداڵیی خۆی دەیەوێت ئەو دنیایەمان لەسەر بکاتەوە، کە بە هۆی دەسەڵاتی سیاسی، کولتووری، کۆمەلایەتییەوە لەسەری داخرابوو. گوتاری چیرۆک لێرەدا ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگە دەبێت. واتە چۆن لە دوای ڕاپەڕین کۆمەڵگەی کوردی لە باشووری کوردستان دەکرێتەوە، بە هەمان شیوە تاکەکانیش بەسەر خۆیان و بەسەر کۆمەڵگەدا دەکرێتەوە. ئیتر شتێک نامێنێت بەناوی حەرامی باسکردن. کارەکتەرەکانی ناو ئەو چیرۆکانە دەیانەوێت مامەلەیەکی کراوە لەگەڵ نهێنییەکانی خۆیان بکەن. لەم چیرۆکەدا منداڵێکمان هەیە، بە هۆی هەڵدانی کۆلارەوە لە سەربان بەیانیان دیمەنی خەوتنی ژنەکان لە سەربان دەبینێت. ئەم نهێنییە ئەگەر تاکوو زەمنێکی دوور شاردرابێتەوە، گوتاری چیرۆکی دوای ڕپەڕین دەبێتە گوتارێک لەسەر هەڵدانەوەی نهێنییەکان. بۆیە هەموو نهێنییەک باس دەکرێت بەبێ ئەوەی شتێک بەناوی شەرمەوە هەبێت.

لایەنێکی تر لە چیرۆکی ئەم ماوەیەدا بوونی لایەنی سەیروسەمەرەیە (الغرائيبيه) لە چیرۆکەکاندا. بۆیە ((پێویستە چیرۆکنووس لە دارشتنی ئەو بیرۆکەیەدا یان گێڕانەوەی ڕووداوێک، چیرۆکێکی وا بخولقێنێ کە خوێنەر بە دوای مەبەستەکانی دەقەکەدا بگەڕێ و فەنتازیای تێدا بەدی بکات. هەروەها ئەم فەنتازیا و سەیروسەمەرەیە لە چیرۆکدا توانای بەرهەمهێنانی مانایەکی جیاوازی هەبێت، لەوەی کە لە واقیعدا هەیە، یاخود لەو دید و لۆجیکە باوەی کە لە دەرەوەی چیرۆک و کۆمەڵگادا هەیە.)) [محەمەد: ٢٠٠٥: ١٥٧] کۆچیرۆکی (نامەکانی ژاگۆن)ی (جەبار جەمال غەریب) هەوڵێکی هونەرییە لەوبارەیەوە. ئەم سەیروسەمەرەیییە لە ڕێی سوودوەرگرتن لە زمانی شیعرییەوە دروست دەبێت. لە چیرۆکی (تەمە پیاودا) بە شێوەیەکی فەنتازی و سەیروسەمەرەیی کار لەبارەی چەمکی بۆنەوە دەکات. کارکردنی (جەبار جەمال غەریب) بەشێوەیەکی گشتی لەنێو

هونەری گێڕانەوەدا لەسەر زمانە، واتە ئەو هەموو قورساییەکی تەکنیکی و هونەری لەنێو چیرۆک و ڕۆمانەکانی دەخاتە سەر زمان. ئەمەش مانای ئەوە نییە، لایەنەکانی تری هونەری لە چیرۆکدا وەکوو وێنە و دیالۆگ و مەنەلۆگ...تاد فەرامۆش دەکات. نەخێر ئێمە دەڵێین ئەو بەپلەی یەکەم بایەخ بە زمان دەدات. ئەمەش هەندێکجار کاری کردۆتە سەر بونیادی دەقەکان و ئالۆزیکردووە. واتە زمانی گێڕانەوەکەی ئالۆزکردووە. خۆشی دان بەو ڕاستییەدا دەنێت و دەڵێت: ((من بۆ کەسێکی تایبەت نانووسم، بەڵام بۆ خوێنەرێکی تایبەت دەنووسم کە سەرکێشە و حەز بەزمان و فەنتازیا و خەیاڵی جیاواز دەکات، دواجار دەگاتە حاڵەتێکی شیعری و کتێبەکەم هەڵدەداتە ناو لافاوێک لە خوێن کە بێگومان خوێنی دڵیەتی، من بۆ هەر ڕۆمانێک یەک تاکە خوێنەری وام هەبێت دەتوانم درێژە بەنووسین بدەم.)) [غەریب: ٢٠٠٩: ٧] ئەم گوتەیەی بەسەر چیرۆکەکانیشیدا جێبەجێ دەبێت. ئیشکردنی چیرۆکنووس لەناو زماندا بە پلە یەک دێ، لێرەدا دەپرسین ئایا خوێنەری تایبەت هەیە؟ ڕەنگە ئەو سیفاتانەی ئەو بۆ ئەو خوێنەرە تایبەتیەی داناوە، هیچ خوێنەرێک بوونی نییە کە حەز بەفانتازیا و خەیاڵ نەکات، لەم سەردەمەی ئێستاماندا ئەگەر دەقێکی گێڕانەوە خاڵی بێت لە خەیاڵ و فانتازیا، سەد لەسەد واقیعیی بێت ئەوا لەلای خوێنەرەوە ڕەت دەکرێتەوە. ئەگەر لە ناونیشانی چیرۆکەکەوە دەست پێبکەین (تەمە پیاو) دەتوانین بڵێین ناونیشانێکی ئێستاتیکییە، واتە پڕە لەجوانی و سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ. ناونیشانەکە کەسێک دەگرێتەوە کە بووەتە تەم و لەشێوەی تەم بەدیار دەکەوێت. واتا کەسێکە بەهۆیەک لەهۆیەکانی کولتووری کۆمەڵگا ڕای کردووە و نەمردووە، لەبەر چاوی دایکی لەشێوەی تەم لەسەر ڕووبار دەردەکەوێت. بەڵام ئەوان ئەوانەی دوای کەوتبوون وایانزانیووە مردووە.بەڵام ئەو بووەتە تارماییی و ون بووە. ئەم ناونیشانە شێوەیەکی فانتازی هەیە، واتە پیاوێک لە بووندا نییە لەشێوەی تەمدا بێت، ئەمەش وا دەکات خوێنەر هەست بکات بە چوونە نێو ڕووداوەکانی چیرۆکەکە، تێکەڵبوونە لەگەڵ دنیای فانتازی. لە ناونیشانەکەوە بابەتی سەیروسەمەرەیی دەر دەکەوێت. هاوکات هەستی بۆنکردن بە شێوەیەکی سەیروسەمەرەیی کاری لەبارەوە کراوە. ((ساڵە ڕێوی خۆت لە چ مات داوە، دێتەوە بە بەرچاوی هەمواندا دێتەوە. دەبی هەزاری وەکە تۆ بەس نینۆکی وەلێسن هەموو شەویش دێتە دەوری ماڵان، دەڵێ: دایە... دایە فریشتەکەم مرۆ بۆنێکی هێند دڕنی لی دێ، هاڵاوە بۆگەنیوەکەی هێند چڕ لەسەر ماڵان بڵند دەبێ هەر مرۆ دەتوانی بۆنی کا.)) [غەریب: ٢٠٠٤: ١٦٠] چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا هەوڵدەدات لە ڕێگای هەستی بۆنکردنەوە ناخ و هەڵوێستی مرۆڤە خراپەکان پیشان بدات، چونکە ئەو مرۆڤانە چۆن ناخیان بۆگەنە، ئاوهاش بۆنی

گەنیوی ناخ و لەشیان بەهەموو سرووشدا بڵاودەبێتەوە. لەبەر ئەوەی (وسو) لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا ڕادەکەن، لەلایەن هەندێک لە پیاوە خراپەکانەوە وەکوو (ساله ڕێوی) و (خله گورگ) دوایان دەکەون و (وسو) بریندار دەبێت، بەڵام ناتوانن بیگرن و ون دەبێت، لەبەر چاوی(پوورەشەم)ی دایکی (وسو) هەموو بەیانییەک وسو لەشێوەی تەمێک لەسەر ڕووبار بەدیار دەکەوێت، قومێک ئاو دەخواتەوە و شوێنی لێوەکانی بەجێ دەمێنێ. ئەم جیهانە، ئەم فەزایە تایبەتە بە چیرۆکی دوای ڕاپەڕین.

(شێرزاد حەسەن) لە چیرۆکی (ماڵێک لە ئاو)دا وێنەیەکی سەیروسەمەرەمان بۆ دەکێشێت. لەم ڕێیەوە هەوڵدەدات هەژمورنی خێڵ و سەرۆکخێڵ لەناو کۆمەڵگادا دەستنیشان بکات. ((زەری عاشق هێدی هێدی بەرگی ئاوی پۆشی لە قوله پێیەوە... تا ئەژنۆ... پاشان کەمەر و تا بن مەمکان.. دواجار وەک گوڵە ئەتڵەسێک کەوتە سەرئاوو شەپۆلەکان رووە و بەلەمی نقومبووی کوڕەی عاشق نەرمە سەمایان پێکرد.. لەوێ .. دوور لە چاوانی بەدبینی سەرۆک خێڵ و هەر هەموو خێڵ.. لەژێر دەریادا ماڵێکی خنجیلانەیان لە مرواری و مەرجان دروست کرد... دیوار ئاو و... سەربان ئاو و.. شووره ئاو و دەرگا ئاو و..پەنجەرەکانیش هەر ئاو.. تا هەنووکە وا لەوێن.. دوو عاشقی ئاوی وا لەوێن..!)) [حەسەن: ٢٠٠٤: ٥٧] لە ڕێی دروستکردنی ئەم فەزا سەیروسەمەرەیە، چیرۆکنووس دەیەوێ پەراوێزخستنی خودمان لە لایەن سەرۆک خێڵ و خێڵەوە بۆ روون بکاتەو. چۆن سەرۆک خێڵ بۆ ئەوەی بە هەمیشەیی بمێنێتەوە خەڵکانی تر دەکاتە قوربانی. هاوکات چۆن لە بێدەنگی خێڵدا (کۆمەڵگادا) سەرۆک خێڵ خۆی بە ئارەزووی خۆی خەڵک دەکاتە قوربانی. واتە لێرەدا بە دیوێکدا خود کراوەتە قوربانی و بە دیوێکی تردا خودەکان یاخی دەبن و دەیانەوێ بە قوربانی خۆیان هەوڵی سەندنەوەی مافی خودبوون بدەن. دوای ئەوەی لە، چیرۆکەدا کوڕەی عاشق دەکرێت بە قوربانی، کچەی مەعشوقی کوڕەیش خۆی دەخاتە زەریاوە و نایەوێ خودی ئەو ببێتە کۆیلە و چی تر لەژێر هەژموونی خێڵ و سەرۆک خێڵدا بمێنێتەوە.

٢. چڕکردنەوەی دەلالەتەکان

هونەری چیرۆکنووسین لە ماوەی دوای ڕاپەڕین زیاتر بۆ چڕکردنەوەی دەلالەتەکانی دەبات. مەبەستمان لە چڕکردنەوە ئەوەیە لە بری ئەوەی چیرۆکەکە بە بیست لاپەڕە بۆ نموونە تەواو بکات، چیرۆکەکە بە دە لاپەڕە دەنووسێت. ئەم چڕکردنەوە بێگومان لە ڕێی کۆمەڵێک هونەر و تەکنیکەوە دەبێت. کە دواتر دەبێتە گوتارێک زۆربەی چیرۆکنووسانی ئەو ماوەیە لە بەکارهێنانیدا

هاوبەشن. ئەمەش بێگومان خراوەتە خزمەت لایەنی جوانیناسی دەقی چیرۆک. ئەم شێوازە دواتر دەبێتە زەمینەیەک، تەنانەت مۆدێلێک بۆ ئەوەی زمانێکی شیعری و خەسارنەکردنی وشە پێڕەو بکرێت. لێرەوە تەکنیکی وەسف کەمتر پەنای بۆ دەبرێت، چونکە چی تر کارەکتەرەکان وەسف ناکرێن، شوێنەکان وەسف ناکرێن، بەڵکو هەموو ئەوانە بە ڕێیەکی هونەرییەوە پیشان دەدرێن.

پەنابردن بۆ خەرجکردنی و خەسارکردنی کەمترین وشە وەکوو گوتارێک لەو ماوەیە دەردەکەوێت. چیرۆکنووسان هەوڵدەدەن زمانی نووسینی چیرۆکەکەیان هێندە چڕ بکەنەوە، کەمترین وشەی تێدا خەرج بکەن. (فەرهاد پیرباڵ) لە کۆچیرۆکی (پەتاتەخۆرەکان)دا ئەم کەم خەرجییە وەکو تەکنیکێکی نوێ بۆ نووسینی چیرۆک بەکار دەهێنێت کە بە بروسکە چیرۆک ناوی دەبات. بۆ نموونە لە چیرۆکی (چیرۆکێکی زۆر درێژی تراژیدی)دا هەمان تەکنیکی چڕکردنەوە بەکار دەهێنێت: ((

پیاوێک....

ژنێک...

دوو جۆر تەنیایی)) [پیربال: ٢٠٠٥: ٥١]

ئەم چیرۆکە لە پێنج وشە پێکهاتووە، بەڵام دەلالەتی زۆری هەیە، خوێنەری ئەم چیرۆکە دەتوانێت چەندین واتا و لێکدانەوە بۆ چیرۆکەکە بکات. واتە یەک خوێندنەوە هەڵناگرێت، بەڵکو چەند خوێندنەوەیەک هەڵدەگرێت. ئەم جۆرەیان توێژەرانیش دەکات بە چەند بەشیک. بۆ نموونە هەندێک بە چیرۆک و هەندێکی تر بە کورتەچیرۆک و هەندێکی تر بە کورتیلەچیرۆکی دادەنێن. هەموو ئەم بیرکردنەوە جیاوازە بەڵگەن بۆ ئەوەی گوتاری چیرۆکی کوردی لەو ماوەیە چۆتە قۆناغێکی نوێوە. ئەمە جۆرێک لە فەزا دروست دەکات. ((ڕەگەزێکی گرنگە لە دەقی ڕۆماندا، بە جۆرێک توێژەرانی بواری ڕۆمان ناو لە زۆربەی ڕۆمانەکانی دنیا دەنێن ڕۆمانی فەزایی.)) [التازی: ٢٠١١: ١] کەواتە خوێنەر دەخاتە ناو فەزایەکەوە جیهانبینیەکەی جوانیناسانەی بۆ دروست دەکات.

کۆمەڵە چیرۆکی (ملوانکەی ستیل) لە نووسینی (محەمەدفەریق حەسەن) هەمان شێوازی بۆ نووسینی چیرۆک بەکارهێناوە. لە چیرۆکی (ئەدیداس)دا چیرۆکی دوو هاوڕێ لە پێشمەرگایەتیدا دەگێڕێتەوە، کە یەکیان پێڵاوەکانی دڕا و کۆن بووە و ئەویتر پێڵاوێکی تازەی ئەدیداسی پێدەدات، کە بە دیاری بۆی هاتووە. دوای ڕاپەڕین و هاتنەوەیان بۆ شار، ئەو کەسەی پێڵاوەکانی لە شاخ

دڕابوو بە ئۆتۆمبێلێکی سووپەر و سێ پاسەوانەوە لە شوێنێک وەستاوە و ئەو هاوڕێیەی کە لە شاخ پێلاوە تازەکانی خۆی پێدا بە ئۆتۆمبێلێکی جۆری بەڕازیلی لێ نزیک دەبێتەوە و داوای لێ دەکات بیگەیەنێت، بەڵام هاوڕێکەی دەڵێ لاچۆ چۆن سواری بەڕازیلی دەبم. ئەم تێمەیە، هەوڵێکە بۆ باسکردنی جۆرێک لە گوتار، بەتایبەت دوای ئەوەی شۆڕشگێرانی شاخ گەڕانەوە شارەکان و ژیانیان تەواو پێچەوانەی ئەو بیرکردنەوە و باوەڕەی بۆی دەجەنگان گۆڕا. ئەوان بوون بە کەسانێک تەنیا ماڵ و سامان و دەوڵەمەندیان لە لا گرنگ بوو.

ئەم چڕکردنەوەی وشە و زۆر خەرج نەکردنی وشە لە کۆ چیرۆکی (دەستی خودا)ی (ڕەووف بێگەرد)دا دەبیندرێت کە کورتیلە چیرۆکن. بەتایبەت ئەو ناویان دەنێت (ڕۆژانە چیرۆک). چیرۆکەکان لە نیو لاپەڕە تێپەڕە ناکەن. تەنانەت چیرۆکێکی تیایە بە ناوی (مرۆڤ) لە دوو دێڕ پێکهاتووە. ((ئەو لە سێبەری گوڵەکاندا پەنای گرتبوو، ئەم لە پەنای دڕکەکاندا، کە جێگایان گۆڕیەوە گولەکان بوون بە دڕک و دڕکەکانیش بوون بە گوڵ.)) [بێگەرد: ٢٠٠٤: ١٢٣] لیرەوە زمانی دەق دەبێتە زمانێکی بەرهەمهێن، بۆیە زمانی ئەم جۆرە چیرۆکانە زۆر چڕە و پشت بە خوازەو درکە دەبەستێت. لەم چیرۆکەی سەرەوە وەکو ڕەمز ئاماژە بۆ گوڵ و دڕک کراوە، هاوکات لەگەڵ گۆڕینی شوێنەکان بوونی شتەکانیش دەگۆڕێن. زمان بە هۆی ئەوەی بەردەوام پێشێل دەکری و لادانی تێدا دروست دەبێت جۆرێک لە جوانیناسی دروست دەبێت. ماوەی نێوان دال و مەدلوول بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێت. زمانی چیرۆک لە پێوەرەکان یاخی دەبێت، لە ڕستەگەلی کەمدا کورت دەکرێنەوە، کە دەبوایە لە چەند لاپەڕەیەکدا بنووسرانایە، ئەم پرۆسەیە لە ئەنجامی دەرچوون لە پێوەرە زمانییەکان ڕوودەدات، ڕوونی وشەکان پێوەر نین، بەڵکو وشەکان پڕن لە ڕەمز دەلالەتی تر. لەم ڕێیەوە چیرۆکنووسان لە هەوڵی ئەوەدان گرنگی بە ئەدەبیەتی ئەدەب بدەن. (ئارام کاکەی فەلاح) لە چیرۆکی (دیوەخانی ئەستێرەکان)دا زمانێکی شیعری بۆ چیرۆکەکە بەکاردەهێنێت: ((ئێستا گەر باڵندەیەک لە هەر نوقتەیەکی ئەم ئاسمانە بەرینەدا بگری، منیش دەگریم. گەر هاتوو کۆرپەیەک لە هەچ قوژبنێکی ئەم دنیایەدا داچڵەکێت، منیش دادەچڵەکێم. گەر ئەستێرەیەک بجریوێنێت گۆرانی دەڵێم و هەر لە خۆمەوە دەکەومە سەما.)) [کاکەی فەلاح: ١٩٩٣: ٩٣] چڕکردنەوەی زمان تەکنیکێکە پێکهاتە و دەلالەتی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆیە زمانی چیرۆک وێنەیەکی ڕۆمانسی وەردەگرێت. چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا دەبینین بۆ ئەوەی هەستی خۆی بەرامبەر هاتنی خۆشەویستەکەی دەربڕێت، زمانێکی چڕ و ڕۆمانسی بەکاردەهێنێت، ئەوەش

بە بارگاویکردنی ڕستەکان بە وێنەی هونەری و بەراوردکردنی بارودۆخی خۆی بە کۆمەڵێ وێنەی ڕۆمانسی لە چەشنی گریانی باڵندە.

لە ڕێگەی زمانەوە وێنەی هونەری دروست دەبێت. وێنەی هونەری یەکێکە لە زاراوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان، چونکە هۆکاری گوزارشتکردنە لە نێوان نێرەر و وەرگر. ڕەنگە ئەو بیرکردنەوەیە بەردەوام خۆی بسەپێنێت، کە وێنەی هونەری تەنیا تایبەت بە شیعر بێت. ڕاستە ((وێنە یەکێکە لە ڕەگەزە چالاکەکانی شیعر بەتایبەتیش لە شیعری نوێدا کە بە گەلێک شێوە دروست دەبێت، گەلێک ئەرکی جیاواز دەبینێت. یەکێک لەوانە لە دوای نەمانی سەروا وێنە ڕۆڵی لە یەک گرێدانی پارچەکانی شیعر دەگرێتە خۆ.)) [عیسی: ٢٠٠٩: ٢١] بەڵام وێنەی هونەری لە چیرۆکیشدا بەرچاو دەکەوێت و دەلالەتی خۆی هەیە. یەکەم ستراتیجیەتی وێنەی هونەری لە چیرۆکدا خود دەتوانێت لەو چەمک و بابەتانەی بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ دەربڕدراون بگات. وێنەی هونەری وەکو چەمکێکی ڕەخنەیی و جوانیناسی دەردەکەوێت. وێنە هۆکارێکە بۆ درککردنی جیهان و ناسینی. کەواتە کۆمەڵگە بە گشتی لە چیرۆکدا دەکرێ وەکو وێنەیەکی هونەری دەرکەوێت، کە لە ڕێی کۆمەڵێ ڕەمزی کەلتووری و جوانیناسی دەردەکەوێت. زمان بە هۆی ئەوەی هۆکاری گوزارشتکردنە لە ڕێیەوە وێنە دروست دەکرێت لە ڕێی چالاکییەکانی وەرگرەوە دەکرێتە وێنەیەکی زەینی بۆ ئەوەی فۆرمی پێبدا بە گوێرەی پاشخانی زانیاری و کولتووری.

چیرۆکی ئەو ماوەیە لەگەڵ هوشیاریی خوێنەر لە یاریدا دەبێت، تونای خوێنەر بۆ ڕاڤەکردن و شێکردنەوە تاقی دەکاتەوە. واتەخوێنەر بە خوێندنەوەی دەقی چیرۆک دەکەوێتە ناو یارییەکی هونەرییەوە. خوێنەر بەمەش ناچار دەبێت بەشدار بێت لە بەرهەمهێنانی دەق. لێرەوە دەمانەوێت چەند خاسیەت و تایبەتمەندییەکی چیرۆکی ئەو ماوەیە بخەینەڕوو:

١. چیرۆکێتی:

ئاشکرایە ڕووداو لە چیرۆکدا دیاریکراوە، واتە وەک ڕۆمان چەندین ڕووداوی تێدا نییە، بەڵکو یەک ڕووداو هەیە. چیرۆکنووس لە ڕێیەوە کارەکتەر ئاراستە دەکات. ڕووداویش لە یەکەم وشەوە تاکو کۆتایی، یان بە شێوەی زنجیرەیی، یان بە شێوەی پاشوپێش دێن. کەواتە بۆ ئەوەی بە خوێنەری نیشان بدەین ئەوەی دەگێڕینەوە چیرۆکە، پێویستیمان بە تەکنیکی چیرۆکێتییە. واتە ئەوەی ئەو ڕووداوە دەکات بە چیرۆک. لێرەدا ڕووداوەکان بە هیچ ئەنجامێک کۆتاییان نایەت، بەمەش کۆتاییەکی کراوە بۆ خوێنەر دروست دەبێت و ئاسۆیەکی فراوانی لەبەردەم دەکاتەوە. (سابیر ڕەشید) لە چیرۆکی (پەیژەکانی تاریکی)دا باس لە ئافرەتێک دەکات لەناو جێگاکەیەتی و خەوی لێ

زڕاوە، بە هۆی بیرکردنەوەی زۆر و جەنجاڵی بیرکردنەوەی و جیابوونەوەی لە مێردەکەی بە هۆی قومارکردنەوە. لە ماوەی پاڵکەوتنی لەسەر جێگادا تەواوی ژیان و هۆکاری جیابوونەوە و تەنانەت نەگەیشتنی بە خۆشەویستەکەی ڕوون دەبێتەوە. ((هەڵبزڕکانی خەون و زیندەخەونی کاتە دۆڕاوەکان. دۆڕانێک هی تۆ بە ڕوح و بە جەستە و هی مێردەکەشت بە سامان و خۆشگوزەرانی و ماناکانی خۆشەویستی. ئەم خۆشەویستییەی بە لایلایەک خەمەوە خرایە ناو جۆلانەیەک و وەک پەپوولەیەلی باڵشکاو بە ئەزیەت باریەوە بەرەو قوڵایی ئاسمان هەڵفڕێ یانیش لە زەوی ڕۆچووە خوارەوە. هەڵکشانێک یان شۆڕبوونەوەیەک بە پەیژەکانی تاریکیدا.)) [رەشید: ٢٠٠٨: ١٣١] دەبینین چۆن چیرۆکێتی دروست بووە. ڕووداوی جیابوونەوە و نەگەیشتنی بە خۆشەویستە کۆنەکەی لە ڕێی پاڵکەوتنی سەر جێگا لە شەودا. هاوکات گێڕەرەوە جێناوی کەسی سێیەمە و هەموو شتێک لەبارەی کارەکتەرەوە دەزانێت. کۆتایی چیرۆکەکەیش بە کراوەیی جێدەهێڵێت بۆ ئەوەی بیرکردنەوەی خوێنەر قوفڵ نەکات. لێرەدا خوێنەر دەیان پرسیاری لەبارەی کۆتایی چیرۆکەکە لەلا دروست دەبێت، ئایا ژنەکە خەوی لێکەوت؟ ئایا ڕۆژانی دواتر ژیانی چۆن بووە و چۆن ژیان دەگوزەرێنێت؟ کەواتە چیرۆکێتی وا دەکات خوێنەر بەردەوام لەگەڵ چیرۆکەکەدا بژی. ئەمە دەبێتە تایبەتمەندییەک بۆ چیرۆکی ئەم ماوەیە.

(حوسێن عارف) لە چیرۆکی (بێبەخت)دا باس لە دوو کەس دەکات، بەڵام لە ڕێی فرەدەنگییەوە چیرۆکێتی دروست دەکات. سەرەتا کارەکتەر (ئەحە گوێبڕاو) بە جێناوی کەسی یەکەم دەپەیڤێت، دواتر ڕەوتی گێڕانەوە کەسێکی تر وەریدەگرێت و باسی چیرۆکی ژیانی (ئەحە) دەکات. ئەوەی لەم چیرۆکەدا چیرۆکێتی تێدا بەدی دەکرێت کۆتایی چیرۆکەکەیە. ((

- ئەحە... کوڕە ئەحە گوێبڕاو..!

لەپێک و پێنج پەنجەی دەستێک، چەسپیبوونە بازنەی قۆڵی ڕاستی و ڕایان دەوەشاند. سەرەتا هەروا لەسەر باری دانیشتنەکەی، ئاوڕێکی کەمتەرخەمانەی، بە لای خاوەن دەستەکەدا دایەوە. هەر لەسەر ئەو بینەشی کە گرتبووی، لە وەرامدا وتی:

- بەڵێ قالە ... چیت دەوێ؟!

بەڵام کاتێ قالە دەستی لە قۆڵی بەردا هەنگاوێک لێی چووە دواوە و نەڕاندنی بەسەریدا:

- چۆن؟! وتت چی!

ئەوسا وەک کێچ ڕاپەڕی. خۆی خستە سەر پێ و بە دەنگێکی پڕ لە ڕێز و ملکەچییەوە وتی:

- بەڵێ قوربان... بەڵێ کاک قادر چی دەفەرموویت؟)) [عارف: ٢٠١١: ٣١٧] لەم کۆتاییەوە

بۆمان دەردەکەوێت، ئەحە و قالە دوو ئامۆزان، بەڵام بۆچی ئەگەر ناوی ئەویان بە ئەحە بهێندرێت ئاساییەوە و بەڵام ناوی ئەویتریان بە قالە نائاساییە؟! لێرەدا چیرۆکێتی دروست دەبێت، کە چەندین پرسیار لە مێشکی خوێنەردا جێدەهێڵێت. هاوکات ئەوش دەخاتەڕوو، چۆن بانگکردن و ناوهێنان بەپێی باری کۆمەڵایەتی و دەوڵەمەندی دەگۆڕێت. ڕاستەو قادر پێشتر ناوی قالەقاژوو بووە، بەڵام بە هۆی ئەوەی بەختی هەبووە و دەوڵەمەند بووە، نەنگییە ناوی بەو شێوەیە بهێندرێت. لە کاتێکدا ئامۆزاکەی چونکە هەژارە و بێبەختە هەر بە کورتکراوەیی ناوی دەهێندرێت. لە ڕێی چیرۆکێتییەوە دەنگی چیرۆکنووس لە زیهنی خوێنەردا دەتەقێتەوە، جۆرێک لە سەرسوڕمانی توش دەکات و لە جەستەی دەق دایدەبڕێت. واتە خوێنەر ئەوەندەی خەریکی بیرکردنەوە دەبێت لە ناوەڕۆک و کارەکتەرەکان. ئاسۆیەکی نوێی بۆ دەکاتەوە و وا دەکات لەگەڵ گرفت و کێشەکانی خۆیدا بژی.

٢. جیاوازی

مەبەست لە جیاوازی هاودژی و پێچەوانەیە، ئەم دوو چەمکەش تەنیا لە ڕووی دەرەوەدا دەردکەوێت. بەڵام دەلالەتێکی جوانیناسی بە دەقەکە دەبەخشن جیهانبینییەکی نوێ لەسەر دەق دەکەنەوە لەناو دەقەکەدا ململانێ دەکەن. ئەم چەمکانە لە ڕووکاردا واتایەکیان هەیە و لە ڕووی ناوەوەشدا واتایەکی تر. پەنابردن بۆ سمبوڵ لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر ، جیاوازیی لە داڕشتنو گوتن و جۆری سمبوڵدا هەیە، بۆ ئەوەی لەدیوە شاراوەکەی ژیانەوە زمان بکەین بەو بکەرە ئەکتیڤەی کە لە نێوان دالو مەدلوولدا بە پەیوەندییەکی ڕۆحییەوە گرێبدەین و هەوڵبدەین ڕەمز بکەین بەو کایەی زیندووەی، کە دەکرێ لە هەر کات و شوێنێکدا زمان بکات بە گەیەنەری سەرەکی بۆ بەستنەوەی شکستییەکان بە ڕەمزییەتەوە. ((د.فەرهاد نازر کرمانی دەڵێت: هێما تەنیا ئاماژە نییە بۆ مانا و سیفاتی دیاریکراو، بەڵکە دەسەلاتێکی بۆ بەخشینی مانای جۆراوجۆر هەروەها پانتاییەکیشە بۆ بەرهەمهێنانی دەسەڵات، بۆ نموونە شەڕ هێمایەکە بۆ وێرانکاری و خوێن و مەرگ، هەروەها هێمایەکیشە بۆ ئازایەتی و جوامێری، بە هەمان شێوە هێمایەکیشە بۆ دەسەڵات. واتە هێما پێکهاتەیەکی کاریگەر وەزبەخشی نائاگایی مرۆڤانە و بە ئاراستەکی نادیاریکراودا دەڕوا و گەردوونێکی شوشەییە و وێنەکان تیایدا پێچەوانە و چەندبارە دەبنەوە.)) [عەبدوڵڵا: ٢١٥: ١١٨] کەواتە چیرۆکنووس بۆ ئەوەی واتای دووەمی وشەکان دروست بکات هەوڵی پەنابردنە بەر ڕەمز دەدات. بەمەش واتایەکی تر جیاواز لە واتا فەرهەنگییەکە بە دال و مەدلوولەکان دەبەخشێت.

(ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) لە چیرۆکی (گورگی ڕەش و گورگی بۆز و گورگی شین)دا بە شێوەی ڕەمز باس لە ئازار و مەینەتییەکانی شاری کەرکووک دەکات. ئاشکرایە گورگ نیشانەی دڕندەیی و داگیرکارییە. ((ئەو جەندرمە ئەرتەش و سەربازە شیر و رەخش و ڕم و پاچە بە دەستانە بە بەرچاوتەوە دێن و دەچن، دەبینی کچە جوان و سەنگینەکانیان پێش خۆیان داون... وا پیرەژنێک دەپاڕێتەوە تاقانەکەی نەکوژن.. هەموو ئەو مەنجەنیق و تانک و فڕۆکانە دێنە بەرچاو، گەر بە ڕوونی و ئاشکراش نەیانبینی ئەوا وەک لە نزیکتەوە بن. گرمە و ناڵە و زرمەیانت دێتە بەر گوێ.)) [ئیسماعیل: ٢٠٠٧: ١٩٥] هێنانەوەی ناوی گورگ ڕەمزە بۆ دڕندەیی دەسەڵاتداران، کە چۆن تاوان بەرامبەر گەلی کورد دەکەن. ئەم دڕندانە چۆن کچ و کوڕی کورد بەرەو مەرگ ئاراستە دەکەن.

(حەسەن سلیڤانی) لە چیرۆکی (ئەڤە کییە؟)دا باس لە ئازاری ناسنامەی تاکی کورد دەکات. ((دەمێ کوستەر گەهشتییە ئاڤاهیێ سخورا، ئەرزنکا خوە ژ سەر سینگێ خوە راکر و بەرێ خوە دا دیوارێن وێ یێن ب نڤیسینێن کوردی خەملاندی و هێدی هێدی بشکورینەکا نەرم خوە ل ناڤ چاڤێن وێ دا و گۆتە زارۆکێ خوە:

- ئەڤێ ئاڤاهی بابێ تە داعویرا داوو...

زارۆکێ وێ گۆت:

- ئەز چ جاران ژ بیر ناکم ئو دا.)) [سلیڤانی: ٢٠٠٦: ١٩٢]

ئەم جیاوازییە لە بەکارهێنانی وشەکان هێز و قووڵی دەداتە دەقەکە، چونکە خوێنەر. بۆ نموونە لە چیرۆکەکەی سەرەوەدا لە ڕێی قسەکردن لەبارەی ناسنامەی تاکەوە. منداڵێکی کورد لەگەڵ دایکی بەدوای خاک و زیدی خۆیدا دەگەڕێت. کەسێکە گێڕەرەوە پێمان دەڵێت: ئەم منداڵە یان لە کیمیایی و خەردەلی هەڵەبجە ڕزگاری بووە، یان لە گۆڕەکانی ئەنفالەوە. دژیەک نهێنی و جەوهەری ژیانە. دەبینین (نەجیبە ئەحمەد) لە چیرۆکی (تەواو یان ناتەواو)دا جۆرێک لە جیاوازی و دژیەکمان نیشان دەدات. هەر ناونیشانەکە دژیەکە و جیاوازی تێدایە. لەوێدا باسی هونەرمەندێک دەکات، کە دەیەوێ دیمەنی گوندێک بە هەموو سروشتییەوە بکێشێت. بەڵام هونەرمەندەکە تابلۆیەکی ناتەواوی هەیە، لە ڕاستیدا لە ئانی گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا تەواوی تابلۆکەمان بۆ باس دەکات، بەلام لەناو چیرۆکەکەدا تابلۆکە ناتەواوە. ((نازانم ئێوە چیتانە... ئیوە دەڵێم ئیوەی بینەری ئەم شانۆگەرییە پڕ لە تورەهاتەی پێی دەڵێن ژیان. ئێوەی کوێر لە ئاست ناتەواوی تابلۆکانم. هەر من ودایکم دەزانین چیان کەمە، چیان دەوێ، ئێوەش بەردەوام بڵێن تەواون تەواو. بی پەروا تەکان

دەدەیت باوەش بکەیت بە دایکتدا، بەلام پەلاماری هەردوو تاکت پەنجەرە و  دەرگاکە دەدەیت هەموویان دەخەیتە سەرپشت.)) [ئەحمەد: ٢٠٠٥: ٦١] خوێنەر کاتێک لە چیرۆکەکە تەواو دەبێت، دەکەوێت بەر دوانەی دژیەکی تەواوبوون و ناتەواوبوون. چونکە تابلۆکە لە گێرانەوەدا تەواوە، بەڵام لەسەر سکێچ ناتەواوە. کەواتە جیاوازی و دژیەکبوون بنیاتی هەموو دەقێکە، چونکە پانتایی چیرۆکە زۆر فراوان نییە، لەم پانتاییە دیاریکراوەدا زمان زۆر چڕ دەبێتەوە، ئەم چڕییە پێویستی بە بارگاویکردنی زمانە بۆ ئەوەی کردار ڕووبدات. دەلالەتەکان لێرە لە هەڵچوونەوە بەرەو کردار دەچن.

٣. کات و شوێن

کات وەکو توخمێکی سەرەکی دەقی چیرۆک، هەمان شێوازی زنجیرەیی چیرۆکی کۆن نییە، کە لە ڕابردووەوە هاتبێت و بەرەو داهاتوو بچێت. چیرۆک لەو ماوەیەدا چیتر خۆی بە شێوەی زنجیرەیی کاتەوە خەریک ناکات، بەڵکو ئازادییەک لە ڕووی تێکشاندنی کات پێڕەو دەکات. بۆ ئەمەش چەند تەکنیکێک پێڕەو دەکەن. لەوانە پێشکەوتنی ڕووداو، یان فلاشباک. بەمەش ئازادییەک بۆ چیرۆکنووس دەستەبەر دەبێت، کە بە ئارەزووی خۆی یاری بە ڕووداوەکان بکات. چیرۆکنووسان پەنا دەبەنە بەر شکاندنی سیاقی کاتی مێژوویی. (د.عارف حیتۆ) لە چیرۆکی (هەڤدیتن)دا لە ڕێی تەکنیکی فلاشباکەوە کاتی چیرۆکەکە تێکدەشکێنێ و ڕەوتی زنجیرەیی چیرۆکەکە بە لاڕیدا دەبات. بۆیە گێڕەرەوەی چیرۆک دەڵێت: ((فلاشباکەکا نە ل بیرێ هەمی بەرەو بیاڤ داگیرکرن، مینا فلمەکێ چەند جارکی ل سینەمایێ دیتی، ل بەر چاڤێن وی دشهی...)) [حیتۆ: ٢٠٠٧: ١٠] لە لایەکەوە جەخت لەسەر بونیادە زەمەنییە ڕابردووەکان دەکات ، لە لایەکی تریشەوە دەقێکی زەمەنی نوێمان بۆ دادەمەزرێنێت کە دەشێ لە ئایندەدا پشتی پێ ببەسترێت. واتە چیرۆکنووس بە مەبەستی دەقێکی داهێنەرانەی سەرکەوتوو، لە یەک کاتدا پشتی بە فورم و زەمەنی ڕابردوو و ئێستا بەستووە وەک ئارکیۆلۆژیایەکی مەعریفی، کە ناتوانرێت پشتی لێ بکەین چونکە لێرەوە دەکرێت ستراتیژیەتیک بۆ مەسەلە بچووک و گەورەکان دابڕژین.  چیرۆکنووس توانی بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای مێژووی خۆی بە ئاماژەیەک دەستنیشانی پیرۆزی ئەو کاتە دەکات. دواتر بە هۆی گوشارێکی دەرەکییەوە، کە گەورەتر بوو لە توانا جەستەیی و بایۆلۆژیەکانی ئەم کاتە، هاتۆتە سەر کاتێکی تری مێژوو، کە توانی مێژووەکەی تر لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە تێکبشکێنێ. زمانیش بێ دەسەڵات بوو لە دەربڕینی ئەو تێکشکاندنە، گەرچی تورەییەکی پێوە

دیاره، بەڵام ئەمیش لە ڕێگەی خوازە و درکەکانەوە گوزارشت لەو دوو کاتە جیاوازە دەکات کە دواتر خۆیان لە یەک قاڵبدا بینیوەتەوە.
لە لایەکی تروە تەکنیکی پێشکەوتنی ڕووداومان هەیە. واتە کاتی گێڕانەوە پیش کاتی چیرۆک دەکەوێت. ڕووداوێک باس دەکرێت هێشتا ڕووینەداوە. (جەلال ئەنوەر سەعید) لە کتێبی (تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلیدا)، بە شێوەیەکی گشتی جۆرەکانی پێشکەوتنی ڕووداوی دەستنیشان کردووە و دەنووسێت: ((پێشکەوتنی ڕووداو لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەدا بە چەند شێوەیەک بە کار هاتووە، پێشکەوتنی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوو دەدەن، پێشکەوتنی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوو نادەن.)) [سەعید: ٢٠٠٩: ٥٣] ئێمە پێمان وایە ناکرێ ڕوودان و ڕوونەدانی ڕووداوەکان، یان بە مانایەکی تر هاتنەدی و نەهاتنەدیی پێشبینییەکان بکەین بە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی جۆرەکانی پێشکەوتنی ڕووداو، بەڵکو دەکرێ جۆری مامەڵەی نووسەر لە بەکارهێنانی تەکنیکەکەدا لە بەرچاو بگرین، بەوەی دەبێت بزانین نووسەر چۆن جەختی لەسەر ئەو پێشبینییانە کردووەتەوە و چ مەودایەکی پێ بەخشیون، دواجار چ مەبەستێکی ئیستاتیکیی لە هاتنەدی و نەهاتنەدییاندا هەیە. دەشێ ڕووداوێک پێشبینیی بۆ کرابێت و نەیەتە دی، بەڵام بەشێکی گرنگی لە تێکستەکە داگیر کردبێت و کۆمەڵێک پرسیاری گەورە و کاریگەری لای خوێنەر ورووژاندبێت. نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت کە لەو ڕۆمانانەی بە شێوازی تەقلیدی مامەڵە لەگەڵ کاتدا ناکەن، ئەوا ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو جیاکردنەوەیان دەبێتە ئەستەم .تەکنیکی پێشکەوتنی ڕووداویش بەرهەمی ئەو شێوازی گێڕانەوەیەیە، بۆیە تایبەتە بەو ڕۆمانانەی کار لەسەر تێکشکاندنی کاتی فیزیکی دەکەن.
(ئارام کاکەی فەلاح) لە چیرۆکی (پادشا)دا تەکنیکی پیشکەوتنی ڕووداو بەکاردەهێنێت. لەم چیرۆکەدا کارەکتەر دەیەوێت ماڵەکەی بگوازێتەوە. ((کەس وەک من بە ماڵ گوێزانەوە پەست نابێت... کەس وەک من قەڵس و مات و ڕەنگ زەرد نابێت. هەفتەیەکی تر بڕیار وایە ماڵ بگوازمەوە... ئای لەو قیامەتە، هەر لە ئێستەوە خوێنم وشک بوو...)) [کاکەی فەلاح: ٢٠١٢: ٩١] ئەم پیشکەوتنە لە جۆری پێشکەوتنی ڕووداوی دەرەکییە، چونکە باسی ڕووداویک دەکات، کە ماڵگواستنەوەیە، بەڵام هێشتا ڕووینەداوە. گواستنەوەی ماڵ دەکەوێتە دەرەوەی چیرۆکەکە. بەم تەکنیکەیش تامەزرۆیی لە لای خوێنەر دروست دەبێت بۆ ئەم ڕووداوە ڕووینەدا؟ بەردەوام بەرەو کۆتایی چیرۆکەکە دەچێت بۆ ئەوەی بزانێت ڕوودەدات، یان نا! هاوکات هەمان چیرۆکنووس لە چیرۆکی (دیوەخانی ئەستێرەکان)دا تەکنیکی پێشکەوتنی ڕووداو لە جۆری پیشکەوتنی ڕووداوی

دەرەکی بەکار دەهێنێت. کاتێک کارەکتەر دەیەوێ خۆشەویستەکەی ببینێت و ژوانی لەگەڵ ببەستێت. ((ئیمڕۆ دەیبینم.. هەر دەیبینم. هەستێکی سەیر بەو ژوانە دەکەم. دڵم خەبەری داوە و زۆر جاریش کە دڵم خەبەر دەدات دێتە دی.)) [کاکەی فەلاح: ٢٠١٢: ٦٥] دیسان لەم چیرۆکەش تاکوو کۆتایی چیرۆکە ئەم ژوانە ڕوونادات، لە کاتی گێڕانەوەدا چەندین ڕووداوی تر باس دەکات. بەمەش ئەم پێشکەوتنە دەکاتە بەهانەیەک بۆ ئەوەی زۆر لایەنی ژیانی خۆی باس بکات، بەڵام ئەم ڕووداوی بەستنی ژوانە ڕوونادات.

(جەلیل کاکەوەیس) لە چیرۆکی (تاراوگەی کەنەفتان) کارەکتەرێکمان هەیە بەناوی (جەزا هارون) لە نەخۆشخانەیە، ئامارگری نەخۆشخانە دێت بۆ ئەوەی لە نەخۆشخانەی پەڕاوی دەرچوونی بۆ بکات. لەم ساتەوە کارکەتەر بۆ زۆر ڕووداوی ژیانی دەگەڕێتەوە. ئیتر ئەم دەرکردنە ڕوونادات تا کۆتایی چیرۆکەکە. ((ئەوە سێ مانگە تۆ لەیرەیت، ئەو دەمەی تۆیان هێنایە ئەیرە تەنیا پارچە روژوویەک بوویت، ئەوا ئیستا کەوتوویتە سەرپێ. توخنی ڕەگەزی مێینە نەکەفیت، چونکی ماکی ئەو ژەهرەی تۆی وەکوێ زەخاڵ کرد لە لەشتا ماگە و پشتاوپشت کاری خۆی دەکات.)) [کاکەوەیس: ٢٠٠٣: ٨١] لەم ڕووداوەدا کارەکتەر بەر کیمیایی دەکەوێت و دەکەوێتە نەخۆشخانە، سێ مانگ دەمێنێتەوە. دوای چارەسەر دەیانەوێت لە نەخۆشخانە دەری بکەن. جۆرێکی تری پیشکەوتنی ڕووداو لێرەدا دەبینین ئەویش پێشکەوتنی ڕووداوی ناوەکییە، کە لەوێدا ڕووداوێک پیش ئەوەی رووبدات باس دەکرێت و تا کۆتایی چیرۆکەکە ڕوونادات، بەڵام مەرجە ڕووداوەکە رووبدات، بەلام باسکردنی ڕووداوەکە پیش ڕوودانەکە دەکەوێت. لە چیرۆکی (شەڕ)ی (ڕەووف بێگەرد)دا باس لە کەسێکە لە شاخ و چەکدارە و لەناو شەڕدایە. پیشبینی کوژرانی خۆی دەکات و باسی کوشتنی خۆی بۆ کچەکەی دەکات. ((ئای کلارا گیان ئەمشەو بی ئەوەی پێبزانیت بێباوک ئەبیت. هەتیو دەکەویت، دەبیتە ئەو منالانەی چاوی بەزەیی پیاهاتنەوەت بۆ زەق دەکرێتەوە، تۆش جارجارە ماتی داتدەگرێت و بێدەنگ دەبیت و پرسیارێک دەتورووژێنێت، بە دایکت دەڵێیت: بۆ منالانی هاوڕێم باوکیان هەیە و من نیمە.)) [بێگەرد: ٢٠٠٤: ٩٠] ئەم کوشتنە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا ڕوودەدات، بەڵام پێش کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە باس کراوە، بەمەش هانی خوێنەر دەدات بە دوای ڕووداوەکەدا بڕوات، ئاخۆ ڕوودەدات، یان نا.

ئاشکرایە چیرۆک وەکوو هونەرێکی نوێی گێڕانەوە کاریگەری زۆر هەبووە، بەتایبەت لە ئاستی ڕۆشنبیری. چیرۆکنووسانمان لە دوای ساڵی (١٩٩٢)ەوە لایەنی فۆرم و تەکنیک و نووسینی چیرۆکیان نوێکردەوە. هاوکات چیرۆک زیاتر باوی دەبێت، دەبێتە هونەرێک بۆ ئەوەی گوزارشت

لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری ئەو کاتە بکات. ئاسۆی کرانەوەی بیری کوردی بەرەو پێشەوە هەنگاوی نا. بۆ نموونە چیرۆکی (ملوانکەی ستیل) لە نووسینی (حەمەفەریق حەسەن)[ حەسەن :٢٠٠٣ ] دەرخەری بارودۆخی کۆمەڵایەتی کوردە، باس لە کەسێک دەکات، لە پێناو فەردەیەک ئارد، ئامادەیە بەناو دەیان کێڵگەی میندا لە شاخەکانی کوردستان هەوڵی دۆزینەوەی تەرمی سەربازانی شەڕی عێراق- ئێران بدات. دەبینین چیرۆک بۆتە ئەو فۆرمەی گوزارشتی لە دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگەی کوردی کردووە. ئەم گوزارشتە بۆ دۆخی ڕۆشنبیریی و سیاسیش هەر دروستە.

## ٤. وەرگێڕان و گوتاری ڕۆشنبیریی

وەرگێڕان (Translation) لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینیە کە بە مانای "گواستنەوە" دێت. ئیتر ئەم چەمکە گەشەی سەندووە تا لە چەندین بواری جیا جیادا بەکارهاتووە و ئەرکی جۆراوجۆری پێ سپێردراوە. وەرگێڕان زانستە، هونەرە، فەلسەفەیە و لە هەریەک لەم بوارانەدا چەندین لقی لێ دەبێتەوە .یەکێکە لەو بوارە فراوانانەی کە مرۆڤایەتی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوە و بووە بە بازرگانییەکی گەورە و هەمەلایەنە کە ساڵانە پارەیەکی زۆری تێدا خەرج دەکرێت و داهاتێکی بێ شوماری هەیە. لە هەمان کاتدا بووە بە پێویستیەکی مرۆڤ کە ڕێگاکانی بەیەکگەیشتن و ئاڵوگۆڕی لە نێوان نەتەوەو کەلتوورە جیاوازەکانی ئاسان کردووە و جیهانی کردووە بە خێزانێکی گەورەی بێ ئاریشە لە ڕووی لەیەکتری گەیشتن.

وەرگێڕان وەکوو کردەیەکی داهێنانی و مرۆڤی، تەنیا گواستنەوەی دەقێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر نییە، بەڵکوو گواستنەوەی شارستانیەتێکە بۆ شارستانیەتێکی تر. واتە گواستنەوەی کەلتوور و شارستانیەت و فیکرە. ئاشکرایە ناتوانین ڕۆڵی وەرگێڕان لە پێشخستنی شیعر و پەخشان و زمانی کوردی لەبەرچاو نەگرین. بەتایبەت لەم سەردەمەی ئێستادا، کە شەپۆلێکی فراوانی جیهانگیری و تەکنەلۆژی لە گۆڕێدایە. ئەمەش وای کردووە بەردەوام شتی نوی و تازە بنووسرێت. هیچ میللەتێکیش ناتوانێ لەگەڵ ئەم شەپۆلەدا نەڕوات، چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانەوە هەیە. بۆیە بەردەوام پێویستیمان بە وەرگێڕان هەیە. کەواتە ((وەرگێڕان کردارێکی ڕۆشنبیریی پێشکەوتووە، گوزارشت لە بەدەستهێنانێکی کۆمەڵایەتی چالاکی ئەنجامدراو و بنیاتنراو دەکات. هەوڵ بۆ فراوانکردنی بازنەی گفتوگۆ و هەماهەنگی ڕۆشنبیریی لەناو ژینگەکەی خۆیدا دەکات، بە مەبەستی چنینەوەی مەعریفەییە مرۆڤایەتییەکان.)) [حەمەد: ٢٠١٩: ٩٠] ئەوی ئێمە دەمانەوێ کاری لەبارەوە بکەین، زیاتر وەگێڕانی ئەدەبییە. ئایا وەرگێڕان لەم ماوەیەی کاری لەبارەوە دەکەین، چ ڕۆڵێکی هەبووە؟ گوتاری وەرگێڕانی ئەدەبی لەو ماوەیەدا چی بووە؟

بۆ توێژینەوە لە وەرگێڕان لە دوای ڕاپەڕین و لێکەوتەکانی لە زمانی مەبەستدا و ئەوەی کە وەرگێڕان چ ئەنجامێکی هەبووە و بووەتە هۆکاری چ گۆڕانکارییەکی هزری وکۆمەڵایەتی و فەرهەنگی.یەک لە لایەنە هەرە گرنگەکانی وەرگێڕان ئەو کارتێکەرییە بەرچاوەیە کە لەسەر فەرهەنگی زمانی مەبەست دایدەنێت. مرۆڤ بە زمان دەورە دراوە و دواتر لە دەرەوەی زماندا ئەستەمە بتوانێت بۆچونەکانی بیری خۆی دەرببڕێت. ئەوەی ئێمە سەرنجمان داوە، بواری وەرگێڕان لە دوای ڕاپەڕینەوە وەکوو شەپۆلێک دێت. واتە وەرگێڕان دەبێتە لایەنێکی سەرەکی لە

پێشەوەچوونی بواری ڕۆشنبیریی و کولتووری. دەیان دەزگا و ناوەند دروست دەبن. ئەو دەزگا و ناوەندانە جیا لەوەی خەریکی چاپکردنی کتێب بوون، خەریکی کاری وەرگێڕانیش بوون. بۆ نموونە لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتییەک بە ناوی خانەی وەرگێڕان دروست دەبێت. ئەم بەڕێوەبەرایەتییە سەدان کتێب بۆ زمانی کوردی وەردەگێڕێت. ئەم دەزگایە توانی بەشێکی زۆر لە ڕۆشنبیر و خوێنەری کورد لە خۆیدا جێ بکاتەوە، لەماوەی ئەم ساڵانەدا توانیویانە باشترین و جوانترین دەقی ڕۆمان، لێکۆڵینەوە، مێژوو، کۆمەڵناسی، فەلسەفی، چیرۆک و گەلێک لە دەقە ناودارەکانی دنیا بە خوێنەری کورد بناسێنن. بەڵام ئەوەی کێشەیە، لەو ماوەیەدا شەپۆلێکی زۆری وەرگێران لە زمانی فارسییەوە دەست پێدەکات. ئەم شەپۆلە بەبێ ئەوەی سانسۆر بکرێت ڕوو لە ئەدەبی کوردی دەکات. کاتێک باسی سانسۆر دەکەین، مەبەستمان لە سانسۆری سیاسی نییە، بەڵکوو سانسۆری کوالیتی و جۆری نووسین و زمان و هەڵەی زمانەوانی و ڕێنووسییە. ئەم بی سانسۆرییە دەرگایەکی بۆ زۆرێک لە وەرگێر و وەرگێرانی خراپ کردەوە. کەواتە مافی خۆمانە بپرسین: ((ئایا ئێمە وەک کورد هیچ پلانێکمان هەیە بۆ وەرگێڕانی بەشیک لە میراتی فەرهەنگیی خۆمان بۆسەر زمانەکانی تر بۆ ئەوەی بە ئەوانی تر بڵێین کێین و چیمان لە باردا هەیە؟ چۆن و کێ لە دونیای تەواو ماددی ئەم سەردەمەدا کە هەموو شتێک بە پێوەری قازانج و بەرژەوەندیی ماددی هەڵدەسەنگێندرێت ئاوڕ لە ئەدەب و زمانی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت دەداتەوە و گرنگی بە هەبوون و فەرهەنگەکەی دەدات؟)) [ئەحمەدزادە: ٢٠١٩: سایتی هاوچەرخ] ئەم بێ پلانییە وایکرد بزووتنەوەیەکی وەرگێڕان دروست نەبێت. بۆ نموونە وەک ئەوەی لە سەردەمی عەباسییەکان دروست بوو. (مەئموونی کوڕی هاڕوونە ئەلڕەشید) ناوەندێک بە ناوی (بیت الحکمە) تایبەت بە وەرگێران دەکاتەوە. ئەم بزووتنەوە وەرگێڕانە وەکوو دیاردەیەکی فەرهەنگی دەرکەوت و کاریگەری گەورەی لەسەر بیر و ئەندێشەی عەرەبی و ئیسلامی دانا کە بووە بنکەیەکی بەهێزی وەرگێڕان بە سەردەمی زێڕین (عصر الذهبی) ناسرا. تەنانەت خەسلەتێکی ئەفسانەیی و فەنتازی وەردەگرێت، گوایە ئەرەستۆ هاتۆتە خەونی خەلیفە مەئموون و پێی دەڵێت: لە نێوان باوەڕەکانی خۆی و ئایینی ئیسلام هیچ ناکۆکی و دژیەکێک نییە. [مظهر: ٢٠١٧: ٤٨] ئەمە دەبێتە هۆکارێک بە لێشاو بەرهەمەکانی یۆنانی وەرگێڕن. بۆیە بەغداد دەبێتە ناوەندێکی مەعریفی گەورە، زانایان لە کۆی وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی ژیاری ئیسلامیدا رووی تێدەکەن. ئەم شەپۆلە وەرگێڕانەی لە ناوەراستی نەوەدەکان و سەرەتای سەدەی بیستویەک ئەدبیاتی کوردی گرتەوە، چەند خاسیەتێکی هەبوو:

١. ئەم شەپۆلە وەرگێڕانە بە شێوەیەکی زانستی و بە مێتۆد نەکرا. واتە ناوەندێک، دەزگایەکی گەورەی کولتووری لە پشتەوە نەبوو.

٢. زۆرێک لە وەرگێڕەکان تەنیا بۆ ناو دەرکردن و سەلماندنی خۆیان دەستیان بە وەرگێڕان کرد. واتە بووە شتێکی چاولێکەری.

٣. کتێبی ئاست نزم و خراپ بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدران، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نزمی ئاستی وەرگێڕەکان لە رووی هونەری وەرگێڕانەوە.

٤. نەبوونی پسپۆڕی لە وەرگێڕاندا، ئەمە کاریگەری خراپی لەسەر کوالێتی وەرگێراندا هەبوو. لەناو ئەدەبیاتی فارسی، عەرەبی و زۆربەی نەتەوەکاندا وەرگێڕ پسپۆڕی هەیە. بۆ نموونە وەرگێڕی بە توانای فارس (ئەحمەد گوڵشیری) زۆربەی بەرهەمەکانی (گابریل گارسیا مارکیز) وەردەگێڕێت. واتە پسپۆڕی لە چۆنیەتی گێڕانەوەی (مارکیز) دەبێت. لە عەرەبیدا (صالح عەلمانی) هەمان شێوە کۆی کتێبەکانی (مارکیز) بۆ زمانی عەرەبی وەردەگێڕێت. بەڵام ئەمە لە کوردیدا بەرچاو ناکەوێت.

٥. هەڵپەیەکی زۆر هەبووە بۆ ئەوەی کتێبخانەی کوردی دەولەمەند بکرێت و ئیش زۆر بکرێت. ئەمەش بێگومان لەسەر کوالێتی لە وەرگێڕاندا هەژمار دەکرێ.

٦. نەبوونی ڕەخنەی وەرگێڕان وایکرد دۆخێک بێتە کایەوە، هەموو کەسێک بوێری ئەوەی هەبێت کاری وەرگێڕان بکات.

لەگەڵ هەموو ئەمانەش ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستان بەتایبەت بەشەکانی وەرگێڕان کاریگەریەکی ئەوتۆیان نەبووە لەسەر بەرەوپێشبردنی گوتاری وەرگێڕان. بە بەڵگەی ئەوەی زۆربەی ئەوانەی کاری وەرگێڕان دەکەن پێشتر دەرچووی ئەم بەشانە نین. ئێستاش ناوی وەرگێڕێکمان نییە دەرچووی ئەم بەشانە بێت. ئەمەش وەکوو گوتارێک خۆی دەرخستووە، چونکە ئەوانەی بەکالۆریۆس لە وەرگێڕان بەدەست دەهێنن، تەنیا زانستی وەرگێڕان لە ڕووی تیۆرییەوە دەخوێنن، ڕەنگە کەمیان هەبێت زمانی دووەم و سێیەم بزانێت بۆ ئەوەی لە ڕووی پراکتیکییەوە ئەمە جێبەجی بکات. بۆیە تاکوو ئێستا ئێمە گوتارێکی تایبەتمان لەبارەی وەرگێڕانەوە بۆ دەرەوە نییە. واتە نەمانتوانیوە وەرگێڕان بکەینە هۆکارێک بۆ ئەوەی کولتوور و ئەدەبیاتی کوردی بە دنیا بناسێنین. وەرگێڕان بۆ زمانەکانی تر شارەزایی لە پێکهاتە و مێژوو و کولتوور و چەندین لایەنی تری ئەو زمانانە پێویستە، کە کەم وەرگێڕی خۆماڵیمان هەیە ئەم سیفاتانەیان هەبێت. هۆکاری تر دەکرێت جۆری کتێبە کوردییەکان بێت لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆک و شێوازی نووسین کەموکورتی زۆریان تێدا بێت، کە پرۆسەی وەرگێڕان زەحمەت دەکەن و زۆر جار ئەستەمیش

دەبێت. بەڵام لەگەڵ ئەمانەش چەند نموونەی وەرگێڕانی باشمان هەیە بۆ زمانەکانی تر، بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی. لەوانە وەرگێڕانەکەی (دەربەندی پەپوولە)ی شاعیری کۆچکردوو (شێرکۆ بێکەس)، کە لەلایەن (چۆمان هەردی)یەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و خەڵاتی قەڵەمی وەرگێڕانی ئینگلیزی پێ بەخشرا و لەم دواییانەش لە لیستی دە باشترین کتێب بۆ عەقڵی سەربەخۆ هەژمارکرا لە بەریتانیا. وەرگێڕانی دەقەکان یەک لە رێگەکانی دروستکردنی دانوستانی کولتووریی لە نێوان نەتەوەکاندایە. لە راستیدا وەرگێڕان، گواستنەوەی ئەزموونە زانستی و ئەدەبییەکانە لە کولتوورێکەوە بۆ کولتوورێکی تر. تەنانەت دەکرێ وەک ((ئەدیس گراسمان Edith Grossman وەرگێڕی بەرهەمە ئەدەبییەکان لە زمانی ئسپانیاییەوە بۆ ئینگلیزی، بیر بکەینەوە و بڵێین؛ وەرگێڕان بابەتێکە ناتوانین لێی هەڵبێین و هیچ مرۆڤ و کولتوورێک ناتوانێ خۆی بە موحتاجی ئەزموونە زانستی و ئەدەبییەکان، کە بە سەدان و هەزاران زمانی زیندووی جیهان دەنووسرێن و پێشکەش دەکرێن، نەزانێ.)) [غەفوری: ٢٠١٩: سایتی زەمەن] یەک لە دەورە سەرەکییەکانی وەرگێڕان، دروستکردنی رەوت و تەوژمی گۆڕانکارییە و بە گشتی قۆناغەکانی ژیانەوە و خولقێنەری و هەنگاوە ژیارییەکانی، بەرهەمی قۆناغەکانی وەرگێڕانی لە کولتوورە جیاوازەکانە. بۆ نموونە وەرگێڕان لە یۆنانی کۆنەوە بۆ رۆمی و لاتینی و بە پێچەوانەشەوە. هەروەها دەستپێکردن و بەردەوامیی رینێسانس و گۆڕانکارییەکانی دواتری بەهۆی وەرگێڕانی دەقە یۆنانی و لاتینی و عیبری و عەرەبییەکانەوە بووە.

یەکێکی تر لە گرفتەکانی وەرگێڕان لەم چەند ساڵەی دواییدا ئیشکردن، یان وەرگێڕانی ڕەمەکییە لە زمانێکەوە. واتە وەرگێڕ بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ دەقە بنەڕەتییەکە، دەقەکە وەردەگێڕێت. ڕەنگە لە دەقەکە بنەڕەتییەکەدا کۆمەڵێ وشە و ڕستە هەبن سانسۆر کرابن. بۆیە پێویستە وەرگێڕ هەمیشە دەقەکە بنەڕەتییەکەی هەبێت. ئەگەر ئەوەش نەبوو دەتوانێت لە ڕێی ئەو وەرگێڕانانەی هەمان دەق بۆ زمانەکانی تر بەراورد بکات بۆ ئەوەی بتوانێت وەرگێڕانێکی هونەری و بێ کەموکوڕی بکات. بۆیە ((دەبێت وەرگێڕەکان لە پشتی دەقەوە خۆیان بشارنەوە و ئەگەر وا بکەن، هێشتا تەواو ڕوونە کە دەقەکە بەناوی ئەوانەوە دەدوێت.)) [ئۆکتاڤیۆ پاز: ٢٠١٨: ٤٦]

## ٥. گوتاری نووسینی ژیاننامەی خودی

ژیاننامەی خودی (ئۆتۆبیۆگرافیا) یەکێکە لە هونەرەکانی گێڕانەوە، واتە بونیادی ئەم هونەرە لەسەر گێڕانەوە بەندە. نووسەر دێت ژیانی خۆی بە شێوەی ئۆتۆبیۆگرافیا دەنووسێتەوە. یەکێکە لەو هونەرانەی زۆر بڵاوە، هەوڵێکی باشە بۆ گوزارشتکردن لە سەردەم. چۆن ڕۆمان هونەرێکی نوێیە، هەمان شێوە ئۆتۆبیۆگرافیاش هونەرێکی نوێیە. واتە سەرهەڵدانی وەکوو فۆرمێکی ئەدەبی بۆ سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە. وەکوو زاراوە لە ئینگلیزدا پێی دەگوترێت (ئۆتۆبیۆگرافی autobiography). ((لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی یۆنانییە، لە خود (Auto) و ژیان (bio) و نووسین (graphie) پێکهاتووە.)) [ادلبی: ٢٠٠٨: ٢٥] زاراوەکە هەوڵێکە بۆ نووسینەوەی ژیانی خود. لە زمانی عەرەبی (مذكرات) و لە زمانی فارسیدا (زیندگینامە) و (ئۆتۆبیۆگرافیا)یشی پێ دەڵێن.

لەم زاراوەیەوە دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێت ئەم ژانرە لەگەڵ ژانری بیۆگرافیا تێکەڵ نەکرێت. هەرچەندە سنووری نێوان ژانرەکان بەرەو کاڵبوونەوە دەڕوات، بەتایبەت سنووری نێوان ئۆتۆبیۆگرافیا و بیۆگرافیا. هەردووکیان پشت بە گێڕانەوەی ژیان دەبەستن. کەواتە بیۆگرافیا هەوڵێکە بۆ نووسینەوەی ژیانی کەسانی تر. واتە کەسێک دێت ژیاننامەی نووسەرێک، سیاسەتمەدارێک، یان کەسێکی ناودار دەنووسێتەوە. بێگومان بۆ ئەمەش پشت بە کەسانی نزیکی کەسە ناودارەکە دەبەستێت. یان لە ڕێگەی دەستکەوتنی دەفتەری یادەوەری و بەڵگەنامە و نامە. ((بیۆگرافیا بریتییە لە نووسینەوەی ژیانی کەسایەتی و پیاوە گەورەکان، بە زۆری کەسانێک دەیاننووسییەوە کە خزمی پلە یەک و پلە دووی ئەو کەسایەتییانە بوون.)) [ئەسوەد: ٢٠١١، ٢٦٩] بۆ نموونە (ئانا گریگۆریڤنا)ی هاوسەری (دۆستۆیڤسکی) بیۆگرافیای ئەم ڕۆماننووسە ناودارەی نووسیوەتەوە، زانیاریی گرنگ و بە سوودی تێدایە لەبارەی ژیانی ئەم ڕۆماننووسە.

وەکوو پێشتر ئاماژەماندا ئەم ژانرە بۆ سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە. دوو واتای هاوتەریبی دەبێت. ((واتای یەکەم فەرهەنگی (لارووس Larousse) لە ساڵی ١٨٦٦دا وەک ژیانی نووسراوی تاک لە لایەن خۆیەوە لێکی دەداتەوە. هەرچی واتای دووەمە وەها لە ئۆتۆبیۆگرافیا دەڕوانێت، کە هەموو دەقێک نووسەرەکەی گوزارشت لە ژیان و هەستەکانی خۆی بکات دەگرێتەوە، ئەمەیش بۆچوونی (گاییرۆ P.Guireau) لە(فەرهەنگی گەردوونی بۆ ئەدەب) لە ساڵی ١٨٧٦دا.)) [لوجون: ١٩٩٤: ١٠] کەواتە ئەم دوو ژانرە جیاوازییەکی ڕێژەیی، بەڵام سەرەکیی لە نێوانیاندا هەیە. یەکەمیان، کە بیۆگرافیایە فراوانترە لەوەی دووەمیان، چونکە کەسانی تر ژیاننامەی خەڵکی تر دەنووسنەوە، هەرچی دووەمە، کەسەکە خۆی ژیاننامەی خۆی دەنووسێتەوە.

(فلیپ  لۆجۆن philippe Lejeune) بە داهێنەری ئەم زاراوەیە دادەنرێت. ئۆتۆبیۆگرافینووس دێت ژیانی خۆی بە وردی دەنووسێتەوە. مەرج نییە هەموو ڕووداوەکانی ژیانی باس بکات، چونکە ڕەنگە هەموو شتێکی بیرنەکەوێتەوە، بەڵام دیارترین ڕووداوەکان، کە لە ڕووی سایکۆلۆجی و سۆسیۆلۆجییەوە کاریگەریان لەسەری هەبووە دەنووسێتەوە. هاوکات بۆچوونی خۆیشی لەبارەیانەوە دەردەبڕێت. بێگومان ئۆتۆبیۆگرافینووس تەنیا باسی ڕووداوەکانی ژیانی خۆی ناکات، بەڵکو ئەو ڕووداوانەی پێوەستن بە خودی ئەو، جا چ ڕووداوی سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی...تاد بن باس دەکات. هەمان نووسەر (لۆجۆن) لە توێژینەوەکەیدا گرنگی بە پەیماننامە و بڵاوکردنەوە دەدات، بە ئامانجی دیاریکردنی چوار توخمی جیاواز، ئەوانیش:

١. فۆرمی زمان، گێڕانەوەکە پەخشانییە، یان نا؟

٢. بابەت: ژیانی خود و مێژووی کەسێکی دیاریکراوە.

٣. دانەر: ناوی نووسەرەکە و گێڕەرەوە هاوتا بن.

٤. بارودۆخی گێڕەرەوە کاتێک دەست بە گێڕانەوە دەکات. [لوجون: ١٩٩٤: ٢٢_-٢٣]

ئەم تیۆرزانە ئەم چوار توخمە بۆ نووسینی ئۆتۆبیۆگرافیا دەسنیشان دەکات. ئەم چوار توخمە لایەنی فۆرم و ناوەڕۆکی ژانرەکە دەگرێتەوە. لە توخمی یەکەم پیداگری لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەبێت زمانی دەقەکە پشت بە گێڕانەوە ببەستێت. کەواتە مەرجی یەکەم ئەوەیە زمانی دەقەکە دەبێت پەخشانی بێت، ئەمەش واتای ئەوە نییە، زمانەکەی دوور بێت لە فەزای شیعرییەت، دەکرێ ئەو زمانە گێڕانەوەییە سوود لە شیعرییەت وەکوو لایەنی بەهێزکردنی زمان وەرگرێت. دواتر بابەتی دەقەکە دەبێت ژیانی کەسێکی دیاریکراو بێت. واتە ئەو کەسە ژیانی خۆی و ئەو سەردەمەی تێیدا ژیاوە باس بکات. واتە نووسەر لە منداڵییەوە بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆجی ژیانی خۆی باس بکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەوە باسی سەردەمی ژیانی خۆی بکات. خاڵی سێیەم ئەوەیە گێڕەرەوە لەگەڵ نووسەر هاوتا بن. واتە خوێنەر لە پەرەگراف یەکەمەوە هەست بەوە بکات ئەوەی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە جێناوی قسەکەرە و خودی نووسەرەکەیە. هاوکات کاتێک خوێنەر لە ناوەوەی دەقەکە بەر کارەکتەر دەکەوێت هیچ گومانی نەمێنی ئەوەی جووڵە دەکات و لەناو ڕووداوەکاندا دەژی هەمان ئەو کەسەیە، کە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە و ناوی لەسەر بەرگی کتێبەکەدا هەیە.

هەرچی (ئیلیزابێث برووس)ە، یاساکانی نووسینی ئۆتۆبیۆگرافیا بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری دەکات:

١. ئۆتۆبیۆگرافیانووس سەرچاوەی بابەتی نووسینەکەیە، هاوکات سەرچاوەی ئەو بونیادەیە، کە پێشکەشی دەکات.
٢. نووسەر بەرپرسیاریەتی داهێنان و ڕێکخستنی دەقەکەی لە ئەستۆیە.
٣. دەبێ ئەو تاکەی ئاماژەی بۆ دەکرێ لەگەڵ ئەو تاکەی لەناو دەقەکەیە هاوتا بن.
٤. ئەزموون و ڕووداوەکان لەناو ئۆتۆبیۆگرافیادا ڕاستی بن.
٥. دەبی ئۆتۆبیۆگرافیانووس باوەڕی تەواوی بەوەی دەینووسێت هەبێ. [برووس: ٢٠٠٣: ٢٣]
دەبینین ئەم مەرجانەی نووسینی ئۆتۆبیۆگرافیا لە لای (برووس) هەمان ئەو مەرجانەن، کە (فلیپ لۆجۆن) دەستنیشانیان دەکات. لە لای (برووس) بە هەمان شێوە نووسەر دەبێت ژیانی خۆی بکاتە سەنتەری باس و نووسینی دەقەکە. واتە باسی ژیانی خۆی بکات و ژیانی ببێتە تێمەی دەقەکە. دواتر ئەوە نووسەرە دەبێ بەرپرسیارییەتی بەرامبەر ئەو ڕووداوانەی دەیگێڕێتەوە هەبێت. واتە ناکرێت دەستکاری ڕووداوەکان بکات، یان بە لای خۆیدا ببات و سەرکەوتن و ڕووداوە باشەکان بگێڕێتەوە و شکست و ڕووداوە خراپەکان باس نەکات. خاڵی سێیەم ئەو کەسەی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە هەمان ئەو کەسە بێت و هەمان ئەو کەسە بێت کە ڕووداوەکان دەجوڵێنێت. خاڵی کۆتایی نووسەر دەبی قەناعەتی تەواوی بەوەی دەینووسێت هەبێت. واتە بە باوەڕەوە ڕووداوەکان بگێڕێتەوە و ڕاستگۆیی و دەسپاکی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا پێڕەو بکات.
لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین دانپێدانانەکانی قەشە (ئۆگەستین ٣٥٤–_٤٣٠) بە کۆنترین ئۆتۆبیۆگرافیایێک دابنێین، کە مابێتەوە. ئەم قەشەیە لە دانپێدانانەکانیدا باسی ژیانی ڕابردووی خۆی دەکات، هاوکات باسی چۆنیەتی ناسینی خودا و گەیشتن بە ئیخلاس دەکات. بۆ نموونە لەبارەی خوداناسییەوە دەڵێت: ((خودای خۆمم، کە هەر هەمان ڕاستییە لە کاتی ئاشکراکردنی حەقیقەتدا دۆزییەوە و لەو کاتەشەوە کە بە ڕاستی گەیشتووم، یادکردنەوەیم پشتگوێ نەخستووە.)) [سیوەیلی: ٢٠١٢: ٧٣] لەم پەرەگرافەوە دەبینین ئەم نووسەرە لە دانپێدانانەکانیدا بە جێناوی کەسی یەکەم (قسەکەر) دەپەیڤێت. بەمەش یەکێک لە بنەڕەت و مەرجەکانی ئۆتۆبیۆگرافیانووسینی جێبەجی کردووە. خوێنەر هیچ گومانێک ناکات، کە ئەوەی خودی (ئۆگەستین)ە. لە کۆی دانپێدانانەکانیدا ئەم قەشەیە ئەزموونی ژیانی خۆی لە ڕابردوودا، کە چەند پیاوێکی چێژپەرست و دنیاویست بووە، هاوکات دواتر چۆن بووەتە قەشە و ڕێی خوداناسی گرتووە.
ئەگەر دانپێدانانەکانی (ئۆگەستین) کۆنترین ئۆتۆبیۆگرافیایێک بێت مابێتەوە، ئەوا لە سەدەی حەڤدەدا دەقگەلێک لە شێوەی ڕۆژانەنووسی (الیومیات) بڵاودەکرێنەوە. هەندێک ئاماژە بە نووسینەکانی

(ولیەم دوگداڵ) لە ئەدەبی ئینگلیزی دەکەن. ئەم ڕۆژانەنووسییە لەو سەردەم دەبێتە هونەرێکی باو، چونکە ئارەزووی زانین لەبارەی ژیان و ئەزموونی کەسانی تر برەو دەستێنێت. هەر لەو ماوەیەدا شێوەیەکی تر لە ئۆتۆبیۆگرافیانووسین پەیدا دەبێت، لە عەرەبی پێی دەگوترێت (المذکرات)، کە هەمان ئۆتۆبیۆگرافیای کوردی دەکات. هەرچەندە ئەو ئۆتۆبیۆگرافیانەی ئەو کات زیاتر باسی ژیانی گشتیان دەکرد، هێندەی باسی ژیانی تایبەتی.

لە سەدەی هەژدەدا کۆمەڵێ ئۆتۆبیۆگرافیا و ژیاننامە و بیرەوەری چاپ دەکرێن. هەموو ئەمانە ڕۆڵیان لە گەشەکردنی ئۆتۆبیۆگرافیادا هەبوو. بۆ نموونە ((ژیاننامەی (بنجامین فرانکلین) ١٧٦٦، ئۆتۆبیۆگرافیای (ئیدوارد جیبۆن) ساڵی١٧٩٦، دانپیدانانەکانی (ڕۆسۆ) لە نێوان ساڵانی ١٧٨١-١٧٨٨، هاوکات ئۆتۆبیۆگرافیای (دۆک نیوکاسڵ) و (لیدی هاڵکێت). ئەمانە گرنگیان لە گەشەپیدانی ئۆتۆبیۆگرافیادا هەبوو.)) [عبدالدایم: ١٩٧٤: ١٨] هەر لەو سەدەیەدا دوو ئۆتۆبیۆگرافیای زۆر گرنگ بڵاو دەکرێنەوە، یەکیان (دەیڤید هیوم) لە ساڵی ١٧٧٧دا ئەوی تریان مێژوونووسی ئینگلیزی (ئیدوارد جیبۆن) دەینووسێت. ئەم دوو ئۆتۆبیۆگرافیایە ڕۆڵێکی گرنگ لە گەشەسەندنی ئۆتۆبیۆگرافیا لە ئەدەبی ئینگلیزیدا دەبینن.

لەناو ئەدەبی کوردیدا دەکرێ ئاماژە بە چەند ئۆتۆبیۆگرافیایەک بکەین. لەوانە دەقی (چیم دی)ی (ئەحمەد خواجە)یە و بە چوار بەرگ بڵاوکراوەتەوە. پاشان دەقی (یاداشت)ی (ڕەفیق حیلمی)مان هەیە و دواتر دەقی (گەشتی ژیانم)ی (مەسعوود محەمەد) بڵاو دەبێتەوە. هاوکات (هەژار موکریانی) دەقی (چێشتی مجێور) وەکوو ئۆتۆبیۆگرافیایەکی نایاب دەنووسێت.

لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی (١٩٩١)ەوە تا ساڵی (٢٠٠٣) چەندین ئۆتۆبیۆگرافیا چاپ و بڵاوکرانەوە. بەتایبەت لەلایەن ئەو کەسانەی سەردەمانێک لە شاخ، لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بوون. بەڵام ئەوەی جێی باسە زۆریان لەلایەن کەسانی ترەوە وەڵامدراونەتەوە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ڕاستگۆ و ڕاشکاوانە ڕووداوەکانیان باس نەکردووە. یان ڕووداو و بەسەرهاتەکانیان بە شێوەیەکی تر باس کردووە. لەلایەکی ترەوە ئەمە نیشانەی ئەوەیە، ئەو کەسانە وەکوو ژانرێکی ئەدەبی شارەزای ئۆتۆبیۆگرافیا نین، هاوکات ڕێسا و شێوازی نووسینی ئەم ژانرە ئەدەبییە شارەزا نین.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گوتاری ژیاننامەی خودی لەم ماوەیەدا ڕەنگدانەوەی ڕەهەندی سیاسییە لەم ژانرە ئەدەبییەدا. ئەم ژانرە لە لایەن سیاسییەکان، زیندانییە سیاسییەکان و ئەو

کەسانەی لە ئۆرگان و حزبی جیاواز کاریان کردبوو، هەوڵی خستنەرووی ئەو ڕۆژانەی لە شاخ و شۆڕشدا ژیابوون باسیان کرد.

ئەوەی جێی سەرنجە گوتاری ناونیشانی زۆربەی ژیاننامە خودییەکان گوزارشت لە خەبات و تێکۆشان دەکات. ئاشکرایە ناونیشان ڕەنگدانەوەی، یان کورتکراوەی ناوەڕۆکی کتێبەکەیە. بۆیە زۆر جار دەڵێن: کتێب لە ڕێی ناونیشانەوە دەخوێندرێتەوە. کەواتە ناونیشان و ناوەڕۆکی کتێب دەبێ یەکبگرنەوە. نووسەرێکی وەکوو (محەمەد ئەلجەوادای) لەبارەی ناونیشانی ژیاننامەی خودییەوە دەڵێت: ((ناونیشانی ژیاننامەی خودی بۆ ئەو کەسەی ژیاننامەی خۆی دەنووسێتەوە سەرکێشییەکی ڕوون و قورسە، چونکە ناونیشان زۆربەی ئەو بیرۆکانەی لە مێشکی نووسەردان لەخۆ دەگرێت، بۆیە زۆربەی ناونیشانەکان بە بەخشینی واتای فرە دەناسرێنەوە.)) [الجوادی: ١٩٩٧: ٣٤] بە گەڕانەوە بۆ ناونیشانی ژیاننامە خودییەکانی ئەو ماوەیە. هەندێک لە ناونیشانەکان سادە دەردەکەون و هیچ دەلالەتێکی هونەریان لە پشتەوە نییە. بۆ نموونە (بیرەوەرییەکانی بەهائەدین نوری)، (بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام)، (بیرەوەرییەکانم) لە نووسینی (زرار سلێمان بەگ دەرگەڵەیی) و چەندان ناونیشانی تر بە هەمان جۆرە .

لە لایەکی ترەوە هەندی ناونیشانمان هەیە، ناونیشانی هونەرین. ناونیشانگەلێکن دەتوانین دەلالەتی جۆراوجۆریان لێ هەڵێنجین. بۆ نموونە (قەندیل بەغدای هەژاند) لە نووسینی (ڕێباز). لەم ناونیشانەدا دوو وشەمان هەیە. (قەندیل و بەغدا)، ئەم دوو وشەیە دەلالەتن لە شوێن. قەندیل ناوی چیایەکەی بەرز و سەختە لە کوردستان و بەغدا پایتەختی وڵاتی عێراقە. هەردوو ناوەکە دەلالەتی سیاسیان هەیە. قەندیل شوێنی خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردە، پێشمەرگە لەوێوە شۆڕشیان دژ بە ڕژێمی بەعس هەڵگیرساند و خەباتیان کرد. قەندیل وەکوو هێزی خەبات و تێکۆشان توانی بەغداد بهەژێنێت و بە چۆکیدا بدات. توانی بە بەرامبەر مافەکانی گەلی کورد بە ئاگای بێنێتەوە. واتە قەندیل دەلالەتە لە هێز و خەباتی گەلی کورد بۆ مافەکانی.

هاوکات ناونیشانی (٢١ ساڵ تێکۆشان) لە نووسینی (نایب عەبدوڵلا) هەمان شێوە ناونیشانێکە دەلالەت لە بیست و یەک ساڵ خەبات و تێکۆشان لە شاخ دەکات. بەشیک لە ناونیشانەکان جگە لە ناونیشانی سەرەکی، ناونیشانی لاوەکیان لەگەڵدایە. ئەم ناونیشانە لاوەکیانە هەوڵێکن بۆ ڕوونکردنەوەی ناونیشانە سەرەکییەکە. بۆ نموونە (بەمۆ هەڵدێری نەمانە بۆ داگیرکەران – بیرەوەرییەکانی مەحمود عەزیز مەحمود ١٩٧٩- ١٩٨٩) ناونیشانە سەرەکییەکە ناونیشانێکی هونەرییە. بەمۆ ناوی چیایەکە، ئاشکرایە چیا دەلالەتی خەباتی ڕزگاری و ئازادییە بۆ کورد، چونکە

تاکە پشتوپەنای کورد بووە. ئەم چیایە دەبێتە هەڵدێر بۆ داگیرکەران. واتە شوێنێکە داگیرکەران تێیدا شکست دەهێنن. بۆ ئەوەی ئەم ناونیشانە بۆ خوێنەران روون بێتەوە، ناونیشانێکی لاوەکی وەکوو ڕوونکردنەوەی ناونیشانە سەرەکییەکە دادەنرێت. ئەوەش بیرەوەی (مەحموود عەزیز مەحموود)ە و سالانی ڕووداوی بیرەوەرییەکانی دیاری دەکات. هاوکات ناونیشانی (٣٦٦٠) ژیاننامەی خودی (بەرهەم عەلی)یە. ئەم ناونیشانە ژمارەی ناوبراوە وەکوو زیندانییەک. بۆ ئەوەی ئەم ناونیشانە لە لای خوێنەران ڕوون بێتەوە دێت ناونیشانێکی لاوەکی بۆ زیاد دەکات (بیرەوەری گەنجێکی کوردستانی لە زیندانەکانی عێراقدا). بەمەش خوێنەر ناونیشانە سەرەکییەکەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، ئەگەر ئەم ناونیشانە لاوەکییە نەبێت، ئەوا ناونیشانە سەرەکییەکە بە لێڵی و ناڕوونی دەمێنێتەوە و هیچ بیرۆکە و دەلالەتێک لای خوێنەر دروست ناکات.

(مام جەلال)وەکوو سەرکردەیەکی کاریزما و ڕابەری شۆڕشی نوێی کورد زنجیرە وتارێک لە کۆتایی سالانی نەوەدی سەدەی ڕابردوو، زنجیرە وتارێک لە شێوەی ژیاننامەی خودی لە (گۆڤاری خاک)دا بلاودەکاتەوە و دوای لە نامیلکەیەکدا لە چاپ درا. لەم زنجیرە وتارەدا کۆمەڵێ لایەنی ژیانی کەسی و کۆمەلایەتی و مێژوویی ئەم سەرکردەیەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. گرنگی ئەم وتارانە لەوەدایە نووسەرەکە خۆی سەرکردە (مام جەلال)ە. بۆ نموونە کاتێک باسی ساڵی بەستنی کۆنگرەی خوێندکاران لە ساڵی ١٩٤٧دا دەکات. کۆمەڵێ بابەت، کە بایەخی مێژووییان هەیە ڕوون دەکاتەوە و باسیان دەکات. ((کە گەیشتینە بەغدا لە پێشەوە چووینە ئوتێلێکی هەرزان، پاشان کاکە دەبابەی نەمرمان دۆزیەوە، کە وەک هەمیشە میهرەبان و جوامێر و هەڤاڵدۆست ڕێزی لێ گرتین، مشوری خواردین بەتایبەت لە من، کە ئەوسا لە هەموان منالتر بووم، تەمەنم (١٥)ساڵ بوو لە سینفی یەکی متوسطەی کۆیە بووم.)) [مام جەلال:٢٠١٩ : ٦٦] لە ڕێی ئەم ژیاننامەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە ساڵی بەستنی کۆنگرەی خوێندکاران و بەشدارانی نوێنەرانی شارەکان کەی و چۆن بووە. دەردەکەوێت نوێنەری شارەکان کێ بوون و ئەم سەرکردەیە لە تەمەنی پانزە ساڵییەوە لە کۆیەوە بە تەنیا بۆ بەغدا بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆنگرە سەفەر دەکات. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت سەرۆک (مام جەلال) لە تەمەنێکی زۆر زووەوە چۆتە ناو کاری سیاسی لە ڕیزی خوێندکاران سەرەتا کاری کردووە.

لە لایەکی ترەوە هەر لەم ژیاننامە خودیەدا سەرۆک (مام جەلال) باسی سەردەمی لە سێدارەدانی چوار ئەفسەرە کوردەکە، دەکات، کە بەشداربوون لە کۆماری مهاباد و دوای ڕووخانی کۆماری مهاباد، لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو. زۆر زانیاریمان بۆ

روون دەکاتەوە، کە زانیاری نوێن بۆ مێژووی سیاسی کورد. ((لەگەڵ ئەوەش پارتی زۆری هەوڵیدا بۆ ڕزگارکردنیان، بەتایبەتی خوالێخۆشبوو کاکەزیاد ئاغای حەمەئاغای کۆیە، کە نائیبی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی پارتی بوو. زۆری هەوڵدا، زۆر جار دەچووە سەر وەزیرە کوردەکان و جارێکیان وەفدێکیشی پێکهێنا لە نائیبە کوردەکان و چوونە سەر صالح جەبری سەرەک وەزیری ئەوێ ڕۆژێ، بۆ هیچ نەبێ ڕزگارکردنیان لە مردن.)) [مام جەلال: ٢٠١٩: ٤٣] ئەم ڕاستییە مێژووییە ئەگەر لە ژیاننامەیەکی خودی وەها نەبووایە ون دەبوو. ئەم ڕاستیانە و دەیان ڕاستی تر بە قەڵەمی خودی سەرۆک (مام جەلال) نووسراوەتەوە.

(قەندیل بەغدای هەژاند) لە نووسینی (ڕێباز)، کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. بەرهەمێکە دەچێتە خانەی ژیاننامەی خودی. ئەم بەرهەمە دوو بەرگە، هەوڵێکە بۆ گێڕانەوەی هەموو ئەو ڕووداوانەی نووسەر لە سەردەمی شاخ و خەباتدا تێیدا ژیاوە. هەر لە پێشەکی ژیاننامە خودیەکەیدا ئامانجی نووسینی ئەم کتێبە دیاری دەکات. ((نووسینەوەی مێژووی بیست ساڵەی شۆڕشی کوردستان بۆ پێشمەرگەیەکی هەژاری وەک من وا ئاسان نیە، دەبێ هەقی کەس فەرامۆش نەکەم، ڕۆڵی هیچ کەسێک لەبیر نەکەم، ژێرکەوتن و سەرکەوتنەکان بخەمە پیش چاوان، تێکۆشەر و ناتێکۆشەران لێک جیا بکەمەوە، هەلپەرست و خۆنەویستان لێک جیاواز بکەمەوە.)) [ڕێباز: ٢٠٠٨: ٦] لەم چەند دێڕەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە نووسەر دەیەوێ بە ئەمانەتەوە هەموو ڕووداوەکان تۆمار بکات. مەرجەکانی نووسینی ژیاننامەی خودی جێبەجێ بکات. بەوەی هەموو ڕووداوەکان وەکوو خۆی چۆنی دیوە باسیان بکات. ڕۆڵی هیچ کەسێک فەرامۆش نەکات. هاوکات پاڵنەری نووسینی ژیاننامە خودییەکان لە لایەن سیاسییەکانەوە، هەوڵێکە بۆ پیشاندانی ئەو سەختی و نەهامەتیانەی خەڵکی کوردستان لە شاخ لە پێناو ئازادیدا چێشتویانە. لەم ژیاننامە خودیەدا هۆکاری نووسینەکەی دەخرێتەڕوو. ((لەمێژبوو دەمویست باسی داستانی شۆڕشی نوێتان بۆ بکەم داخەکەم لەبەر ئەوەی نووسینەکانم هەر هەندێ لە قوژبنێک، لە ئەشکەوتێک، لە بن بەردێک شاردبوومەوە، یان لە ماڵە جووتیارەکان دام نابو، هەندیکیان وەکو سەروەت و سامانی جووتیارەکان فەوتا و بە ناچاری سەرلەنوێ دەستم پێکردەوە سەرلبەر مێژووی شۆڕشەکەم نووسیەوە، چەند جارێک پێیدا هاتمەوە ئەوەی لەگەڵ بارودۆخ و کاتی ئێستا دەگونجێ وا دەیخەمە بەر دەستتان دڵنیام لەوەی، کە ڕاستیەکانم خستۆتەڕوو جا ئەگەر هەندی جار باسی خۆم تێدا کردبێ گومانت نەبی دەزانم بە خۆهەڵکێشانی دەزانن منیش دەزانم باس کردنی کەسێک هەڵپەرستانەیە و خۆپەرستیە بەڵام نووسینەکە وا هەڵدەگرێ دەبی بمبوورن.))

[ڕێباز: ١٩٩٧: ٩] واتە ئامانج لە نووسینەوەی ژیاننامە خودیەکە هەولێکە بۆ خستنەڕووی مێژووی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد، بەتایبەت شۆڕشی نویٔ. ئەوەش دەخاتەروو بۆ ئەوەی هەرچی ڕاستی هەیە باسیان بکات. واتە پاڵنەرێکی مێژوویی و مەعریفی لە پشت نووسینەوەیدا هەیە.

( لە کەناری دانووبەوە بۆ خڕەی ناوزەنگ)ی (نەوشیروان مستەفا ئەمین ) ، یەکێکە لە ژیاننامە خودییە گرنگەکان، لە ڕێی ئەم ژیاننامەیەوە دەتوانین ئاگاداری چەندین ڕووداو و واقیعی مێژوویبین. (نەوشیروان مستەفا ئەمین) چەندە سیاسەتمەدار بوو، ئەوەندەش شارەزای مێژوو و ئەدەب و لایەنەکانی تری ژیانی کۆمەڵگەی کوردی بوو ، توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی زۆری بڵاوکردۆتەوە. ئەم ڕەهەندە لە بیرکردنەوەی (نەوشیروان مستەفا)دا وایکردووە شێوەی گێڕانەوەی ئەم ژیاننامەیە لایەنی ئەدەبی بەسەردا زاڵ بێت. یەکێک لە لایەنە هونەرییەکانی ئەم ژیاننامەیە بریتییە لە لایەنی بەرپرسیارییەتی لە نووسیندا، نووسەر ڕاستی و دروستی هەموو ڕووداوەکان دەخاتە ئەستۆی خۆی. لەم ڕووەوە لە پێشەکیدا دەڵێت: ((ڕووداوەکانم لە ڕوانگەی خۆمەوە بە شێوەی ڕێپۆرتاجی ڕۆژنامەوان نووسیوەتەوە، ئۆباڵی گشت هەواڵ دەنگوباسەکانی، ئاگاداری و زانیارییەکانی، بیر و بۆچوونەکانی، سەرنج تێبینییەکانی، گێڕانەوە و هەڵسەنگاندنەکانی، بە تەنیا لە ئەستۆی خۆمدایە.)) [ئەمین: ١٩٩٧: ٥] ئەمە یەکێکە لە خاڵە گرنگەکان، کە دەبێت نووسەری ژیاننامە پێڕەوی لیٔ بکات، چونکە ڕاستگۆیی و دروستی گێڕانەوەی ڕووداوەکان مەرجێکە بۆ نووسینی ژیاننامەی خودی. هاوکات ئامانج لە نووسینی ڕووداوەکان، ئەوەیە لە زار و نووسینی خۆیەوە خەڵک گوێی لیٔ بێت. ((ویستم تا خۆم زیندوم و زۆر لەوانەی ناویان لم پێنج ئەڵقەیەدا دی زیندون بڵاوببێتەوە.)) [ ئەمین: ١٩٩٧: ٥] کەواتە نووسەر بە هەموو پێوەرێک هەوڵی پاراستنی ڕووداوەکانی داوە، بۆ ئەوەی کەسانی تر دوای خۆی نەتوانن ڕاستی و دروستی ڕووداوەکان بشێوێنن، هاوکات ئەم خاڵە جێبەجێکردنی مەرجێکی نووسینی ژیاننامەی خودییە، کە نووسەر خۆی ڕووداوەکانی ژیانی خۆی بنووسێتەوە .

نووسینی ژیاننامەی خودی دەبێتە مۆدێلێک، وەکوو شایەتحاڵ و تۆمارکاری ڕووداوەکان، بەتایبەت ڕووداوە سیاسییەکان. (نایب عەبدوڵلا) ژیاننامەی خودی خۆی لە شاخ بە ناوی (بیرەوەری ٢١ ساڵ تێکۆشان) بڵاو دەکاتەوە. ئامانجی نووسینەکە باس دەکات: ((لەم بەشەدا باسی هەموو شتێکم نەکردووە، چونکە بە نیازی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی قووڵ نەمنووسیوە، بەڵکو وەکو ڕووداو و بەسەرهات بڵاویان دەکەمەوە، هەروەها هەندیٔ شت هەیە، کە ناکریٔ لەم کاتەدا بڵاوبکرێتەوە، لەبەر پاراستن.)) [عەبدوڵلا: ١٩٩٦: ٧] تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ناو شۆڕش

و خەبات هەوڵێکی مێژووییانەیە. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لە زۆربەی ئەم ژیاننامانەدا ئەم ڕستەیە بەدی دەکەین، کە دەڵێت: هەندێ ڕووداو هەیە باسم نەکردووە، چونکە لە کاتی ئێستادا نەگونجاوە. ئەم ڕستەیە لە زۆربەی ژیاننامە خودییەکان بەرچاو دەکەوێت. ئەم ڕستەیە نیشانەی ئەوەیە ئەم ژانرە بە شێوەیەکی زانستیانە کاری لەبارەوە نەکراوە. نووسەرەکان لەو ڕووەوە کەموکوڕیان هەیە، چونکە لە ژیاننامەی خودیدا وەکوو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، دەبێ کۆی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی دروست و بوێر و ڕاستگۆیانە باس بکات. هیچ ڕووداوێک نابێت فەرامۆش بکرێت.

جۆرێکی ترمان لە ژیاننامەی خودی هەیە، ئەویش گێڕانەوەی ژیانی ئەو ڕۆژانەیە، کە خەباتکاران لە زیندانەکانی ڕژێمی بەعسدا بەسەریان بردووە. دیارە هەزاران کەس بە هۆی ئەندامبوون، یان خەباتکردن لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە زیندانەکان بەند دەکران. گێڕانەوەی ئازار و ئەشکەنجەی ئەو زیندانانە تاکوو دوای ڕاپەڕین شتێکی قەدەغە بوو. بۆیەش دوای ڕاپەڕین دەرگایەک بۆ باسکردنی هەموو ئەو ڕووداوانە کرایەوە. وەکوو لە سەرەوە ناونیشانەکەیمان باسکرد، ژیاننامەی خودی (٣٦٦٠ بیرەوەری گەنجێکی کوردستانی لە زیندانەکانی عێراقدا)، هەرچەندە لە ناوەڕۆکدا نووسەری ژیاننامە (شێرزاد)ە، بەڵام لەسەر بەرگەکەی نووسراوە (بەرهەم عەلی). بە خوێندنەوەی پێشەکی تێدەگەین، (بەرهەم عەلی) تەنیا ئەرکی بلاوکردنەوە و ئامادەکردنی ژیاننامەکەی لە ئەستۆیە، دەنا ئەوەی قسە دەکات و ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، خودی (شێرزاد)ی ژیاننامەنووسە. لەم ڕووداوانەدا زۆر شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بۆ نموونە کەسێکی بە ئایین مەسیحیی بەشداری لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردا کردبێت. ((بەڕیوەبەری ئەمن وەک زۆری سەیر لی بێت پێی تاوانێکی گەورە بێت کە مەسیحی لە بزاڤی ئازادیخوازی کوردیدا بەشداربێت، بەسەرسامی و توڕەییەوە گوتی: چۆن چۆن مەسیحیت؟، ئینجا تۆ کە مەسیحیت پێوەندیت بە مانەوە چیە، بابە ئێمە لەگەڵ وڵاتێکی گەورەدا شەڕ دەکەین (مەبەستی ئێران بوو)، ناترسین ئیدی گەجەر و گوجەر و منداڵی وەک ئێوە چیە بمانترسێنێت.)) [عەلی: ٢٠٠١: ٨٧] لەم ژیاننامەیەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد جێی هەموو ئایین و بیرکردنەوەیەک بۆتەوە. ئەمە وەکوو تۆمارێکی مێژوویی وایە، بەڵگەیەکە، کە خەڵکانێک ئایینی جیاوازیشیان هەبووبێت ڕۆڵیان لە بزووتنەوەی کوردیدا هەبووە.

ژیاننامەی خودی (٢٥ ڕۆژ لە زیندانی فاشیەکانی بەغداد) لە نووسینی (سەید قادر جەباری) هەمان شێوە گێڕانەوەی ئەو ساتانەیە، کە نووسەر لە زیندانەکانی بەعس بەسەری بردووە. کاتێک ئەم

ژیاننامەیە دەخوێنینەوە، دەزانین کە بە شێوەیەکی هونەری نووسراون. تەنانەت لە زۆر شوێن خوێنەر هەست دەکات ڕۆمانێکی سەرکێشی دەخوێنێتەوە. هەرچەندە ڕووداوەکان ڕاستەقینەن و کەسایەتی خۆڕاگری کورد لەناو ئەو هەموو ئەشکەنجەیەدا نیشان دەدات. ((هەر کەس هاتبێتە ئێرە کردوومانە بە پیاو ئا دەی ناوی برادەرەکانت بڵێ، هەرچەندە ئێمە ناوەکانیان دەزانین بەڵام با بزانین تۆ تا چ ڕادەیەک ڕاستمان لەگەڵدا دەکەیت؟! وا نەزانی ئێمە لە گوێی گادا خەوتووین و هیچ زانیاریەکمان نیە و نازانین و ئاگامان لەو چرووچاوانەی وەکو تۆ نیە؟)) [جەباری: ٢٠٠١: ٥٠] ئەم شێوازە بە زۆری لە فیلم، یان ڕۆماندا دەیخوێنینەوە. کەواتە هەندێ لەو ژیاننامە خودیانە پێڕەوی لە لایەنی هونەری نووسینی ژانری ژیاننامەی خودیدا دەکەن. چونکە نووسینی ژیاننامەی خودی درککردنی خودێکی هوشیارە بە نووسینی ئەزموونی کەسیی خۆی. ئەم جۆرە بابەتانە بۆ ئەو کات گرنگی خۆیان هەبوو، چونکە دوای ڕاپەڕین بەرە بەرە دیمەنە ترسناکەکانی بەعس دەردەکەوێت. ئەم ئەزموونانە دەبنە شایەتحاڵێک بۆ مێژوو. مێژووی سەرکەوتنی دەیان خەڵکە بەسەر دڕندەترین ڕژێمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کەواتە ژیاننامەی خودی دوو ئەرکی هەیە. یەکەمیان دامەزراندنی خودێکە لە گۆشەنیگای نووسەرەکەوە لەناو ڕووداو و مێژووی ماوەیەکی دیاریکراودا. دووەمیان هەڵدانەوەی کۆمەڵێ هەڵوێستی نەرێنییە و ئەم هەڵوێستانە شیدەکرێنەوە لە گۆشەنیگای جیاوازەوە.

گوتاری ئەم ژانرە ئەدەبییە بریتییە لە زاڵبوونی ڕووداوی سیاسی لەناو ژیاننامە خودییەکاندا، واتە نووسەرانی ئەم ژانرە، زۆربەیان ئەوانەن، کە پێش ڕاپەڕین بەشداری خەباتی ڕزگارییان کردووە، بۆیە فەزا و ڕووداوی سیاسی بەسەر گێڕانەوەکاندا زاڵە. هەندێک لەوانە گیراوی سیاسین و ڕووداوەکانی ناو زیندانیان گێڕاوەتەوە. هاوکات هەندێک لەو دەقانە لە چوارچێوەی یادەوەرین، واتە بە تەواوی ژیاننامەی خودی نین، چونکە ماوەیەکی ژیانیان گێڕاوەتەوە، بۆ نموونە هەندێک لەو دەقانە باسی ماوەی چەند ساڵێک لە ژیانیان دەکەن، ئەمەش دەچێتە ناو یادەوەرییەوە. هەندێک لە دەقمان هەیە نووسەرەکانیان ئەدیبن، بەڵام بە هۆی بەشدارییان لە ڕووداوە سیاسییەکان ئەوانیش فەزایەکی سیاسییان بەسەردا زاڵە.

## ٦. گوتاری ڕۆمانی کوردی

ڕۆمان وەکو ژانرێکی نوێی پەخشانیی، لە کاتی ئێستادا گەورەترین کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە هەیە. واتە ژانرێکە زۆرترین خوێنەری هەیە. هاوکات بە هۆی ئەوەی پانتاییەکی فراوانی ئیشکردنی تێدایە، ڕۆماننووس دەتوانێت یاریە هونەرییەکانی تێدا ئەنجام بدات. گوتاریش وەکوو ئاخاوتنێکی مەبەستدار و ئاراستەکراو، ڕۆمان لە خۆیدا هەڵیدەگرێت، بۆ ئەوەی بگاتە خوێنەران. کەواتە گوتاری ڕۆمان وەکوو سیستەمێکی ئاوێتە لە چەندین سیستەمی ئاراستەیی، دەلالی، پێکهاتەیی سوودگەرایی پێکدێت. گوتاری ڕۆمان (( پەیوەستە بەو ڕێگایی کە حیکایەتەکەی پێ دەگێردرێتەوە)) [يقطين: ١٩٩٧: ٣٠] هەموو ڕۆمانێک چیرۆکێک لەخۆ دەگرێت، بەڵام ئەو ڕێگایانە چیرۆکەکەی پێ دەگێردرێتەوە، ئەوە گوتارەکەیە. کەواتە گوتار شتێکی جێگیر نییە، بەڵکوو دەگۆڕێت. بۆ نموونە چیرۆکی جەنگ، سەدان ڕۆمانمان لەبارەی جەنگەوە هەیە، بەڵام هەر یەکەی بە شێوازێک و گوتارێک ئەو چیرۆکەمان بۆ دەگێڕێتەوە. بۆ نموونە ڕۆماننووس (هەمینگوای) لە ڕۆمانی (ماڵئاوایی لە چەک)، (ئیریش مارییا ڕیماریک) لە ڕۆمانی (دەمێ مەرگ دەمی خۆشەویستی)، (ئۆریانا ڤالاچی) لە ڕۆمانی (ژیان و جەنگ و هیچی تر) و دەیان ڕۆمانی تر. ئاشکرایە ڕۆمان لە ڕێی زمانەوە گوتاری خۆی پێشکەش دەکات. هاوکات کۆمەڵێ توخمی تری وەکوو ڕووداو، کات، شوێن و تەکنیکەکانی ڕۆمان خزمەت بە گوتاری ڕۆمان دەکەن. واتە یارمەتیدەر دەبن بۆ ئەوەی گوتاری ڕۆمان بە خوێنەر بگات. واتە لە ڕێی گوتاری ڕۆمانەوە دەتوانین زمانی گێڕەرەوە و دایەلۆگەکانی، ئاستەکانی گێڕانەوە، وێنەی کارەکتەرەکان دەربخەین. لەوێوە گوتاری ژانری ڕۆمان لەسەر کۆمەڵگە دیاری بکەین.

ڕۆمانی کوردی مێژوویەکی هێندە درێژی نییە، بەڵام لەم مێژووە کورتەشدا چەندین دەقی داهێنانی ڕۆمانمان هەیە. واتە ڕۆمانی کوردی بە درێژایی مێژووی ئەدەب توانیویەتی بەردەوام خۆی نوێ بکاتەوە و بەرەوپێشەوە بچێت. لە ئێستاشدا هەنگاوی بەرەو جیهانیبوون دەهاوێژێت، لە نموونەی ڕۆماننووسان (بەختیار عەلی، فەرهاد پیربال، شێرزاد حەسەن، کاروان عومەر کاکەسوور و جان دۆست). بۆ نموونە ڕۆمانەکانی (بەختیار عەلی) بۆ چەندین زمان وەرگێڕدراون ،وەک ڕۆمانی (غەزلنوس و باخەکانی خەیاڵ) کە بۆ سەر زمانەکانی فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی وئەلمانی وەرگێڕدراون . ئەمەش خاڵێکی ئەرێنییە، کە ڕۆمانی کوردی لە سنووری ئەدەبیاتی کوردی دەرچووە و تێکەڵ بە نەتەوەکانی تری وەکوو فارس و عەرەب و ئینگلیز بووە. سەرەڕای ئەوەش هێشتا هەنگاوی زۆری ماوە. واتە ئەمە واتای ئەوە نییە ڕۆمانی کوردی لە ئاست ڕۆمانی

ئەدەبیاتی ئینگلیزی و ئیسپانیایی و ئەمریکاییە. دەبێ ئەوەش بڵێین ڕۆمانی کوردی تایبەتمەندی خۆی هەیە. بۆیە ((پێویستە ڕۆماننووسی کورد تایبەتمەندی خۆمانەی هەبێ، نابێ فەرامۆشی بکات و مۆرکی خۆمانە بپارێزێ پێویستیشە دەقی بەرهەمهێنراوی ڕۆمانی کوردی دەقەکانی ئەدەبی تری وەک ژانرەکانی ئەدەبی تر و دەقی ڕۆشنبیری دنیای بەناو جەستەدا بێت و نووسەر دەبێت لە شەڕێکی دەستەویەخەدا بێت لەگەڵ دەقەکانی تر و دەربازکردنی جەستەی ئەو دەقەی کە دەنووسێ بۆ ئەوەی بتوانێ بەم دەقە جوانە پڕبووە و بارگاوی کراوە بە ڕۆشنبیری وەک داهێنانێکی نوێ یا وەک بەرهەمێکی تاکەکەسی دەقەکە خۆی ببێتە شوناسی ئەم میللەتە و ببێتە سەفیر لە دنیادا.)) [ڕەشید: ٢٠٠٧: ١٧- ١٨] ڕۆمانی کوردی دوای ڕاپەڕین هەنگاوی گەورەی بە ئاراستەی کرانەوە و نوێبوونەوە ناوە. ئەگەر ڕۆمانی کوردی لە ڕووی ژمارەوە لە پیش ڕاپەڕینی ١٩٩١ و دوای ڕاپەڕین بەراورد بکەین دەبینین ژمارەکەی زۆر زیادی کردووە. ئەمە تەنیا لە ڕووی ژمارەوە نا، بەڵکوو لە ڕووی تەکنیک و هونەری ڕۆمانەوە نوێبوونەوەی بە خۆیەوە بینووە. لێرەوە ئێمە لە دوو ئاستی گوتاری ڕۆمان کار دەکەین، ئاستی یەکەم گوتاری ناونیشانە، لەوێوە دەمانەوێ ناونیشان وەکوو دەقێکی بچووکراوەی ڕۆمانەکە وەکوو گوتارێک دەربخەین، ئاخۆ ناونیشان لە ڕووی هونەرییەوە گۆڕاوە یان درێژپێدەری گوتاری ناونیشانی پێش ئەو ماوەیە، ئاستی دووەم بە گشتی کار لەبارەی گوتاری ڕۆمان بە گشتی دەکەین.

## یەکەم: گوتاری ناونیشانی ڕۆمانی کوردی

بە بڕوای توێژەران ناونیشانی دەق دەرگای یەکەمی چوونە ناو دەقە. واتە خوێنەر لە ڕێگەی ناونیشانەوە دەتوانێت زانیاری لەبارەی دەقەکەوە دەست بکەوێت. بۆیە ناونیشان وەکو بەشێک لە دەق هەژمار دەکرێت. ناونیشان ((سیستەمێکی سیمیۆلۆجییە، ڕەهەندی دەلالی و نیشانەیی هەیە، هانی توێژەر دەدات، کە بە دوای دەلالەتەکانەوە بێت، هەوڵی کردنەوەی کۆدەکان بدات.)) [قطوس: ٢٠٠١: ٣٣] کەواتە ئێمە ناتوانین لە دەرەوەی سیمیۆلۆجیا ناونیشان ڕاڤە بکەین، چونکە خودی ناونیشان سیستەمێکی نیشانەییە و کۆددارە، کردنەوەی کۆدەکان پیویستی بە شارەزایی لە کەلتوور، فەرهەنگ، دابونەریت، ئایین و ئەفسانە هەیە. بۆیە ((لە پاش بونیادگەرەکانەوە ناونیشان زیاتر بووە جێی سەرنجی توێژەران تەنانەت وەکوو زانستێک ناسێنرا. زانستی ناونیشان بەشداری لە ڕاڤەکردنی گوتاری ئەدەبی بەتایبەت دەقی گێڕانەوەییدا کرد.)) [مەنتک: ٢٠١٧: ٤٠] کەواتە

ناونیشان یەکەم شتێکە خوێنەری ڕووبەڕووی دەبێتەوە ، هاوکاری خوێنەر دەکات لە ناسینی گەوهەری دەق، ڕووداو و کارەکتەرەکان. واتە ناونیشان دەلالەتە لە پەیامێک، لە نێوان خوێنەر/ وەرگر و نێرەر/نووسەردا ئاڵوگۆڕ دەکرێت. ئەم پەیامە هەڵگری مەعریفە و جوانییە، هاوکات ئەرکی شیعرییەت لە خۆ دەگرێت. بۆیە ڕۆماننووسان هەموو هەوڵێکیان دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی هونەریترین ناونیشان بۆ دەقەکانیان هەڵبژێرن.

ناونیشانی ڕۆمانی کوردی لەو ماوەیەی ئێمە کاری لەبارەوە دەکەین، گۆڕانکاری هونەری بەسەردا هاتووە. بەڵام نابێ ئەوەشمان بیر بچێت، ئەو ڕۆماننووسانەی لە دەیەکانی پێشتر ڕۆمانیان نووسیووە هەمان شێواز و ستایلیان بۆ ناونیشانی ڕۆمانەکانیان هەیە. واتە: نەیانتوانیوە لە ڕووی هونەرییەوە بە پێی واقیعی ئەدەبی و گۆڕانکاری ئەدەبی نوێبوونەوە لە ناونیشانی ڕۆماندا بهێننە کایەوە. بۆ نموونە ڕۆمانی (ڕێگا)ی (محەمەد مەولوود- مەم)، (ئاگری بنکا)ی (سەعید ناکام)، (خاک و چەوسانەوە)ی (عەزیزی مەلای ڕەش)، ڕۆمانی (درز)ی (کاکەمەم بۆتانی)، ڕۆمانی (بەردەژن) لە نووسینی (مەولوود ئیبراهیم حەسەن). هەموو ئەم ناونیشانانە سادە دەردەکەون، چونکە دەلالەتی فرەیان نییە، بەڵکوو خوێنەر کاتێک ئەم ناونیشانانە دەخوێنێتەوە، تەنیا یەک بیرکردنەوە و یەک مەدلوول لە مێشکیدا دروست دەبێت. ڕۆمانی (ڕێگا) مەبەست لەوەیە ڕێگای ژیان، لەوە زیاتر ناتوانین واتای تر هەڵێنجین. ناونیشانی ڕۆمانی (ئاگری بنکا) لە نووسینی (سەعید ناکام)، واتای کەسێک لەژێرەوە و بە نهێنی خەریکی ئاشووب و ئاژاوە نانەوەیە، بەڵام لەسەرەوەیش خۆی بێتاوان و بێبەری نیشان دەدات. ناونیشانی (خاک و چەوسانەوە)ی (عەزیزی مەلای ڕەش)، هەڵگری یەک دەلالەتە، ئەویش کیشەی نیوان ئاغا و جووتیار. لەوێوە دەزانین ئەم ڕۆمانە لەبارەی گرفت و ململانێی نێوان دەرەبەگ و جووتیارە. واتە ڕۆمانێکە لەبارەی ستەمی ئاغاکان لە خەڵکی ڕەنجبەر و چەوساوە. بۆیە خوێنەر لەوە زیاتر هیچی تری دەست ناکەوێت. ئەم سادەکردنەوەی ناونیشانە، هەوڵێکە بۆ تەسککردنەوەی مەودای بیرکردنەوە لە لای خوێنەر. ڕاستە ناونیشان ناو و دەلالەتە بۆ دەقێک، بەڵام ئەم دەلالەتە لەڕووی هونەرییەوە لاواز دەبێت، ئەگەر خوێنەرکەمتر(یان کەمێک) بجوڵێنێت، چونکە ناونیشان ((هێمایەکی دەلالییە، دەروازەی یەکەمی دەقە، بەبێ ناونیشان دەق ناخوێندرێتەوە.)) [العلاق: ١٩٩٧: ١٧٣] هاوکات ناونیشانی تری وەکوو ڕۆمانی (دیوەخان) لە نووسینی (محەمەد ڕەشید فەتاح)، (زمناکۆ) لە نووسینی (سەلام مەنمی)، (عەلەبەستێ) لە نووسینی (حەسەن جاف)، (گەماڵ) لە نووسینی (خوسرەو جاف) و چەندانی تر. ئەم جۆرە ناونیشانانە ڕاستەوخۆ لێدانە لە بەهای جوانناسی لایەنی هونەری ناونیشان، چونکە

هەموو بیرکردنەوەی خوێنەر بۆ یەک شوێن ئاراستە دەکات. واتە ڕێگە لەوە دەگرێت خوێنەر بیرکردنەوەی جیاوازی هەبێت. ئەم ناونیشانانە زیاتر ئاماژەن بۆ ناوەڕۆکی بابەتی ڕۆمانەکە، کە بابەتێکی سادە و ڕوون و ڕاستەوخۆن. ئاشکرایە ئەم بابەتانەش دەرخەری گرفتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسین، بەڵام بە شێوەیەکی ڕوون و ڕاستەوخۆ. لەولاش ڕۆمانی (سۆبارتۆ) لە نووسینی (حەلیم یووسف)مان هەیە، راستە ناونیشانەکە یەک وشەیە و دەلالەتە لە شوێنێک، بەڵام بە شێوەیەک باسی خەڵکانی ئەم شوێنە دەکات دنیایەکی فەنتازی پڕ لە ئێستێتیکا دەخولقێنیت. بۆیە ((ڕۆمانی سۆبارتۆ لە ڕاستیدا ڕۆمانی شوێن نییە وەک لە یەکەم بیستن و دیتنی ناوکەیەوە خۆی بەر زەین دەخا، بگرە کارەساتی ڕاستەقینەی نەوەی نوێی دانیشتووانی سۆبارتۆ- شوێنەکەیە، کە کوردن، کوردگەلێک کە لەگەڵ خاک و دایکی نیشتمان دابڕاون و سنووری دەسکردەی سیاسی بارودۆخ و ڕۆشنبیرییەکی نامۆی بەسەردا بڕیون.)) [ڕۆژبەیانی: ٢٠١١: ١٤٢] ناونیشان پیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ناوەڕۆکەوە هەیە، بۆیە ڕاستەوخۆیی و ساکاری ناوەڕۆکەکە ڕاستەوخۆی کاریگەری لەسەر سادەیی و نزمی ئاستی هونەری ناونیشان هەبووە.

هەر لەو ماوەیەدا لە ڕووی هونەرییەوە چەندین ناونیشانی هونەری بەرزتر(بڵند)ترمان هەیە. ئەمەش زیاتر لە ڕۆمانی نەوەیەکی جیاواز لەو نەوەیەی سەرەوە باسمان کرد دەردەکەوێت. ئەم نەوەیە بە نەوەی دوای ڕاپەڕین هەژمار دەکرێن. دیارە ئەم نەوەیە دوای ڕەخسانی ئازادی سیاسی و ئەدەبی، بەریەککەوتنی زیاتریان لەگەڵ ئەدەبیاتی دراوسی و ئەدەبیاتی جیهانیدا هەبووە. بۆ نموونە ناونیشانگەلی وەکوو: (ئاوێنە سەرابییەکان) لە نووسینی (هیوا قادر)، (سۆناتای ڕۆح) لە نووسینی (عەبدوڵلا سەڕاج)، (سەلاح عومەر) ڕۆمانەکانی (وڵاتی تارمایی) و (تاریکستانی لم) بڵاو دەکاتەوە، (تەونی جاڵجاڵۆکە) لە نووسینی(حەکیم کاکەوەیس)، (حەسار و سەگەکانی باوکم) و (پیدەشتی کارمامزە کوژراوەکان) لە نووسینی (شێرزاد حەسەن)، (بەختیار عەلی) ڕۆمانەکانی: (مەرگی تاقانەی دووەم) و (ئێوارەی پەروانە) و (دواهەمین هەناری دونیا) دەنووسێت. (جەبار جەمال غەریب) ڕۆمانەکانی (دنیا لە کتێبێکدا) و (چناری شیر) بڵاو دەکاتەوە. (فەرهاد پیربال) ڕۆمانی (سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا) بلاو دەکاتەوە. ڕۆمانی (گەڕیان ل بابێ بەرزە) لە نووسینی (ئەنوەر محەمەد تاهیر)، ڕۆمانی (ئەو ئاشێ دەراڤ لی وەرگێرای) لە نووسینی (ناجی تەها)، ڕۆمانی (ئای لە ڤیلیا ڤیلیا) لە نووسینی (کاروان عومەر کاکەسوور) و لەگەڵ چەندین ناونیشانی تر.

ئەم ناونیشانانە جگە لەوەی بەرگێکی هونەری و ئێستاتیکییان هەیە، هەوڵێکیشە بۆ لێدان لە شێوازی ئاسایی و ڕوونی ناونیشان. ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە ڕۆمانی کوردی لە ڕووی ناونیشانەوە بەردەوام هەوڵی نوێکردنەوەی خۆی دەدات. واتە سەلمێنەری گۆڕانکاری و نوێبوونەوەی ڕۆمانە. بۆ نموونە ئەگەر ناونیشانی ڕۆمانی (پێدەشتی کارمامزە کوژراراوەکان) لە نووسینی (شیرزاد حەسەن) وەرگرین. چەندین دەلالەت لە خۆی دەگرێت. سەرەتا ئەم ناونیشانە لە چەند وشەیەک پێکدێت، وشەکانی: پێدەشت، کارمامز، کوژران. پێدەشت دەلالەتە بۆ شوێنێکی دەشتایی و کاکی بە کاکی، واتە پانتاییەکی فراوان و ئازادی هەیە. سنوور و دیوار و بەربەست و گردۆڵکە و چیای تیدایە نییە. ئەم شوێنە دەلالەتە لە شوێنێک ئازادییەکی فراوانی تێدا بێت. هاوکات شوێنێکی کراوەیە. دەبینی گرنگی شوێن تەنیا لە ناوەڕۆکی ڕۆماندا دەرناکەوێت، بەڵکوو دەلالەتەکانی لە ناونیشانیش دەردەکەوێت. بۆیە ((ڕەخنەی نوێ بایەخدان بە شوێنی خستە ناو بەرنامەی خۆیەوە لە چوارچێوەی دیارترین ئەو گۆڕانکاریانەی، کە لە ڕۆمان و چیرۆکی نوێدا ڕوویدا.)) [موفتی: ٢٠١٢: ١٣٢] بۆیە دەبینین مامز دەتوانێت لە شوێنێکی کراوە و ئازادی وەکوو پێدەشت و دەشتایی بژی. کەواتە پێدەشت دەلالەتە لە شوێنێک تێیدا ئازادی پیادە دەکرێت. واتە لەوێدا ئازادی خۆی پراکتیک دەکات. لێرەدا بەر وشەی دووەم کارمامز دەکەوین. کە دەلالەتە لە کچ. دەکرێ بپرسین ڕۆماننووس بۆ وشەی مامزی بەکارنەهێناوە و کارمامزی بەکارهێناوە؟ بەپێی بەدواداچوونی دوو دەلالەتی هەیە. یەکەم مامز وەکوو ئاژەڵێکی ئەزموودار و دایک دەردەکەوێت. کەواتە ئەگەر ناوی مامز بهاتبایە دەلالەت بوو لە ژنێکی مێردار. دووەم ڕاوکەران هێندەی مەبەستیان کارمامز بگرن ئەوەندە مەبەستیان نییە مامزی دایک ڕاو بکەن. کەواتە کارمامز وەکوو ئاژەڵێکی تازەپێڕاگەیشتوو و جوان دەردەکەوێت، ڕاوکەران بۆ ڕاگرتن و جوانی ڕاویان دەکەن. ڕۆماننووس ئەم وشەیە بۆ دەلالەت لە کچ دەهێنێتەوە، کچانێک لە دەشت و دەر ئازادن. دیارە ڕۆماننووس زیاتر مەبەستی ناوچە دەشتاییەکانی دەوروبەری شاری هەولێرە. کچ لە دەشت و دەردا ئازادبوون. بە ئازادی دەچوونە دروونە و سەرجۆخینان، دەچوونە سەر کانی. بەڵام دواتر ئەم ئازادییەیان لێ سەندراوەتەوە، بە بیانووی شەرەف کوژراون. ئەو کچانەی دەیانەوێت لەگەڵ خۆشەویستەکانیان بڕۆن و ئازادی خۆیان بە دەست بهێنن دەکوژرێن. وشەی کوشتن کۆتایی پێهێنانی ئازادییە. لەم ناونیشانەوە دەتوانین دەلالەتی تریش بەدەستبهێنین. واتە بەشێک لە واتای دەقەکە بەدەست دەهێنین. دەبینین چۆن ناونیشانەکە خوێنەر دەخاتە بیرکردنەوە و دەلالەتی فرەی هەیە، ئەم دەلالەتانە هەوڵێکن بۆ ئەوەی بیرکردنەوەی خوێنەر لە یەک شوێن و قەتیس نەکرێت.

ئەگەر لە ناونیشانی ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)(بەختیار عەلی) بڕوانین. ئەویش ناونیشانێکی هونەرییە و لایەنی هونەری و ئێستێتیکی بەسەر ناونیشانەکەدا زاڵە. ئەم ناونیشانە لە سێ وشە پێکهاتووە. سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێین ڕۆمانەکە باسی نەمری دەکات، باسی باوکێک دەکات، کە ناوی موزەفەری سوبحدەمە، تاقە کوڕێکی هەیە، بە هۆی زیندانیکردنەوە نەیتوانیوە ئەرکی باوکایەتی جێبەجی بکات، لە بیاباندا زیندانی دەکرێت. کوڕەکەی، کە ناوی سەریاسە دەداتە کەسێک بەناوی یاقووبی سنەوبەر بۆ ئەوەی ئاگای لێی بێت. ئەم پیاوەش دوو کوڕی دووانەی بە ناوی سەریاس هەیە. سەریاسی یەکەم بە هۆی شەڕی عارەبانەکانەوە دەکوژرێت. سەریاسی دووەم لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە دەکەوێتە کەمینەوە و دەگیرێت و زیندانی دەکرێت. سەریاسی سێیەم بە هۆی ڕووداوێکەوە دەسووتێت و بە سووتاوی زیندوو دەمێنێتەوە. کەسێکی تر هەیە ناوی محەمەدی دڵشووشەیە و بە هۆی عەشقەوە دڵی شکاوە. لاولاوی سپی و شادەریاش دوو خوشکن نایانەوێ شوو بە محەمەدی دڵشووشە بکەن. نهێنی هەنارەکانیش دارهەنارێکی ئەفسانەییە، دواتر نەدیمی شازادە دەتوانێت لەوێ هەست بە بینین بکات، هەرچەندە کوێری چاوی چاک نەبۆتەوە. ئەم ڕۆمانە پڕە لە شیعرییەت. ((ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکانیدا زیاتر لە هەر شتێک هەوڵی بەرجەستەکردن و نیشاندان و هێنانەناوەوەی فانتازیای بۆ ناو دەقەکانی داوە. لە هەر یەکێک لەو دەقانەشدا جۆرێکی تایبەتی فانتازیا باڵ دەکێشێت بەسەر دەقەکەدا. واتە ڕادەی دەرکەوتنی رووکارە فانتازیاکان لەنێو ئەم دەقانە هاوسەنگ و هەمەجۆر نییە.)) [بەکر و عەبدولکەریم: ٢٠١٧: ٣٢١] ئەم شێوازی بە فانتازیاکردنە کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی ناونیشانیش هەبووە.

وشەی یەکەمی ناونیشانەکە (دواهەمین) ئاماژەیە بۆ کۆتا و دوا شت. واتە ئەوەی دوا شت دەمێنێتەوە. هەرچی وشەی دووەمە، وشەی هەنارە. هەنار خۆی ئاماژەیە بۆ ماڵ و سامان و منداڵ. هاوکات ئاماژەیە بۆ بوونی خەمێکی قووڵ. دنیاش ئاماژەیە بۆ جیهان. کەواتە موزافەری سوبحدەم وەکوو باوکێک دوا سامانی دنیا کوڕەکەیەتی بۆیە ئەو کوڕەی دەدات بە کەسێکی تر. بەڵام دەبینین ئەو کەسەش دوو کوڕێ تری بە هەمان ناو هەیە. ئەوەی دوا جار دەمێنێتەوە سەریاسی سێیەمە بە سووتاوی. هەموو هەوڵی کارەکتەرەکان بۆ ئەوەیە بمێننەوە، بەڵام دواجار ئەوەی دەمێنێتەوە نەمرییە. کەواتە نەمریش وەکوو سامانێک دوا شتە لە دنیا بۆ مرۆڤ دەمێنێتەوە. هەر کارەکتەرە نەمری لە شتێکدا دەبینێتەوە و هەوڵی دەستخستنی دەدات. لاولاوی سپی و شادەریا دەیانەوێ لە ڕێی شوونەکردنەوە ئەم نەمرییە بە دەست بهێنن. نەدیمی شازاد لە

ڕێی کوێرییەوە، کە بە شێوەیەکی تر دنیا دەبینێت، دەیەوێ ئەو سامانە دەست بخات. کەواتە ئەوەی ڕۆماننووس کردوویەتی بەرهەمهێنانی شیعرییەتە لە ناونیشانەکە، یەکێک لە بنەما گرنگەکانی شیعرییەت لادانە واتاییەکانە. بە واتایەکی تر ((بەرهەم و لە دایکبووی لادانە واتاییەکانە، چونکە هەر کاتێک ئەو پەیوەندییەی لە نێوان دال و مەدلوولدا هەیە، دەستکاری کرا ئەو واتایەی کۆمەڵگا لەسەری ڕێککەوتووە دەگۆڕێت.)) [ئەحمەد: ٢٠١٣: ١٨٠] لە ڕێی ئەم لێکدانەوەیەوە لەوە دەگەین، کە ناونیشانی ڕۆمانی کوردی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و نوێبوونەوەی بە خۆیەوە دیوە.

## دووەم: شیکردنەوەی گوتاری ڕۆمانی کوردی

تیۆریزانی بواری گێڕانەوە جیرار جینێت، کە یەکێکە لە بونیادگەرەکان، کتێبێک بە ناوی (گوتاری حیکایەت) دەنووسێت. لەم کتێبەدا ڕەگەز و پێکهێنەرەکانی گوتاری گێڕانەوە دەستنیشان دەکات. هەرچەندە قسەکردن لەبارەی گێڕانەوە چاکەکەی بۆ فۆرمالیستە ڕووسەکان دەگەڕێتەوە، بەوەی ئەوان ئیشیان لە ئەدەبیەتی ئەدەب کرد، واتە چ شتێک دەقێک دەکاتە ئەدەب. ئەم ڕەوتە بەردەوام دەبێت، بەتایبەت لەگەڵ پەیدابوونی هەریەک لە تیۆریزانان: (کلۆد لیڤی شتراوس، ڕۆلان بارت، گریماس، تۆدۆرۆف و جیرار جینێت). بۆ قسەکردن لەو بارەیەوە دەبێت دوو قوتابخانەی تیۆری بۆ گوتاری گێڕانەوە دەستنیشان بکەین:

یەکەم: قوتابخانەی سیمیۆلۆجی، کە گرنگیان بە ناوەڕۆکی دەقی گێڕانەوەیی دەدا، واتە گێڕانەوەیان بە دەلالەتەوە گرێ دەدا، لە ناودارترین تیۆریزانان (گریماس و کلۆد بریمۆن)ن.

دووەم: قوتابخانەی بونیادگەری: ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە گرنگیان بە شیکردنەوەی سیستەمی بونیادی گێڕانەوە دەدا، بۆ نموونە تەکنیک و شێوازی گێڕانەوە، لە بەناوبانگترین تیۆریزانان (تۆدۆدرۆف و جیرار جینێت)ن.

بۆ توێژینەوە لە گوتاری ڕۆمانی کوردی، پەنا بۆ ئەو نموونەیە لە توێژینەوە دەبەین، کە جیرار جینێت بۆ توێژینەوە لە گوتاری ڕۆمان دەیخاتەڕوو. ئەم تیۆریزانە بە شێوەیەکی ورد چەمکەکانی تایبەت بە گێڕانەوە دەستنیشان دەکات. بۆیە توێژینەوە لە گوتاری گێڕانەوە لە لای ئەم تیۆریزانە سێ شێواز لە خۆی دەگرێت:

١. پێوەندی نێوان گوتار وحەکایەت[٣]
٢. پێوەندی نێوان گوتار و گێڕانەوە.
٣. پێوەندی نێوان حەکایەت و گێڕانەوە. [جینیت: ١٩٩٧: ٤٠]

بۆ پراکتیککردنی ئەم پێشنیازە مێتۆدییە لە ئاستی پێوەندییەکان پێویستە لە چوارچێوەی گوتاری بنیاتی گێڕانەوەدا نەسەقی هەر ئاستێک لەو ئاستانە دیاری بکەین، بۆ ئەمەش جیرار جینێت، کار لەبارەی ئەو دابەشکاریەی (تۆدۆدرۆف) بۆ ئەو ئاستانە دەیکات دەکات:

١. کات: لە چوارچێوەی کاتدا توێژینەوە لە پێوەندی نێوان کاتی حەکایەت (زمن الحکایە) و کاتی گوتار دەکرێت.

٢. گۆشەنیگا: پێوەندی بەو گۆشەنیگایەوە هەیە، کە گێڕەرەوە ڕووداوەکانی حەکایەتی (الحکایە) تێدا دیاری دەکات.

٣. شێواز: پێوەندی بە شێوازی ئەو گوتارەوە هەیە، کە گێڕەرەوە بەکاری دەهێنێت. [تودوروف: ١٩٩٠ :٤٥- ٤٦] بەڵام (جینێت) ئەم دابەشکاریەی( تۆدۆرۆف) دەسکاری دەکات و وردتر ئەو دابەشکارییە دەخاتەڕوو بەتایبەت کاتێک توێژینەوە لە ڕۆمانی (گەڕان بۆ کاتی لە دەستچوو)ی (مارسێل پرووست) دەکات. بۆیە گوتاری گێڕانەوە لە سێ دابەشکاریدا دەستنیشان دەکات:

١. کاتی چیرۆک (زمان الحکایە) و کاتی گوتار لە یەک چەمکدا بە ناوی کات دەستنیشان دەکات.

٢. لێکدانی هەردوو چەمکی گۆشەنیگا و شێواز لە یەک چەمکدا، ئەویش چەمکی شێوازە، کە پێوەندی بە شێوازی گێڕانەوەوە هەیە.

٣. چەمکی دەنگ دەهێنێتە ناوەوە بۆ جیاوازی گێڕانەوە لە ڕۆماندا، بەتایبەت گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە جێناوی قسەکەر و جێناوی کەسی نادیار.

وەک دەبینین ئەم دابەشکارییە جیاوازی لەگەڵ دابەشکارییەکەی (تۆدۆرۆف)دا هەیە، هاوکات دێت بە شێوەیەکی تر وەسفی هەر یەک لەو چەمکانە دەکات. بە بڕوای ئەو کات و شێواز پێوەندییان بە توێژینەوە لە پێوەندی چیرۆک و گوتار لە لایەک و گێڕانەوە و چیرۆکیش لە لایەکی ترەوە هەیە. هەریەک لەم چەمکانەش بۆ چەند زاراوەیەک دابەش دەکات. کات بۆ زاراوەکانی: ڕێکخستن، ماوە و بەدوایییەکداهاتن دابەش دەکات. شێواز بۆ مەودا و گۆشەنیگا دابەش دەکات و دەنگیش بۆ کاتی گێڕانەوە، ئاستی گێڕانەوە، کارەکتەر، ئەرکەکانی گێڕەرەوە و ئەرکەکانی بۆگێڕەوە دابەش دەکات. لێرەوە گوتاری ڕۆمانی کوردی بە گوێرەی ئەم دابەشکاریانەی جینێت دەسنیشان دەکەین.

---

[٣]. لێرەدا مەبەستمان لە زاراوەی (الحکایە)ی عەرەبییە، نەک چیرۆک بە واتا مۆدێرنەکەی، واتە (القصە). واتە ئەو کەرەسە خاوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانی لەسەر بنیات دەنرێت.

**١. کات:**

(جیرار جینێت) دوو فۆرمی کات لە گێڕانەوە دەستنیشان دەکات. ((یەکەمیان کاتی چیرۆک –زمن الحکایە– واتە کاتی ئەو شتەی دەگێڕدرێتەوە، یان مەدلوول. دووەمیان کاتی حیکایەت –زمن الحکایة–یان کاتی دال.)) [جینیت: ١٩٩٧: ٤٥] ئاشکرایە چیرۆک (الحکایە) کەرەسە خاوەکەیە و گوتاریش ئەو کەرەسە و ڕەگەزانەن، کە گێڕەرەوە ڕووداوەکانی چیرۆکی (الحکایە) لە ڕێگەیەوە دەگێڕێتەوە. بۆیە هەمیشە دژیەکیەک لە نێوان سیستمی چیرۆک، کە لەسەر هێڵێکی زنجیرەیی کات وەستاوە (١، ٢، ٣، ٤...) لەگەڵ سیستمی گوتاری گێڕانەوەیی، کە لەسەر جیاوازی لە ڕێکخستنی کات و ڕووداوەکان وەستاوە هەیە. بۆیە کاتی چیرۆک کاتێکی نەگۆڕ و جێگیرە، بەڵام کاتی گوتار کاتێکە لە ڕووی زنجیرەیی و فۆرمەوە دەگۆڕێت. ئەم جیاوازییە بە بڕوای جینێت بۆ توێژینەوە لە گوتاری گێڕانەوە زۆر پێویستە، چونکە لەو ڕێگەیەوە دەتوانین ڕەوتی گەشەی گێڕانەوە لە کۆنەوە تاکوو پەیدابوونی ڕۆمان وەکو ژانرێکی نوێ و سەر بە شار دیاری بکەین. زۆربەی توێژینەوەی گوتاری گێڕانەوە خۆی لە تێکدانی شێوەی کرۆنۆلۆجی کات دەبینێتەوە، بەتایبەت ئەو کاتە کرۆنۆلۆجیەی لە چیرۆکی گێڕانەوەدا هەیە، بۆ نموونە ئەفسانەکان، چیرۆکەکانی هەزار و یەکشەوە و چیرۆکە سەرزارییەکان، بەڵام ئەم فۆرمە لە کات لە ڕۆمانی نوێدا تێکدەشکێندرێت. بە بڕوای (جیرار جینێت) دوو جۆر لە کاتمان لەناو ڕۆماندا هەیە، واتە سیستمێکی دووانەییمان بۆ کات هەیە. یەکەمیان کاتی ڕووداوە گێڕدراوەکانە (کاتی چیرۆک)، دووەمیان کاتی گێرانەوەیە، لێرەوە توێژینەوەی لە پێوەندی نێوان ئەم دوو کاتەدا کرد.

**ا. ڕێکخستن (Order)**

مەبەست لە ڕێکخستنی کات لە چیرۆکدا (الحکایە) بەرامبەرە بە ڕێکخستنی ڕووداو لە گوتاری گێڕانەوەدا. ئەم بەرامبەرییە جینێت ناوی دەنێت دوورکەوتنەوە کاتییەکان. بەڵام لێرەدا دەکرێ بپرسین ئەو تەکنیکانەی دەبنە هۆی دوورکەوتنەوەی کات چین؟ بە بڕوای ئەو دوو تەکنیکەمان هەیە، یەکیان هێنانەوەی ڕووداوە (الاسترجاع) و ئەوی تریان پێشکەوتنی ڕووداوە (الاستباق)ن. بە بڕوای (یان مانفرید) ڕێکخستنی ڕووداوەکان ((بریتییە لە لادان و دەرچوون لە بەدواییەکداهاتنی ڕووداوەکان لە چیرۆکدا، دوو شێوازی سەرەکیمان هەیە، ئەوانیش هێنانەوەی ڕووداو و پێشکەوتنی ڕووداوە)) [مانفرید: ٢٠١١: ١١٦] ئەم لادانانە لە فۆرمی زنجیرەیی ڕووداوەکان

هەوڵێکە بۆ نوێکردنەوەی ڕۆمان. واتە ڕۆمانی نوێ گوتارێکی تازەی لەبارەی کات و شێوازی ڕێکخستنی ڕووداوەکان پێشکەش کرد.
پێشکەوتنی ڕووداو یەکێکە لەو تەکنیکانەی لە گوتاری گێڕانەوەدا بۆ نوێکردنەوەی ڕۆمان پەنای بۆ بردراوە. دیارە ڕۆمانی کوردیش لە دوای ڕاپەڕینەوە بە هۆی ئاشنابوونی بە ڕۆمانی ئەورووپی و تەکنیکی ڕۆمانی نوێ هەوڵی تێکشکاندنی شێوازە باوەکەی توخمی کاتی دا. پێشکەوتنی ڕووداو بریتییە لە تێکشکاندنی ئێستای گێڕانەوەی ڕووداو، باس لە ڕووداوێک دەکات، کە هێشتا کاتی ڕوودانی نەهاتووە. بە بڕوای ڕەخنەگر (لەتیف زەیتوونی)، ئەم تەکنیکە بریتییە ((پێچەوانەی ڕەوتی زەمەنی گێڕانەوەیە، کە ئێستای حیکایەت تێدەپەڕێنێت و باس لە ڕووداوێک دەکات، کە هێشتا کاتی نەهاتووە. پێشکەوتنی ڕووداو لەو تێکستانەی بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک نووسراون، زۆر باوە، بە تایبەتی لە کتێبی ژیاننامە و گەشتنامەکاندا، کە نووسەر، چیرۆکبێژ و کارەکتەر سێ ڕۆڵیان هەیە و یەک کەس ئەو ڕۆڵە دەبینێت. ئەو تێکەڵکردنەی ڕۆڵەکان دەبێتە هۆی بەیەکداچوونیان و دواتر بەیەکداچوونی زەمەنەکانیشیان. پێشکەوتنی ڕووداو هەندێجار شێوەی خەون وەردەگرێت، خەونێک غەیب کەشف بکات، یان شێوەی پێشبینی و گریمانی ڕاستەقینە لەبارەی داهاتووەوە وەردەگرێت.)) [زیتونی: ٢٠٠٢: ١٥] لێرەدا جەخت لەسەر هاتنی ڕووداوێک دەکاتەوە، کە هێشتا ڕووی نەداوە. واتە هێشتا کاتی ڕوودانی نەهاتووە، بەڵام پێشخراوە. واتە کاتی ئێستای گێڕانەوە دەوەستێندرێت بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوە پێش بخرێت و باس بکرێت. لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە) (بەختیار عەلی) دا زوو زوو ڕووبەڕووی ئەم تەکنیکە دەبینەوە ، ئەوەش لە پێناو ئامادەکردنی خوێنەر بۆ ڕوودانی ڕووداوێک، کە هێشتا کاتی نەهاتووە. ((دڵنیام دێت هێشتا زووە، وا نییە؟. هەر جارێکیش کە دەهاتە ژووریَ بە نازکی باوەشی پێدا دەکردم و دەیگووت: وەعدم بەریَ عاقل دەبیت، وەعدم بەریَ ئەگەر نامەم بۆ نووسیت وەڵاممدەدەیتەوە، وەعدم بەریَ کە هەواڵی هاوڕێکانم بۆ بنێریت. وەعدم بەریَ ئەگەر مردم لەبیرم نەکەیت.)) [عەلی: ٢٠١٤: ٣٣] لەم پەرەگرافەدا (پەروانە) هەندێک ڕووداو باس دەکات، کە دەکریَ ڕووبدەن. بۆ نموونە نامەنووسین، لەبیرنەکردنی دوای ئەوەی دەمرێت. کۆمەڵێ ئەرکی داهاتووی پێ دەسپێرێت، ڕەنگە لە داهاتوودا ڕووبدەن. لێرەوە خوێنەر بەردەوام بە دوای ئەو هەواڵانە و ڕووداوانەوەیە، کە گێڕەرەوە سەرەداوەکانی دەداتێ. بۆیە دوای گێڕەرەوە دەکەوێت بۆ ئەوەی بەردەوام زانیاری نوێی لێ وەربگرێت. ئەم تەکنیکە، واتە پێشکەوتنی ڕووداو بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش دەبێت. (جەلال ئەنوەر سەعید) لە کتێبی (تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلیدا)،

پیشکەوتنی ڕووداو بۆ دوو بەش دابەش دەکات. ((پێشکەوتنی ڕووداو لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەدا بە چەند شێوەیەک بە کار هاتووە، پێشکەوتنی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوو دەدەن، پێشکەوتنی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوو نادەن.)) [سەعید: ٢٠٠٩: ١٠٥] کەواتە دوو جۆر پێشکەوتنی ڕووداو دیاری دەکات، ئەوانیش: پێشکەوتنی ئەو ڕووداوانەی ڕوودەدەن و پێشکەوتنی ئەو ڕووداوانەی ڕوونادەن، واتە لە ڕووی ڕوودان، یان ڕوونەدانی ڕووداوەکەوە. لە لایەکی ترەوە (نەجم ئەڵوەنی) لە ڕووی شوێنی ڕووداوەکان لە زنجیرەی گێڕانەوەدا جۆرەکانی پێشکەوتنی ڕووداوی دیاری کردووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. پێشکەوتنی ناوەکی: ئەم جۆرە پێشکەوتنە هەر وەک (جیرار جینێت) دەڵێت: وەکو گەڕانەوەی ناوەکی بەکاردەهێندرێت، تێکەڵی و ئاوێتەبوونێکی لەبار پێک دەهێنێت لەنێوان حەکایەتی یەکەم و ئەو حەکایەتەی کە برگەی پێش ڕووداو کەوتنەکە پێی هەڵدەستێت."

٢. پێشکەوتنی دەرەکی: ئەم جۆرەیان تایبەتە بەو ڕووداوانەی کە پێشکەوتنیان تێدا بەدی هاتووە و دەکەونە دەرەوەی کاتی سەرەکی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە. بۆیە ئەمیش هەروەکو گەڕانەوەی دەرەکی بەکار دەهێندرێت.

٣. پێشکەوتنی دووبارە کراو: بریتیە لە دووبارەکردنەوەی ڕووداوێک کە لە ئایندەدا ڕوودەدات، بەڵام لە کاتی ئێستای گێڕانەوەدا چەند جارێک و لە چەند شوێنێکی جیاواز بە درێژایی دەقەکە دووبارە دەبێتەوە. [ئەڵوەنی: ٢٠٠٤: ٢٣٤ ]

کەواتە ئێمە دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە تەکنیکی پێشکەوتنی ڕووداو دیاری بکەین:

**یەکەم**: پێشکەوتنی ئەو ڕووداوانەی روودەدەن، ئەمەش بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە دابەش دەبێت:

١. پێشکەوتنی ڕووداوی ناوەکی: بریتییە لەو رووداوەی تێکەڵی کاتی ئێستای گێرانەوە دەبێت، واتە هەر لە چوارچێوەی کاتی گێڕانەوەکەدا دەبێت و رووش دەدات. واتە مەرجی ئەم پێشکەوتنە ئەوەیە لەناو کاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە رووداوە پێشخراوەکە روو بدات. (فەرهاد پیرباڵ) لە ڕۆمانی (سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا)دا بەم شێوەیە پێشکەوتنی ڕووداوی ناوەکی دەهێنێتەوە:

((گوڵنۆش نەیهێشت نائارامی لەوە زیاتر ڕۆحم بکرۆژێ: پێنج صەد دۆلارەکەی لەناو دەستم دەرهێنا و پەستایە گیرفانمەوە:

- هەڵیگرە

من تەماشای ئەوم دەکرد.

گوتی: دڵ لە دڵ مەدە، برۆ!

گوڵنوش ئەمەی گوت و تەماشای دایکمی دەکرد "کە لەسەر پێپلیکەیەکی شکاوی عەوشەکەمان بە تەنیا دانیشتبوو، دەگریا" پاشان گوڵنوش بە دەنگێکی گریاناوی و لە هەمان کاتدا بە ئازایەتییەوە وتی:

- لە دوورە وڵاتیدا تۆ ئەگەر بشمریت، بە مردنی خۆت دەمریت، نەوەک لەم جەنگە نەفرەتبار و بێ مانایەدا بکوژرێیت.

من چاوەکانم لەو کاتەدا پڕ بوون لە فرمیسک، وتم:

- دەترسم
- لە چی!

وتم: لەوەی کە جارێکی دیکە نەتانبینمەوە

ئەمەم وت و ئیتر لە پرمەی گریانم دا.)) [پیربال: ٢٠٠٢: ١٢- ١٣]

گێڕەرەوە لەگەڵ ماڵەوە دانیشتووە و دەیەوێ وڵات بەجێبهێڵێت، لە لایەن باوکییەوە چەندین پێشنیازی بۆ دەکرێت، یان ببێتە سەرباز و لە شەڕی ئێران و عێراقدا بەشدار بێت، یان ببێت بە جاش و یان پیشمەرگە. بەڵام گێڕەرەوە هەموو ئەمانە ڕەت دەکاتەوە. بۆیە (گوڵنوش) پێی دەڵێت وڵات بەجێبهێڵێت و بچێتە هەندەران. واتە گێڕەرەوە هێشتا نەچۆتە هەندەران، ڕووداوی ڕۆیشتنی بۆ هەندەران پێشدەخرێت و لە کاتی ئێستای گێڕانەوەدا باس دەکرێت و تێکەڵ دەکرێت. دواتر هەر لەناو ئەم ڕۆمانەدا گێڕەرەوە دەگاتە هەندەران و ڕووداوەکە ڕوودەدات. خوێنەر لێرەدا تەنیا ئاماژەیەکی بۆ دەکرێت، کە گێڕەرەوە دەیەوی بچێتە هەندەران، ئەمەش دەبێتە هاندانێک بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە خوێندنەوە.

٢. پێشکەوتنی ڕووداوی دەرەکی: بریتییە لە هێنانی ڕووداوێک، کە کاتی ڕوودانی لە دەرەوەی کاتی ئێستای گێڕانەوە، وەکوو گەڕانەوەیەکی دەرەکی هەژمار دەکرێت. لە ڕۆمانی (پاشایان کوشت)ی (خوسرەو جاف)دا، کاتێک مستەر ڕیچ سەردانی کەیخوسرەو بەگ دەکات و لە هەواری ئەوان لا دەدات، باسی سەرسامی خۆی بەم هەوارە دەکات:

((- لە سلێمانی کە باسی ئەم ناوچانەت دەکرد، وام نەدەزانی بەم ئەندازەیە سروشت درێغیی لی نەکردبێ، هەرچیت وتبوو، ئەشهەدو کەمت وتووە.

- ئەم وڵاتە گەلێک دیمەن و جێگە و شوێنی دڵڕفێنتری تێدایە ئەگەر مەیلت لی بێ، ئەوانەی نزیکن بۆی دەڕۆین.

- باشە، بەڵام با لە سنە بگەڕێمەوە، هەر بەو مەرجەی ئەگەر لە ئەمانوڵڵاخان زووتر ڕزگار بم.)) [جاف: ٢٠١١: ١١] لەم پەرەگرافەدا کەیخوسرەوبەگ داوا لە مستەر ڕیچ دەکات بچن هەموو

شوێنەکانی هەوارەکەیانی پێ نیشان بدەن. ڕیچ زۆر سەرسامی خۆی بەو ناوچەیە دەردەبڕێت. بۆیەی ڕیچ داوا دەکات دوای گەڕانەوەی لە شاری سنە کەیخوسرەو بەگ بۆ ئەو شوێنانەی ببات. بەڵام لە ڕۆمانەکەدا ئاشکرا نییە، کە مستەر ڕیچ دەگەڕێتەوە بۆ لای کەیخوسرەوبەگ یان نا. ڕەنگە دوای تەواو بوونی ڕووداوەکان گەڕابێتەوە لای بەڵام لە ڕۆمانەکەدا ئاماژەی بۆ نەکراوە. واتە کاتی ڕوودانی گەرانەوەی ڕیچ دەکەوێتە دەرەوەی کاتی ئێستای گێڕانەوە. هەر ڕۆماننووس (خوسرەو جاف) لە ڕۆمانی (گەماڵ)دا پەنا بۆ ئەم تەکنیکە دەبات و پێشکەوتنی ڕووداوی دەرەکی بەکار دەهێنێت:

(( قیژەی ژنەکەی قالە چەند پەلەوەری سەر دارەکانی هەراسان کرد:

- خۆشت بێ و ترشت بی هەر ژن دێنم.. ژن کە ژن ناخوات، تا چواریش حەڵاڵە و حەقی خۆمیشە. ئەو پول و پارەیەم نییە ئەگینا ئیمانم تەواو دەکرد.. کەی بە دیار تەختەرەقێکی وەک تۆوە دانیشم؟! ژنەیش دەیوت:
- پاداشتی کوێرەوەری و برسێتیم وا دەدەیتەوە؟ تا ڕەجاڵ بویت و رەق و تەق نەبووم، ئێستا دەستت دەگاتە دەمت و ژن دێنیتە سەرم.. خوا بتکاتە قوربانی ئەو سەگانە! دەبووا بەزەییەکت بەم منداڵانە بهاتایە.. هەی نامەرد.)) [جاف: ٢٠١١: ٧١]

لەم پەرەگرافەیشدا قالە دەیەوێت ژن بهێنێت، ڕووداوی ژنهێنانەکەی، ڕووداوێکە لەناو ڕۆمانەکەدا ڕوو نادات، بەڵکوو دەکەوێتە دەرەوەی کاتی ئێستای گێڕانەوە. بۆیە ڕووداوەکە لەناو ڕۆمانەکەدا ڕوونادات، بەڵکوو دەکەوێتە دوای تەواوبوونی ڕۆمانەکە. بە بڕوای ئێمە ئەگەر ڕۆمانەکە درێژەی هەبووایە ئەوا ژنهێنانەکەی قالەمان دەخوێندەوە.

٣. پێشکەوتنی ڕووداوی دووبارە کراو: ئەم جۆرە ڕووداوە بە شێوەیەکە گێڕەرەوە چەند جارێک لەناو ڕۆمانەکەدا دووبارەی دەکاتەوە، ئەمەش بۆ گرنگی ڕووداوەکە دەگەڕێتەوە. (جیرار جینێت) بەم تەکنیکە دەڵێت: پەیوەندییەکانی دووبارەبوونەوە، کە ڕووداوێک چەند جارێک ڕوودەدات و چەند جارێکیش دەگێڕدرێتەوە. لە ڕۆمانی (گەڕیان ل بابێ بەرزە)ی (ئەنوەر محەمەد تاهیر) ڕووداوێک هەیە، ڕووداوی گەڕان بە دوای باوکدا. گێڕەرەوە بەردەوام ئەم ڕووداوە باس دەکات. لێرەدا هێشتا ڕووداوی گەڕان و دۆزینەوە دەستی پێنەکردووە. ((ئەڤ دوو شەڤ و دوو ڕۆژە ل بابی خۆ دگەرێن هەرچەندە دزانن کو دیتنا وی تشتەکێ زەحمەتە و هەکە مەحال نەبیت.)) [تاهیر: ٢٠٠١: ٥] گەڕان و دۆزینەوەی باوک، ڕووداوێکە لە چەندین شوێن گێڕەرەوە باسی دەکات. بۆیە تێمە و بنیادی ڕۆمانەکەی لەسەر بنیات نراوە. ئەم ڕووداوی دۆزینەوەی باوکە بەردەوام لە زۆربەی لاپەڕەکانی ڕۆمانەکە دووبارە دەبێتەوە. ئەمەش لە پێناو ئەوەیە بەردەوام گێڕەرەوە بە

بیر خوێنەری بهێنێتەوە، کە کاری سەرەکی کارەکتەرەکان گەڕانە بە دوای باوکیان و دۆزینەوەیەتی. هاوکات بە بیریان بهێنێتەوە، کە تیمەی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، ئەوەیە، نەک ئەو ڕووداوانەی لە ڕۆمانەکەدا خوێنەر بەریان دەکەوێت.

**دووەم**: جۆری پێشکەوتنی ڕووداو، ئەو ڕووداوانەن، کە هەر ڕوونادەن، بەڵام کاریگەریان لەناو ڕۆمانەکەدا هەیە. ئەم جۆرەیان بریتییە لە ((پێشکەوتنی ڕووداوێک، ناکرێت بە دی بێت، کە تێیدا کارەکتەر سەرەوەی توانای خۆی و هی دەوروبەری دەخاتە کار لەپێناو بەدیهێنانیدا. ئەمەیان لەو ڕۆمانانەدا هەیە، کە تامەزرۆیی لای خوێنەر دروست دەکەن، ئاخۆ پێشبینیەکانی ڕاست دەردەچن، یان تووشی نائومێدی دەبێت، کە پێی وابووە ئەو کارەکتەرە بە ئامانجەکانی دەگات.)) [النعیمی: ٢٠٠٤: ٣٦] لێرەش زیاتر بۆ ئەوەیە خوێنەر بە وردی بەدواداچوون بۆ ڕوودان، یان ڕوونەدانی ڕووداوەکە بکات. لە ڕۆمانی (گومانە یاخێکانی کەلات)ی (سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم) باسی ڕۆژی حیساب، واتە ڕۆژی دوایی دەکات. ((دەڵێن: ڕۆژی حیساب هەیە، لەو دنیا هەموو لە دایکبووەکانی سەر ئەم زەمینە بە ڕیز ڕادەوەستین، هەر یەکێکمان ژمارەی خۆمانمان بە دەستەوەیە.)) [ئیبراهیم: ١٩٩٩: ٢] لەم ڕۆمانەدا، کە ئیشکردنە لەبارەی گومانەوە، باسکردنە لە هاتنی ڕۆژی دوایی. بەڵام ڕووداوی ئەم ڕۆژە لەناو ڕۆمانەکەدا و تەنانەت لە واقیعیش هێشتا نەهاتووە. بۆیە خوێنەر بەردەوام دەبێت لە خوێندنەوە، بۆ ئەوەی بزانێت ئەگەر ئەم ڕۆژە بێت بە شێوەی گریمانەیی چی ڕوودەدات و چی دەبێت.

تەکنیکی دووەمی ڕێکخستنی کات بریتییە لە گەڕاندنەوەی ڕووداوەکان (الاسترجاع). گەڕاندنەوە سەرپێچیکردنە لە ڕەوتی ڕووداوەکان. واتە تێکشاندنی ڕەوتی زنجیرەیی ڕووداوەکانە. واتە هێنانەوەی ڕووداوێک، کە لە ڕابردوودا ڕوویدابێت. واتە ((گێڕەرەوە لە ڕێڕەوی گێڕانەوەکەیدا دەوەستێت و ڕووداوێک دەگەڕێنێتەوە بۆ ئێستای کە پێشتر ڕوویداوە.)) [سەعید: ٢٠١٣: ٢٧٨] کەواتە ئێمە لەناو ڕەوتی ئێستای گێڕانەوەدا ڕووداوێک لە ڕابردوودا دەهێنێتەوە بۆ کاتی ئێستای گێڕانەوە، لە پێناو ئەو ڕووداوەدا کاتی ئێستای گێڕانەوە دەوەستێت، بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوە باس بکرێت. ئاشکرایە زۆربەی توێژەران هەمان دابەشکردنەکەی (جیرار جینێت) بۆ گەڕاندنەوە پێڕەو دەکەن، کە بۆ سێ جۆری سەرەکی دابەشی دەکات، ئەوانیش: گەڕاندنەوەی دەرەکیی، ناوەکیی و تێکەڵن. [جینت: ١٩٩٧: ٤٧]

١. گەڕاندنەوەی دەرەکیی: بریتییە لە گەڕاندنەوەی ڕووداوێک، کە دەکەوێتە دەرەوەی حەکایەتی ڕۆمانەکە. واتە پێش دەسپێکردنی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە. لە ڕۆمانی (هێلانە)ی (حوسێن عارف)دا،

کاتێک کارەکتەر بە دوای (دلێر)دا دەگەڕێت، گێڕەرەوە دێت باسی سەردەمی منداڵی کارەکتەر و (دلێر) دەکات و دەهێنێتەوە ناو باسەکەوە. ((دلێر هاوەڵی قوتابخانەی ناوەندییان بوو. بە درێژایی هەر سی ساڵەکە، ئەمان سێکوچکە و ئەو چوارەمیان بوو. بەڵام ئەو لەسەر داوای باوکی و حەزی خۆشی، ڕووی کردە دواناوەندی و لەمان دابڕا. تا لە پۆلی شەشەم چەقی و وازی لە خوێندن هێنا.)) [عارف: ٢٠١١: ٣٣] بۆ ئەم ڕووداوە گێڕەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەرەوەی ڕۆمان، ئەمەش لە پێناو پێشکەشکردنی زانیاری گونجاو بۆ خوێنەر، ڕاستە پچڕانێک لە ڕەوتی گێڕانەوەدا دروست دەبێت. بەڵام ئەم پچڕانە کاتییە. چونکە لێرەدا کارەکتەرێکی نوێ دێتە ناوەوە. ئەم کارەکتەرە نوێیە پێویستی بە ناساندن و هەڵدانەوەی بەشێک لە ڕابردووی هەیە. هاوکات پەیوەندی ئەو کارەکتەرە نوێیە بە کارەکتەرەکانی تر ئاشکرا دەکات. لیرەدا (دلێر) کارەکتەرێکی نوێیە و دێتە ناو ڕووداوەکان، گێڕەرەوەش بۆ ئەوەی بە خوێنەری بناسێنێت و پیوەندی دلێر بە کارەکتەرەکانی تر ڕوون بکاتەوە، باسی ڕابردوویان دەکات.

٢. گەڕاندنەوەی ناوەکیی: بریتییە لە گەڕاندنەوەی ڕووداوێک، پێوەندی بە ڕۆمانەکەوە هەیە، بەڵام کەوتۆتە دەرەوەی کاتی ڕۆمانەکە. واتە ((بۆ ڕابردووی پێوەند بە سەرەتای ڕۆمانەکە دەگەڕێتەوە، بەڵام پێشکەشکردنی لەناو دەقەکە دواخراوە.)) [قاسم: ١٩٧٨: ٣٨] لە ڕۆمانی (پیاوێکی شەپقەڕەشی پاڵتۆ شین)ی (فەرهاد پیربال)دا، ڕۆماننووس پەنا بۆ تەکنیکی گەڕاندنەوەی ناوەکیی دەبات. ((پازدە ساڵێک پیش ئەمڕۆ، ئێستەیش هەر ماندوویی و هەلاکەتی ئەو ساڵە سەختانەم هەر لە گیان دەرنەچوو. بە کارکردن، بە قەرزوقۆڵ، بە مەئساتێکی زۆرەوە... هەر چۆنێ بی توانیم لە ڕێگەی ئەستەمبۆڵەوە بیانگەیەنمە مالمۆ بۆ لای خۆم. سێ ساڵان بەردەوام ناو میترۆ و ئاودەستخانە و گۆڕستانەکانی مالمۆم پاک کردەوە. ئینجا دوای ئەوەش دەگاتە ئەورووپا ئینجا لەوە تێدەگات کە ئەورووپا چ ماف و ئازادییەکی ڕەها و بێ سنووری بۆ ئافرەت دابین کردووە.)) [پیربال: ٢٠٠٣: ١٣٢- ١٣٣] ئەم ڕووداوە پێوەندی بە ڕۆمانەکەوە هەیە، چونکە (مامۆستا فەریدوون) چەند ساڵێک پیش ئەوەی خێزانەکەی بهێنێتە ئەورووپا هەموو ئەم ئیشانەی کردووە، واتە دەیان ڕەنج و قوربانی داوە. واتە هەموو ئەمانەی لە ڕابردوو باسیان دەکات، لەناو ڕۆمانەکەدا ڕوویانداوە، بەلام کاتی باس کردنیان دواخراوە.

٣. گەڕاندنەوەی تێکەڵ: ئەم جۆرەیان بە تێکەڵبوونی گەڕاندنەوەی دەرەکیی و ناوەکیی دروست دەبێت. دەرەکییە بەوەی لە خاڵێکی کات دەست پێدەکات، کە دەکەوێتە دەرەوەی کاتی چیرۆکی ڕۆمانەکە واتە بەر لە دەستپێکردن . ناوەکییە بەوەی درێژەدان بەو ڕووداوە دەکەوێتە ناوە

چیرۆکی ڕۆمانەکە. لە ڕۆمانی (هێلانە)ی (حوسێن عارف)دا. ڕووداوێک دەهێنێتەوە، کە کاتی ڕوودانی دەکەوێتە دەرەوەی چیرۆکی ڕۆمانەکە. ((مامەوە خۆم و لێکدانەوەی خۆم. بیرم بۆ جگەرەکەی ناو ئەشکەوتەکە چووەوە کە نەیانهێشت لیی تێر نەفەس ببم. لامدایە سەر تاشە بەردێک و دانیشتم. جگەرەیەکم لە بری ئەوەکەی ئەوێ ئاگردا وبەبێ خەم دەستم کردە مژلێدانی.)) [عارف: ٢٠١١: ٥٤] لەم پەرەگرافەدا کارەکتەر ڕووداوێک بە یاد خۆی دەهێنێتەوە، لە ئەشکەوتێکدا جگەرەی کێشاوە، بەڵام کاتی ڕوودانی ئەم ڕووداوە کەوتۆتە دەرەوەی ڕۆمانەکە، بەڵام درێژەی ڕووداوەکە دیسان دەهێنرێتەوە ناو ڕۆمانەکە. بەمەش کارەکتەر دەتوانێت لە ڕێی ئەم ڕووداوەوە کۆمەڵی شتی ترمان بۆ باس بکات.

**ب. ماوە (duration)**

ئەمە تەکنیکێکە (جینێت) بۆ دابەشکردنی کاتی گێڕانەوەی چیرۆک و کاتی گوتاری دەق پێڕەوی دەکرد. ئەم تەکنیکە بریتییە لەو ماوەیەکە گێڕانەوەی چیرۆک دەیخایەنێت. واتە ڕۆماننووس چۆن کاتی گێڕانەوە سست و خێرا دەکات. بۆیە دەڵێت: ((خێرایی دەق پێوەندی نێوان ماوەی(قیاس) کاتەکەی و ماوەی شوێنییە، وەکوو مەترێک لە چرکەیەکدا و چرکەیەک لە مەترێکدا. کەواتە خێرایی حەکایەت بە پێوەندی نێوان ماوە (ماوەی ڕۆمان بە چرکە و خولەک و کاتژمێر و ڕۆژ و ساڵ دەستنیشان دەکرێت) و درێژی (درێژی دەق، کە بە ژمارە و درێژی دێر و لاپەڕەکان دەسنیشان دەکرێت) دیاری دەکرێت.)) [جینیت: ١٩٩٧: ١٠٢] کەواتە ماوە دوو ئەرکی هەیە، یەکیان ئەوەیە ڕەوتی کات لە ڕۆماندا لە لایەک خێرا بکات، ئەویش بە هۆی هەردوو تەکنیکی لابردن و کورتکردنەوە، لە لایەکی تروە ڕەوتی کات بە هۆی هەردوو تەکنیکی دیمەن و وەستان سست بکات.

١. کورتکردنەوە: بریتییە لە کورتکردنەوە و پوختکردنەوەی ڕووداوی چەند مانگێ، یان چەند ساڵێک بۆ لاپەڕەیەک، یان چەند لاپەڕەیەک. واتە پوختەی ڕووداوی چەند مانگی، یان ساڵێک، یان چەند ساڵێک باس بکرێت. لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی (بەختیار عەلی) (یاقووبی سنەوبەر) بەو شێوەیە باسی گەڕانی خۆی بە دوای کارەکتەردا دەکات. ((زۆر بیرم لێ کردوویتەوە، زۆر... دۆزینەوەی تۆ ئاسان نەبوو، تا ئەو نامە بچووکانەت بۆ بنێرم، دەبایە شتێکی زۆر خەرجبکەم...پارەی خەیاڵی... بەڵام دەبووایە تۆ بزانیت من دەزانم تۆ زیندوویت... بزانیت لە یادم نەچوویتەوە... شتێک لە وەفای خۆمت بۆ نیشاندەم. یاقووبی سنەوبەر نەیدەزانی دوای

بیستویەک ساڵ دیلی هەموو قسەیەک لەسەر وەفا و بێوەفایی بێ مانایە.)) [عەلی: ٢٠١٥: ٢٨] لێرەدا گەڕان و بیرکردنەوەی یاقووبی سنەوبەر زۆر زیاتر لەو کاتەی، یان لەو چەند دێڕەی نووسراوە خایاندووە. بەلام ڕۆماننووس بۆ ئەوەی ڕەوتی کاتی گێڕانەوە خێراتر بکات، دێت هەموو ڕووداوەکانی ئەو چەند ساڵە بە چەند دێڕێک باس دەکات.

٢. لابردن: ئەمەش دووەم تەکنیکە بۆ خێراکردنی ڕەوتی گێڕانەوە. وەک لە ناوەکەیدا دیارە بریتییە لە لابردنی بەشێک لە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە. ئەمەش دوو جۆرە:

**ا. لابردنی دیاریکراو:** بریتییە لەو لابردنەی ڕۆماننووس ئاماژەی بۆ دەکات. واتە ((ئەو لابردنەیە، کە نووسەر لە دەستەواژەیەکی دیاریکراودا ئاماژەی بۆ دەکات. وەکو (دوای ساڵێک، دوای شەش مانگ) بەسەر کارەساتەکەدا تێپەڕی.)) [قاسم: ١٩٧٨: ٨٩] لە ڕۆمانی (تەمی سەر خەرەند)ی (شێرزاد حەسەن)دا دوای گەڕانەوەی کارەکتەر بۆ گوندەکەیان دەڵێت: ((چەند سەیرە دوای ساڵانێکی زۆر بگەڕییتەوە تا بزانیت ئاخۆ خەیاڵێکی کۆنی خۆت، خەونێکی بابردوو، حەزێکی زۆر دێرینت، سۆزێکت لە کوێ دۆڕاندووە و چی بەسەرهاتووە.)) [حەسەن: ٢٠٠٣: ١٩] لێرەدا کارەکتەر باز بەسەر چەندین ساڵ ئاوارەیی دەدات و، کە دیارە لەو ماوەیەدا ڕووداوەکانی ژیانی گرنگ نەبوون، بەڵکوو ئەوەی لە لای ئەو گرنگە ئەو ڕووداوانەن، کە دوای گەڕانەوە باسیان دەکات. بۆیە پەنای بۆ تەکنیکی لابردن بردووە و ئاماژەی بەو کاتە داوە، کە لایبردووە.

**ب. لابردنی دیارینەکراو:** لەم جۆرە لابردنەدا، ئاماژە بەو کاتە ناکرێت، کە لادەبرێت، واتە ڕۆماننووس ماوەکەی دیاری ناکات. لە ڕۆمانی (کاروان و سەگوەڕ)ی (محەمەد مەولوود مەم)دا گێڕەرەوە باسی سەردەمی منداڵی کارەکتەر دەکات، بەڵام هیچ ماوەیەکی ئەو سەردەمە دیاری ناکات. ((سەردەمی منداڵیت لە قوتابخانەکەی شارەکەی ئاگر و خەم.. لەگەڵ منداڵانی گەڕەک.. لەگەڵ فەریدون و مچە و ئەوانی دی وردە وردە سەرتان بەرەو ڕۆژ هەڵدەهێنا و لەشتان بەرەو ڕۆژ هەڵدەکشا و دەروون گەش دەبوونەوە.)) [مەم: ٢٠٠٣: ١٥] لێرەدا ڕاستە ئاماژە بە سەردەمی منداڵیی کارەکتەر کراوە، بەڵام هیچ ئاماژەیەکی دیاریکراو بۆ ئەو ساڵانە نەکراوە. سەردەمی منداڵیی چەندین ساڵ دەگرێتەوە، ڕۆماننووس زۆر بە خێرایی و کورتی ئاماژەی بۆ ئەو سەردەمە کردووە.

٣. وەستان: بریتییە لە ڕاگرتنی ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە هۆی هێنانەپیشەوەی وەسفێک، جا چ وەسفی کارەکتەر، شوێن، کات یان ڕووداو بێت. واتە ((وەستانێکی دیاریکراوە، گێڕەرەوە بە هۆی هێنانەپێشی وەسفێکەوە ئەنجامی دەدات، وەسفیش ڕەوتی کات و جووڵەی گێڕانەوە

ڕادەگرێت.)) [الابراهیم: ٢٠١١: ٢٢٣] لە ڕۆمانی (هەیئە)ی (سەلام عەبدوڵلا)دا، کاتێک کارەکتەر دەبنە ژووری لێپرسینەوە، دوای ئەوەی ئەفسەرەکە مستێکی بەهێزی لێ دەدات، ئەو ڕووداوەکان دەوەستێنێت و وەسفی کاریگەری مستەکە دەکات. ((بۆیە کە بۆکسێکی زۆر بەهێزی کێشا بە لاچاومدا، وەمزانی دیوارەکەی تەنیشتم ڕووخا بەسەرما. مێشکی سەرم کاس بوو، سەرم وەک زەنگی کڵیسا زرەنگەی دەدایەوە، دوو پشکۆ ئاگری سووری سادە کەوتە پێش چاوم.)) [عەبدوڵلا: ٢٠٠٣: ١٦- ١٧] لێرەدا گێڕەرەوە ڕووداوەکان ڕادەگرێت بۆ ئەوەی وەسفی ئەو بارودۆخە بکات، کە بە هۆی کاریگەری بۆکسەکە بەسەری هاتووە. ئەم ڕاگرتنە، ڕاگرتنێکی تەواوی ڕووداوەکە نییە، بەڵکوو ڕاگرتنێکی کاتییە و پێوەندی بە ڕووداوەکەوە هەیە. وەسفەکە وەسفی جیهانی ناوەوەی کارەکتەرە، پێوەندی بە ڕووداوەکەوە هەیە.

٤. دیمەن: لێرەدا زۆرتر دیالۆگ ڕۆڵ دەبینێت، ئەوەش بۆ ئەوەی کات خاوبکرێتەوە. واتە کاتی حەکایەت و کاتی گێڕانەوە (گوتار) یەکسان بن. لەم بارەیەوە جینێت دەڵێت: ((دیمەن لە زۆربەی کاتدا دیالۆگە، کات لە نێوان حەکایەت و گێرانەوە یەکسان دەبێت.)) [جینیت: ١٩٩٧: ١٠٨] ڕۆمانەکانی ئەم ماوەیەی ئێمە کاریان لەبارەوە دەکەین، زۆربەیان پەنایان بۆ دیالۆگ بردووە. ئەوەش بۆ ئەوەی لە لایەک کارەکتەرەکان ئازادی قسەکردنیان هەبێت، هاوکات دیمەنێک پیشان بدات، کە کات تێیدا یەکسان بێت. بۆ نموونە لە ڕۆمانی (کۆچڕەو کۆچڕەو)ی (عەبدوڵلا سەڕاج)دا، دیالۆگێکی زۆر دەبینین.

((- کەواتە پیشان لە تەپەی مەلاعەبدوڵلا دائەنیشتن؟

- کاک میرزا، گفتوگۆی ڕێگەوبان، شنگ و وزە دەداتە دەماری لەش.

- فەرموودەت بەجێیە، کاک وریا.

- لەم دەشتەدا، با پەڕەیەک لە کورتەی ژیانی خۆمت بۆ هەڵدەمەوە.)) [سەڕاج: ٢٠٠٣: ٦٥]

ئەم دیالۆگە دەبێتە هۆی سستبوونی ڕەوتی گێڕانەوە، گرنگی دیمەن لەوەدایە هەردوو کاتەکە یەکسان دەکات، ئەوەش بەشدارییپێکردنی خوێنەرە لە دیالۆگ. واتە لەوێدا سروشتی کۆمەڵایەتی و دەروونی کارەکتەرەکان دەخرێنەڕوو.

**ج. دووبارەکردنەوە (Repetition)**

دووبارەکردنەوە یەکێکە لە بنەماکانی بنیاتی کات، کە (جیرار جینێت) بۆ گوتاری حیکایەت پێداگری لەسەر کردۆتەوە. ئەم چەمکە بریتییە لە توانای دووبارەکردنەوەی ڕووداوەکان لە کات و فەزای جیاوازدا. کە چەند جۆرێکمان هەیە:

١. گێڕانەوەی تاکی: بریتییە لە ((ڕووداوێک یەک جار ڕوویدابێت و یەک جاریش بگێڕدرێتەوە. لە لایەکی تر ڕووداوێک چەند جارێک ڕوویدابێت و چەند جارێکیش بگێڕدرێتەوە.)) [جینیت: ١٩٩٧: ١٢٩] واتە ئەم جۆرەیان دوو لق لە خۆ دەگرێت. لە کەم ڕۆمانی کوردیدا هەیە، ڕووداوێک یەک جار ڕوویدابێت و یەک جاریش نەگێڕدرێتەوە. بۆ نموونە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی (بەختیار عەلی)دا، فەریدوون مەلەکی کارەکتەر عەسرێک کەسێک دەبینێت. ((بەڵام دوا جار شتێک ڕوویدا فەریدوونی مەلەک چاوەڕوانی نەدەکرد. عەسرێکی درەنگی ڕۆژێکی پایز، پیاوێکی سەیر لەبەردەم کتێبفرۆشییەکەدا دەرکەوت و بە هێمنی گووتی: دەمەوێت فەریدونی مەلەک ببینم. دەرکەوتنی ئەو پیاوە باڵندەیە بەو شێوە کتوپڕە لەناو شاعیر و ڕۆژنامەنووسەکاندا شتێکی سەیر بوو...)) [عەلی: ٢٠١٤: ١٠٢] لە کۆی ڕۆمانەکەدا ئەم ڕووداوە یەک جار ڕوودەدات و یەکجاریش دەگێڕدرێتەوە. واتە دەرکەوتنی پیاوێک وەک باڵندە گرنگی خۆی هەیە، چونکە لە ڕێی ئەم ڕووداوەوە کۆمەڵی ڕووداوی تر ڕوودەدەن. بۆ نموونە ئەم پیاوە کێیە؟ بۆ لەم کاتەدا دەردەکەوێت؟ ئەمانە و کۆمەڵی پرسیاری تر لای خوێنەر دروست دەکات.

هەرچی لقی دووەمە، ئەویش ڕووداوێک چەند جارێک ڕوویدابێت و چەند جارێکیش بگێڕدرێتەوە، گرنگی خۆی لەناو کاتدا هەیە. لە ڕۆمانی (خاک و چەوسانەوە)ی (عەزیزی مەلای ڕەش) ڕووداوێک چەند جارێک ڕوودەدات و چەند جارێکیش دووبارە دەکرێتەوە. ((ئەتوو هەندە پیاو باشی، ئەگەر مەسلەحەتی خۆت نەبێ، خۆت باوێیتە ماڵی من...ها؟! ئەوەی جەنابت لۆ.. وەکی سێ جار بە ناحەق، کوڕەکەمت مارکوژ کرد، خۆت نەهاویشتە ماڵم، یان بە زار تەوازووت نەخواستەوە؟)) [مەلای ڕەش: ١٩٩٨: ٩٨] ئەم ڕووداوە دوو جار ڕوودەدات و دوو جاریش دەگێڕدرێتەوە. جارێک لەسەر زاری (عەولا گزگل) سێ جار لە لایەن (عەولائاغا) دارکاری دەکرێت. ئەم دارکارییە هەمان شێوە بەسەر (حەمە ڕیقلاوی)دا دێت. جارێک لەسەر زاری (عەولا گزگل) دەگێڕدرێتەوە، کاتێک (عەولائاغا) بۆ چاوتێبڕین لە زەوی و زارەکانی سەردانی ماڵەکەی دەکات. بەڵام پێش ئەوەی ئاغا باسی زەوییەکان بکات، گزگل باسی لێدانەکەی خۆی و حەمە ڕیقلاوی دەکات. دواتر لە شوێنێکی تر و لە فەزایەکی تردا حەمە ڕیقلاوی باسی لێدانەکەی خۆی و گزگل لە لایەن ئاغاوە دەکات.

٢. گێڕانەوەی دووبارەیی: بریتییە لەوەی ڕووداوێک یەک جار ڕوویدابێت، بەڵام چەند جارێک بگێڕدرێتەوە. ((ئەم دووبارەکردنەوەیەش مەرج نییە، کە بە دواییەکدا بێت، بەڵکو بەسەر چەند لاپەڕەی ڕۆمانەکە یان بە درێژی هەموو بەشەکانی دووبارە دەبێتەوە.)) [العيد: ١٩٩٠: ٨٦] لە

ڕۆمانی (ئەژدیها)ی (محەمەد موکری)دا، ڕووداوێک یەک جار ڕوویداوە بەلام چەند جارێک دەگێڕدرێتەوە. هەر جارەی لە گۆشەنیگای کەسێکەوە. ((ئەمنەخان لە نوێندا بۆ حاجی ڕەزای گێڕابووەوە:

– موعەزەزە لە حەمام دا خۆی دەشۆرد، کەریمیش لە کونی حەمامەکەوە سەیری دەکرد!)) [موکری: ١٩٩٨: ١٠] دواتر هەمان ئەو ڕووداوە لە گۆشەنیگای کارەکتەر (موعەزەزە) بۆ باوکی دەگێڕدرێتەوە. ((موعەزەزە بە باوک گوتبوو:

– لە حەمام بووم، کەریم دەرگای شکاند، ئەگەر یەڵماز نەبوایە کەریم حەیامانی دەبرد.)) [موکری: ١١:١٩٩٨] پاشان ئەم هەمان ڕووداو لە گۆشەنیگای (یەڵماز)ەوە دەگێڕدرێتەوە. ((

– لەبەر ئەوە تێمهەڵدا، لە کونی دەرگای حەمامەکەوە سەیری تۆی دەکرد)) [موکری: ١٩٩٨: ١٦] دەبینین یەک ڕووداو لە سێ گۆشەنیگای جیاوازەوە دەگێڕدرێتەوە و دووبارە دەکرێتەوە. هەر کارەکتەرە بە شێوازێک و بەمەبەستێکیش دەیگێڕێتەوە، کە لە بەرژەوەندی خۆی بێت. بەڵام لە بنەڕەتدا ڕووداوەکە بەو شێوەیەیە، (کەریم) بەسەر (یەڵماز) و (ئەمنەخان)ی ئامۆژیندا دەچێت، کە خەریکی ڕابواردنن. (یەڵماز)یش بە شەق دەکەوێتە گیانی (کەریم)، کە موعەزەزە لە حەمام دێتە دەرەوە، لەو حاڵە دەپرسێت؟ (یەڵماز)یش دەڵێت، (کەریم) لە کونی حەمامەکەوە سەیری تۆی دەکرد. واتە تاوانێکی دەخاتە پاڵی.دیارە جۆرێکی ترمان لە گێڕانەوە هەیە کە پێدەڵێن گێڕنەوەی فرەیی ( السرد المعقد أو المؤلف) . ڕووداوێک چەندین جار روو دەدات. گێڕەرەوە یەک جار باسی دەکات.

لە کۆی هەموو ئەم باسەدا دەتوانین بڵێین ڕۆمانی کوردی وەکوو لایەنی فۆرم و تەکنیک توانیویەتی قۆناغی پێش ڕاپەڕین تێپەڕێنێت. واتە ڕۆمانی کوردی لەو ماوەیە هەموو هەوڵێکی بۆ چۆنیەتی گێڕانەوە بووە، بەلام لە پێش ڕاپەڕین زیاتر گرنگی بەو بابەتە دەدرا، کە دەگێڕدرایەوە. ئەمەش خۆی وەکوو گوتارێک دەردەخست، کە لایەنی تەکنیک و گوتاری گێڕانەوە دەکرایە قوربانی بابەتەکە. واتە ڕۆمان دەکرا بە کەرەستە و ئامرازێک بۆ دەربڕینی بابەتەکە، بابەتەکەش ئەوەندەی ئامانجی سیاسی و ئایدیۆلۆجی لە پشت بوو، ئەوەندە لایەنی هونەری ڕۆمان ڕەچاو نەدەکرا. بەڵام دوای ڕاپەڕین ئەم گوتارە دەگۆڕێ بۆ گوتاری چۆنیەتی گێڕانەوە. هەموو بابەتەکە دەخرایە خزمەت چۆنیەتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان.

# بەشی چوارەم

# گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کورد

## بەشی چوارەم: گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی

### یەکەم: گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە باشووری کوردستان

توێژینەوە لە گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ئاراستەمان دەکات بۆ توێژینەوە لە پەیوەندی نێوان زمان و گوتار و کۆمەڵگە، لەم ڕێگەیەوە دەتوانین گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بدۆزینەوە. گرنگی توێژینەوەی گوتاری ڕەخنەیی لەوەدا دەردەکەوێت ئەو قۆناغانە دەستنیشان دەکات، کە وەک گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا ڕوویانداوە. ئەوەی لێرەدا توێژینەوەی لەبارەوە دەکەین، هەموو ئەو وتارانەنین، کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکراونەتەوە، یان هەموو ئەو کتێبانەی بەناوی ڕەخنەوە بڵاوکراونەتەوە، ئەوەی دەمانەوێ توێژینەوەی لەبارەوە بکەین وەکوو گوتار دەرکەوتوون لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا. واتە گۆڕانکاریان دروست کردووە. وەکوو پێشتر باسمان کرد گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، ئەوەندەی بڕیاردان بوو لەبارەی دەقەوە، ئەوەندە ڕاڤەکردن و شیکردنەوە نەبوو، بۆیەش ئەگەر سەیرێکی ئەو وتارانەی پێش ساڵی ١٩٩٢ بکەین، کەمێکیان نەبێت ئەوانی تر بڕیاردان بووە، ئایا ئەو دەقە باشە، یان خراپ، جوانە، یان ناشرین. ڕەخنەگر کەموکوڕی، یان باشیی دەقەکەی دەردەخست و بڕیاری لەبارەوە دەدا. بەڵام کاتێک ئێمە باس لە چەمکی ڕەخنە دەکەین، ئەوا بەر چەمکێکی فراوانتر و قوڵتر دەکەوین، لەوەی بە واتای بڕیاردان بێت. لەبەر سێبەری ئەم چەمکەدا ئەدەب بە واتا گشتیەکەی هەیە: شیعر، ڕۆمان، چیرۆک، شانۆ...تاد، کە ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگە هەیە. بۆیەش ئەگەر ئەدەب شیکەرەوە و ڕاڤەکەری کۆمەڵگە بێت، ئەوا ڕەخنە دەبێتە ڕاڤەی ڕاڤە، یان شیکردنەوەی شیکردنەوە. لێرەوەیە گوتار و گرنگی ڕەخنەی ئەدەبی دەردەکەوێت.

گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە ماوەیەی کاری لەبارەوە دەکەین، گوتارێکە هەنگاو بەرەو نوێبوونەوە دەهاوێژێت. ڕەخنەی ئەدەبی کارێکی داهێنەرانەیە و ڕەخنەگری ئەدەبی دەبێ بە قەد بەرهەم ئارەزوو و داهێنەری تێدابێت، لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا، کە نووسەر و شاعیر وەک پێداویستییەک شێوەیەکی خودئاگا لەگەڵ هەموو هونەر و فێڵێکی زانستی ئەدەبی ئاشنا نین، بەڵام ڕەخنەگری ئەدەبی دەبێ زۆر ورد لەگەڵ زانستی ئەدەبی ئاشنا بێت. لێرەوە دەتوانین لە بایەخی ڕەخنەی ئەدەبی وەکوو گوتارێک لە پەلهاوێشتنی ئەدەب بڕوانین، چونکە بە ڕەخنەی ئەدەبی ئەدەب تووشی زیندوبوونەوە و گۆڕان دەبێت، وەک چۆن ڕەخنەگر بۆ توێژینەوەی دەقی ئەدەبی سوود لە کەرەسەگەلی بە کەڵک و شیاو وەردەگرێ، بە هەمان شێوە ڕەوتی ئەدەبی سوود لەو کەرەسە و تەکنیکانەی ڕەخنە وەردەگرێت بۆ ئەوەی بەردەوام خۆی نوی بکاتەوە. لە دوای ساڵی

١٩٩٢ەوە ئەدەبی کوردی دەرگای بەسەردا دەکرێتەوە. دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار دەرچوون، تەنانەت هەر پسپۆڕی و بوارێک ڕۆژنامە و گۆڤاری تایبەت بە خۆی دەبێت. ئەو نووسەرانەی لە تاراوگە بوون و ئاشنای ئەدبەیاتی جیهانی بوون، دەگەڕێنەوە و نووسەرانی ئێرە دەچنە تاراوگە. بەمەش هەندێک پێوەر دێتە دەستەوە کە خوێنەرانمان دەتوانین بە شیوەیەکی نویٚ لە دەقی ئەدەبی بروانن. ئەمە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی بزووتنەوەی ئەدەبی و فەرهەنگی ڕێی ڕاستی خۆی بگرێتەبەر. ئەگەر پیش ئەو کاتە ئەدەبیاتی ئێمە لەژێر سانسۆر بوو، ئەگەر پێش ئەو کاتە هەندێک لە قەلەمەکانی کورد ئەدەبیاتیان بە ئایدیۆلۆجیا و سیاسەت بار دەکرد. بۆ نموونە ئەگەر سەیری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بکەین چەندین وتارمان لەبارەی ئەو شیعر و چیرۆک و ڕۆمانانەی بۆ خزمەتی ئایدیۆلۆجیا و دەسەڵاتی بەعس نووسراون بەر چاو دەکەوێت. هاوکات ئەدەبیاتی شاخیش بە هەمان شێوە چەندین وتارمان هەیە ئەدەبیاتیان لە خزمەتی ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراو بەکار دەهێنا. هەرچەندە ئەمە دوای ساڵی ١٩٩١ هەر بەردەوام دەبێت. بەڵام بە هۆی کرانەوەی ئەدەبی کوردی بەسەر ئەدەبیاتی جیهانیدا ڕەوتی تازەی تری ڕەخنە دێتە ناو گوتاری ڕەخنەی ئەدەبییەوە. بۆ نموونە ڕەخنەی بونیادگەری، ڕەخنەی فیکری (ئەو ڕەخنەیەی لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە توێژینەوە لە دەق دەکات) و تیۆرەکانی وەرگرتن...تاد. ئەگەر ((ئەدەب داهێنانێکی ئاوێتە و تێکەڵ بێت، ئەوا رەخنە داهێنانێکی ڕاڤەییە، هەردووکیان بەیەکەوە پەیوەستن، ڕەخنەیەکی داهێنانکارانە بەبیٚ دەقێکی پڕ لە داهێنان پەرەناستێنێت و هەروەک ئەدەبیش بەبیٚ ڕەخنەیەکی داهێنانکارانە گەشە ناکات.)) [مجموعە من الكتاب: ١٩٩٧: ١٠] کەواتە هاوکێشەکە دووسەرەیە، نە ئەدەب بەبیٚ ڕەخنە و نە ڕەخنەش بەبیٚ ئەو پیش دەکەویٚ. هاوکات هەردووکیان کاریگەریان لەسەر پێشکەوتنی ئەویتر هەیە. هاوکات ناتوانین ڕەخنە لە ڕەوتە فیکری و زانستەکانی تر دابڕین. ئێمە لەگەڵ ئەو بۆچوونە نین، کە دژ بەوەن دەقی کلاسیکمان بە چەمکە و تیۆرە تازەکانی ڕەخنە بخوێنینەوە. بۆ نموونە (د.هێمن عومەر خۆشناو) لە وتارێکدا بەناوی (ئایدۆلۆجیا نەخۆشییە ترسناکەکەی ناو ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی)دا دەڵێت: ((لە ڕوانگەی فەلسەفی مادگەرایی یان هەر بوارێکی فەلسەفی وەک هایدگەر و فەیلەسوفانی ترەوە شرۆڤەی شیعری شاعرێکی وەک جزیری یان مەحوی پیٚ دەکات و بە خورتی و زۆرەوە لە حەزی ئەوەدایە شاعیریش وەک خۆی، یان وەک خاوەنی تیۆرە مۆدیرنەکە ناسنامەیەکی ئایدۆلۆجی دروست بکات.)) [خۆشناو: ٢٠١٧: ٣٥] هەرچەندە نووسەر دەیەوی قسە لەبارەی ئەو رەخنانە بکات، کە هەڵگری جۆرێک لە ئایدیۆلۆجیان بۆ نموونە ئەو ڕەخنانەی بۆ دەقی ئیسلامی، یان دەقی ئەدەبیاتی چەپ دەنووسرێن. بەڵام هەر ئەم

پەرەگرافەی نووسەر هەڵگری جۆرێک لە ئایدیۆلۆجیایە، ئەویش بە دابڕینی شیعری کلاسیکە لە هەموو پێوەر و فەلسەفەیەک. واتە دەیەوێ پێمان بڵێت شیعری کلاسیک تەنیا دەبێت لە رووی کێشی عەرووز، سەروا، هونەرەکانی ڕەوانبێژی و لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دابەشی سەر بابەتی کۆمەڵایەتی، دڵداری، نشتیمانی و...تاد بکرێت. ئەم داخرانە جۆرێکە لە کوشتنی دەق، لە کوشتنی ڕەخنە و فیکر. ئاشکرایە ئەو توێژینەوانەی لە رووی فەلسەفییەوە لە شیعری کلاسیکیان ڕوانیوە توێژینەوە گەلی پڕ بەرهەمن و دەرگای تریان لەسەر خوێنەر بۆ ئەم شیعرانە کردۆتەوە. هاوکات ئەگەر بەپێی تیۆری وەڵامدانەوەی خوێنەریش بێت، ئەوا دەقی کلاسیک واتاکانی بۆ زەمەنێکی تری جیاواز لە زەمەنی خۆی هەڵگرتووە، رەنگە خوێنەرانێک بێن لە زەمەنێکی تر، کە هەڵگری ڕۆشنبیرییەک بن جیاواز لەو ڕۆشنبیرییەی سەردەمی کلاسیک. بۆیە هەمیشە ئاسۆی چاوەڕوانییەکانی خوێنەر ئامادەییان هەیە.
ئاشکرایە ڕەخنەی ئەدەبی ئەوەندەی لە ڕێگەی ڕۆژنامە و گۆڤارەوە خۆی وەکوو گوتارێک دەردەخات، ئەوەندە وەکوو کتێب دەرناکەوێت. بۆیە ئێمە لەم قۆناغەدا هەوڵدەدەین ئەو گۆڤارانەی تایبەت بوون بە بواری ئەدەب و لەناویشیندا بابەتی ڕەخنەی ئەدەبی پێگەیەکی دیاریان هەبووە، وەکوو لایەنی پراکتیکی باسەکەمان وەریان دەگرین. بۆ ئەمەش ئەم دوو گۆڤار خوارەوە وەردەگرین ، ئەوانیش:

## ١. گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری

تیۆری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، تیۆرێکە لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە. تیۆرێکە داوا دەکات ئەدەب بخرێتە خزمەت کۆمەڵگەوە. گوتاری ئەم ڕەخنەیە ئیشکردنە لەبارەی ئەوەی ئەدەب بەگژ هەموو چەوتی و بیر و کردەوەیەکی خراپ و دزێودا بچێتەوە. ئەم تیۆریە پاڵپشت بە بیرکردنەوەی چەپ و مارکسیزم دێت توێژینەوە لە ئەدەب دەکات. جۆرێک لە ئەدەبمان بە ناوی ئەدەبی کرێکاری، یان ئەدەبی چەپ هەیە. ئەم ئەدەبە دێت خزمەت بە چینێکی دیاریکراوی ناو کۆمەڵ دەکات. ئاشکرایە رەوتی فرە لەناو ئەم تیۆریەدا هەیە، رەوتی سۆسیالیستی، ڕەخنەگرانە و ڕیالیزمیانە. لە ئەدەبی کوردیدا وەکوو پێشتریش باسمان کردووە لەگەڵ پەیدابوونی ڕوانگە بەرەیەک، کە دواتر بە نەیاری ڕوانگە ناویان دەرکرد، دژ بەوە بوون ئەدەب لە چینایەتی دابڕێت. لە دوای ڕاپەڕین ئەم فۆرمە لە ئەدەب بە شێوەیەکی کۆنکرێت و مێتۆدیانە دێتە پێشەوە. چونکە لە

هەر شوێنێک بزووتنەوە و نارەزایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان ڕوو لەگەشە بووبێت، هونەر و ئەدەبیش لە دایەنگە و دامێنی ئەو بزووتنەوەیەدا زیاتر و زیاتر گەشەی کردووە. هەندێک جار بە پێچەوانەوە، هونەرو ئەدەب بوونەتە لانکەی پەروەردەکردنی شۆڕشگێڕەکان. ڕاستە ئەم جۆرە ئەدەبە سەر بە دەستە و چین و ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراوە، ئەمە خۆی سەلمێنەری ئەوەیە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێوان ئەدەب و ئایدیۆلۆجیادا هەیە. سەبارەت بەم پەیوەندییە (تێری ئێگیلتۆن) دەڵێت: ((ئەدەبیات هیچ نییە جگە لە ئایدیۆلۆژیا لە قاڵبێکی هونەریی دیاریکراو بە گوێرەی ئەم تێڕوانینە شوێنەواری ئەدەبی تەنیا دەرکەوت و دەمامکی ئایدیۆلۆژیاکانی سەردەمی خۆیانن.)) [ئیگلتۆن: ٢٠٠٨: ٤١] هەرچەندە مەرج نییە هەموو دەقێکی ئەدەبی بە ئایدیۆلۆژیا قاڵدراو و ڕووپۆش کرابێت، بەڵام دواجار نووسەر کوڕی کۆمەڵگەیە.

گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری لە شاری سلێمانی دەردەچوو. سەرنووسەرەکەی (عەباس شوان)ە. ژمارە یەکی ئەم گۆڤارە لە کانوونی یەکەمی ١٩٩١دا بڵاوکرایەوە و هەر لەو ژمارەیەدا مانیفیستی گۆڤارەکە بڵاوکرایەوە. بەڵام ئێمە ئیشمان لەناو ئەو ژمارانەدا کردووە، کە لە ساڵی ١٩٩٢وەوە دەرچوون. ئەم گۆڤارە تایبەتە بە ئەدەبی کرێکاری، بۆیە گوتاری تایبەت بە خۆی هەیە، چونکە دەیەوێت بە شێوەیەکی مێتۆدیانە ئەدەب بخاتە خزمەت چین و ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراو. ئەوەی لەم مانیفیستەدا هاتووە، ئەم گۆڤارە تایبەتە بەو دەقانەی، کە کرێکاران دەینووسن. واتە لەناو ئەدەبی چەپ و مارکسیدا، تەنیا دەقی ئەو کەسانە وەردەگرن، کە کرێکارن. گوتاری ئەمەش دیارە ئەوەیە دەیانەوێت کار لەبارەی هوشیاریی چینێکی دیاریکراوی ناو کۆەملگە بکەن. بۆیە دەنووسن: ((هەر لیرەوە بانگەوازی هەموو ئەو کرێکارە ئەدیب و هونەرمەندانە و هەموو ئەو شارەزایانە دەکەین کە دەیانەوی ئەدەبیات و هونەری کرێکاری جیهانی بە کرێکارانی کوردستان و خوێنەرانی کورد بناسێنین، لەم مەیدانەدا یارمەتیمان بدەن.)) [ئەدەبی کرێکاری: ١٩٩١: ١] کەواتە ئەم گۆڤارە گوتاری دیاریکراوی خۆی هەیە، ئەویش ئیشکردنە لەبارەی دەقی کرێکاران. ئەم دەقانەش بۆ ئەو مەبەستەیە، تاکوو چینێکی دیاری ناو کۆمەڵگە بێنە پێشەوە. دواتر ئامانجی ئەم جۆرە لە ئەدەب دەخەنەڕوو: ((کرێکار لە چاوی ئێمەوە خولقێنەری ئەو هەموو نیعمەتەیە کە جیهانی پی دەژی، ئەم چینە ڕاستە ئیستا هەژار و کەم خوێندەوار ڕاگیراو، بەڵام هەر ئەم چینەیە کە بەپێی حوکمی مەوقیعەیەتی چینایەتی ئەو خەباتە بێ وچانە کە سەدان ساڵە دەستی داوەتێ ڕزگاربەخشی ئینسانە. ئەگەر بۆمان بکرێ هەوڵ دەدەین بەگژ اتجاهە ئەسڵییەکانی بورژوازی وەکو ناسیونالیزم و دیموکراسی ریفۆرم لە مەیدانی ئەدەب و هونەردا بچین لەنیو ئەم سێ اتجاهەدا ناسیونالیزم لە

ئەدەب و هونەری کوردستاندا دەستی باڵای هەیە.)) [ئەدەبی کرێکاری: ١٩٩١: ٣] کەواتە ئەم گۆڤارە هەوڵ دەدات ئەدەب و هونەرێک بێنێتە پیشەوە، کە ئایدیۆلۆجی و هەڵگری بیری ڕەوتی مارکسیزم و لینینزم بیت. کاتێک باس لە کرێکاریبوونی هونەر دەکەین، باس لەو ئەدەبیات و هونەرە دەکەین کە  خەسڵەتی چینایەتی، چینێکی ناڕازی لە کۆمەڵگەدا بە هونەر و ئەدەب بەرجەستە دەکاتەوە. هونەرێک کە باس لە ژیانی واقیعی کرێکاران و خەڵکی مەحرومی ئەو کۆمەڵگەیە دەکات، لە هەمان کاتدا باس لە خەبات و ناڕەزایەتییەکانیشیان دەکات، تا ئەو جێگەیەی لە کۆتاییدا هونەر و ئەدەب دەبنە بەشێکی پێشڕەو و خەباتکار لە دژی هەموو نادادپەروەری و چەوسانەوەیەک. لە شیکردنەوەدا هونەرو ئەدەبی کرێکاری، تیشک دەخاتە سەر ئەو تاریکستانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان تیایدا دەژین، ڕووداوەکان و نەهامەتییە نەبینراوەکان لە فۆڕمێکی کاریگەرتردا پیشان دەدات. خەباتی کرێکاران وزەحمەتکێشان، خەبات دژی بێمافیەکانی ژنان، ئازادی ئینسان لە دەست خورافاتی ئایینی و نەتەوەیی و ڕەنگ و ...هتد. بە بڕوای ئەم ڕەوتە ئەوە ئیستاتیکای هونەری کرێکارییە دەبێتە چرایەک ڕێگەی ڕزگاری ڕۆشن بکاتەوە و ڕۆح بکاتە بەر ئەو بزووتنەوەیە و شکڵی پێ بدات.

ئەگەر سەیری لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە بکەین، ڕاستە کە ڕەخنەگرەکانی ناو ئەم گۆڤارە کەمن و چەند کەسێکن، بەڵام مادام دەیانەوێت وەکوو گوتارێکی ئەدەبی و ڕەخنەیی دەرکەون، ئەوا جێی خۆیەتی قسەی لەبارەوە بکرێت. نووسینە ڕەخنەییەکان زیاتر لەبارەی ئەو نمایشە شانۆییانەوە بووە، کە لە شارەکانی سلێمانی و هەولیر پیشکەش کراون. لە ژمارە یەکدا وتارێکی رەخنەیی لەبارەی شانۆگەری (بزنە زێڕینە)، کە شانۆگەرییەکی منداڵانەیە، بەڵام بە هۆی ئەوەی ناکەوێتە ناو سنووری توێژینەوەیەکی ئێمە ناتوانین هیچی لەبارەوە بڵێین. لە ژمارە (٤)دا نووسینێکی (نینا ڕەحیمی) بە ناوی (بە دوای ڕەخنەی کرێکارێکدا) دەخوێنینەوە. ئەم نووسینە دەچێتە خانەی مێتۆدی (ڕەخنەی ڕەخنە)ەوە. لەوێدا نووسەر بە شێوەیەکی تیۆری دێتە سەر باسی ئەوەی ئەدەبی کرێکاری چییە، ئامانج و ڕۆڵی ئەم جۆرە ئەدەبە چییە؟ نووسەر دەیەوێت کار لەبارەی ئەوە پرسیارەوە بکات، ئایا لەم گۆڤارەدا دەتوانن هەموو نووسینێک، کە کرێکار نووسیویەتی، جا لاواز و ناهونەریش بێت بڵاو بکەنەوە؟ بە بڕوای نووسەر بەڵی دەکرێت، چونکە ئەگەر ڕێگری بکەن لەوە ئەوە پیچەوانەی ئازادی ڕۆژنامەگەرییە. نووسەر دەنووسێت: ((ئەوەی لێرەدا پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە با گۆڤارەکەمان وەک چینەکەمان شۆڕشگێڕانە دەرگای ئاوەڵا بی بۆ هەموو دڵسۆز و خامەرەنگینێ، ئازادی بیروڕا با چەکی دەستمان بێ، چونکە شەڕ لیرەوەیە گرەوی

شۆڕشگێڕانە براوەیە.)) [ڕەحیمی: ١٩٩٢: ٥] کەواتە بڵاوکردنەوەی هەموو دەقێک، کە کرێکاران نووسیویانە دەچێتە خانەی ئازادی بیروڕا و ئازادی ڕۆژنامەگەرییەوە. هەر لەم ژمارەیەدا (ژمارە ٤) نووسینێکی تری ڕەخنەیی بە ناوی (ڕەخنەی کرێکارێک) لە نووسینی (فەرهاد فەرەج) لەبارەی چیرۆکی (نامۆ)ی (نەورۆز)، کە لە ژمارەکانی پێشتردا بڵاوکراوەتەوە نووسراوە. سەرەتا نووسەر داوای ئەوە دەکات، کە جۆرێک لە ئەدەب بە ناوی (ئەدەبی کۆمۆنیزمی کرێکاری) بنووسرێت، چونکە ئەدەبێکە پیداگری لەسەر لایەنی پێشڕەوی و هوشیاریی و شۆڕشگێڕی ئەدەب دەکاتەوە. بۆیە دەڵێت: ((ئەدەبی کۆمۆنیزمی کرێکاری خاسیەتە بنچینەییەکانی ئەوەیە کە ئەدەبی ئەم چینە خۆی جیاکردبێتەوە لە باقی ئەدەبەکانی مەیلی چینە غەیرە کرێکارییەکان. ئەدەبی کۆمۆنیزمی کرێکاری دەبێ لەسەر بنچینە و زەمینەی نەبەردەکانی خەباتی چینایەتی چینی کرێکار خۆی بینا بکات.)) [فەرەج: ١٩٩٢: ١٦] ئەم فۆرمە لە ئیشکردن هەولێکە بۆ ئەوەی قالبێک و چوارچێوەیەکی دیاریکراو بە ڕەخنە و نووسینی دەقی ئەدەبی ببەخشێت. وەکوو پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەو وتارە ڕەخنەییانەی لەم گۆڤارەدا هەیە، زیاتر وتار گەلێکن لەبارەی ئەو دەقە شانۆییانەی لەبارەی بیرکردنەوە و بزووتنەوەی چەپەوە پێشکەش دەکرێن. بۆ نموونە وتارەکانی: عومەر محەمەد، نینا ڕەحمانی، ئەژدەر و چەندانی تر. دەتوانین گوتاری رەخنەیی لەم گۆڤارەدا لەم خاڵانە کورت بکەینەوە:

١. ڕەخنەی ئەدەبی لەم گۆڤارەدا زیاتر ڕەخنە بووە لەو شانۆگەریانەی لە هۆڵەکاندا نمایش کراون، بەڵام لەناو ژمارەکانی گۆڤارەکەدا دەیان دەقی شیعر، چیرۆک هەیە، بە دەگمەن رەخنەیەک لەبارەی شیعر و چیرۆکەکانەوە دەخوێنینەوە.

٢. رەخنەی ئەدەبیش وەکوو کۆی دەق و ناوەڕۆکی گۆڤارەکە، تەواو لەگەڵ سیاسەتی گۆڤارەکەدا گونجاون و گوزارشتن لە بیری چەپ و ئەدەبی کرێکاری. ئەدەبێک تاکتیک و ستراتیژی خەباتی کرێکاران بەرجەستە بکات و لەبەر تیشکی فەلسەفەی مارکسیزمدا، واتە لەسەر پایەی ماتەریالیزمی دیالێکتیکی و مێژوویی دابڕێژدرێت و مامەڵە لەگەڵ گشت دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بکات، دەبێت ناوی (ئەدەبی سۆسیالیستی) بێت نەک (ئەدەبی کرێکاری) . ڕاستە ئەدەبی سۆسیالیستی لە روانگەی بەرژەوەندی کرێکارانەوە مامەڵە لەگەڵ ڕەهەندی جوانیی ژیاندا دەکات، بەڵام وەک ئامرازێکی خەباتی چینایەتی ، بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و گۆڕینی بنەڕەتیی کۆمەڵگا، بە سەرجەم خەباتی چینایەتی کرێکارانی پێشڕەو و سۆسیالیستەوە گرێدراوە. کەواتە باشتربوو گوتار و ناوی گۆڤارەکە ئەدەبی سۆسیالیستی بێت، نەک ئەدەبی کرێکاری.

٣. ئەو ڕەخنە شانۆییانەی نووسراون، زۆر کەمن، لە کاتی خوێندنەوەدا یەک دوو وتار باسی لایەنی هونەری و تەکنیکی دەرهێنان و نواندنی شانۆیان کردووە، ئەگەر نا هەمووی ڕەخنەکەی ئەوەیە شانۆگەرییەکە نەیتوانیوە گوزارشت لە خەباتی کرێکاران بکات.

٤. ڕاستە گوتاری گۆڤارەکە ئیشکردنە لەبارەی ئەدەبی کرێکاری (سۆسیالیستی)، بەڵام ئەم گوتارە زۆر لاواز دەردەکەوێت بەرامبەر ئەدەبی بۆرژوازی. هەرچەندە (٣٣)ی ژمارە لەم گۆڤارە دەرچوو، بەڵام کاریگەری ئەوتۆی نەبوو، لە هێنانەئارای ئەدەبێکی سۆسیالیستی وەکوو فۆرمێکی ئیشکردن.

٥. ڕەخنەی ئەدەبی لەم گۆڤارەدا نەبۆتە ڕەگەزێکی سەرەکی، هاوکات تەنیا لەسەر شانۆ چەقی بەستبوو، بۆیە نەیتوانیوە گوتارێکی ڕەخنەیی هەبێت، چونکە رەخنە کۆی ژانرەکان دەگرێتەوە. ئایا گوتاری ڕەخنەی شیعر، یان چیرۆک لەم گۆڤارەدا چی بووە! ئەمەش ناڕوونی سیاسەتی گۆڤارەکە بەرامبەر ڕەخنەی ئەدەبی دەردەخات.

نەک هەر بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، بەڵکوو بۆ دەقی شیعر و چیرۆکیش هیچ پێڕست و ڕیزبەندیی بۆ نەکراوە و تێکەڵییەکی تەواو بە بابەتەکانەوە دیارە.

## ٢. گوتاری ڕەخنەیی گۆڤاری (پڕۆژە) ساڵی ١٩٩٢

لە ساڵی ١٩٩٢ چەند نووسەر و ڕەخنەگرێک گۆڤارێکی تایبەت بە ڕەخنەی ئەدەبی بڵاودەکەنەوە. لەو گۆڤارەدا مانیفیستێکی ڕەخنەیی دەنووسن، کە دەیانەوێت ڕەوتی ڕەخنەی کوردی نوێ بکەنەوە. ئەم پڕۆژەیە دەبێتە یەکەم بزووتنەوەی ڕەخنەیی تایبەت بە کورد. هەرچەندە بنەما و تیۆرییەکانیان ئەورووپی بوو بەڵام ئەوان خەمی ئەوەیان بوو چۆن رەخنەی ئەدەبیی کوردی نوێ بکەنەوە. هاوکات ئەو مانیفیستانەی پێشتر وەکوو ڕوانگە و گرووپی کفری و دواتریش دەرچوون هەموویان پیداگریان لەسەر نوێکردنەوەی شیعر دەکردەوە. بەڵام ئەم پڕۆژەیە جیاواز لە هەموویان پیداگری لەسەر نوێکردنەوە و بەرەوپێشبردنی ڕەخنەی ئەدەبی دەکاتەوە.

نووسەران (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، محەمەد ئەمین ئەحمەد، سەلاح حەسەن پاڵەوان، جەلیل زەنگەنە، حەمید ڕێبوار و سەدرەدین عارف) ئەم پڕۆژەیان لە شێوەی گۆڤارێک ڕاگەیاند. گۆڤارەکە نووسراوە لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی ڕۆشنبیریی کورد/ لقی کەرکووک. ژمارە (١)ی لە

(١٩٩٢/٢/١٧)دا بڵاو دەكرێتەوە. ئەوان لەم گۆڤارەدا مانیفێستێكی ڕەخنەی ئەدەبی بڵاو دەكەنەوە. لیرەدا هەوڵدەدەین تویژینەوە لە گوتاری ئەو مانیفێستەدا بكەین، لە گۆڤارەكەدا هاتووە. ((گۆڤاری پرۆژە یەكێك بووە لەو گۆڤارانەی لە دوای ڕاپەڕین دەرچوو، تایبەت بووە بە ڕەخنە، بەتایبەتی ڕەخنەی تازە، تێدا مێتۆدی بونیادگەری بە ڕێژەی جیاواز كاری پێكراوە زۆر توێژەری سەركەوتوویش بابەتی ڕەخنەییان تێدا بڵاوكردۆتەوە، گرنگی ئەم گۆڤارە لەوەدا دەردەكەوێت كە بابەتی تیۆری و پراكتیكی تێدایە، هەموو وتارەكانیشی تایبەتە بە ڕەخنە و مێتۆدە تازەكان و تێدا سەنگی قورسایی خراوەتە سەر دەق و خوێنەر.)) [حسەین: ٢٠٠٨: ١٧١- ١٧٢] لەم گۆڤارەدا مانیفێستی گۆڤارەكە بە ناوی (بەیانی ڕەخنەیی ١٩٩٢ – پرۆژەیەك بۆ خوێندنەوەیەكی ڕەخنەیی) لە ژمارە یەكدا بڵاو دەكەنەوە. لەم مانیفیستەدا كار لەبارەی پرۆژەی ڕەخنەی ئەدەبیی كوردی دەكرێت. هەوڵدراوە گوتارێ ڕەخنەی پیش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین شرۆڤە بكرێت. ئەم مانیفیستە سەرەتا گوتاری ڕەخنەی كوردی پێش ڕاپەڕین، بە واتایەكی وردتر پێش ئەو گۆڤارە و سەردەمی گۆڤارەكەش شرۆڤە دەكات. لە مانیفێستەكەدا هاتووە: ((سەیر نەبووە ڕەخنەی كوردی زیاتر وەزیفەیەكی كۆمەڵایەتی و چینایەتی و نەتەوایەتی هەبوو بێت. بەم بۆنەیەشەوە رەخنەی نابەجێی كۆمەڵایەتی یا نەتەوایەتی یا ڕامیاری دوور لە ئەدەب هاتۆتە كایەوە بۆیە هەوڵی سەرەكی نووسەری ڕەخنە موحاسەبەكردنی نووسەر بووە دوور لە دەق، پرسیاری ئامادەش لەلای دروست بووە كە هەموویان لە دەرەوەی دەقدا لە دایك بوون.)) [پرۆژە: ١٩٩٢: ١٠] كەواتە ڕەخنەی كوردی پێش ئەو كاتە و لەو سەردەم بە دەوری نووسەردا دەخولایەوە. واتە رەخنەگر وەكوو دادوەرێك بوو هەوڵی دادگاییكردنی نووسەر و دەقی دەدا. لە روانگەیەكی كۆمەڵایەتی و سیاسییەوە لە دەقیان دەروانی. رەخنەی كوردی بە كۆمەڵی بابەتی سیاسی و كۆمەڵایەتی و نەتەوەیی باركراوە، بێگومان ئەمەش بۆ دەق دەگەڕیتەوە. واتە كاتێك دەقێكی شیعری، یان ڕۆمانێك، یان چیرۆكێك بڵاودەكرایەوە هەموو خەمی رەخنەگران ئەوە بووە ئایا ئەم دەق توانیویەتی گوزارشت لە چینایەتی ناو كۆمەڵگە بكات؟ ئایا نووسەر توانیویەتی خەمی نەتەوایەتی گوزارشت لی بكات. واتە ئەوان خەمی ئەوەیان بووە دەق دەبێت پەیامی هەبێت، ڕەنگدانەوەی باری كۆمەڵایەتی و سیاسی میللەت بێت. ڕاستە ئەمەش تیۆرییەكی ڕەخنەییە و مێتۆدێكی ئیشكردنە لەبارەی دەقەوە، بەڵام سەیرە ماوەیەكی زۆر هەمان مێتۆد بۆ شرۆڤەكردنی دەق پێڕەو بكرێت.

لێرەدا هەمیشە گلەییەکان ئاراستەی نووسەر دەکران و دادگایی دەکرا، بەوەی بۆچی نووسەر بیری نەتەوایەتی لە لای بەدی ناکرێت؟ بۆچی نووسەر چینایەتی و خەمی کرێکاران و ئازاری جووتیاران لەناو دەقەکەیدا نییە؟ ئەگەر دەقی ئەدەبی ئەم گوزارشتانەی تێدا بێت، ئەوا بە دەقێکی سەرکەتوو دادەنرا و نووسەر ستایش دەکرا، بەڵام ئەگەر ئەمانەی تیدا نەبوایە ئەوا دەقەکە بە دەقێکی لاواز هەژمار دەکرا، کەواتە ئەوەی لیرەدا هەبووە بڕیاردان بووە لەبارەی دەقەوە نەک شرۆڤەکردن. ئەم گوتارەی ڕەخنە وایکردووە هەمیشە ڕەخنەگر لە دەرەوەی دەق بوەستێت و نەتوانێ بۆ ناو لایەنە هونەری و ئێستاتیکیەکانی دەق شۆڕبێتەوە و ناوەوەی دەق ببینێت، بەڵکوو ڕەخنەگر تەنیا ڕووی دەرەوەی دەقەکە دەبینیت. نووسەران لە ترسی چاودێریکردنی ڕەخنەگر، دەقەکانیان ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوایەتی ئەو کات بووە. بۆ نموونە کاتێک ڕۆمانی (سەگوەڕ)ی (محەمەد موکری) بلاو دەبێتەوە، هەمووان ڕەخنەی ئەوە ئاراستەی ڕۆماننووس دەکەن، کە ئەم ڕۆمانە ڕەشبینی بڵاو دەکاتەوە و بە شێوەیەکی ئەرێنی باسی شۆڕش ناکات. بۆ نموونە (سامی شۆڕش) وتارێک بە ناوی (سەرنجێکی ڕەخنەیی دەربارەی سەگوەڕ) دەنووسێت، لەوێدا لە ڕوانگەی بوونگەراییەوە لە ڕۆمانەکە دەکۆڵێتەوە. دەڵێت: ((بەڵێ.. پاڵەوانی چیرۆکی سەگوەڕ.. باوەڕی وایە کە ژیان نەک هەر شایستەی خەباتێکی شۆڕشگێڕانە نییە.. بەڵکە شایستەی زیندەگیش نیە.. ژیانێکە دەبێ پیتەکانی بە زنجیری بەندایەتی مرۆڤ بسردرێتەوە لەباتی ئەو وشەی سەگوەڕ بنووسرێ.. چونکە تەنها ئەم وشەیە بە رای پاڵەوانی سەگوەڕ پر بە پڕی مەعنای ژیانە.)) [شۆڕش: ١٩٨٣: ١١-١٢] دەبینین ڕەخنەگر ڕەخنەکانی ئاراستەی نووسەرە بەوەی کارەکتەرەی ڕۆمانەکەی، کارەکتەرێکی نەرێنییە و ژیان و شۆڕش لە لای خەڵکی نەرێنی پیشان دەدات. دەبینین ئەم ڕەخنەگرە ئەوەندەی خەریکی دەرەوەی دەقی ئەدەبییە ئەوەندە خەریکی ناوەوەی دەقی ئەدەبی نییە. واتە بە بڕوای ڕەخنەگر ئەدەب دەبێت هەڵگری بیری نەتەوایەتی بێت، ئەدەب دەبێت ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی بێت. مادام کورد لەناو خەبات و شۆڕشدایە دەبێت ئەدەبیاتیش هەڵگری بیری شۆڕش بێت و نابێت ڕەخنە لە شۆڕش بگیرێت. هەموو ئەو وتارانەی بە دژ و نەیاری ڕوانگە نووسراون دەچنە ناو ئەم جۆرە ڕەخنەیە. لێرەدا گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی دەبێتە یەک گوتار، واتە فرەگوتاری نایەتە بوون، چونکە هەموو ڕەخنەکان یەک فۆرم و شێوەیان دەبێت. تەنانەت بۆ ژانرەکانیش. بۆ نموونە ڕەخنەگر لێکۆڵینەوە چ لە شیعر بکات، یان چیرۆک ئەوا هەمان بۆچوون و پرسیاری دەبێت، تەنانەت هەمان ئەنجامیشی دەبێت.

یەکێکی تر لە خاڵەکانی ئەم مانیفیستە ئیشکردنە لەبارە فرەجۆری و جۆراوجۆری رەخنە و خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی. ئەوان دەڵێن: ((بەڵی ئێمە باوەڕمان بە جۆراوجۆرکردنی خوێندنەوە (تعدد القراءە) هەیە. هەموو دەقێک بەتایبەت دەقی دەولەمەند لەسەر چەند ئاستێک بخوێندرێتەوە، لەسەر ئاستی نەفسی، کۆمەلایەتی یا ئایینی، یانی ئەم ئاستانە ببن بە شتێکی سوودبەخش، بەلام باوەڕمان بەوە نییە ئەوانە ببن بە رەخنە و خوێندنەوەی دەق بە ئەنجام بێن چونکە ئەرکی ڕەخنە فەرامۆش ئەکەن، ئەویش ئەوەیە کە دەق پێش هەموو شتێک زمانە لە زمان وشە پێک دێت.)) [پڕۆژە: ١٩٩٢: ١٢- ١٣] ئەم پەرەگرافە گوتارێکە ئەوان دەیانەوێ ڕێڕەوی ڕەخنەی ئەدەبی بگۆڕن، بەوەی چیتر لایەنی دەرەوەی دەق ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانی واتای دەقدا نییە، واتە دەیانەوێت ئەوە باوەڕە لە لای خوێنەری کورد بچەسپێنن، چیتر یەک خوێندنەوە بۆ دەق پەسەند نییە، بەڵکوو هەموو دەقێک هەڵگری فرەخوێندنەوەیە. بۆ نموونە ئەگەر لە رووی دەروونشیکارییەوە دەقێک شرۆڤە بکەین ،ئەوا تەنیا لە یەک ڕوانگەوە و گۆشەنیگاوە دەتوانین واتای دەق بدۆزینەوە، ئەویش لایەنی دەرونییە. بەلام بە هۆی رەخنەی بونیادگەرییەوە، یان بە واتایەکی فراوانتر لایەنی زمانناسیی دەق،دەتوانین لە چەند لایەنێکەوە خوێندنەوە بۆ دەقەکە بکەین. لێرەدا هەمان کۆجیتۆکەی (تێزەکەی) رەخنەگر (ڕۆلان بارت) دێتە پێشەوە، کە مەرگی نووسەرە. لێرەدا ئەم کۆجیتۆیە بە واتای ئەوە نایەت بە تەواوی نووسەر بکوژرێت و مەرگی ڕابگەیەنرێت، بەڵکوو بەو واتایە دێت چیتر نووسەر خاوەنی دەقەکە نییە، چیتر نووسەر ناتوانی پراکتیزەی دەسەڵاتەکانی لەناو دەقدا بکات. ئەم کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی نووسەر هەوڵێکە بۆ هاتنەپێشەوەی دەسەڵاتی خوێنەر. کە نووسەر دەمرێت ((ئیتر زۆربەی دەسەڵاتەکان دەکەونە دەستی تێکست و دەستی خوێنەرەوە. ئەگەر نووسەر کەسێکی تایبەت بێت ئەوا خوێنەر فرە و جیاواز و هەمەچەشنن، تێکستیش لە سیاقی جیا جیادا ژیان و خوێندنەوە و مانای جیا جیا دەژی.)) [قانیع: ٢٠٠٣: ٢١١] کەواتە خوێنەر دوای ئەوەی بەر دەق دەکەوێت، چیتر یەک واتا بوونی نییە، چونکە دەقەکە لە سیاقی جۆراوجۆردا دەخوێندرێتەوە. لیرەدا خوێنەر بەر لایەنی هونەر و ئێستاتیکی دەق دەکەوێت. واتە تەنیا ناوەڕۆکی دەقەکە نابینێت بەڵکوو دەتوانێت لە ڕێی خوێندنەوە زمانناسییەکەوە هەوڵی شێکردنەوەی لایەنی ئێستاتیکی دەق بدات. ئەم گوتارە هەوڵێکە بۆ لێدانی نووسەر سەنتەری و هێنانەپێشی دەقسەنتەرییە، بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نایەت دەق تەواو لە دەرەوەی خۆی داببڕن. لەم ڕێگەیەوە دەیانویست گوتارێکی ڕەخنەیی دابڕێژن. بۆیەش سەرەڕای ئەوەی لە هەوڵی ئەوەدا بوون کار لەبارەی ناوەوەی دەقی ئەدەبی بکەن، بەڵام باوەڕیان بە

دابڕینی دەق لە دەرەوەی خۆی نەبوو. بەمەش ئەم گۆڤارە هەوڵدەدا بە تێکەڵکردنی دوو شێوازی ئیشکردنی ڕەخنەیی گوتارێکی نوێی ڕەخنەیی بۆ ئەو کات دابڕێژێت. پێشتر گوتمان گوتاری ڕەخنەی کوردی لە پێش ساڵی ١٩٩٢دا گوتارێک بوو بە شێوەیەکی گشتی لەبارەی دەرەوەی دەق ئیشی دەکرد، هەوڵی ئەوەی دەدا ئەدەب ئامرازێک بێت بۆ ئەوەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە گۆڕانکاری دروست بکات. کۆتایی ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوو گوتارێکی تر دێتە پێشەوە ئەویش ئیشکردنە لەبارەی ناوەوەی دەق و زمانی دەق. ئەم گۆڤارە دێت بە لێکدانی هەردوو گوتارەکە گوتارێکی نوێ دەهێنێتە کایەوە، ئەویش هەم ئیشکردنە لەبارەی زمانی و دەق و هەمیشە گەڕانەوەی دەقە بۆ ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەی. ((بەڵێ ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە دەق زمانە و پەیوەندی ڕەگەزە هونەرییەکانە، بەڵام ئەوەشمان لە یادە کە دەق لە خۆیەوە لەدایک نابێت. مەرجەع لە گۆڕاندایە، بەپێی ئەم پیوەرەش ناوەوەی دەقیش لە گۆڕاندایە ناوەوە بنەڕەت لە بەرهەمهێنانی دەلالەتدا بە دەستنیشانکردنی ئەدەبیەتی دەق و دەلالەتەکانی لە ڕێگای دۆزینەوەی بنیاتەکانی ناوەوەی دەقەوە ئەبێت، بەڵام ئەوە واتای ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ناوەوەی دەق ببێت بە سنوقێکی داخراو.)) [پڕۆژە: ١٩٩٢: ١٤] بێگومان ئەم تێڕوانینە هەمان تێڕوانینەکەی (لۆسیان گۆڵدمان)ە بۆ شرۆڤەکردنی ئەدەب، بەوەی ناکرێ ئێمە دەق تەنیا لە سیاقی ناوەوەی خۆیدا قەتیس بکەین. بەڵکوو پیویستە ((سەرلەنوی بەرهەمی ئەدەبی بخەینەوە ناو کۆی پێشکەوتنی مێژوویی و هەروەها بیگێڕینەوە ناو کۆی ژیانی کۆمەڵایەتیی.)) [ئەلتکرامی: ٢٠١٧: ٥٦] واتە، واتای دەق تەنیا بە لێکدانەوەی زمان و لایەنی هونەری دەق دەستەبەر نابێت، بەڵکوو ئەو دەقە دەبێت بە دەرەوەی خۆی ببەسترێتەوە و بخرێتەوە ناو سیاقە کۆمەڵایەتییەکەیەوە. ئەم گۆڤارە وەکوو پرۆژەیەکی ڕەخنەیی سەرەتایەکی پتەوە بۆ ئەوەی ڕەخنەی ئەدەبی کورد وەکوو مێتۆد دەرکەوێت. پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوەی کرد هەندێک وتار و توێژینەوەمان هەبووە، کە بنەمایەکی مێتۆدیان بۆ توێژینەوەکە بەکارهێناوە، بۆ نموونە وتارەکانی (مەریوان وریا قانیع) لە کۆتایی ساڵانی هەشتای سەدەی رابردوو. بەڵام وەکوو (پرۆژە) و مانیفیستێکی ڕەخنەیی ئەم گۆڤاری پرۆژە دەبێتە یەکەم هەنگاوی زانیستیانە و مێتۆدیانە، کە دەیانەوێت ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەسەر بنەمایەکی مێتۆدی لە دەقی ئەدەبی بکۆڵێتەوە.

بۆ ئەم مەبەستەی سەرەوە ئەوان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە لە ئەدەبی کوردیدا لە کۆندا ڕەخنەمان نەبووە، ئەوەی هەیە لاساییکردنەوەی ڕەوانبێژی عەرەبی و فارسی بووە و ئەمە بە تەواوی ڕەت دەکەنەوە، هاوکات پرسیاری ئەوەش دەکەن، ئایا دەبێ پەنا بۆ رۆشنبیریی

ئەورووپی ببەین؟ ئەوان ئەوە ڕەت دەکەنەوە بە شێوەیەکی تەواوەتی و وشە بە وشە لاسایی ڕەخنەی ئەورووپی بکەینەوە، بەڵکوو دەبێت باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کوردی لەبەرچاو بگرین، بۆیە ئەوان بە پێی پیویستی دەزانن بۆ توێژینەوەی دەقی ئەدەبیی کوردی چەند خاڵێک لەبەر چاو بگیرێت، هاوکات ئەو خاڵانە دەبنە کرۆک و ناوەڕۆکی گوتاری ڕەخنەیی ئەم گۆڤارە:

١. لە ناوەوەی دەق بەرەو دەرەوەی دەق: بە بڕوای ئەوان ناوەوەی دەق (زمان و لایەنە هونەرییەکانی دەق) شتێکی چەسپا و نەگۆر نییە، لە ڕێی دەرەوەی دەقەوە دەتوانین بەهای ناوەوەی دەق بدۆزینەوە. وەکوو پێشتر وتمان هەمان تێزەکەی (گۆڵدمان)ە، لیرەدا زمانەوانی هەرچەند فراوان بێت بۆ توێژینەوەی دەقی ئەدەبی بەڵام دواجار دەروازەیەکی داخراوە بۆ خوێنەر، بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی کاتی و سنووردار بۆ دەرەوەی دەق بگەڕێینەوە.

٢. پەنابردن بۆ تیۆری ڕەخنەی بونیادگەری، بەڵام بە شێوەی لاساییکردنەوە نا، بەڵکوو وەک سوودوەرگرتن، بۆ ئەوەی شوێنە قوولەکانی ناوەوەی دەق کەشف بکەین. [پڕۆژە: ١٩٩٢: ١٧-١٨] ئەم دوو خاڵە پوختە و ناوەڕۆکی مانیفیستی گۆڤاری پڕۆژەیە، بەڵام ئەوەی جێی باسە ئەوان داوا دەکەن بونیادگەری پێکهاتوویی بۆ توێژینەوەی دەقی ئەدەبی پێڕەو بکرێت. واتە ئەوان هەنگاوی دوای بونیادگەری جێبەجی دەکەن. ڕاستە بونیادگەری بە شیوەیەکی ڕەها پەیوەندی دەقی بە دەرەوەی خۆیەوە دابڕی. بۆیە تیۆری بونیادگەری پێکهاتوویی لەلایەن (گۆڵدمان)ەوە دێتە پێشەوە، بۆ ئەوەی بە شیوەیەکی سنووردار بۆ دەرەوەی دەقی ئەدەبی بگەڕێینەوە. بەمەش جارێکی تر پەیوەندی و کاریگەریی نێوان نووسەر و دەقی دووپاتکردەوە. کەواتە نووسەرانی مانیفیستی پڕۆژە، کە داوای ئەوە دەکەن، بە شێوەیەکی تەواوەتی لاسایی تیۆرە ڕەخنەییەکانی ئەورووپا نەکەنەوە، بەڵام خودی ئەو تێز و بۆچوونانەیان تەواو لاسایی یەکێک لە تیۆرە ڕەخنەییەکانە، کە بونیادگەری پێکهاتووییە، بەڵام بەبی ئەوەی ناوی ئەم تیۆریە بهێنن. هاوکات کاتێک خوێنەر ئەم مانیفیستە دەخوێنێتەوە، وەها حاڵی دەبێت، کە نووسەرانی پڕۆژە خاوەن تێزەکەن و پیش ئەوان لە هیچ شوێنێک و هیچ ڕەخنەگرێک سەرەڕای توێژینەوە لە ناوەوەی دەق، بۆ دەرەوەی دەقی ئەدەبی بگەڕێتەوە. ڕەنگە ئەم هەڵوێستەی نووسەرانی پڕۆژە وەکوو کاردانەوەیەک بێت بەرانبەر ئەو نووسینانەی لە کۆتایی ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوو پێڕەویان لە مێتۆدی بونیادگەری کردووە، کە ئەم هەڵوێستە بەنادیدەگرتنی ڕەنجی پێشترە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە، گۆڤاری پڕۆژە هەوڵێکە بۆ هێنانە ناوەوەی چەندین مۆدێلی ڕەخنەی ئەدەبی، کە کاریگەریان لەسەر گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کردووە.

نووسینەکانی ناو ئەم گۆڤارە بە شیوەیەکی ورد ە لەسەر بنەمای میتۆدی بونیادگەری و بونیادگەری پێکهاتوویی کار دەکەن. ئەم فۆرمە لە رەخنە دواجار لەناو ئەدەبی کوردیدا نابێتە مۆدێل، چونکە بە ڕوانین بۆ زۆربەی وتاری ناو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دوای ساڵی ١٩٩٢ بە دەگمەن وتارێک دەبینینەوە بەو فۆرمە کاری کردبێت. کەواتە ڕاستە گۆڤاری (پڕۆژە)، گۆڤارێک بوو ئامانجی هێنانەپیشی شێوازێکی تری ئیشکردنی ڕەخنەیی بوو، بەڵام نەیتوانی ببێتە مۆدێلێکی ئیشکردن و کاریگەری گەورەی هەبێت. بە هۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە، لەوانە:

١. دیسانەوە دەستبەسەراگرتنی حیزب بەسەر کایە ئەدەبییەکاندا و ململانێ و شەڕی ناوخۆ نووسەرانی کرد بە دوو بەشەوە.

٢. سەرقاڵکردنی ناوەندە فیکری و ڕۆشنبیرییەکان بە کێشەی ناوخۆ و ناوزڕاندن و لەکەدارکردن.

٣. لاوازبوونی خواستی نوێبوونەوە.

٤. بێ ئومێدی نووسەران بە تواناکانی دەرەوەی حیزب لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕاپەڕین و سنووردارکردنی ئازادی ڕادەربڕین، لەبەرئەوە کۆچ بۆ تاراوگە بووە هەوڵی دوورکەوتنەوە لەو واقیعە.

بەڵام گۆڤارەکە لە گوتاری ڕەخنەیی خاڵیی نییە. بۆ نموونە نووسەر (ڕزگار ساڵح) وتارێک بەناوی (گەشتی دەبابەکەی عەتا فایەق بەناو گیانی گۆراندا) دەنووسێت. ئەم وتارە (ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین) دەبێتە یەکەم وتار لە گوتاری ڕەخنەی کوردی، کە کاری بە میتۆدی ڕەخنەی ڕەخنەی کردبێت. کەواتە لە دوای ڕاپەڕینەوە، یەکەمین هەوڵێک وەکوو پڕۆژەیەکی ڕەخنەیی گۆڤاری (پڕۆژە)یە، کە میتۆد بەکار دەهێنیت. ئاشکرایە ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوە و کارکردن بەپێی میتۆدی ڕەخنەی ڕەخنە لە وتارێکی پێشتر، کە نووسەر (عەتا فایەق) بەناوی (دیالێکتیکی خود و گیان و جیهانبینی نوی لە هەڵبەستی "گیان"ی گۆراندا) ئەم وتارەی (عەتا) ش لەسەر بنەمایەکی میتۆدیانە و بەپێی تیۆری بونیادگەری شرۆڤەی بۆ کراوە. تەنانەت هەر لە ژمارە یەکدا چەند توێژینەوەیەک بە زمانی عەرەبی لەبەر ڕۆشنایی تیۆری بونیادگەریدا نووسراون. بۆ نموونە وتاری (دلاله البیاض، دلاله السوداء) لە نووسینی (تاهیر عەبدوڵلا بەرزنجی).

وتارەکەی (ڕزگار ساڵح) هەرچەندە لە ڕوانگەیەکی ئیسلامییەوە هەوڵێ شرۆڤەکردنی چەمکەکانی (خود)، (گیان) و (لەش)دەکات، بە بەڵگەی ئەوەی چەندین ئایەت بۆ بۆچوونەکانی دەهێنێتەوە. ئەمە باسێکی ترە، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە دروستبوونی فۆرمێکی ئیشکردنی ڕەخنەییە وەکوو گوتار، کە ڕەخنەی ڕەخنەیە. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە هەردوو وتارەکە لە یەک ژمارەدا بلاوکراونەتەوە.

کەواتە دەکرێ ئەمە بە سیاسەتی دەستەی بەڕیوەبردنی گۆڤارەکە بزانین، بەوەی ئەوان هەڵگری گوتارێکی ڕەخنەیی بوون. یان لە هەوڵی ئەوەدا بوون مۆدێلێکی نوێی رەخنە بهێننە ناو ڕەخنەی کوردییەوە. ئەوان ئەم وتارەی (عەتا)یان بۆ (ڕزگار ساڵح) ناردووە بۆ ئەوەی خوێندنەوەی بۆ بکات و لە یەک ژمارەدا بڵاوی بکەنەوە. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لە ژمارە (١)دا هیچ وتارێکی تیۆری لەبارەی ڕەخنەی بونیادگەرییەوە بەرچاو ناکەوێت. تەنانەت هیچ وتارێکی تیۆری لەبارەی ڕەخنە گشتیش ناخوێنینەوە، بۆ ژمارە (٢ و ٣)ش بە هەمان شێوە، وتارەکان زیاتر پراکتیکین، کە ئەمە یەکێکە لە کەموکوڕییەکانی گۆڤارەکە، چونکە ئەگەر ئەوان بانگەشەی گۆڕینی فۆرمی ئیشکردنی ڕەخنەییان کردووە و ویستوویانە لە ڕێی تیۆری بونیادگەری و بونیادگەری پێکهاتووییەوە شرۆڤەی دەقی کوردی بکەن، دەبێت چەندین وتاری تیۆری لەبارەی ئەم دوو تیۆرییە بڵاوبکرێتەوە، بۆ ئەوەی خوێنەری کورد پێیان ئاشنا بێت، چونکە تا ئەو کاتەش بە دەگمەن وتارێک دەدۆزینەوە لە ڕووی تیۆرییەوە باسی تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی تێد کرابێت. بۆیە چەند نووسینی وتاری پراکتیکی پێویست بوو، دوو هێندە وتاری تیۆری بۆ ئاشناکردنی خوێنەران بەو بنەمایانەی تیۆرەکانی ڕەخنەی لەسەر بەنیادنراوە پێویست بووە. گوتاری ڕەخنەیی گۆڤاری پڕۆژە لەم رووە کەموکوڕی هەیە.

## دووەم: پەیوەندی نێوان ڕەخنە و فیکر

لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١دا دەرگایەکی فراوان بەسەر کۆی کایە مەعریفییەکانی کورد دەکرێتەوە. کۆمەڵێک نووسەر دێنە پێشەوە، کە ئەدەبی کوردی بە گشتی لەگەڵ فیکر و مەعریفە ئاشت دەکەنەوە. ئەگەر سەیری نووسینە ڕەخنەییەکانی پیش ڕاپەڕین بکەین بە گشتی دوو گوتار بە سەریدا زاڵە، یەکیان گوتارێکی ناسیونالیستییە و ئەویتریان گوتاری بیری چەپ و مارکسییە. بەڵام لە کۆتایی ساڵانی هەشتای ئەو سەدەیەدا چەند گەنجێک بە فۆرمێکی نوی و بیرکردنەوە و میتۆدێکی تازە دەیانەوێ گوتارێکی نوێی ڕەخنەیی بهێننە پیشەوە، ئەویش دروستکردنی پەیوەندی نیوان ڕەخنە و فیکرە. ئەم گەنجانە سەرەتا لە گۆڤارێکدا بە ناوی (ئازادی) لە ساڵی ١٩٩٢دا دەست بەکاردەبن. ئەم دوو گوتارە بەسەر کۆی کایەکانی دیکەی ڕۆشنبیریی کوردیدا زاڵ بووە. ڕاستە ئەم دوو کایەیش وەکوو دوو بوار لەناو مەعریفەدا دەتوانین کاریان لەبارەوە بکەین، بەڵام لەناو کورد بوونەتە دوو ئایدیۆلۆجیا و کاریان لەبارەوە کراوە. ئەم فەزایە وای کردووە بەردەوام کاریگەری لەسەر نەبوونی پرۆژەی مەعریفی هەبێت. لە دوای ڕاپەڕینەوە پرۆژەی مەعریفی، کە کار دەکات لەبارەی ئاشتکردنەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکان و فیکر، کار لەبارەی دروستکردنی پەیوەندی نێوان فیکر و ئەدەب، فیکر و ڕەخنە دەکات. ڕەخنە و داهێنان پێویستییان بە کرانەوە و پچڕاندنی هەموو کۆت و زنجیرەکانی بەها و نەریتە میراتییەکانە، بۆ ئەوەی داهێنەرمان هەبێت ، دەبێت خۆمان بەها و نەریت و ڕەفتار بۆ خۆمان بتاشین کە پێچەوانەی ئەوانەی پێش خۆمان بن! هەروەها ئەدەب بە گشتی و ڕەخنە بەتایبەتی وەک فەلسەفە لەسەر بنەمای بیرکردنەوە ئیش دەکات و ڕەهەندی فیکری و مەعریفی لە پشتە. زۆرن ئەو فەیلەسوفانەی کاریگەرییان لەسەر ئەدەب و ڕەخنە هەبووە، یان قسەیان لەسەر ڕەخنە کردوە و باسی گرنگی و پەیوەندییەکانی فەلسەفە و ڕەخنەیان کردووە ، یان زمانی شیعرییان بەکارهێناوە بۆ دەربڕینی فەلسەفەکانییان ، ئەم فەیلەسوفانەش بە (شاعیروفەیلەسووف) ناوبراون . یەکێک لەوانە ( فریدریک نیتشە) یە . لە پەیوەند بە شیعرەوە ، تایبەتمەندی نیتشە جیاوازە لەگەڵ فەیلەسوفەکانی تر ، چونکە هەندێک لە فەیلەسوفەکان هەم شاعیریش بوون هەم فەیلەسوف ، واتە لەپاڵ فەلسەفە شیعریشیان نووسیوە یان سەرەتا بە شیعر دەستییان پێکردووە ، لەوانە ( مارکس ، جان جاک ڕۆسۆ ، ساموێل تەیلۆر کۆلیریچ ....) بەڵام نیتشە، لەگەڵ ئەوەی شیعریشی نووسیوە بەڵکو کتێبە فەلسەفییەکانیشی بە زمانی شیعر نووسیون ، بۆیە بە بڕوای هەندێک کەس ( نیچە لە زکماکەوە شاعیر بووە ) واتە ،

هەر بە شاعیری لە دایک بووە. لەم ڕێگەیشەوە مۆدێلێکی ڕەخنەیی دێنێتە پێشەوە. بۆ نموونە ئەو دیدێکی تری بۆ مرۆڤ خستەڕوو. بۆ نموونە لەبارەی هونەرەوە دەڵێت: ((هونەر تەنیا لاسایکردنەوەی کەتوار (واقیع) نەبوو، بەڵکو بریتییە لە گۆڕینی. دەبێ هونەر لە پێگەی پرسی ڕواڵەتی گزیکەری ئەم دنیای باتڵ بەرز بکاتەوە بەوەی دژوەستانی خواستەکانی مرۆڤی مۆڕاڵی و مرۆڤی ئایینی و مرۆڤی تیۆرییە.)) [شێخ: ٢٠١٢: ٢٩]
لەم گۆڤارەدا رەخنە وەکوو مۆدێلێکی نوێ دێتە پیشەوە، مۆدێلێک تەنیا ئیشکردن نەبێت لەبارەی دەقی ئەدەبییەوە، بەڵکوو گوتارەکە لەوە فراوانتر دەبێت بەرەو پرسیار لە بوونی کایەی ڕۆشنبیریی و ڕۆشنبیر لەناو کۆمەڵگەی کوردی. بۆ نموونە لە وتاری (ڕۆشنبیری کوردی و سیستەمی عیرفانی) لە نووسینی (مەریوان وریا قانیع) لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری ئازادی هەولێکە لە توێژینەوە لەو میکانیزمانەی مەعریفە لە کۆمەڵگای کوردی بەرهەم دەهێنن. ئەم وتارە ئیشکردنە لەبارەی نائامادەیی سیستەمی مەعریفی لە ڕۆشنبیریی کوردیدا. بۆیە دەڵێت: ((لە ڕۆشنبیری ئێمە ئەپستمۆلۆژیایەک بەرهەم نەهاتووە، یان ئیشی نەکردووە، کە ئەقڵی ئێمەی ناچار کردبێت دواجار لە میکانیزمی ئیشکردن و بەرهەمهێنانی مەعریفە ڕابمێنێ. وە هەرگیز پرسیار لە ڕۆشنبیری ئێمەدا، پرسیار نەبووە لە سەرچاوەکانی مەعریفە و ئاستەکانی و میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانی ئەوەندەی دواجار خۆدۆزینەوە بووە لەناو کۆمەڵێ گوتاری ئیدیۆلۆژیکی ساکار و تایبەتدا، کە دەشێ خودی ئەو گوتارانە و شێوەی بەرهەمهێنانیان بدەینە پاڵ سیستەمێک لە سیستەمە ئیتمۆلۆجییە)) [قانیع: ١٩٩٢: ٥] ئەم فۆرمە لە ئیشکردن پیشتر نائامادە بوە لە گوتاری ڕۆشنبیریی کوردی. ئەگەر بە زۆربەی ئەو وتارە ڕەخنەییانەدا بچینەوە، کە پیشتر نووسراون لە ڕووی ئیتمۆلۆجییە (زانستی وشە) وە گوتارێکی تەواو ئەدەبییە. گوتارێکە تەنیا گرنگی بە شیعر داوە لە قاڵبە ئەدەبییەکەدا. گوتاری رەخنەیی پێشتر ئەوەندەی خەریکی لێکدانەوەی لایەنی ڕەوانبێژی، کوردیی پەتی، ساڵی لە دایکبوون و مردنی شاعیر، بابەتی نیشتمانی و نەتەوەیی بووە، ئەوەندە گرنگی بەوە نەداوە شیعر وەکوو پڕۆژەیەکی فەلسەفی و مەعریفی چییە. ئەم گوتارە دواجار بۆتە سیستەم و هەڵوەشاندنەوەی ئەم سیستەمەش کاتی زۆری دەوێت، چونکە بە شیوەیەک ڕەگی داکوتاوە، دەبێت لە ڕەگەوە کاری لەبارەوە بکرێت. ئێمە لەگەڵ ئەوەداین ((وەک ئەوەی هەموو بوون و دیاردەیەک لە گەردووندا خاوەنی فەلسەفەی تایبەتی خۆیەتی، ئاواش شیعر وەکوو بوونێک فەلسەفەی تایبەتی خۆی هەیە و ئەمیش وەک هەر بوونێکی دیکە دەکرێت قسە لەسەر بوون و پێکهاتن و رەگەزەکانی و هۆی دروستبوونی و ئەو ماددەیەی لێی دروست بووە و دەیان

پرسیاری فەلسەفی تر بکرێن.)) [شێخمحەمەد:٢٠١٢: ١٥١] راستە ئەدەب بە گشتی و شیعر بەتایبەتی زۆر جار هەڵگری گوتاری فیکرییە، بەڵام وەکوو لەم وتارەی (مەریوان)دا هاتووە، شیعری کوردی، شیعرێکە هەڵگری سیستەمێکی عیرفانییە و ئەو سیستەمە عیرفانییەش لەناو سیستەمێکی گەورەترە، کە سیستەمی ئاینییە. ئەم وتارە گوتارێکی نوێیە بۆ قسەکردن لەبارەی ئەدەبی کوردی بە گشتی و شیعر بەتایبەتی. بۆ نموونە هەموو وتارەکانی پیشتر لەبارەی شیعری باباتاهیری هەمەدانییەوە لەو روانگەیەکی سۆفیزمییەوە توێژینەوەی لەسەر کراوە، بەڵام گوتاری ئەم وتارە هەوڵدانە بۆ خوێندنەوەیەکی تر بۆ شیعرەکانی باباتاهیر. ئەم وتارە باباتاهیر وەکوو رۆشنبیرێک کە ئەرکێکی مەعریفی جێبەجێ کردووە، یان لە روانگەیەکی فەلسەفییەوە لە ئەرک و پێگەی شیعری کوردی دیاری دەکات. ئەویش لە دوو ئاست: ((

یەکەمیان: ئاستی گواستنەوە لە قۆناغی شەفەییەوە بۆ قۆناغی نووسراو.

دووەمیان: ئاستی گواستنەوە لە دیکتاتۆریەتی زمانە دەرەکییەکانەوە- بەتایبەتی زمانی عەرەبی و فارسی- بۆ زمانی کوردی.)) [قانیع: ١٩٩٢: ٦] کەواتە ئەم شاعیرە دوو ئەرکی فەلسەفی جێگری کردووە، ئەویش هەوڵدان بۆ رزگارکردنی شیعری کوردی لە زارەکییەوە بۆ نووسراو. دەقی نووسراو، دەقێکە دەمێنێتەوە، زمانی نووسراویش زمانێکە خاوەن سیستمە. باباتاهیر لەم روانگەیەوە ئەرکێکی فەلسەفی زمانی جێبەجێکردووە. ئەم ئەرکە هەولێکە بۆ دۆزینەوەی خود. نووسین یەکێک لە ئەرکە مەعریفییەکانی ئەوەیە خود دەناسێنێ و تایبەتمەندی خود دەپارێزێت. لێرەوەیە ئەرکی دووەم دێتە پێشەوە، کە سەلماندنی، یان بەرزکردنەوەی بوونی زمانی کوردییە بۆ ئاستی بوونی زمانەکانی تری وەکوو عەرەبی و فارسی. هاوکات سڕینەوەی ئەو پیرۆزیەیە، کە زمانەکانی عەرەبی و فارسی لە ڕێگەیەوە خۆیان بەسەر زمانی نەتەوە موسڵمانەکاندا سەپاندووە. بەمەش وا دەکات لە دەقدا دەلالات و واتا و کۆد و مانا و تەلیسمی تێدا بدۆزرێتەوە ، بەو شێوەیە دەق گەڕایەوە بۆ ناو چەندین ڕەگەزی تری وەک زمان و ریتمی ناوەکی و فرەیی لە دەلالەت و مانا و کۆدی تر، کە ئەمانە وا لە دەق دەکەن هاوشان بێت لەگەڵ فرە خوێندنەوەدا ، لێرەدا دەق وای لێکرا بەبێ حیسابکردن و گەڕانەوە بۆ شوێنکات هەر بە زیندوویی بمێنێتەوە و نەمر بێت. لێرەوە زمان دەبێتە ئەو ئامرازەی دەتوانێت گوتارێک دروست بکات، ئەویش گوتاری ڕۆشنبیریی کوردییە. ئەمە لێدانە لە سێنتەربوونی زمانی عەرەبی و فارسی، لێدانە لە پیرۆزی ئەو دوو زمانە و گەڕاندنەوەی شکۆی زمانی کوردییە. وەکوو وتراوە بە پێی تێزەکەی (هایدیگەر) زمان ماڵی بوونە، کەواتە هەر نەتەوەیەک خاوەن زمانی خۆی نەبێت، یان زمانی بە کویلە کرابێت، ئەوا بوونی بە

کۆیلە کراوە. ئازادکردنی زمان لە لای ئەم شاعیرە هەوڵێکە بۆ ئازادکردنی نەتەوە بە دیوە فراوانەکەی. ئەم هەوڵەی باباتاهیر بەپێی وتارەکەی (مەریوان) هەوڵێکی ((داهێنەرانەیە، بەو مانایەی مانای شوناس بە زمان بدات، ئەم پێدانی شوناسە هەنگاوی یەکەمە بۆ شوناسی نەتەوەیی، ئەو نایەوێت هەموو نووسینەکان هەر بە زمانی ئایین، یان زمانی دەسەلات بێت، یان لەژێر کاریگەری ئەواندا بنووسرێت، زمان ئەرکێکی گەورەتری هەیە، کە شوناسی نەتەوەییە.)) [مەنتک: ٢٠١١: ١٤] دەبینین گوتاری ئەم وتارە زۆر جیاوازە لە گوتاری نووسین و ڕەخنەکانی پیش خۆی، ئەویش جۆرێکی تری ئیشکردنە لەبارەی شیعری کوردی. ئاشکراکردنی ڕەهەندێکی تری شیعری کوردییە، ڕوانینە لە دەلاقەیەکی جیاوازەوە بۆ شیعرەکانی باباتاهیر. لە لێکۆڵینەوەکانی پێشتر تەنیا لە رووە عیرفانییە ئیسلامییەکەوە لە شیعرەکانی ئەم شاعیرە لێکۆڵینەوە دەکرا، بەڵام لەم وتارە رەخنەییەدا واتایەکی تر بە عیرفان و بابەتی عیرفانی لە شیعرەکانی ئەم شاعیرە بەخشراوە. ئەم وتارە باباتاهیر وەک سەرەتای ناسین و شوناسی کورد دەبینێت، سەرەتایەک هەوڵ دەدات کۆتایی بەو سڕینەوە نەتەوەیی و کولتوورە بهێنێت، ئەویش لە ڕێگەی هێنانەپێشی زمانی کوردییەوە.

لە ژمارە (٣)دا وتارێکی گرنگ بە ناوی (سەرهەلدان و هەرەسهێنانی وێنەی باوک لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا) لە نووسینی (ڕێبین ئەحمەد هەردی)دەبینێن. ئەم وتارە ئیشکردنێکی جیاوازە لەبارەی شیعری کوردی بە گشتی و شیعری (شێرکۆ بێکەس) بەتایبەتی. هەر لە پێشەکی وتارەکەدا گوتاری ڕەخنەیی وتارەکەمان بۆ دەردەکەوێت، هاوکات رەخنە دەگرێت لە گوتاری نووسینەکانی پێشتر، کە لەبارەی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسەوە نووسراون. ((زۆربەی ئەو نووسین و رەخنانەی لەسەری نووسراون (ژمارەیەکی کەمیان لی دەرچێ) رەخنەی سیاسی بوون و دوور بوون لە رەخنەی ئەدەبییەوە. زۆربەی ئەو رەخنانە لە جێی ئەوەی بە دوای شیعردا بگەڕێت بە دوای هەڵوێستی سیاسیدا گەراون و هەوڵیان داوە لەم خاڵەوە دەروازەیەک بۆ هێرشکردنە سەر کاک شێرکۆ بدۆزنەوە. ئەمەش بی ئەوەی تەفسیرێکی لۆژیکی بدەن بە دەستەوە مامەلەی ئەم رەخنانە لەگەڵ شیعردا مامەڵەیەکی ستاتیکی یەک لایەنە بووە تەنها لە ئاستی سیاسیدا ئیشی کردووە. جۆرێک بووە لە دادگایەکی سیاسی تاوانبارێکی سیاسی، یان دادگای ئایدیۆلۆژی ئایدیۆلۆژیایەکی هەڵە، بەڵام هەرگیز دادگایەکی ئەدەبی دەقێکی شیعری نەبووە.)) [هەردی: ١٩٩٣: ٥٧] ئەم پەرەگرافە بەڵگەی ئەو بۆچوونەی پێشترمانە، کە گوتاری ڕەخنەی کوردیمان لە پێش ڕاپەڕین بە گوتارێکی ئایدیۆلۆژی و نەتەوەیی دانابوو. هەمیشە دەقی ئەدەبی

دەکرا بە قوربانی بوارە سیاسی، یان ئایدیۆلۆجییەکەی. ئەم وتارە دەبێتە هەولێک بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی جیاواز و لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس بخوێنێتەوە. بۆیە دەبینین لەم نووسینەدا بە وردی و بە شێوەیەکی ئاشکرا مێتۆدی نووسینەکە بۆ توێژینەوە لە شیعری شاعیر ئاماژەی بۆ کراوە. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە دوای ڕاپەڕین رەخنەی ئەدەبی بە شێوەیەکی گشتی بەرەو بەکارهێنانی مێتۆد ڕۆیشتووە. لەم نووسینەدا نووسەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەو پەنای بۆ مێتۆدی دەروونشیکاری بۆ توێژینەوە لە شیعرەکانی شێرکۆ بردووە. ((ئەگەرچی مەنهەجی ئەم باسە، مەنهجی شیکردنەوەی دەروونییە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەمکەکانی زیاد لە قوتابخانەیەکی شیکردنەوەی دەروونیم بەکارهێناوە.)) [هەردی: ١٩٩٣: ٥٩] ئەگەر لە ڕوانگە کۆمەڵناسی، یان دەروونناسییەکە ئەدەب وەکوو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، یان دەروونی بخوێنینەوە، جۆرێکە لە جۆرەکانی گوزارشتکردنی مرۆڤ لە دنیای خۆی لەناو کۆمەڵگە، یان دەروونی نووسەرەوە هەڵدەقوڵێت. بۆیە پێویستە دوای بلاوکردنەوەی دووبارە بۆ منداڵدانی کۆمەڵگە، یان دەروونی نووسەر بگەڕێندرێتەوە. ئەم ئەرکە مێتۆد لە ئەستۆی دەگرێت و دەقەکە لە ڕێگەیەوە شرۆڤە دەکرێت. مێتۆد یارمەتیمان دەدات بۆ نموونە دەقە شیعرییەکە هەڵوەشێنیتەوە و رەگەز هونەرییەکانی دەستنیشان بکەین. لە هەنگاوی دووەمدا ئەوەی هەڵمانوەشاندۆتەوە، پێویستە سەرلەنوی دایڕێژینەوە. بەمەش واتای دەقەکە و لایەنە هونەرییەکانی دەقەکەمان بۆ دەردەکەوێت. هاوکات بە هۆی مێتۆدەوە لەو پەرتی و بڵاویەی لە نووسینەکاندا بەناوی ڕەخنەی ئەدەبییەوە دەنووسرێت ڕزگارمان دەبێت و دەتوانین گوتارێکی زانستی بۆ رەخنەی ئەدەبی دابڕێژین. لەم وتارەدا بە هۆی بوونی مێتۆد لە نووسیندا خوێنەر تووشی پەرتبوون ناکات، نووسینەکەش تەنیا لە چوارچێوەی شرۆڤەکردنی لایەنی دەروونی و ئەو کاریگەرییە دەروونیانەی بوونەتە هۆی بەرهەمهێنانی شیعر لە لای ئەم شاعیرە دەسورێتەوە. هاوکات ئەو چەمکە دەروونیانەی لەناو نووسینەکەدا هاتوون، پەیوەندییەکی قووڵیان بە زانستی دەروونییەوە هەیە. ئاشکراشە دەروونناسی ناچێتە دەرەوەی فیکر و فەلسەفە. لەم وتارەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، شێرکۆ بێکەس بە کاریگەری شیعرێکی باوکی بووەتە شاعیر. نووسەر شیعرەکەی بێکەسی باوک وەکوو وەسیەتنامەیەک لێک دەداتەوە، کە شێرکۆی کوڕ دەبێت جێبەجێی بکات. بۆیە دەبینین شێرکۆ لەگەڵ بڵاوکردنەوەی یەکەم دیوانی خۆی (تریفەی هەڵبەست)، دیوانەکە بە باوکی پیشکەش دەکات، ئەویش وەکوو وەفایەک بۆ جێبەجێکردنی وەسیەتەکە. هاوکات لە سەرەتای وتارەکەدا بە شێوەیەکی تیۆری ورد لە چەمکی باوک دەکۆڵێتەوە و ئەم کۆمەڵایەتیبونەی مرۆڤ بۆ کاریگەری

باوک دەگەڕێنێتەوە. واتە نووسەر لە ڕێگەی مێتۆدەوە هەوڵیداوە سەرەتا لە رووی تیۆرییەوە لەو چەکە دەروونیانەی بۆ ئەم وتارە پێویستیەتی و لە ڕێگەیانەوە شیعرەکە راڤە دەکات، شی بکاتەوە، ئینجا دێت بۆ لایەنی پراکتیکی سوود لە شیعرەکانی شاعیر وەردەگرێت. لێرەدا فیکر و رەخنە ئاشت دەکرێنەوە. بە واتایەکی تر تێکەڵ دەکرێن بۆ ئەوەی ئەو دابڕانە مێژووییەی لە رەخنەی کوردیدا لەنێوانیاندا دروست بووبوو، کاڵ بکرێتەوە و بسڕدرێتەوە.
لە ژمارە (٤)ی گۆڤارەکەدا (گۆڤاری ئازادی) چەند وتارێکی ڕەخنەیی زۆر گرنگ دەخوێنینەوە. لەم ژمارەیەدا وتارە رەخنەییەکان گوتاری فیکری تەواو تێیاندا رەنگ دەداتەوە. یەکێک لە وتارە گرنگەکان قسەکردنە لەبارەی تێروانینی فەیلەسووفی بوونگەرایی (مارتن هایدیگەر)ە بۆ شیعر. ئەم وتارە بەناوی (دیدی مارتن هیدجەر، نامۆبوون لە ئۆنتۆلۆژیای زمان/شیعر) لە نووسینی (بەکر عەلی)یە. لەم وتارەدا تێڕوانینە ئۆنتۆلۆژیاکەی (هایدیگەر) بۆ شیعر دەخرێتەڕوو. وتارێکە هەوڵدەدات لە زمان وەکوو بونێک بکۆڵێتەوە. بۆیە رەخنە ئاراستەی زمانی نووسینی کوردی و زمانی ئاخاوتنی کوردی دەکات. بۆیە دەڵێت: ((لەم چاخەدا کە دەسەڵاتی رەسەنی زمان شکاوە، زمان لە ڕێی بەیەکداچوونی قسەکردنی چەنەبازی و رووکەشی هەڵەوەڕیەوە زمان توانایەکی تری بۆ خۆی پەیدا کردووە، کە بریتییە لە توانای فڕیدان.)) [عەلی: ١٩٩٤: ١٤٨] لەم ڕوانگەیەوە نووسەر هەوڵدەدا تێروانینی هایدیگەر بۆ شیعر بۆ تەواوکردنی پڕۆژە بوونناسییەکەی بخاتەروو. گوتارێکە رەخنە و بوونناسی بەیەکەوە دەبەستێتەوە. بۆ فەیلەسووفێکی وەکوو هایدیگەر گرنگی شیعر لە پەیوەندی بە زمانەوە دەردەکەوێت. دیسان ناچارین ئەو رستەیەی هایدیگەر بە بیر خۆمان بهێنینەوە، کە دەڵێت: زمان ماڵی بوونە. واتە لە دەرەوەی زمان بوون، بوونی نییە. ((شیعر وەکوو فەلسەفە بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت هیچ جیاوازییەک لە نیوان شیعر و فەلسەفەدا نەبێت و هایدگەر ئاماژە بۆ جیاوازی لێکچوونشیان دەکات.)) [کەمال: ٢٠١٦: ٣١] کەواتە شیعر لە ڕێگەی زمانەوە دەیەوی راستی بوونمان بۆ دەربخات. کەواتە بە بڕوای (د.محەمە کەمال) هەموو شیعرێک خاوەنی ئەم ناوەڕۆکە گرنگە نییە، بەڵکوو شیعرگەلێکمان هەیە، بە بۆچوونە هایدیگەرییەکە نارەسەنە و سەر بە کولتووری بازاڕی و نزمە. شیعرگەلێکیشمان هەیە خاوەن ناوەڕۆکێکی بوونناسانە و رەسەنە. ئاشکرایە هایدیگەر بۆ توێژینەوە لە شیعر و پڕۆژە بوونناسییەکەی توێژینەوە لە شیعرەکانی (هۆڵدەرین) دەکات. بەلایەوە زمان سەرەتای دامەزراندنی بوونە. زمان، کە کەرەسەی سەرەکیی نووسینی شیعرە، لە کەرەسە خۆی دادەتەکێنێت و دەبێتە بوونی بوون. لە خوێندنەوە کلاسیکییەکان زمان کەرەسە و ئامرازی شیعر بوو، بەلأم لە لای

فەیلەسووفێکی وەکوو هایدیگەر شیعر دەبێتە ئامراز بۆ دەربڕینی زمان وەکووماڵی بوون. (بەکر عەلی) دەیەوێت مۆدێلی بوونگەرایی، بە واتایەکی تر دەیەوی فەلسەفە و شیعر، یان ئەدەبیات لە روانگەی فەلسەفییەوە ڕاڤە بکات. بۆیە پیویستیمان بە تێروانینی هایدیگەر بۆ شیعر هەیە، کاتێک دەڵێت: ((شیعر بە واتایەکی گشتی: بریتییە لە چەمکی شیعرییەت، ئەوەی وەک شیعر دەکەوێتە ناو ئەدەبی جیهانییەوە. هەروەها شیعر دەکرێت ئەو مانایەشی هەبێت: کە ئەو شیعرێکی نیشانەکراوە، نیشانەکراو بەوەی کە قەدەری ئێمەی پێوەبەندە. چونکە ئەو شیعرە بە تەنیا وا لە ئێمە دەکات شاعیرانە بین، جا ئەمە بۆ ئێمە وەک یەکە، ئەگەر ئێمە بەمە بزانین یان نا، یان ئەوەی کە خۆمان بۆ ئەمە ئامادە کردبیت، یان نا، بۆ ئەوەی شاعیرانە بین.)) [هایدیگەر: ٢٠١٧: ٤٩] هەموو هەوڵێکی ئەم فەیلەسووفە بۆ ئەوەیە بیرکردنەوەی داهێنەرانە لە ڕێگەی شیعرەوە بهێنێتە ناو ئەدەبیات. (بەکر عەلی) بە هۆی ئەم نووسینەوە هەوڵی هێنانی مێتۆدی بوونگەرانەی هایدیگەر بۆ ناو ئەدەبیاتی کوردی دەدات، بەوەی ئەدەبیاتی کوردی بە گشتی و شیعری کوردی بەتایبەتی خۆی بە بیرکردنەوەی داهێنەرانەوە خەریک ناکات. زمان بە شێوە رووکەشەکەی بەکار دەهێنیت و نایکاتە ماڵی بوون. لە ڕێگەی ئەم وتارەوە دەزانین شیعری کوردی لە پیش ڕاپەڕین هەڵگری ناوەڕۆکێکی نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژی بووە بە گشتی، هاوکاتە لە قۆناغێکی تر بەتایبەت لە دەیەی هەشتای سەدەی ڕابردوو، شیعری کوردی ئەوەندەی زمان وەکوو رەمز بەکاردەهێنێت، ئەوەندە خۆی بە جەوهەری زمانەوە خەریک ناکات. هۆکاری ئەمەیش بۆ سانسۆری سیاسی دەگەڕێتەوە، چونکە شاعیران لەژێر دەسەڵاتی بەعسدا نەیاندەتوانی ڕاستەوخۆ گوزارشت لە ئازارەکان بکەن. لەم ڕوانگەیەوە دەیانەوی زمان هەڵگری ڕەهەندی فەلسەفی و فیکری بێت، چیتر خۆی بە یاریکردن بە زمان و وشەوە خەریک نەکات. کەواتە زمانی شیعر دەبێتە زمانێک بۆ ئەوەی مرۆڤ بە دوای بوونی خۆیدا بگەڕێت. ئەم گوتارە هەوڵدانە بۆ ئاشتکردنەوەی مرۆڤ لەگەل بوون و شوناسی خۆی. هاوکات مێتۆدێکە بۆ ئەوەی شیعر چیتر ڕازاندنەوە و گوزارشتکردن نییە لە هەستەکانمان. دەربڕینی هەستەکانمان نییە، لیرەدا شیعر دەبێتە بوون و بناغەی بابەتی بوون دادەنێت. دەبینین ئەم جۆرە لە گوتارە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی مۆدێلێکی تازەیە. هەوڵدانە بۆ سەرلەنوی پێناسەکردنەوەی شیعر و ئەرکێکی تر بە شیعر دەبەخشێت.

هەر لە ژمارە (٤)ی گۆڤاری ئازادیدا وتارێکی رەخنەیی (بەختیار عەلی) لەبارەی چەند لیکۆڵینەوەیەکی (ڕێبوار سیوەیلی)، کە لەبارەی شیعرەکانی نالییەوە نووسیویەتی دەخوێنینەوە. گوتاری ئەم نووسینە بە مێتۆدی ڕەخنەی ڕەخنە نووسراوە. لەم نووسینەدا (بەختیار عەلی) هەوڵی

ئاشکراکردنی دیویکی تری نووسینەکەی (ڕێبوار) دەدات. ئەم نووسینەی ڕێبوار وەکوو دەمامک لێک دەداتەوە، کە خودێکی تر لە پشت نووسینەکەوە هەیە. واتە نووسینەکەی ڕێبوار هێندەی ئیشکردن بووە لەپێناو خودی خۆی ئەوەندە ئیشکردنە نییە لەپێناو دەرخستنی لایەنە هونەرییەکانی شیعری نالی. لە ڕێگەی ئەم وتارەوە بەختیار عەلی سەرلەنوێ خوێندنەوەیەکی تازە بۆ هەردوو تێکستەکەی نالی دەکات، کە پێشتر ڕێبوار سیوەیلی کاری لەبارەوە کردووە. کەواتە گوتاری ئەم وتارە ڕەخنەییە هەوڵدانە بۆ خوێندنەوەیەکی تازە و نوێ. هاوکات ڕەخنەش لە هەندی شوێنی وتارەکەی ڕێبوار دەگرێت.

بە درێژایی مێژووی فیکر و ئەدەب بەردەوام چەند ساڵ جارێک، یان هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی کۆمەڵگە تەوژم و بزووتنەوەی فیکری و ئەدەبی پەیدا دەبێت. ئەم تەوژم و بزووتنەوانە لە ئەنجامی پێویستی قۆناغەکە و بوونی تێڕوانینی جیاوازەوە بووە. هاوکات دواتر ئەو تەوژمە فیکری و ئەدەبیانە تیڕوانینی جیاوازیشی بەرهەمهێناوە. ئیتر دەرکردنی بەیاننامە یان مانیفێستی ئەدەبی بێت، هەندێ جار واهەڵکەوتووە کە تەنیا کەسێک مانیفێستی دەرکردووە و هەندێ جاریش بە کۆمەڵ ئەم کارە کراوە، کە لە ئەنجامی دیالۆگەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەوەی کە بەتەنیا کردوویەتی خۆی جیاکردۆتەوە لە ئەدەبێک کە باو بووە، ئەوانەش کە بە کۆمەڵ خۆیان ڕاگەیاندووە، یەک جیهانبینی هانیداون، بە نیازی ئەوەی تەکان و گەشەیەک بە ئەدەبی باو بدەن، سەرەنجام مانیفێست بۆ وەڵامدانەوەی قۆناغێکی ئەدەبی بووە، بۆ ڕزگارکردنی ئەدەب لە سیاسەت، بە پێچەوانەشەوە ئایدیۆلۆژیا کاریگەری هەبووە، یان تێپەڕاندنی قۆناغێکی سیاسی و هاتنە پێشەوەی قۆناغێکی نوێ.

دەرکەوتنی هەر گرووپێک کە لە ئەنجامی دیالۆگی ئەدەبییەوە دێتەکایەوە، دەرکەوتنی کۆمەڵێک بۆچوونی نزیکە لە یەکتری، لەبەرامبەریشدا بەخشینی فۆرمێکی ترە لەو فۆرمانەی کە هەیە، ئەم دەرکەوتنە بەشێکی بۆ جەنگی تازەگەری دەگەڕێتەوە و نووسەران خەمی نوێخوازیان لە کۆڵ گرتووە. بۆیە لەڕێگەی مانیفێستەوە دەریدەبڕن، بەشەکەی تریان ئەو جەنگەیە کە لە نێوان گرووپی ئەدەبی شارەکاندا هەیە، بیانووەکەش ئەوەیە کە جیاوازی ستایلی کارکردنە، یاخود جیاوازی بۆچوونە بەرامبەر بەزمانی دەقی ئەدەبی.

(ڕەهەند)یەکان گرووپێک لە ڕۆشنبیرانی باشووری کوردستان بوون، لە نەوەی ناوەڕاست و کۆتایی هەشتای سەدەی ڕابردوون. لە ناوەڕاست و کۆتایی ساڵانی نەوەدی سەدەی ڕابردوو بە دەرکردنی گۆڤاری (ڕەهەند) توانیان وەرچەرخانێکی مێتۆدی و مەعریفەتناسی لە ئەدەب و

کولتووری کوردیدا دروست بکەن. بڵاوکردنەوەی ئەم گۆڤارە چیرۆکی خۆی هەیە. وەکوو لەو نووسینەی لە سەرەتای ژمارە یەکی گۆڤاری ڕەهەنددا هاتووە، دەستەی نووسەرانی هەردوو گۆڤاری (ئازادی) و (یەکگرتن) لە شاری فرانکفۆرت کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی ئەم گۆڤارە (ڕەهەند) وەکوو پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی دەربکەن. بۆیە ئامانجی ئەم گۆڤارە ڕوون دەکەنەوە. (("ڕەهەند" دەخوازێت وەکو گۆڤارێکی وەرزی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی تیۆر و کولتوور و ڕاڤەکردن خۆی بناسێنێت، گۆڤارێک کە بایەخی تەواو دەدات بە هەوڵی قەڵەمە کوردییەکان بۆ خوێندنەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبی و دەروونی لە کوردستاندا. واتە پرەنسیپی سەرەکی گۆڤارەکە کردنەوەی دەرگایە لەسەر ئازادیی خوێندنەوەی زانستیانەی کورد بۆ خۆی، بەبێ هیچ تابۆیەکی سیاسی یان ئایینی یاخود ئایدیۆلۆژی.)) [ڕەهەند: ١٩٩٦: ٤] لەم پەیڤانەوە دەردەکەوێت، ئەم گۆڤارە لێکدان و کۆکردنەوەی پرۆژە ڕۆشنبیرییەکەی هەردوو گۆڤاری یەکگرتن و ئازادییە. هاوکات ئەوان یەکەم ئیشێکیان ئەوەیە بە شیوەیەکی میتۆدیانە خوێندنەوە بۆ واقیعی ئەدەبی، کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد بکەن. دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤارە بریتیین لە:( ئاراس فەتاح)، (بەختیار عەلی)، (بەرزان فەرەج)، (فارووق ڕەفیق)، (ڕێبوار سیوەیلی)،( ڕێبین ئەحمەد هەردی)، (مەریوان وریا قانیع)و (هەڵکەوت عەبدوڵڵا). لەم گۆڤارەدا چەندین وتاری سیاسی، سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی و ئەنثرۆپۆلۆجی تێدایە، کە توێژینەوەن لە هەموو ئەو بوارانەی کۆمەڵگەی کوردی. نابێ ئەوەشمان بیر بچێت ئەم گۆڤارە تایبەت نییە بە بواری ئەدەب بە گشتی و ڕەخنە بەتایبەتی، بەڵکوو گۆڤارێکی مەعریفیی قووڵە لە بوارەکانی: ناسیونالیزم، سۆسیۆلۆجیای کۆمەڵگەی کوردی، بواری مەعریفە بە گشتی و سیاسەت کاریان کردووە.

هەموو ئەم هەوڵانە هەولێک بوون بۆ ئەوەی پەیوەندی لە نیوان ڕەخنەی ئەدەبی فەلسەفە دروست بکەنەوە. لە کۆی گوتاری رەخنەیی پیش ڕاپەڕین، ئەو گوتارە دەخوێنینەوە، کە بی میتۆدی بە زۆربەی وتارەکانەوە دیارە، بەڵام دوای ڕاپەڕین پەیوەندییەکی زانستی لە نێوان ڕەخنە و فەلسەفەدا دروست دەبێت، چونکە رەخنەی ئەدەبی لە ئەنجامی ڕامانی مرۆڤەوە لە دەق دروست بووە و فەلسەفەش لە ئەنجامی رامانی مرۆڤ لە بوونی خۆی و گەردوون و دەوروبەری دروست بووە، کەواتە ناتوانین ڕەخنە لە فەلسەفە داببڕین، وەکوو پیش ڕاپەڕین، لە گوتاری ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا هەبوو. فەلسەفە و فیکر واتە پرسیار و تێڕامان، ڕەخنەش هەرئەو ئەرکە دەبینیت. پرسیار لەبارەی دەق و چییەتی دەق دەکات. کەواتە ڕەخنە فەلسەفەیە مادام پرسیار دەکات. ئەم پەیوەندییە راستەوخۆ ئیشکردنە لەبارەی کۆمەڵگەوە، واتە بەستنەوەی ئەدەبە بە کۆمەڵگەوە.

## سێیەم: ڕێبازی ئەدەبی و گوتاری ڕەخنە

ئاشکرایە ئەدەب و کۆمەڵگە کاریگەریان لەسەر یەکتری هەیە، گۆڕانکاری لە هەر یەکێکیاندا دەبێتە هۆی گۆڕانی لەویتریان. ڕێبازە ئەدەبییەکان بە درێژایی مێژووی ئەدەب ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنانی گوتاری ئەدەبی و ڕەخنەییدا هەبووە. ڕێبازە ئەدەبییەکان کۆمەڵێ بنەمای ئێستاتیکی و فیکری و ئاکارین، کەسێک، یان لە ژێر چەتری کۆمەڵەکەسێک دەیکەنە بنەما بۆ تێڕوانین و جیهانبینی و نووسینی خۆیان. هەر ڕێبازێکی ئەدەبیش دروست بووبێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا دروست بووە. لەو ماوەیەشدا دەق و بەرهەمی ئەدەبی بە تایبەتمەندی ئەو ماوەیە ناسراوەتەوە. پەیدابوونی ڕێبازە ئەدەبییەکان لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر جیاوازی هەیە. ڕاستە شوێنی لە دایکبوون و پەیدابوونی ڕیبازە ئەدەبییەکان ئەوروپایە، نەتەوەکانی تریش بەپێی بنەمای هەر یەک لە ڕێبازەکان لەناو نەتەوەکانی خۆیاندا قۆناغبەندی و مێژووی ڕیبازە ئەدەبییەکانیان دیاری کردووە. بۆیە ((لە واقیعیشدا مرۆڤ، لە چەمکی قۆناغە ئەدەبییەکاندا، ڕووبەڕووی ئاڵۆزی دەبێتەوە، وەک یاسا و ڕێسایەکیش، دوورە لەوەوە کە هەموو بەرهەمی ئەو سەردەمە بگرێتەوە، کە باس دەکرێت.)) [پیتەر هالبێرگ و دانەرانی تر: ٢٠١٨: ١٠١] سەرەڕای ئاڵۆزی و زەحمەتی دیاریکردنی ڕێبازەێکی دیاریکراو لەناو مێژووی ئەدەبیدا، بەڵام ناکرێت هەوڵی بۆ نەدەین، چونکە دواجار بوونی هەر ڕێبازێک خۆی لە خۆیدا گوتارێکی بەرهەمهێناوە.

ئەگەر سەیری مێژووی ئەدەبی کوردی بکەین، پەیدابوونی ڕێبازە ئەدەبییەکان لە جەوهەردا دەبێت ڕووبەڕووی پرسیارێ بکرێتەوە. ئایا ڕێبازی کلاسیکی، یان ڕۆمانتیکی، یان ڕیالیزم بە هەمان ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبییەدا ڕۆیشتووە، کە ئەدەبی ئەورووپی پێیدا ڕۆیشتووە؟ بۆ نموونە کە باس لە ڕێبازی کلاسیک دەکەین، هەمان ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی پەیدابوونی ڕێبازی کلاسیک لە ئەورووپا هەمان ئەو هۆکارانە لە ئەدەبی کوردیدا نەبوونە هۆی بەرهەمهێنانی ئەدەبێکی کلاسیک. ئەم قسەیەمان بۆ ڕێبازی ڕۆمانتیک و ڕیالیزمیش هەر ڕاستە. ئەوەندەی هۆکاری سەردەم و گۆڕانی سەردەم بوونەتە هۆی گۆڕینی ئەدەب و شیعری کوردی، ئەوەندە هوشیارییەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی لە پشتەوە نەبووە. ڕاستە (پیرەمێرد و شێخ نووری و گۆران) لە ئەنجامی کاریگەربوونیان بە ئەدەبی تورکییەوە گۆڕانکاری لە کێش و سەرودا دەکەن، بەڵام هەمان ئەو هوشیارییە خۆرسکەی وەکوو (هۆگۆ، کۆلردیج، وۆردز وۆرس) بۆ تێڕامان لە ئەدەبی نەتەوەکەیان هەیانبووە،لای کورد نەبووە. لەو سەردەمە هیچ ڕێبازێکی فەلسەفی و

کۆمەڵایەتی پاڵنەر نەبووە بۆ پەیدابوونی ڕێبازی ئەدەبی تایبەت بە سروشتی ئەدەبی کوردییەوە. واتە پەیدابوونی ڕیبازە ئەدەبییەکان لەناو ئەدەبی کوردیدا لە ئەنجامی تێڕامانێکی خۆڕسکانەی تایبەت بە سروشتی ئەدەبی کوردی نەبووە. بێگومان ئەمەش بۆ کۆمەڵی هۆکار دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە کوردستان لە ڕووی قەوارەوە خاوەن کیانێکی سەربەخۆ نەبووە، ئەمە بۆ بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبیش هەر راست بووە. ئەدەبی کوردی لە لایەک کاریگەری ئەدەبی ئیسلامیی (ئەدەبی عەرەبی، فارسی و تورکی) لەسەر بووە. هاوکات لە ڕێگەی ئەدەبی دروسیەوە ئەدەبی ئەرووپی کاریگەری لەسەر بووە. بۆ نموونە (پیرەمێرد و شێخ نووری و گۆران) و ئەوانی تر ڕاستەوخۆ نەوکەتوونەتە بەر کاریگەری ئەدەبی ڕۆمانسیزمی ئەورووپییەوە، بەڵکوو لە ڕێی ئەدەبی تورکییەوە بووە، ئەدەبی تورکیش، کە کاریگەر بووە بە ئەدەبی ڕۆمانسیزمی ئەورووپی سروشتێکی تورکانەی بەبەردا کردووە، ئینجا بۆ دەرەوەی خۆی ناردووە. ئەم فۆرمە لە کاریگەرییە بەردەوام دەبێت، تاکوو دوای ڕاپەڕین.

لە دوای ڕاپەڕین نووسەرێکی وەکوو (فەرهاد پیربالّ) دوای ئەوەی لە فەرەنسا دەگەڕێتەوە، بە کاریگەری ڕاستەوخۆی ڕێبازی سوریالیزم لە ئەدەبی ئەورووپیدا، هەمان ڕێباز دەهێنێت ، و لەگەڵ ئەدەبی کوردیدا تێکەڵی دەکات. هەرچەندە ئەم ڕێبازە لای شاعیری کورد کارێکی نوێی نەبووە بە نموونە (گۆران)ی شاعیر لە ساڵی ١٩٥٢ لە وتاریکیدا لەسەر ڕێبازی سوریالیزمی نوسیووە ، ( لەتیف هەڵمەت) لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئەم ڕێبازەی ناسیوەوشیعریشی لەسەر داناوە. بەڵام ئەوەی سوریالیزمی کوردی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کۆپییەکەی ڕاستەوخۆی سوریالیزمی ئەورووپییە، هەرچەندە دوای نزیکەی حەفتاساڵ دوای سوریالیزمی ئەورووپی پەیدا دەبێت، چونکە ((سوریالیزم بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەری بوو، پاش کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤- ١٩١٨) واتا لە دوای ڕێبازی دادائیزم لە فەرەنسا هاتەئارا دژ بە هەموو لۆجیک و شیوە ڕێکوپێکییەکی ئەدەبی و هونەری و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی بوو.)) [مەنتک: ٢٠١١: ٨] فەرهاد پیربالّ لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر و شاعیری تر بانگەوازی ئەم ڕێبازە دەکەن. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەم ڕیبازە چۆن بووەتە گوتارێک بۆ ئەوەی ڕەخنە لە بواری کۆمەڵایەتی و ئەدەبی لەناو کورد بگرێت. ئەم ڕێبازە لەناو ئەدەبی کوردیدا گوتارێک بەرهەم دەهێنێت، کە دەست بۆ هەموو کەموکورتییەکان دەبات.

ژمارە یەکی گۆڤاری (وێران) لە نۆڤەمبەری ١٩٩٤دا دەردەچێت( ئەم گۆڤارە سەرەتا شێوازی دەرچوونی وەک ڕۆژنامە بوو)، لە ڕووی دیزایین و فۆرمەوە تەواو جیاواز دەردەکەوێت. لە ژمارە

(٦)ی مارسی ٢٠٠٣دا لە سەروتاری گۆڤارەکەدا رەخنەی توند ئاراستەی سیاسییەکانی کوردستان دەکات، کە نابێ بەشداری لە شەڕی ئازادی عێراقدا بکەن و دژ بە جەنگ بانگەواز دەکەن. ئەوان دەنووسن: ((ئەوە تەپڵی جەنگ وا لێدرا! وێرانییەکی دیکە ڕوو لە کوردستان دەکات. ئێمەی گەنجی داهێن، قوتابی، خوێندکار، هونەرمەند، ئێمەی نووسەرانی نوێخواز چی بکەین!؟ چۆن دەتوانین ستراتیژێکی کولتووری ئەوتۆ دابڕێژین کە لە خزمەت داهاتووی نوێکردنەوەی ئەدەبی- هونەری نەتەوەکەماندا بێت.)) [وێران: ٢٠٠٣: ١] ئەم نووسینە لە شیوەی بەیاننامەیەک دردەکەوێت. هەوڵدەدا پەیوەندی ئەدەب بە کۆمەڵگەوە دەربخات، کە سیاسییەکانی کورد نەچنە ناو جەنگێکەوە، کە کاریگەری گەورەی لەسەر تاکی کورد دەبێت. ئاشکرایە جەنگ لە هەر شوێنێک بێت ماڵویرانی لەوێیە. ستراتیژی گۆڤارەکە ئەوەیە دژ بە جەنگن، هەوڵێکە بۆ هوشیارکردنەوەی خەڵک لەو جەنگەی بەڕێوەیە. بۆیە دەنووسن: ((ئێمەی نەسلی دوای ڕاپەڕین، نەسلێکین بە ئازادی و دیموکراسی ئەو ١٢ساڵە راهاتووین و هەرگیز نامانەوێ بچینەوە ژێر نێڵی بەعس و ژێردەستانە بژین، بە هەمان شێوە دڵنیاشین لەوەی کە ڕژێمی تورکیا تانوپۆی ئازادی و دیموکراسی و دڵبڵندییە نەتەوەییەمان تەفروتونا دەکات.. کەواتە "وێران" ئەمڕۆ بەرپرسیارییەکی سیاسی- نەتەوەیی هاوبەشە.)) [وێران: ٢٠٠٣: ١] گۆڤارێکی ئەدەبیی و کولتووری وەکوو ویران، ڕەهەندێکی سیاسی بە گوتاری خۆی دەبەخشێت. بۆ ئەوەی ڕۆڵی هەبێت گوتارێکی ڕەخنەیی لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دژ بە بەشداریکردنی کورد لەو جەنگە بهێنێتە کایەوە. بێگومان ئەم گوتارە تەنیا گوتارێک نییە لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، بەڵکوو گوتارێکە لە ئاستی ئەدەبیشدا. واتە سەرلەنوی گێڕانەوەی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەدەبە بۆ ناو کۆمەڵگە. چونکە گۆڤارە ئەدەبی و کولتوورییەکانی پیشتر خۆیان لە سیاسەت دوور دەگرت.

لە وتاری (ڕزگاربوون لە جوغزەکەی ئەولیا چەلەبی) لە نووسینی (سروود میرخان) بە وردی قسە لەبارەی رەوشی ئەدەبی و هونەری **کوردی دەکرێت**. ئەویش لە ڕێگەی نووسین لەبارە ستراتیژیەتی گۆڤاری وێران. یاخیبوون و نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردی بە پیویستییەکی واقیعی دەزانێت. بۆیە دەڵێت: ((یەکێک لە هۆیەکانی مەرگەساتی کورد (بەتایبەتی هونەرمەند و نووسەر) کە ناتوانێت ئازاد بژێت فیر بێت چۆن نوێگەری بهێنێتە ئارا، ڕەنگە ئەوە بیت کە ئەو، بە درێژایی مێژوو، لە ناوهوشیاریی گەلەکۆیی خۆیدا هەرگیز بەوە ڕانەهاتووە ئازاد بێت وئازاد بژیت و ئازاد بیربکاتەوە.)) [وێران: ٢٠٠٣: ٥] ڕۆلی ئەم گۆڤارە بە گشتی و ڕێبازی سوریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا ئەوە بووە، کە کاریان لەبارەی جۆرێک لە ڕەخنە کردووە، ئەم رەخنەیە تەنیا قسەکردن

نەبووە لەبارەی دەقێکی شێعری، یان ڕۆمان و چیرۆک، بەڵکوو رەخنەیەک بووە زیاتر کاری لەبارەی فەزای ئەدەبی کوردی کردووە. لیرەدا فۆرمێک لە رەخنە دروست دەبێت، کە خۆی تەنیا لەناو دەقدا قەتیس ناکات. وەکوو چۆن بونیادگەرەکان کاریان لەبارەوە دەکرد. رەخنەیەکە ئیش لەبارەی هۆکار و فاکتەرەکانی نویێ نەبوونەوەی ئەدەبی کوردی بە گشتی دەکات. بۆیە ئەوان داوای شۆڕشێک دەکەن بۆ ئەوەی ئەدەبی کوردی لە ڕیشەوە بگۆڕێت. ئەو رەخنەیەی هەڵگرانی بیری ئەم ڕێبازە داوای دەکەن، ڕەخنەیەکە شەڕی کولتووری پێ دەکەن. واتە شەڕی نێوان کۆن و نوێ، یان کۆنخواز و نوێخواز. بەڵام شەڕێکی سوننەتی نییە داوای نوێکردنەوەی کێش و سەروا بکەن، شەڕێکە هەوڵی وێرانکردنی فەرهەنگ و کولتووری کۆن دەدات.

کەواتە گوتاری ئەم فۆرمە لە رەخنە، گوتارێک نییە تەنیا ئیش لەبارەی دەقی ئەدەبییەوە بکات، بەڵکوو گوتارێکە دەیەوێ لە ڕێی ئەدەب بە گشتییەوە قسە لەبارەی کۆی کایەکانی تری ناو کۆمەڵگە بکات. بۆ نموونە لەم گۆڤارەدا داوا دەکرێت بایکۆتی کاڵای تورکی بکرێت بە هۆی داگیرکاری و هێرشی تورکیا. یاخود بە وتار رەخنە لە سیتەمی زانکۆ دەگیرێت. هەمو ئەمانە ئەرکی ڕەخنەیان فراوانتر کردووە. ئەمە ڕەنگدانەوەی پێڕەوی و بەیاننامەی ڕێبازەکەیە، چونکە ڕێبازی سوریالیزم چ لە ئەورووپا و چ لە کوردستان ئەدەبیان بۆ چاککردنی کۆی کایەکانی ژیان لە سیاسەت، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی بەکار دەهێنا. واتە ئەوان کۆی ئەدەبیان وەکوو رەخنە و فاکتەرێک بۆ رووبەرووبوونەوەی ناشرینییەکانی ژیان دادەنا. سوریالییەکان کاتێک شیعریان دەنووسی، چیرۆکیان دەنووسی، تابلۆیان دەکێشا، فیلمیان ساز دەکرد هەموو رەخنە بوو لە کۆی بوارەکانی ژیان. بەمەش ئەرکی ئەدەب و ڕەخنەیان گۆڕی. ئەوان ئەدەب و رەخنەیان وەکوو شۆڕش سەیر دەکرد بۆ گۆڕینی ژیان لە ڕیشەوە.

## چوارەم: گوتاری سیاسی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا

ئاشکرایە لە دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم لە باشووری کوردستان، یەکێک لە ناخۆشترین و خوێناویترین رووداو رووودەدات، یان دووبارە دەبێتەوە، ئەویش شەڕی براکوژییە. شەڕی براکان بە هۆی نەگونجانیان لەگەڵ یەکتری کە بە هۆیەوە هەزاران لە تاکی کورد بوونە قوربانی. بێگومان ئەم رووداوە کاریگەری لەسەر کۆی کۆمەڵگەی کوردیدا هەبووە. ئەدەب وەکوو یەکێک لە کایە گرنگەکانی کۆمەڵگە لەم کاریگەرییە خاڵی نەبووە. لەناو نووسەراندا دوو دەستە هەبوون، دەستەیەک بە تەواوی دژ بە شەڕی براکوژی بوون و چەندین مەلەفیان بۆ خوێندنەوە و توێژینەوە لەم رووداوە تەرخان کردبوو بۆ نموونە نووسەرانی گۆڤاری ڕەهەند. دەستەیەکی تر کاریگەر بە ئایدیۆلۆجیای حزبی بەردەوام لە هەوڵی خۆشکردنی گڕێ ئاگری شەڕەکە بوون. ئێمە دەمانەوێت لەبارەی گوتاری سیاسی ئەدەب بە گشتی و رەخنەی ئەدەبی بەتایبەتی توێژینەوە بکەین.

گوتاری ڕاگەیاندن، کە پیشتر باسمان کردووە، پەیوەندی بە گوتاری سیاسییەوە هەیە، زەحمەتە بتوانین لە یەکتریان جیا بکەینەوە. بێگومان ئەدەبیش ڕاگەیاندن وەکوو کەناڵێک بۆ گەیشتن بە گوێگر و خوێنەران بەکاردەهێنێت. بۆیە لە زۆر باردا دەکرێ گوتاری ڕاگەیاندن بۆ گوتاری سیاسی بگۆڕێت، هەروەک چۆن دەکرێت گوتاری سیاسیش وەکوو گوتارێکی راگەیاندنی خۆی پیشان بدات. لیرەدا گوتاری ڕاگەیەندن فۆرمێکە (( کار لەبارەی گەیاندن و گواستنەوەی بیر و دەربڕینی سیاسی بۆ وەرگر دەکات، بەمەش گوتاری سیاسی دەبێتە هەواڵ.)) [ابریر: ٢٠١٠: ٥٣] واتە هەواڵی سیاسی، کە خۆی لە کردەوە و دەربڕینە سیاسییەکاندا دەبینێتەوە دەتوانین وەکوو گوتارێک راڤەیان بکەین، ئەم گوتارە دەبێت بۆ وەرگر بگوازرێتەوە بۆ ئەوەی قەناعەتی لە لا دروست بکات. بۆیە هاووڵاتیان ئەوەی لەبارەی سیاسەتەوە گوێیان لی دەبێت و وەری دەگرن، بە گشتی لە ڕاگەیەناندەوەیە. نموونەمان لەم بابەتە زۆرە، کە چۆن حزب و سیاسییەکان لە ڕێی ڕاگەیاندنەوە پەیامی خۆیان بە جەماوەر گەیاندووە. بۆ نموونە شۆڕشەکانی کورد لە ڕێگەی کەناڵی ڕادیۆ، ڕۆژنامە و گۆڤار پەیامی شۆڕشیان بڵاو دەکردەوە.

لە ساڵی ١٩٩٤دا شاعیری کورد (عەبدوڵڵا پەشێو) دیوانێکی شیعری بەناوی (براکوژی) بڵاو دەکاتەوە. لەم دیوانەدا لە ڕێی شیعرەوە رەخنە ئاراستەی لایەنە بەشداربووەکانی ئەو شەڕە دەکات. لە پیشەکی دیوانەکدا دەڵێت: ((براکوژی تاوانێکی هەرە گەورەیە بەرامبەر بە دۆزی رەوای

نەتەوەکەمان ئەنجام دراوە. دڵنیام، نەوەکانی داهاتوو پاکانە بۆ هەلویستی توندم دەکەن، کە ساڵانێکی دوور و درێژە باجەکەی بە زیدەوە دەدەم. با ئەم دیوانۆکەیە، دادگەیەکی مەعنەوی بێ بۆ بازرگانانی براکوژی، کە هێچ دادگەیەکی تریان نەبینی و پێشبینیش ناکری لەمەولا بیبینن.)) [پەشێو: ٢٠٠٦: ٤٠٠] قسەکردن لەبارەی ئەم شەڕەوە دەچێتە ناو گوتاری سیاسییەوە. ئەم گوتارە هەولێکە بۆ ئەوەی راستگۆیی لەگەڵ گەلدا نیشان بدات. هاوکات ئیشکردنە لەبارەی ڕووی سیاسی و سۆسیۆلۆژی کۆمەڵگەی کوردی، چونکە ئەم شەڕە نەگریسە مێژوویەکەی درێژی هەیە. بە شیوەیەکی دیار و ئاشکرا و بەرنامەبۆدارێژراو بۆ ناوەراستی ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بەڵام وەکوو شەڕی براکان، ئامۆزاکان لەناو میرنشینەکان بۆ زۆر کۆنتر دەگەڕێتەوە. ئێدی لەوێوە شەڕی براکوژی دەبێتە مۆدێلێک و زوو لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان دووبارە دەبێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە زۆر جار شاعیران و نووسەران لە ڕێگەی دەقی ئەدەبییەوە گوزارشتیان لە شەڕی براکوژی دەکرد، بەڵام تاکوو دوای ڕاپەڕین بە دەگمەن هەولێک وەکوو نووسینی ڕەخنەیی، تەنانەت نووسینی سۆسیۆلۆجی دەبینین بە شیوەیەکی ورد و زانستی و لەژێر ڕۆشنایی تیۆرە فەلسەفی و سۆسیۆلۆجییەکان خوێندنەوە بۆ ئەم دیاردەیە بکات.

گۆڤاری ڕەهەند یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٩٦دا دەردەچێت. ژمارە یەک و دووی ئەم گۆڤارە تەرخان دەکرێت بۆ قسەکردن و باسکردن لەبارەی شەڕی براکوژییەوە. ئەم توێژینەوانە دەچنە خانەی توێژینەوەی سۆسیۆ-ئەدەبییەوە. ئەم توێژینەوانە بۆ یەکەم جار بە شیوەیەکی ورد کار لەبارەی بونیادی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەی کوردی دەکەن. دەبنە بنەمایەک ئێدی خوێنەری کورد لەودیو شتەکان بگات. (مەریوان وریا قانیع) لە ژمارە یەکی گۆڤاری ڕەهەنددا وتارێک بەناوی (شەڕی ناوخۆ، خێڵ- حیزب- سیاسەت)دا هۆکاری ئەم شەڕە تەنیا بۆ فاکتەری دەرەکی ناگەڕێنێتەوە بەڵکو هۆکارەکە بۆ ناو کولتوور و ڕۆشنبیریی کوردی دەگەڕێنێتەوە. بۆیە دەیەوی وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە. ((ئایا شەڕی ناوخۆ، شەڕی وێرانکردنی ماڵی خۆمان بە دەستی خۆمانە، شەڕی خوێن ڕشتنی برا بۆ برا، دراوسێ بۆ دراوسێ، شار بۆ شار، ناوچە بۆ ناوچە لە کوێوە دێ؟ ئەم با ئەهریمەنییە لە کوێوە هەلدەکات فوو بە چرای داگیرساوی ناو رەفە و تاقەکانی ناو مێژوومانەوە دەکات؟ ئەم ووزە تێکدەرە چییە لە هەناوی مێژووی ئێمەوە، دێتە دەرەوە و بەردەوام پرۆژەکانی خۆمان بە دەستی خۆمان، بەر لە دەستی دوژمنەکانمان ویران دەکات؟)) [قانیع: ١٩٩٦: ١٧] ئەم پرسیارانە کۆمەڵێک پرسیاری سۆسیۆلۆجی و مرۆڤناسین (ئەنترۆپۆلۆجی) بۆ ئەوەی لە جەوهەر و شوناسی کۆمەڵگەی کوردی بکۆڵنەوە، کە ئایا شەڕی براکوژی شەڕێکە

لە دەرەوەوە بۆمان دێت، یان لە ناوخۆ، لەناو کولتووری کورد، لەناو مێژووی کورد ڕیشەی هەیە؟ بێگومان هەردوو هۆکارەکە ئامادەن، بەڵام ئەوەندەی هۆکاری ناوخۆ فاکتەری شەڕ بووە، ئەوەندە هۆکاری دەرەکی فاکتەر نەبووە. بۆ نموونە کاتێک هەموو لایەنەکان یەکگرتوو بوون، دەبینی ڕاپەڕینی ١٩٩١ دەبێتە دەنگێک و (نا)یەک بەرانبەر هەموو هێزە دوژمن و دەرەکییەکانی کورد. ((ڕاپەڕین نایەکی بەهێز بوو بە ڕووی پرۆسەی شکست و لەنێوچووندا و بڵندبوونی ڕۆحی کورد بووە بەرەو لووتکە یان بە ئاراستەی ڕەهابوون. ئەگەرچی بە ئاوەژوو مامەڵەکردنی بزووتنەوەی کوردی لەگەڵ ئەو ڕووحە بڵندبووەی بەرگریدا نەتوانینی گواستنەوەی بۆ ئاستی بۆ خۆسەلماندن لە ساتەوەختی ڕاپەڕیندا ئەو ڕوحە هەڵچووەی دووچاری شکست کرد بەرەو کپکردنەوەی برد.)) [قەرەداخی: ٢٠٠٤: ١٣٠] فاکتەری ناوەخۆ، فاکتەرێکە لەسەر بنەمای ڕۆحی ناسیونالستی و نەتەوەیی دانەمەزراوە، ئەمەش نیشانەی پێنەگەیشتنی کۆمەڵگەی کوردییە لە ڕووی گەشەی کۆمەڵایەتییەوە. هاوکات حزب لەناو کۆمەڵگەی کوردی لە پێش هەستی نەتەوەیی و پڕۆژەی نەتەوەییەوە دێت. لەگەڵ ئەوەشدا فاکتەری فیکری و کولتووری و بونیادی سۆسیۆلۆجی و عەقڵی تاکی کورد هۆکارن بۆ ئەوەی زەمینەی هەڵگریسانی ئەم شەڕە بەردەوام لە ئارادا بێت. توێژینەوە لە فاکتەر و ڕەهەندەکانی ئەم شەڕە، ئیشکردنە لەسەر بونیادی عەقڵی تاکی کورد و حیزبی کوردی. لە ڕێگەی ئەم وتارەوە بۆ مان دەردەکەوێت، کە شەڕی براکوژی شەڕێک نییە لە نیوان دوو هێزی جیاواز لە ڕووی فیکر، تێڕوانین بۆ سیاسەت و حوکمڕانی، بەڵکو شەڕێکە لە هەناوی کوردییەوە هاتووە. نووسەر لەم وتارەدا ئەوە دەسەلمێنیت جەنگ لە کۆمەڵگەی کوردیدا خەسڵەتێکە لە خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی و بنەمای سایکۆلۆجی لە دەروونی هەمووماندا هەیە. واتە شەڕ لە کایەی سیاسییەوە بۆ ناو کایەی کۆمەڵایەتی کوردییەوە گوازراوەتەوە. فەزا و بونیادی دروستبوونی حزب و هیزی سیاسی لە کوردستان هێشتا لە بونیادی خێڵ، توندوتیژی، ڕەمزی جەنگ بەتاڵ نەبۆتەوە. بۆیە بەردەوام ئەگەری بەرپابوونی جەنگ لە ئارادایە.

هەڵکەوت عەبدوڵلا لە وتاری (هەڵوەستەیەک لە ئاستی شەڕی نێوخۆی کوردستاندا) هەرلەو ژمارەی گۆڤاری (ڕەهەند)ە بە وردی ئاماژە بۆ هۆکار و فاکتەرەکانی دروستبوونی ئەو شەڕ دەکات. بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە جێی تێرامانە، ڕۆڵی ڕۆشنبیرانە لەم شەردا. ئەم نووسەرە ڕۆشنبیران لە کاتی شەڕی براکوژیدا (١٩٩٤– ١٩٩٧) دەکاتە سێ دەستە. پرسیارکردن لەبارەی ڕۆڵی ڕۆشنبیران پرسیارێکی جەوهەرییە و پیویستی بە ئیشکردنێکی ورد هەیە.دەڵێت: ((ئایا

دەتوانین بڵێین ڕۆشنبیری کوردی گوتارێکی جیاکارەی وای بەرانبەر شەڕەکە خەملاند کە کاریگەری هەبێت لەسەر واقیع؟ کاتێک بیر لە پەیوەندی ڕۆشنبیر کورد و شەڕی ناوخۆ دەکەینەوە، چەندین پرسیار خۆیان لەبەر دەممماندا قووتدەکەنەوە، بۆ دروستکردنی وێنەیەکی کامڵ لە سنووری توانا سەبارەت بە توخم و وردەکارییەکانی پێوەندی ناوبراو.)) [عەبدوڵلا: ١٩٩٦: ٦٤] نووسەر بۆ دیاریکردنی ڕۆڵی ڕۆشنبیران، ئەم چینە بۆ سێ دەستە دابەش دەکات. دەستەی یەکەم بە ڕۆشنبیری دەربەست ناو دەبات، مەبەست لەو ڕۆشنبیرانەن چ بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەربەست و لایەنگیری یەکێک لە لایەنەکان بوون. ئەم ڕۆشنبیرانە کەسانی سەربەخۆ نەبوون بەڵکو وەک سیاسییەک سنووری بیرکردنەوەکانی دیاری کردوون، ئەمەش وایکردووە زۆربەی دەربڕینەکانی بەرانبەر شەڕەکە هەولێک بن بۆ ئەوەی بەهانە بۆ لایەنێک بهێنێتەوە. دەستەی دووەم بە ڕۆشنبیری خرۆشێنەر ناوی دەبات. ئەم جۆرەیان مێتۆدەکەی بریتییە لە خوتبەدان ،شیکردنەوەکانی ئەوەندی شیکردنەوەی وەسفین، ئەوەندە شیکردنەوەی زانستی نین. زمانی نووسینی ئەم دەستەیە زمانێکە پشت بە جوڵاندنی هەست و سۆز دەبەستێت نەک زمانی عەقل و ئەرگیۆمێنت. هەرچی دەستەی سێیەمە، بە ڕۆشنبیری نائومید ناوی دەبات. ئەم دەستەیان وەها لە شەڕەکە دەڕوانێت، کە شەڕەکە گەیشتۆتە بنبەست و هیچ چارەسەرێک بۆ ئەم شەڕە نییە. ئەمەش وایکرد ئەم دەستەیە نائومید بن و زۆرێکیان بەرەو هەندەران کۆچیان کرد. هەندێکی تری بەرەو ناو پارتە سیاسییەکە برد و دەستیان لە ڕەخنەگرتن هەڵگرت. ئەم شیکردنەوەیە بۆ ڕۆڵی ڕۆشنبیران، پێشتر قسەی لەبارەوە نەکراوە. ئەگەر کراشبێت بەو شێوە مێتۆدی و زانستییە نەبووە، چونکە کۆی توێژینەوەکان لەسەر بنەمای تیۆری نووسراون. لە ژمارە دووی گۆڤاری ڕەهەندیش چەندین توێژینەوەی تر لەبارەی جەنگەوە بڵاوکراونەتەوە، کە توێژینەوەی وردن لەم بارەیەوە.

عەتا قەرەداغی لە کتێبی (گەڕان بە دوای بووندا- یۆتۆپیای ئازادی-) چەند توێژینەوەیەکی ورد لەبارەی کۆمەڵێ دەقی جیای شاعیرانی کورد بڵاو دەکاتەوە. ئەم توێژینەوانە هەولێکە بۆ ئیشکردن لەبارەی شیعرییەت و لایەنی هونەری شیعری کوردی. هەرچەندە زۆربەی توێژینەوەکان زیاتر لایەنی شیعرییەت و هونەری دەقەکان نیشان دەدات، بەڵام مێتۆدی هیرمینۆتیکا بەکاردەهێنێت بۆ دەرهێنانی واتای شیعرەکان. یەکێک لە توێژینەوەکان بەناوی (لە ئەزموونی مانەوە بۆ ئەزموونی شکست لە قەسیدەی پەریزادە و گوڵەکەی دوژمنی شێرکۆ بێکەسدا). ئەم توێژینەوە ڕەخنەییە ئیش لەبارەی گوتاری مانەوە لەم قەسیدەیەی (شێرکۆ بێکەس) دەکات. ئەم شیعرەی شێرکۆ بێکەس لە

ژماره دووی گۆڤاری کاروان/ خوولی ڕاپەڕین بلاوکراوەتەوە. نووسەر لە سەرەتادا دەڵێت: ((شێرکۆ لە قەسیدەی (پەریزادە) و (گولەکەی دوژمنیدا) پەنجە دەخاتە سەر شکستەکانی ئێمە لە مێژوودا و چیتر پالەوانانمان بۆ دروست ناکات و لە دوای دروستکردنی باوکێکی وەهمیش ناگەڕێت بۆمان بەڵکو بە شیوەیەکی ڕیالیستانە پاڵەوانی ئیفلیجی کوردی دەباتە مەیدانی جەنگەوە ئەویش جەنگی خۆسەلماندنە.)) [قەرەداخی: ٢٠٠٢: ٥١] نووسەر دەیەوێت ئیش لەبارەی گوتاری سیاسی ئەم قەسیدەیە بکات، بەوەی چۆن ئەدەب ڕۆڵی لە مانەوەی نەتەوە هەیە، چۆن ئەدەب دەبێتە فاکتەرێک بۆ ئەوەی گوتاری مانەوە بەرهەمبهێنیت. واتە بەرگریکردن دەبێتە پڕۆژەیەک دژ بە لەناوچوون. ئەگەر پێشتر ئەوەمان باسکرد چۆن نووسینی کوردی بەدوای فاکتەرەکانی شەڕی براکوژیدا دەگەڕیت، چۆن توێژینەوە لە شکستە ناوەخۆییەکانمان دەکات. لیرەدا ئەدەب دەبێتە فاکتەرێک بۆ مانەوە، دژن بە بێگانە. کەواتە ئەم نووسینانە بە دیوە پۆزەتیڤەکەیەوە هەوڵێکە بۆ پاراستنی شکۆی نەتەوەیی، هەوڵیکە بۆ بەرجەستەکردنی خەسڵەتەکانی گوتاری مانەوە لە ڕووی نەتەوەیی، کولتووری و سیاسییەوە. بەڵام لە درێژەی توێژینەوەکدا ئەوەش ناشاریتەوە، شاعیر دەیەوێت شکستەکانمان نیشان بدات. بۆیە دەڵێت: ((کەواتە لێرەدا مێژوویەکی ڕاستەقینە یان یۆتۆپیایەکمان پێشکەش دەکات. لەباری یەکەمدا ئەگەر ئەوەی بۆمان دەگێڕێتەوە لە ڕوانگەی مێژووی بکەری شیعرەکەوە بۆی بروانین ئەو بکەرەش بریتی بێ لە کەسێتی نەتەوەیی کورد ئەوا چیتر پێویست ناکات بەدوای نهێنیدابگەڕێین، چونکە بکەری شیعرەکە کەسێتی کوردییە کە چۆن مێژوویەکی ڕەش و پڕ لە شکستی هەر ڕۆژێکی چۆن مردنێکە، حاڵەتی نائامادەبوونیش وەهای لیکردووە کە بە حەسرەتەوە لە مردنی خۆی ئازارەکانی پاش مردنیشی  بدویَ.))[ قەرەداخی: ٢٠٠٢: ٥٥] ڕەهەندی سیاسی ئەم نووسینە، کە ئیشکردنە لەبارەی قەسیدەکەی شێرکۆ بێکەس، ئیشکردنە لەبارەی سی زەمەنی دیاریکراو، ئەویش زەمەنی ڕابردوو، ئیستا و داهاتووە. زەمەنی ڕابردوو، زەمەنێکی پر شکۆیە و شاعیر هێشتا بە تەواوەتی نەیناسیوە و شاعیر بە تەواوی پەی پێنەبردووە. هەرچی زەمەنی ئێستایە وەکوو لە نووسینەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە، زەمەنێکە پڕ لە کارەسات و لە ساتی تەقەینەوەدایە. سەرەتای قۆناغ و مێژوویەکە کە هەموو شتێک تێیدا دزێو و ناشرینە. واتە شاعیر بە هۆی زەمەنی ئێستاوە (کە زەمەنی دوای ڕاپەڕینە) پێشبینی زەمەنی داهاتووی سیاسی، ئابووری و ڕۆشبیریی کوردیمان بۆ دەکات. ((لێرەوە ناسنامەی ئایندە لە تێڕوانینی بکەری شیعرەکە ئاشکرا دەبێت کە مێژوویەکە بۆ کارکردنی جادووگەران و بەچکە شەیتان بەچکە بازرگان. ئەوانەی بی باکانە مامەلە و پراکتیکی تایبەتی خۆیان دەکەن.))

[قەرەداخی: ٢٠٠٢: ٥٦– ٥٧] دەبینێن ئەدەب و رەخنە چۆن پێشبینی داهاتوو دەکەن. بەوەی ئەو کارەکتەرە سیاسیانەی لە پێش راپەڕین لە شاخ خەباتیان دەکرد و خاوەنی ئایدیا و بیرکردنەوەی نەتەوەیی و بەرژەوەندی گشتی بوون، چۆن لە دوای راپەڕین دەگۆڕین بۆ کارەکتەری بازرگانی و بەکارهێنانی موڵکی گشتی بۆ مەرامی تایبەتی. ڕەخنەی ئەدەبی بەو شێوەیە کار لەبارەی ئاشکراکردنی دیوە شاراوەکانی دەقی ئەدەبی دەکات و راستەوخۆ رووی ئەو مێژووە دزێوە نیشان دەدات، کە لە داهاتوودا دێت. شیعرەکە هەوڵێک بووە بۆ پێشبینیکردنی داهاتووی کورد لە دوای ڕاپەڕین، ڕەخنەش دێت ئەو پێشبینیە لەگەل واقیع بەراورد دەکات و توێژینەوەی لە بارەوە دەکات.

لەم توێژینەوە رەخنەییانەی سەرەوە، کە مشتێکن لە خەروارێک، دەرخەری ئەو راستیەیە، لەو ماوەیەی بۆ تێزەکەمان کاری لەبارەوە دەکەین، ناکرێت ئەدەبی کوردی لە دەرەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ببینین. واتە ڕەخنە ڕۆڵی لە شیکردنەوەی لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیدا هەبووە. گوتاری ڕەخنە لە بواری سیاسیدا کاری کردووە، گوتارێکە کار لەسەر رەخنەکردنی لایەنی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردی دەکات. کە دەڵێین گوتاری سیاسی مەبەستمان لە مەسەلەی نەتەوایەتی، کیشەی بوون و ناسنامە، جەنگی ناوخۆیی. هەموو ئەم لایەنانە لە ئەدەبی کوردیدا بە گشتی و شیعر و ڕۆمان بەتایبەتی، بە نموونە ڕۆمانی مەرگی تاقانەی دووەمی بەختیار عەلی و حەسار و سەگەکانی باوکم لە نووسینی شێرزاد حەسەن. ڕەنگیان داوەتەوە. رەخنەش هاتووە لایەنی شاراوە و دیوی دووەمی ئەم دەقانەی ئاشکرا کردووە. کەواتە رەخنەی ئەدەبی ڕۆڵی لە ئاشکراکردنی گوتاری سیاسیانەی دەقەکان هەبووە.

## ئەنجام

**یەکەم:** گوتار یەکەیەکی فراوانترە لە دەق، بەڵام مانەوەی پێوەندە بە بارودۆخی بەرهەمهێنان. واتە ئەو دەوروبەرەی تێیدا لە دایک دەبێت. کەواتە جیاوازی جەوهەری لەنێوان دەق و گوتار دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەوروبەرەی (سیاق) تێیدا لە دایک دەبێت.

**دووەم:** شاعیرانی کورد ئەرکی پەروەردەییان خستۆتە سەرشانی شیعر، بەوەی کاریگەری لەسەر ڕای گشتی دابنێت. واتە ئەوان هاتوون ڕەخنەیان لە زۆربەی لایەنە کۆمەڵایەتی و ئاکارییەکان گرتووە. کەسانێک بوون بەرامبەر شتەکان، دیاردەکان بێدەنگ نەبوون. گوتاری ئەم جۆرە شیعرانە ڕووەو دەسەڵاتی خۆماڵییە. کەواتە گوتاری شیعری ساڵانی ١٩٩٢ـ ٢٠٠٣، گوتارێکە لە خزمەت ئازادی، لە خزمەت پەروەردەکردنی مرۆڤی کوردە وەکوو تاک. کەواتە قۆناغی دوای ئازادی نەتەوەیی، قۆناغێکی قورسترە، چونکە لێرەوە پەروەردەی تاک دەست پێ دەکات، قۆناغی بنیادنانەوەی تاک، قۆناغی دروستکردنی تاک دوای ئازادی دێت.

**سێیەم:** گوتاری شیعری ساڵانی ١٩٩٢ـ ٢٠٠٣، گوتارێکە دژ بە شەڕ، گوتارێکە هەڵگری پەیامی ئاشتییە. لێرەوە شاعیرەکان خۆیان وەک قوربانی جەنگ دەبینن. بەردەوام گلەیی ئەوە دەکەن، ئەگەر جەنگ نەبوایە ئەوانیش تووشی مەنفا نەدەبوون. کەواتە جەنگ هۆکارێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە خاک و وڵات داببڕێت.

**چوارەم:** شێوازی شیعری ساڵانی ١٩٩٢ـ ٢٠٠٣ ، لە شێوەی توێژینەوەی سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی دەردەکەوێت. دەبێتە گوتارێک تێکەڵ بە فیکر و فەلسەفە دەبێت. گوتارێکە بە شێوەیەکی تر و لە ئاستێکی باڵاتر باسی زانست دەکات. پرسیارە گەورەکان لەبارەی کولتوور، مێژوو، ناسیونالیزم، ئەدەبیات، تاکی کورد...تاد دێنە پێشەوە. ئەم گوتارە بەتایبەت لە شیعری ڕەهەندییەکان خۆی نمایش دەکات.

**پێنجەم:** نامەی ئەدەبی دەبێتە مۆدێلێک لەم ماوەیە، ئەویش بە هۆی پەرتبوونی نووسەرانی کورد و زۆربەیان پەناهەندەی وڵاتان بوون. گوتاری نامە لەو ماوەیەدا چۆنیەتی مامەڵەکردنی نووسەرانە لەگەڵ بەرهەمی یەکتری. هەندێک نووسەر هەیە خۆیان بەرهەمەکانیان بۆ نووسەرانی هاوڕێی ناردووە و داوای سەرنج و تێبینی لی کردوون. هەندێکی تر نووسەران دوای دەستخستنی بەرهەمەکان خۆیان نامەیان بۆ نووسەری دەق ناردووە و سەرنجی خۆیان نووسیوە. زۆرێک لە

تێبینییەکان دەچنە خانەی ڕەخنەی زانستییەوە و زۆرێکیش لە قسەکان تەنیا بۆ پیداهەڵگوتن و هاوڕێیەتیە.

**شەشەم:** ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ساڵانی ١٩٩٢ـ ٢٠٠٣ ، پۆلێنکارییەک بۆ زاراوەی وتار لەناو ئەدەبی کوردیدا نەکراوە. تەنانەت لە بڵاوکراوەکانیش ئەمە بەرچاو ناکەوێت. بۆ نموونە بۆ وتاری ڕۆژنامەوانی، وتاری ئەدەبی، ئارتیکل و پەیپەر...تاد هەر وتار بەکار دێت. بەمەش سنوورێک بۆ جۆرەکانی وتار دیاری نەکراوە. ئەمە دەبێتە گرفتێک و ناتوانین جۆرەکانی ئەم هونەرە لە یەکتری جیا بکەینەوە. لەوتاری ڕۆژنامەوانیدا زیاتر شێوەی ڕاپۆرتی هەیە و لە ڕونگەی نووسەرەکەوە بابەتەکە روون دەکرێتەوە.

**حەوتەم:** ڕەوتی وەرگێران لەو ماوەیەدا گوتارێکی زانستی و ڕێکخراوی نییە، بەڵکوو بە شێوەیەکی هەڕەمەکی کراوە و زیاتر هەوڵی تاکەکەسی بووە، نەک هەوڵی دەزگایەک، یان ناوەندێک. ئەمەش وایکردووە کاریگەریەی وەرگێڕان لەسەر ڕای گشتی و کۆمەڵگەی لاواز دەرکەوێت .

**هەشتەم:** گوتاری ژیاننامە وەکوو هونەرێکی پەخشانی زیاتر گوتارێکی سیاسییە، نەک هونەری، چونکە زۆربەی ئەوانەی لەو ماوەیەدا ژیاننامەی خۆیان بڵاودەکەنەوە کەسانی سیاسین، یان زیندانی سیاسین، زۆربەیان لە لایەن کەسانی ترەوە، یان هاوڕێی خۆیانەوە وەڵام دراونەتەوە، ئەمەش دەرخەری ناڕاشکاوی و ناڕاستگۆیی ژیاننامەکانە.

**نۆیەم:** یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی دوای ڕاپەڕین ئیشکردنە لەبارەی خودەوە. واتە خود دەبێتە سەنتەری تێڕامان. چیرۆکنووس هێندەی لەبارەی کێشە و گرفت و فەزای خودەوە دەنووسێت، هێندە بۆ دەرەوەی خود نانووسێت. هەرچەندە قسەکردن لەبارەی خودەوە بەبێ دەوروبەر شتێکی نەکردەیە، بەڵام ئەوە خودە دەبێتە سەنتەر. ئەمەش وەکوو گوتارێک دەردەکەوێت.

**دەیەم**: بە هۆی زاڵبوونی بواری سیاسەت و بەسەر کۆی کۆمەڵگەی کوردیدا، هێندەی سیاسەت و سیاسییەکان توانیویانە کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگە هەبێت، ئەوەندە ئەدەب ئەو ڕۆڵەی نەبینیوە. بەڵام ئەمە بایەخ و ڕۆڵی ئەدەب لە کاریگەری بەسەر کۆمەڵگەی کوردیدا کەم ناکاتەوە، بەڵکوو ڕۆڵێکی کەمتری هەبووە.

**یانزە**: ڕۆمانی ئەو ماوەیە هەنگاوی باشی بەرەو نوێبوونەوە ناوە، ڕۆماننووسانمان بە هۆی تێکەڵاویان بە ئەدەبی جیهانییەوە، شارەزایی تەکنیکی نوێی ڕۆماننووسین بوون. بۆ نموونە لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی و عەتا محەمەد شێوازی ڕیالیزمی جادوویی دێتە ناو ئەدەبی کوردییەوە و ڕۆمانی پێ دەنووسرێت.

دوانزە: ڕەخنەی کوردی دوای ڕاپەڕین گوتارێکی تایبەت بە خۆی دەبێت، ئەویش زیاتر پەنا بۆ تێز و تیۆرییە فەلسەفییەکان دەبات بۆ خوێندنەوەی دەق. ئەم گوتارە لەسەر دەستی ڕەهەندییەکان کاری لەبارەوە دەکرێت. ئەمەش واتای ئەوە نییە پێش ڕاپەڕین ڕەخنە لە فیکر خاڵی بووە، بەڵام وەکوو گوتارێک دەرنەکەتووە. کەچی دوای ڕاپەڕین پتەوترکردنی پەیوەندی نێوان ڕەخنە و فەلسەفە قووڵتر دەردەکەوێت.

# لیستی سەرچاوەکان

## ١) کتێبی کوردی


١. ئاشنا (ئومید): ٢٠٠٢: گۆران ، نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی ، ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٢. ئۆکیاڤیۆ پاز: ٢٠١٨: وەرگێڕان: ئەدەبیات و پیتەکان، و: ساڤان ئاکۆ، لە کتێبی: وەرگێڕان کردەیەک زیاتر لە گۆڕینی وشە، لە بڵاوکراوەکانی ماڵپەڕی کولتووری دیدی من، سلێمانی.

٣. ئیبراهیم (سەلام عەبدوڵڵا): ١٩٩٩: گومانە یاخێکانی کەلات، ڕۆمان، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆچەر.

٤. ئیبراهیم (محەمەد عەبدولکەریم): ٢٠١٢: پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی نوێوە (ئەزموونی شاعیرانی هەشتاییەکانی هەولێر وەک نموونە)، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

٥. ئیسماعیل (نەسرین رەئووف): ٢٠٠٩: ئەرکی شیعر لە ئەدەبی کوردیدا (ساڵانی ١٩٢٠-١٩٥٨)، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

٦. ئیسماعیل (ئەحمەد محەمەد): ٢٠٠٧: کۆچیرۆک، دەزگای ئاراس، هەولیر.

٧. ئیگڵتۆن (تێری): ٢٠٠٣: پاش بونیادگەری، و: سەڵاح حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٨. ئیگلتۆن، تێری: ٢٠٠٨: مارکسیزم و رەخنەی ئەدەبی: وەرگێڕانی: عەبدولخالق یەعقووبی: دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس: هەولێر.

٩. ئیگێن (دەیڤید): ٢٠١٦: شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف، و: ئیسماعیل ئیسماعیلزادە، دەزگای ئایدیا بۆ فیکر و لێکۆڵینەوە، سلێمانی.

١٠. ئەحمەد (د.کەمال مەزهەر): ١٩٧٨:تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

١١. ئەحمەد (سافیەمحەمەد): ٢٠١٣: لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ئەکادیمیای کوردی، هەولیر.

١٢. ئەحمەد (کەژاڵ): ١٩٩٩: بەندەری بەرمۆدا، سلێمانی.

١٣. ئەحمەد (نەجیبە): ٢٠٠٥: عەشری گوڵە هەرمێ: کۆچیرۆک، دەزگای ئاراس، هەولێر.
١٤. ئەرەستۆ: ٢٠٠٤: هونەری شیعر: وەرگێڕانی: عەزیز گەردی: خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما: سلێمانی.
١٥. ئەسوەد (د.نەوزاد ئەحمەد): ٢٠١١: فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، بەڕیوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
١٦. ئەفلاتوون: ٢٠١٥: کۆمار: وەرگێڕانی: د.محەمەد کەمال: ناوەندی غەزەلنووس: سلێمانی.
١٧. ئەلتکرامی، نیهاد: ٢٠١٧: ئاراستەکانی رەخنەی ئەدەبیی فەڕەنسیی هاوچەرخ: وەرگێڕانی: ئەدیب نادر: بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولیر: هەولیر.
١٨. ئەڵوەنی (نەجم خالید نەجمەددین): ٢٠٠٤: بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی.
١٩. ئەمین (توانا): ٢٠٠٨: مەنفا و خوێندنەوە (چەند گفتوگۆیەکی ئەدەبی)، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، سلێمانی.
٢٠. ئەمین (نەوشیروان مستەفا ): ١٩٩٧: لە کەناری دانووبەوە بۆ خڕەی ناوزەنگ Postfatch : 21023: ئەڵمانیا.
٢١. ئەنوەر ( کەیوان ئازاد ) : ٢٠١٨ ، ڕەهەندە مێژووییەکانی هۆنراوەی(ئەی ڕەقیب)ی دڵداری شاعیر،کۆنفرانسی دڵدارشاعیری ڕەسەنایەتی زمان و شیعرو هزری نەتەوەی،زانکۆی کۆیە .
٢٢. برادبرلی و ماکفارلن (مالکم و جیمس): مۆدێرنیزم، وەرگێڕانی: بەهزاد حەوێزی، دەزگای موکریانی هەولێر.
٢٣. بۆرخیس (خۆرخی لویس): ٢٠١٦: ئەم هونەری شیعرە، و:سەیوان محەمەد، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.
٢٤. بێرتێنز (هانز): ٢٠١٥: بنەماکانی تیۆری ئەدەبی، و: عەبدولخالق یەعقووبی، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
٢٥. بێکەس (شێرکۆ): ٢٠٠٦: دیوانی شێرکۆ بێکەس (١٩٩٣– ١٩٩٨)، بەرگی چوارەم، کوردستان.
٢٦. بێگەرد (ڕەووف): ٢٠٠٤: دەستی خودا، کۆمەڵە چیرۆک، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٢٧. بەرزنجی (جەلال): ٢٠٠٩: هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان و سەرجەم شێعرەکانی تر، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٢٨. بەگیخانی (نەزەند): ؟: دوێنێ سبەینێ، کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لە فرەنسا.
٢٩. بەگیخانی (نەزەند): ٢٠٠٧: زەنگوڵی وتن: بڵاوکردنەوەی چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٣٠. پیتەر هالبێرگ و دانەرانی تر: ٢٠١٨: تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی: وەرگێڕان و ئامادەکردنی: ئەنوەر قادر محەمەد: چاپی سێیەم: ناوندی ئەندێشە: سلێمانی.
٣١. پیربال (فەرهاد): ١٩٩٩: سپیاتییەکانی ناو ڕەش، ڕەشاییەکانی ناو سپی، بڵاوکراوەی نووسینگەی وێران، هەولێر.
٣٢. پیربال (فەرهاد): ٢٠٠٢: سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا، ڕۆمان، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٣٣. پیربال (فەرهاد): ٢٠٠٥: پەتاتەخۆرەکان، کۆمەڵە چیرۆک، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی چالاکییەکانی هاموون،.
٣٤. پیربال (فەرهاد): ٢٠٠٦: بۆ ڕۆدانی کورم (شیعر): چاپخانەی پاک، هەولێر.
٣٥. پیربال (فەرهاد)؛ ٢٠٠٣: پیاوێکی شەپقەرەشی پاڵتۆ شین، ڕۆمان، دەزگای ئاراس، هەولیر.
٣٦. پەشێو (عەبدوڵلا): ٢٠٠٦: هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا (شیعری ١٩٨٠- ٢٠٠٥)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٣٧. تاهیر (ئەنوەر محەمەد): ٢٠٠١: گەریان ل بابێ بەرزە، ڕۆمان، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٣٨. تەرابیش (جۆرج): ٢٠٠٢: مۆدێرنە و ڕاسیزم. وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد، دەزگای سەردەم، کتێبی گیرفان، سلێمانی.
٣٩. جاف (تەرزە): ٢٠٠٩: من هەبم یاخود نا..ئەمەیە مەهزەلەکە، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٤٠. جاف (خوسرەو): ٢٠١١: پاشایان کوشت، ڕۆمان، دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.
٤١. جاف (خوسرەو): ٢٠١١: گەماڵ، ڕۆمان، دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولیر.
٤٢. جوایەز١: ١٩٩٩: بەرهەمی نۆ شاعیری هەولێری: دەزگای ئاراس: هەولیر.
٤٣. جەباری (سەید قدر): ٢٠٠١: ٢٥ ڕۆژ لە زیندانی فاشیەکانی بەغداد، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
٤٤. جەلیزادە (قوباد): ٢٠٠٧: شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات: چاپی دووەم: دەزگای ئاراس: هەولێر.
٤٥. حسن (شیلان محمد): ٢٠١٢: داستانا هەستێن کویڤی: ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد/ دهۆک: دهۆک.
٤٦. حسێن (جەبار ئەحمەد)، ٢٠٠٨، ئێستاتیکای دەقی شیعریی کوردی (١٩٥٠- ١٩٧٠)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٤٧. حسەین، د.عەلی تاهیر: ٢٠٠٨: ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن (ڕەخنەی شیعری کوردی بە نموونە): دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم: سلێمانی.
٤٨. حەسەن (محەمەد فەریق ):٢٠٠٣ ، ملوانکەی ستیل ، کۆچیرۆک ، دەزگای ئاراس ، هەولێر .
٤٩. حیتۆ (د.عارف): ٢٠٠٧: دالەهی یێن کەسەکێ ب تنێ: چیرۆک، ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد/ دهۆک.
٥٠. حەسەن (شێرزاد): ٢٠٠٣: تەمی سەر خەرەند، ڕۆمان، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٥١. حەسەن (شێرزاد): ٢٠٠٤: پیرە پەپوولەکانی ئێواران، کۆمەڵە چیرۆک، چاپەمەنی و ئۆفیستی تیشک، سلێمانی.
٥٢. خدر (کەژاڵ ئیبراهیم): ٢٠٠٢: گریانی وەنەوشەکان: چاپ و ئۆفیسی بەشی ڕووناکبیری: مەکتەبی ڕێکخستن: سلێمانی
٥٣. خۆشناو (هێمن عومەر)، ٢٠١٠، شیعریەتی دەقی چیرۆکی کوردی، بەڕیوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر، هەولێر.
٥٤. خەزنەدار (د.مارف): ٢٠٠٢: مێژووی ئەدەبی کوردی (سەدەکانی چوارەم- هەژدەم)، بەرگی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٥٥. دزەیی (د.عبدالواحد مشیر)، ٢٠٠٥، ڕەهەندی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا، چاپی یەکەم، هەولێر.
٥٦. دیفلیر و ڕۆکیتج(ملڤین.ل و ساندرا بۆل): ٢٠١٢: تیۆرەکانی ڕاگەیاندن، و:د.سەنگەر حاجی، خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
٥٧. دیوانی شێرکۆ بێکەس: ٢٠٠٦: بەرگی چوارەم (١٩٩٣- ١٩٩٨)، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
٥٨. دیوانی گۆران: ١٣٨٦: عەبدوڵڵا گۆران، چاپی سێیەم، بڵاوکراوەی پانیز، تهران.
٥٩. دیوانی لەتیف هەڵمەت: ٢٠١٤: ناوەندی غەزلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
٦٠. دیوانی مهاباد قەرەداغی: ٢٠١٣: کوردستان.
٦١. دەشتی (کەریم): ٢٠١٢: کازیوەی سپی (شیعر کۆبەرهەم١): مەڵبەندی گشتی یەکێتیی نووسەرانی کورد: چاپی دووەم: هەولێر.
٦٢. ڕشید (سابیر): ٢٠٠٧: ڕۆمانی کوردی (خوێندنەوە و پرسیار)، بەشی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر..
٦٣. ڕۆژبەیانی (زاهیر): ٢٠١١: کاروباری گێڕانەوە: دەزگای ئاراس، هەولێر.

٦٤. ڕێباز: ٢٠٠٨: بەغدا قەندیلی هەژاند (یاداشتەکانی پێشمەرگایەتی ١٩٧٦- ١٩٨٠، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
٦٥. رەشید (بەحری): ٢٠١٢: روگەها عیشق تێدا مری: ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد/دهۆک: دهۆک.
٦٦. رەشیدا (سابیر): ٢٠٠٨: پەیژەکانی تاریکی، کۆچیرۆک، دەزگای ئاراس، هەولیر.
٦٧. ڕەفعەت (نەوزاد): ٢٠٠٤: پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، (دیوانە شیعر)، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٦٨. ڕەفیق (فاروق): ٢٠٠٦: داستانەکانی خۆرهەڵات لەبەردەم ئاوێنەی زاتی خوادا، شیعر، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، سلێمانی.
٦٩. ڕەنجدەر (سەباح): ٢٠٠٦: ڕووەکەکانی خواوەند، شیعر، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٧٠. ڕەنجدەر (سەباح): ٢٠١٨: دیوانی سەباح ڕەنجدەر، بەرگی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران.
٧١. سابیر (ڕەفیق): ٢٠٠٦: ڕاز و گومان، سەرجەمی شێعرەکانی بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٧٢. سابیر( د.پەرێز): ٢٠٠٦: رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر: دەزگای ئاراس: هەولیر.
٧٣. ساڵح (عەباس): ٢٠١٤: تەنیاییم لە تنۆکی باران دەچێت: چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
٧٤. ساڵح (ئاوارە کەمال): ٢٠١٢: ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
٧٥. سکۆڵز (ڕابێرت): ١٣٩٧: ماکەکانی چیرۆک: وەرگێڕانی: ئەحمەد چاک، چاپەمەنی خانی: سەقز.
٧٦. سلیڤانی (حەسەن): ٢٠٠٦: بالولکا شەکرێ: کۆچیرۆک، ژ وەشانێن ئێکەتییا نڤیسەرێن کورد، دهوک.
٧٧. سیوەیلی (ڕێبوار): ٢٠٠٤: هاوکاتی و هاوشوناسی (خوێندنەوەیەک بۆ مانای "کات" لە شیعری حاجی قادری کۆیی دا، دەزگای سپیرێز، دهۆک.
٧٨. سیوەیلی (ڕێبوار): ٢٠١٢: قەشە ئاگۆستین (فەلسەفە و باوەڕ)، دەزگای زەریاب، هەولێر.
٧٩. سیوەیلی، ڕێبوار: ٢٠٠٦: زانکۆ لە مۆدێلەوە بۆ واقیع: چاپ و بڵاوکردنەوەی دەزگای گەنجان: هەولێر.
٨٠. سەراج (عەبدوڵلا): ٢٠٠٣: کۆچڕەو... کۆچڕەو، ڕۆمان، دەزگای ئاراس، هەولیر.

٨١. سەعید (جەلال ئەنوەر): ٢٠٠٩: تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ئێوارە پەروانەی بەختیار عەلیدا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
٨٢. سەعید (د.جەلال ئەنوەر): ٢٠١٣: گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجی خوارووی (١٩٩١-٢٠٠٣)، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
٨٣. شارەزووری (د.یادگار لەتیف)، ٢٠١٥، دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی، ناوەندی فێربوون، هەولێر.
٨٤. شاکەلی (فەرهاد): ٢٠٠٩: بڵاچەیەک درز دەخاتە تاریکەشەوی تەمەنم: دەزگای ئاراس: هەولێر.
٨٥. شێخ، د.محمد: ٢٠١٢: نیتشە و رەخنە لە تازەگەری: وەرگێڕانی: دلێر میرزا: بەرگی یەکەم: خانەی وەرگێڕان: سلێمانی.
٨٦. شێخمحەمەد:٢٠١٢: د.سەنگەر قادر: فەلسەفەی شیعر و شیعری فەلسەفی (بە نموونەی شیعرەکانی رەفیق سابیر و کەریم دەشتی): یەکێتیی نووسەرانی کورد- مەڵبەندی گشتی: هەولیر.
٨٧. عارف (حسێن)؛ ٢٠١١: چیرۆکی هونەری کوردی (١٩٢٥- ١٩٦٠)، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٨٨. عارف (حوسێن): ٢٠١١: چای شیرین: سەرجەم چیرۆکەکانی، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٨٩. عارف (حوسێن): ٢٠١١: هێلانە، ڕۆمان، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٩٠. عەلی (بەرهەم ) : ٢٠٠١ : ٣٦٦٠ بیرەوەری گەنجێکی کوردستانی لە زیندانەکانی عێراقدا ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەرد ، چ .یەکەم .
٩١. عەلی(پ.د.دڵشاد): بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا(لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی بەراوردکارە) : چاپخانەی رەنج :سلێمانی – ١٩٩٨ .
٩٢. عەلی(پ.د.دڵشاد):١٩٨١: دیلان شاعیرو ئازادیخواز :چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق : بەغداد – ١٩٨١.
٩٣. عەلی(پ.د.دڵشاد):دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری : چاپخانەی - دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم : چاپی یەکەم :سلێمانی – ٢٠٠٧ .
٩٤. عوسمان، سالار: ٢٠٠٩: وتارناسی: دەزگای موزیک و کەلەپووری کوردی: هەولێر.

٩٥. عیسی (هاوژین سلێوە): ٢٠٠٩: بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٩٦. عەبدوڵڵا (دڵشاد): ٢٠٠٤: بەردەنووس و ئەوانی تر: دەزگای ئاراس: هەولێر.
٩٧. عەبدوڵلا (سەلام): ٢٠٠٣: هەیئە، ڕۆمان، دەزاگ ئاراس، هەولێر.
٩٨. عەبدوڵلا (عەبدولموتەلیب): ٢٠١٧: جوانییەکانی وەرگر، دەزگای ئایدیا بۆ فیکر و لێکۆڵینەوە، سلێمانی.
٩٩. عەبدوڵڵا (نایب): ١٩٩٦: بیرەوەری ٢١ساڵ تێکۆشان، پەخشخانەی نەورۆز، سوێد.
١٠٠. عەبدولواحید (د.ئازاد): ٢٠٠٥: سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی لە ڕووی پێوەرە ئاکارییەکانەوە: یەکێتیی نووسەرانی کورد: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە: هەولێر.
١٠١. عەلی (بەختیار): ٢٠٠٦: تا ماتەمی گوڵ تا خوێنی فریشتە (بەرهەمە شیعرییەکان ١٩٨٣-٢٠٠٤). لە چاپکراوەکانی  نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، سلێمانی.
١٠٢. عەلی (بەختیار): ٢٠١٤: ئێوارەی پەروانە، ڕۆمان، چاپی شەشەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەری ئەندێشە، سلێمانی.
١٠٣. عەلی (بەختیار): ٢٠١٥: دواهەمین هەناری دونیا، چاپی شەشەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەری ئەندێشە، سلێمانی.
١٠٤. عەلی (بەکر): ٢٠١٠: کاسکێتەکەم بسپێرن بە پاییز: ئامادەکردنی: فەریدوون عارف: چاپخانەی کارۆ: سلێمانی.
١٠٥. غەریب (جەبار جەمال): ٢٠٠٤: نامەکانی ژاگۆن، کۆمەڵەچیۆک، وەزارەتی ڕۆشنبیریی.
١٠٦. غەریب (جەبار جەمال): ٢٠٠٩: پێنجەمین کتێب، ڕۆمان، دەزگای موکریانی، هەولێر.
١٠٧. غەمبار (جەمال): ٢٠١٠: دیوانی جەمال غەمبار:بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ، سلێمانی.
١٠٨. قادر (پەروێز رەحمان): ٢٠١٩: کۆمەڵێک بابەت سەبارەت بە فیمینیزم، ئامادەکردنی:رەحمان نەقشی.
١٠٩. قادر (هیوا): ٢٠٠٤: سێوی سوور، شیعر، دەزگای ئاراس، هەولێر.
١١٠. قانع (مەریوان وریا): ٢٠٠٥: کتێبی دڵشکان، شیعر، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، سلێمانی.
١١١. قانیع(مەریوان وریا): ٢٠٠٣: بەختەوەری و بێدەنگی، دەزگای سەردەم، سلێمانی.

١١٢. قەرەداخی، عەتا: ٢٠٠٢: گەڕان بە دوای بووندا: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم: سلێمانی.
١١٣. قەرەداخـی، عەتـا: ٢٠٠٤: چەمکـی دەوڵەت و بـزووینەری مێـژوو لە کـۆمەڵگەی کوردیـدا: دەزگای ئاراس: هەولیر.
١١٤. قەرەداغی (دلاوەر): ٢٠٠٥: ماڵێک لەناو زەریا، ماڵێک لە تەنیشت بیابان، دەزگای ئاراس، هەولێر.
١١٥. قەرەنـی (د.ئەحـمەد): ٢٠١٢: ڕەخـنەی ئـایرۆنی لە شـیعری نـوێی کوردیدا (١٩٢٥- ١٩٧٠)، ئەکادیمیای کوردی، هەولیر.
١١٦. قەرەنـی (ئەحـمەد): ٢٠٠٨: شـیعری فێرکـردن لە ئەدەبی کوردیـدا (نیوەی یەکەمـی سـەدەی بیستەم)، دەزگای ئاراس، هەولێر.
١١٧. کـاکـئەمین (حوسـێن غـازی): ٢٠٠٨: نـوێکردنەوەی شـیعری کـوردی (لە سـاڵی ١٩٣٢ تـا کۆتایی ١٩٤٩ لە کوردستانی عێراقدا)، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، هەولێر.
١١٨. کاکەسـوور (کـاروان عـومەر): ٢٠٠٨: خەوننـامەی دادە سـۆزی: چیـرۆک: دەزگـای چـاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
١١٩. کاکەوەیس (جەلیل): ٢٠٠٣: بۆنی ئەشکەوت: کۆچیرۆک: بەڕیوەبەرایەتی گشتی ڕۆشـنبیریی و هونەر، هەولێر.
١٢٠. کاکەی فەلاح (ئارام) ٢٠١٢: زێراب و بەیازی گوڵفرۆشێک: کۆچیرۆک، پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم، سلێمانی.
١٢١. کەرکووکی (حەبیب): ٢٠٠٨: پێشـەکییەک بۆ زانسـتی ڕاگەیانـدن، و:ڕابەر ڕەشـید، دەزگـای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
١٢٢. کەساس (محەمەد): ١٩٩٤: خۆر: شیعری منداڵان، سلێمانی.
١٢٣. کەسنەزانی (بوشرا): ٢٠١٤: ئیتر لە دەرگا نادات پۆستەچی، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.
١٢٤. گەردی (سـەردار ئەحـمەد حەسـەن): ٢٠٠٤: بنیـاتی وێـنەی هـونەری لە سـیعری کوردیـدا (١٩٧٠- ١٩٩١)، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
١٢٥. مـام جەلال: : نووسـینەکانی سـەرۆک مـام جەلال لە گۆڤـاری خاکـدا،٢٠١٩ ، پـرۆژەی هاوبەشی (خاک)و(کوردستانی نوێی .
١٢٦. مانـدێلا (نێڵسـۆن): ٢٠١٤: یاداشـتانی نێڵسـۆن مانـدێلا (وتـوویژ لەگەڵ خـۆم، و:حەیـدەر عەبدوڵلا، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

١٢٧. محەمەد (کەمال ڕەئوف): ٢٠٠٤: ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی، بەرگی یەک، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
١٢٨. محەمەد (ئەنوەر قادر): ٢٠١٨: زریان، زایەڵە، زنار، نسار، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی.
١٢٩. مـوفتی (د.پەری سـاڵح): ٢٠١٢: گێـڕانەوە لە چیرۆکەکـانی ئەحـمەد مـحەمەد ئیسـماعیلدا، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
١٣٠. موکری (محەمەد): ١٩٩٨: ئەژدیها: ڕۆمان: چاپەمەنی زاموا: سلێمانی.
١٣١. مەحمـود (رامیـار): ٢٠١٢: دڵ لەنـاو سـینگی ئەم جیهـانەدا لـێ نـادات: لە بڵاوکراوەکـانی ڕێکخراوی کۆنسێپت: سلێمانی.
١٣٢. مەحمـوود (مەجید): ٢٠٠٨: شـیعر و فەلسـەفە، و:فوئـاد مەجید میسـری، دەزگـای چـاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
١٣٣. مەستور (مستەفا): ٢٠١٤: بنەماکانی کورتە چیرۆک: وەرگێڕانی: مەسعود خورشید: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات: هەولیر.
١٣٤. مەسیفی (ئەنوەر): ٢٠٠٣: شەیتان: دیوانە شیعر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە: هەولێر.
١٣٥. مەعـروف (د.کەمـال)، ٢٠١٢، تیـۆرە نوێیەکـانی ڕەخـنەی ئەدەبـی، بەڕێـوەبەرێتیی چـاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
١٣٦. مەکرینۆڵدز(دێڤید): ٢٠١٣: فەلسـەفەی ناتونـدوتیژی، و:کامیـل مـحەمەد قەرەداغـی، دەزگـای سەردەم، سلێمانی.
١٣٧. مەلای ڕەش (عەزیز): ١٩٩٨: خاک و چەسانەوە، ڕۆمان وەزارەتی ڕۆشنبیریی، هەولێر.
١٣٨. مەم (محەمەد مەولود): ٢٠٠٣: کاروان و سەگوەڕ: ڕۆمان: دەزگای ئاراس: هەولێر.
١٣٩. مەنتک (حەمە): ٢٠١٨: مێتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی (ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕووی تیۆرییەوە)، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی تەفسیر، هەولیر.
١٤٠. مەنتـک (حەمە): ٢٠١٧: سـیمیۆلۆژیای ناونیشـان (ناونیشـانی ڕۆمـانی کـوردی بە نمـوونە)، بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر، هەولێر.
١٤١. مەنتک (د.حەمە): ٢٠١٩: چەشە و چەشنە ئەدەبییەکان، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخـانەی مەم و زین، هەولێر.
١٤٢. مەنتک، حەمە: ٢٠١١: سوریالیزم لە ئەدەبی نوێی کوردیدا: دەزگای ئاراس: هەولیر.
١٤٣. نادر (نیگار): ٢٠٠٤: بەتاو پێکدا دەبارین، (شیعر)، دەزگای ئاراس، هەولێر.

١٤٤. هایدیگەر (مارتن): ٢٠١٣: بوون و کات، و: د.محەمەد کەمال، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
١٤٥. هەڵبجەیی ( ڕۆژ ) : ٢٠١٢ : دیوانی ڕۆژ هەڵبجەیی : دەزگای چاپ و پەخشی جەمال عیرفان ، سلێمانی.
١٤٦. هیگڵ: ٢٠٠٤: فەلسەفە و مۆدێرنیزم، وەرگێڕانی: ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی سەنتەری فیکری و ئەدەبی نما، هەولێر.
١٤٧. هەڵمەت (لەتیف): ٢٠١٣: دیوانی منداڵان (شیعر و چیرۆک بۆ منداڵان): بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕووناکبیری کەرکووک: چاپی سێیەم: سلێمانی.
١٤٨. ویبستێر (راجێر)، ٢٠٠٦، تویژینەوەی تیۆری ئەدەبی، وەرگێرانی: عەبدولخالق یەعقووبی، دەزگای موکریان، هەولێر.

## ٢) ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی

١٤٩. ئەدەبی کرێکاری: ١٩٩١: ژمارە: ١: کانوونی یەکەمی ١٩٩١.
١٥٠. بەکر و عەبدولکەریم (هیمداد حوسێن و حەیات سەعید): ٢٠١٧: بە فانتازیاکردنی کەسایەتی لە ڕۆمانەکانی بەختیار عەلیدا، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەددین، بەرگی٢١، ژمارە٦، هەولێر.
١٥١. پرۆژە: ١٩٩٢: بەیانی ڕەخنەیی ١٩٩٢: ژمارە:١: لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی ڕۆشنبیریی کورد/ لقی کەرکووک: ١٩٩٢/٢/١٧.
١٥٢. حەمەد (پخشان سابیر): ٢٠١٩: وەرگێران و چالاککردنی ئاڵوگۆڕە ڕۆشنبیرییەکان لە نیوان زمانی کوردی و عەرەبیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی Bزانستە مرۆڤایەتییەکان، ژ:٥٩، کانوونی دووەمی ٢٠١٩.
١٥٣. خۆشناو، د.هێمن عومەر: ٢٠١٧: ئایدۆلۆجیا نەخۆشییە ترسناکەکەی ناو ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی: گۆڤاری خاڵ: ژمارە ١٢: ئابی ٢٠١٧.
١٥٤. ڕەحیمی، نینا: ١٩٩٢: بە دوای ڕەخنەی کرێکارێکدا: گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری: ژمارە:٤: ئازاری ١٩٩٢.
١٥٥. ڕەسوول (د.شوکریە): ٢٠٠٢: دۆسیەی عەبدوڵلا پەشێو، گۆڤاری کاروان، ژ:١٦٨، هەولێر.
١٥٦. ڕەهەند: ١٩٩٦: گۆڤار: ژمارە:١.
١٥٧. سارا: ١٩٩٤: زاراوەی ئەدەبی ژنان بۆ؟، پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ، ژ:٨٣٦ لە ١٩٩٤/١١/١٤.

١٥٨. شـــۆڕش، ســـامی: ١٩٨٣: ســـەرنجێکی ڕەخنەیـــی دەربـــارەی چیرۆکـــی ســـەگوەڕ: لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان: زنجیرە ٦.
١٥٩. عەبدوڵڵا (د.عەباس ساڵح): ٢٠١٥: هێماگەری و ڕەنگدانەوی لە شیعری چەند شاعیرێکی ناو گۆڤاری نووسەری کورددا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی (B)، ژمارە ٤٦ کانوونی دووەمی ٢٠١٥.
١٦٠. عەبدوڵڵا، هەڵکەوت: ١٩٩٦: هەڵوەستەیەک لە ئاست شەڕی نیوخۆی کوردستاندا: گۆڤاری ڕەهەند: ژمارە:١.
١٦١. عەلی (بەختیار): ٢٠١٦: شیعر و چەمکەکان، گۆڤاری شیعر، ژمارە:١.
١٦٢. عەلی، بەکر: ١٩٩٤: مارتن هیدجەر نامۆبوون لە ئۆنتۆلۆژیای زمان/ شیعر: گۆڤاری ئازادی: ژمارە:٤.
١٦٣. فەرەج، فەرهاد: ١٩٩٢: ڕەخنەی کرێکارێک: گۆڤاری ئەدەبی کرێکاری: ژمارە:٤: ئازاری ١٩٩٢.
١٦٤. قانیع، مەریوان وریا: ١٩٩٢: ڕۆشنبیری کوردی و سیستەمی عیرفانی: گۆڤاری ئازادی: ژمارە ٢: کانوونی دووەم.
١٦٥. قانیع، مەریوان وریا: ١٩٩٦: شەڕی ناوخۆ، خێڵ- حیزب- سیاسەت: گۆڤاڕی ڕەهەند: ژمارە ١.
١٦٦. کاکەی فەلاح (ئارام): ١٩٩٣: دیوەخانی ئەستێرەکان (چیرۆک)، گۆڤاری وان، ژمارە (٥).
١٦٧. کەمال، د.محەمەد: هایدیگەر و ئۆنتۆلۆجی شیعر: گۆڤاری شیعر: ژمارە ١.
١٦٨. مامە (سۆزان): ٢٠٠٠: فیاگا: گۆڤاری گەلاوێژی نوێ: ژمارە ١٧- ١٨.
١٦٩. محەمەد (عەتا): ٢٠٠٥: گۆڤاری سەردەمی ڕەخنە، ژ(٢٠)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
١٧٠. مەنتک (حەمە): ٢٠٠٩: مانیفێستی ئەدەبی، گۆڤاری وێران، ژ:١، خوولی سێیەم، ٢٠٠٩، دەزگای مێرگ، هەولێر.
١٧١. هالیدای (فرید): ٢٠٠٨: ناسیونالیزم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، و:د.ئەنوەر محەمەد فەرەج، گۆڤاری سەردەم، ژ:٥٧، ساڵی دەیەم.
١٧٢. هایدیگەر، مارتن: شیعر چییە؟: وەرگێرانی: شاهۆ عوسمان: گۆڤاری شیعر: ژمارە:٣.
١٧٣. هەردی، ڕێبین ئەحمەد: ١٩٩٣: سەرهەلدان و هەرەسهێنانی وێنەی باوک لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا: گۆڤاری ئازادی: ژمارە:٣.

١٧٤. ویران: ٢٠٠٣: سەر-وتار، ژمارە (٦)ی مارسی ٢٠٠٣.

**٣) سایتی ئینتەرنێت:**

١٧٥. ئەحمەدزادە (هاشم): ٢٠١٧: مۆدێرنیتە و وتار هەڵسەنگاندنێکی وتارنووسیی کوردی: سایتی گۆڤاری کۆچ: http://govarikoch.com/Detail.aspx?id=٤٨٦٤&LinkID=٣
١٧٦. ئەحمەدزادە(د.هاشم): ٢٠١٩: وەرگێران وەک دیاردەیەکی فەرهەنگساز: سایتی هاوچەرخ: https://hawcharkh.net/
١٧٧. جەمال (نەوزاد): کەسێتی بیرکەرەوە لە دەقدا (دیکارت) بە نموونە، سایتی ئەکادیمیا: https://www.academia.edu/37815030
١٧٨. عەزیز (مەجید ساڵح): ٢٠٠٣-٢٠٠٤: بنەما تیورییەکانی رای گشتی و راگەیاندن، پی.دی.ئێف، سایتی: https://www.kurdipedia.org/files/books/2010/19607.PDF?ver=129815942307524073
١٧٩. غەفوری (وریا): ٢٠١٩: وەرگێڕان و وەرگرتنی کولتووری دیکە، سایتی زەمەن: https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=10270
١٨٠. غەفووری: گاندی.. پیاوێکی نەریتی و هزرێکی مۆدێرن، وێبلاگی شۆڕش غەفووری: http://shorshghafuri.blogfa.com/post/16

**٤) نامەی ئەکادیمی**

١٨١. عەزیز (قومری سەعید): ٢٠٠٢: هەڵوێست لە شیعری کوردیدا (١٨٠٠- ١٩٧٠)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

## دووەم: بە زمانی عەرەبی

### ١) كتێب:


١٨٢. ابراهيم (سماعيل): ٢٠٠١: فن المقال الصحفى (الاسس النظريه والتطبيقات العمليه)، دار الفجر للنشر والتوزيع.

١٨٣. الابراهيم (ميساء سليمان): ٢٠١١: البنيه لاسرديه فى كتاب الامتاع والموانسه، منشورات الهيئه العامه السوريه للكتاب، دمشق.

١٨٤. ابراهيم صبيح وآخرون: ٢٠٠٩: فن الكتابه والتعبير، دار المآمون، الاردن.

١٨٥. ابرير، بشير: ٢٠١٠: دراسات فى تحليل الخطاب غير الادبى: دار النهضه العربيه: الاردن.

١٨٦. ابو دلو: ٢٠٠٢: تحليل الجدلى فى القرآن (دراسه فى لسانيات النص)، رساله دكتورا، جامعه اليرموک.

١٨٧. ادلبى (عمر منيب): ٢٠٠٨: سرد الذات- فن السيره الذاتيه، دائره الثقافه والاعلام، الشارقه، الامارات الاعربيه المتحده.

١٨٨. ايخنباوم (بوريس): ١٩٨٢:نظريه المنهج الشكلى فى نصوص الشكلانيين الروس: ت:ابراهيم الخطيب: موسسه الابحاث العربيه، بيروت.

١٨٩. ايرليخ (فيكتور): ٢٠٠٠: الشكلانيه الروسيه: ترجمه: الولى محمد: المركز الثقافى العربى، دار البيضاء: بيروت.

١٩٠. بارت (رولان): ١٩٩٤: نقد والحقيقه: ترجمه: منذر العياشى، مركز الانماء العربى، بيروت.

١٩١. برانس (جيرالد): ٢٠٠٣: قاموس السرديات، ترجمه: السيد امام، ميريت للنشر والمعلومات، القاهره.

١٩٢. برووس (اليزابيت): ٢٠٠٣: الذات والدواه، ترجمه: عمر حلى، الطبعه الاولى.

١٩٣. بغوره (د.الزواوى)، ٢٠٠٠، مفهوم الخطاب فى فلسفه ميشيل فوكو، المجلس الاعلى للثقافه.

١٩٤. التازى (محمد عزالدين): ٢٠١١: الروايه والفضاء الروائى، ندوه الروايه العربيه، رابطه ادباء الجنوب.

١٩٥. تودوروف (تزفيطان): ١٩٩٠: الشعريه: ترجمه: شكرى المبخوت و رجاء بن سلامه، ط٢، دار التوبقال للنشر

١٩٦. جاهمى (آمنه)، ٢٠١١، آليات الانسجام النصى فى خطب مختاره من مستدرک نهج البلاغه للهادى، كاشف الغطاء، مذكره ماجستير، (٢٠١١- ٢٠١٢)

١٩٧. جمعه(حسين): ١٩٩٨: شعرنا القديم صوره ودلاله، مجله جامعه دمشق: عدد١، جلد١٤، دمشق.
١٩٨. الجوادى (محمد): ١٩٩٧: مذكرات الهواه والمحترفين (فن كتابه التجربه الذاتيه): دار الشروق، القاهره.
١٩٩. جينيت (جيرار): ١٩٩٧: الخطاب الحكايه، ترجمه: محمد معتصم و عبدالجليل الازدى و عمر حلى، ط٢، المجلس الاعلى للثقافه، القاهره.
٢٠٠. جينيت (جيرار)، ٢٠٠٣، خطاب الحكايه، ترجمه: محمد معتصم وآخرون، ط٣، منشورات الاختلاف.
٢٠١. الحاوى (ايليا): ١٩٧٩: فى النقد والادب: دار الكتاب اللبنانى، بيروت.
٢٠٢. حور وآخرون (محمد ابراهيم): ١٩٨٦: فى الادب والنقد واللغه، مكتبه الفلاح.
٢٠٣. الخطيب (عماد على سليم): ٢٠٠٩: فى الادب الحديث ونقده: دار المسيره للنشر والتوزيع والطباعه.
٢٠٤. دى سوسير (فردينان): ١٩٨٥: دروس فى الالسنيه العامه: ترجمه: صالح القرمادى و محمد الشاوش و محمد عجينه، الدار العربيه للكتاب.
٢٠٥. الرفاعى (عبدالجبار): ١٤١٤: معجم المطبوعات العربيه فى ايران، موسسه الطباعه والنشر، وزاره الثقافه والارشاد الاسلامى، تهران.
٢٠٦. ريفاتير (ميكائيل): ١٩٩٣: معايير التحليل الاسلوبى، ترجمه وتقديم وتعليقات: د.حميد لحمدانى، منشورات دراسه يال، دار النجاح الجديد.
٢٠٧. زيتونى (لطيف): ٢٠٠٢: معجم مصطلحات نقد الروايه (عربى- انجليزى- فرنسى)، مكتبه لبنان ناشرون و دار النهار للنشر، بيروت.
٢٠٨. السد (د.نورالدين)، ٢٠١٠، الاسلوبيه وتحليل الخطاب، دار هومه،ج٢، الجزائر.
٢٠٩. شرف (د.عبدالعزيز): ١٩٧٩: المستويات اللغويه فى الاتصال الاعلامى، المجله العربيه للمعلومات. المنظمه العربيه للتربيه والثقافه، عدد:٣، القاهره .
٢١٠. شرف (عبدالعزيز): ١٩٨٠: ماهيه التحرير الاعلامى: مجله عالم الفكر، المجلد الحادى العشر، العدد الثانى.
٢١١. الشناوى (فرج): ١٩٨٢: الاعلام فى خدمه قضايا التنميه، مجله الدراسات الاعلاميه للسكان والتنميه والتعمير، عدد:٢٧، يونيو ١٩٨٢، القاهره.

٢١٢. عاطف (محمد): ٢٠٠١: اشهر المخترعين واخترعات العظيمه فى تاريخ البشريه، دار اللطائف للنشر والتوزيع، القاهره..
٢١٣. عبدالحليم (محىالدين): ١٩٩٩: ازمه لاهويه فى عصر المعلوماتيه والتكنلوجيا الاتصال، جريده القدس، ١٩٩٩/١٠/٣١.
٢١٤. عبدالدايم (يحى): ١٩٧٤: الترجمه الذاتيه فى الادب الحديث، مكتبه النهضه المصريه، القاهره.
٢١٥. عصفور (جابر)، ١٩٩٨، آفاق العصر، دار الهدى للثقافه والنشر، دمشق، سوريا.
٢١٦. العلاق (على جعفر): ١٩٩٧: الشعر والتلقى (دراسات نقديه)، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان.
٢١٧. العلوى (مولاى مروان): ٢٠١٧: الشرطيات في لسانيات الخطاب: دراسة في ضوء المنطق والدلالة الصورية، دار النور.
٢١٨. العيد (يمنى): ١٩٩٠: تقنيات السرد الروائى فى ضوء المنهج البنيوى، دار الفارابى، بيروت.
٢١٩. الغدامى (محمد عبدالله): ١٩٩٤: الخطيئه والتفكير من البنيويه الى التشريحيه، الهيئه المصريه العامه للكتاب، القاهره.
٢٢٠. قاسم (سيزا احمد): ١٩٧٨: بناء الروايه (دراسه مقارنه لثلاثيه نجيب محفوظ)، مكتبه الاسره، مصر.
٢٢١. قطوس (د.بسام) :٢٠٠١:سيمياء العنوان ، قراءة في المنجز الشعري و المتخيل و السرد ، دراسة ، وزارة الثقافة ، عمان .
٢٢٢. كوهين (جان)، ١٩٨٦، بنيه اللغه الشعريه، ت: محمد الولى ومحمد العمرى، دار توبقال للنشر.
٢٢٣. لوجون (فيليب): ١٩٩٤: السيره الذاتيه، ترجمه: عمر حلى، المركز الثقافى العربى، لبنان.
٢٢٤. ماكبرايد (شون): ١٩٨١: اصوات متعدده وعالم واحد، اليونسكو، الشركه الجزائريه للنشر والاشهار، الجزائر.
٢٢٥. مانفريد (يان): ٢٠١١: علم السرد (مدخل الى نظريه السرد): ت: امنى ابو رحمه، دار نينوى للدراسات والنشر والتوزيع، دمشق.
٢٢٦. مجموعه من الكتاب: ١٩٩٧: مدخل الى مناهج النقد الادبى: ترجمه: رضوان ظاظا: عالم المعرفه
٢٢٧. المسدى (عبدالسلام)، ١٩٨٢، الاسلوبيه الاسلوب، دار العربيه للكتب، ط٢، تونس.
٢٢٨. مظهر، اسماعيل: ٢٠١٧: تآثرالثقافه العربيه بالثقافه اليونانيه: موسسه الهنداوى.

٢٢٩. ميلز (ساره)، ٢٠٠٤، الخطاب، ترجمه: يوسف بغول، مطبعه البعث، قسنتينه.
٢٣٠. نجم (محمد يوسف): ٢٠١١: فن المقاله: دار صادر- بيروت، دار الشروق، عمان.
٢٣١. نصار (عبدالحفيظ): ١٩٨٧: ازمه اللغه العربيه فى الاعلام والاعلان، مجله الازهر، عدد:١٢، القاهره.
٢٣٢. النعيمى (احمد حمد): ٢٠٠٤: ايقاع الزمن في الرواية العربية المعاصرة، المؤسسة العربية للدراسات، عمان.
٢٣٣. ياكبسون (رومان): ١٩٨٨: قضايا الشعر: ترجمه: محمد الولى و حنون مبارك، دار التوبقال للنشر والدار البيضاء، المغرب.
٢٣٤. يقطين (سعيد): ٢٠٠٥ ، النص والنص المترابط ، المركز الثقافي العربي ، المغرب _ لبنان .
٢٣٥. يقطين (سعيد)، ١٩٩٧، تحليل الخطاب الروائى (الزمن، السرد، التبئير)، المركز الثقافى العربى، ط٣، بيروت.

**٢) گۆڤاره عەرەبییەکان:**

٢٣٦. الشنطى (د.محمد صالح)، ١٩٨٨، رويه لموروثنا النقدى، مجله لەنادى الادبى، العدد:٢.
٢٣٧. الطرابلسى (د.محمد هادى)، ١٩٨٤، النص الادبى والقضاياه عند ريفاتير، مجله فصول، م٥، عدد:١.
٢٣٨. كاريتير (فرناندو لاثار)، ١٩٨٦، الوظيفه الادبيه والشعر الحر، ترجمه:محمود السيد على محمود، مجله فصول، م٦، عدد:٣، ج١.

**٣) سایتی ئەلیکترۆنی:**

٢٣٩. بيلو (صالح آدم): ٢٠٠٢: عول الشعر التعليمى: www.iu.edu.sa/magazine/52/20.doc

**الملخص :**

العلاقة بين الأدب والمجتمع علاقة متوحدة وغير منقطعة ، وبحسب النظريات الاجتماعية فإن أي تأثير يظهر في الأدب يكون له تأثير على المجتمع والعكس صحيح ، وحينما يكون للأدب خطاب خاص به ففي ذلك الوقت يكون له تأثير أكبر. واطروحتنا ( تأثير الخطاب الأدبي على الرأي العام في المجتمع الكردي جنوب كردستان أنموذجاً ١٩٩٢– ٢٠٠٣ ) محاولة بحث في تأثير الخطاب الأدبي على الرأي العام في المجتمع الكردي ولا سيَّما بعد وقوع حادثة تاريخية في جنوب كردستان وهي انتفاضة الشعب الكردي في عام ١٩٩١ . عملنا في هذه الأطروحة في مجال الأدب بوصفه خطاباً . وكيف يستطيع الأدب تغيير الفرد والنمط الفكري ، وفي الوقت ذاته سلطنا الضوء على الأدب في تلك المرحلة وكيف تمَّ فيه التغيير وإلى أي مدى كان فاعلاً .

تتألف اطروحتنا من مقدمة وأربعة أقسام ، قسم نظري وثلاثة أقسام عملية ، القسم الأول بعنوان : (مقدمة في الخطاب) ، هذا القسم خاص بالحديث عن مصطلح الخطاب بشكل عام والأدب بشكل خاص ، وفيه قسم يتضمن المصطلح من الناحية النظرية التي جرى العمل عليها مثل مصطلح المخاطب حتى يعيننا في الأقسام اللاحقة ، وأيضاً تم الحديث عن تاريخ ظهور هذا المصطلح ، وتثبيت هذا المصطلح لدى الفيلسوف ميشيل فوكو ، والعمل بنظريته في هذه الاطروحة .

القسم الثاني بعنوان : (واجب خطاب الشعر الاعلامي والتربوي في المجتمع ) حاولنا في هذا القسم البحث في خطاب الشعر من ناحيتين ، من ناحية خطاب الشعر بوصفه اعلاماً ، وخطاب الشعر بوصفه تربوياً ، وما هي تأثيرات هذين الخطابين على المجتمع الكردي .

القسم الثالث : بعنوان : (تاثير الخطاب النثري الكردي على المجتمع الكردي) وتناول البحث في الأنواع النثرية المتوافرة في الأدب الكردي ، وقد قسم على عدة أقسام .

القسم الرابع : بعنوان : (خطاب النقد الادبي الكردي) ، وعملنا في هذا القسم في ميدان النقد الأدبي الكردي ، هل استطاع أن يكون له تأثير على المجتمع الكردي ؟

وفي الخاتمة عرضنا نتائج الاطروحة بعدد من النقاط ، وقد تم ترتيب المصادر والمراجع على حسب تصنيف هارفرد .

ABSTRACT

The relation between literature and the society is inseparable, hence according to social theories, anything impacting literature will definitely impact the society.

The reverse holds true as well; once literature has its own discourse, its impact will increase. The present study entitled “The impact of literary discourse on the public opinion in the Kurdish society: Southern Kurdistan during 1992-2003 as an example” is an attempt to investigate the impact of literary discourse on the public opinion in the Kurdish society specifically following a historic event of the Kurdish uprising in 1991.

This dissertation takes literature as discourse since it can change the thinking made of the individual.

The dissertation is made up of an introduction and four parts of which one part is theoretical and the other three are practical. Part one carries the title “An introduction to discourse” and deals with the general concept of discourse as well as literary discourse in particular. This part is theoretical in which concepts and terminologies have been illustrated. Then Michel Foucault’s concept of discourse has been demonstrated to pave the way for its application in the parts to come. Part two is entitled “The mission of media discourse to the public”. It highlights poetic discourse as a media channel and as education in addition to the impact of both on the Kurdish society. Part three which holds the title “The discourse of Kurdish prose and the Kurdish society” is a practical analysis of the prosaic genres in the Kurdish literature. Part four is also practical and is entitled “The critical discourse of Kurdish literature” Here, we have sought to investigate the question: Has Kurdish literature been able to affect the Kurdish society? Finally, the conclusions have been drawn and references listed.

The impact of literary discourse on the public opinion in the Kurdish society: Southern Kurdistan during 1992-2003 As an example

A Dissertation
Submitted to the Council of the College of Language at University of Sulaimani in Partial Fulfillment of the Requirements For the Degree of PhD. In Kurdish literature.

*By*

**Hiwa Karim Hussein**
B.A. in Kurdish Language and literature- University of Sulaimani
M.A. in Kurdish Literature- University of Sulaimani

*Supervised by*

**Pr.Dr. Mohammed Dler Ameen Mohammed**

Sulaimani- Kurdistan